دکتۆر یاسین سەردەشتی

# چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد
# لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**بەرگی یەکەم**

سلێمانی ٢٠٠٧

**ناوی کتێب: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**نووسەر: دکتۆر یاسین سەردەشتی**
**پیتچنین ونەخشەسازی:نووسەر خۆی**
**تیراژ: ١٠٠٠**
**ژمارەی سپاردن: ( ٦٤١ )ی ساڵی ٢٠٠٧**
**شوێنی چاپ : چاپخانەی ( سیما ) ، سلێمانی**

ئەم کتێبە پێشکەشە بە :

–زانای پایەبەرز و مامۆستای بەڕێزم ( دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر ) کە لە تەواوی قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆییمدا مامۆستا و سەرپەرشتیار و هاوکارم بووە

- بنەماڵەی برای ئازیزم کاک حەسەن حاتەمی

-یادی مامۆستا مەلا جەمیل رۆژبەیانی و مامۆستا رەسوڵ هاوار

# نێوەرۆك


گوتەیەکی پێویست ٧

بابەتی یەکەم: کورتە مێژوویەکی هەلومەرجی ئابوریی و کۆمەلآیەتی رۆژهەلآتی کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ٩

بابەتی دووەم : خوێندنەوەی هەڵوێستی حکومەتی ئێرانی لەمەڕ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە دوای تەواوبوونی جەنگی جیهانی یەکەم لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی بەریتانیاوە ٢٦

بابەتی سێهەم: راپەڕینەکانی ( سەردار رەشید ) دژی حکومەتی شاهەنشاهیی ئێران لە رۆژهەلآتی کوردستان ٤٣

بابەتی چوارەم: گەلی کورد و بڕیاری رێگرتن لە پۆشینی جلوبەرگی نەتەوەیی لە ئێران ١٩٢٨-١٩٢٩ ٦١

بابەتی پێنجەم: راپەڕینەکانی کورد دژ بە رژێمی شاهەنشاهیی پەهلەوی ئێران لە هەرێمەکانی ناوەراست و باشووری رۆژهەلآتی کوردستان ٧٨

بابەتی شەشەم: راپەڕینی خێڵی "جەلالی" دژی رژێمی شاهەنشاهیی لە ئێران ١٠٠

بابەتی حەوتەم: سەرنجێك لە هەل ومەرجی سیاسیی و ئابوریی و کۆمەلآیەتیی رۆژهەلآتی کوردستان لە سالآنی ١٩٣٠-١٩٣٩ ١١١

بابەتی هەشتەم: رۆژنامەی (نامەء کردستان) قوربانیی ستەم و چەوسانەوەی کاربەدەستانی ئێران ١٣٠

بابەتی نۆیەم: سەرنجێکی مێژوویی لە ( حزبی ئازادی کوردستان ) ١٣٧

بابەتی دەیەم: خوێندنەوەیەکی مێژوویی فیکر و کەسایەتی پێشەوا قازی محەمەد ١٦١

بابەتی یازدەهەم: رەهەندی نەتەوەیی کۆماری دیموکراتی کوردستان ١٨٢

بابەتی دوازدەهەم: "رێگــــــــا"راستییەکی مێژوویی و سەرەتای خەباتێکی نوێ ٢٠٣

بابەتی سیازدەهەم:سەرنجێك لە ( کۆمەڵەی رزگاری کوردستان ) ٢٣٠

بابەتی چواردەهەم: پاداشتی کوردەکانی عێراق ٢٤١

بابەتی پازدەهەم: چەند لاپەڕەیەك لە ژیانی ئاوارەیی هەڵۆکەی ئارارات ( ئیحسان نوری پاشا ) لە یادداشتەکانی( دکتۆر هاشمی شیرازی ) دا ٢٤٩

بابەتی شازدەهەم: کورتە مێژوویەکی ئێزگەی کوردیی کرماشان و ئێزگەی کوردیی لە ئێران ٢٦٧

بابەتی حەڤدەهەم: رووداوە سیاسییەکانی عێراق و شۆڕشی کوردستان لە یادداشتەکانی ( ئەرتەشبود حسین فردوست ) دا ٢٧٦

## گوتەیەکی پێویست

خوێنەری ئازیز ، ئەم کتێبەی بەردەست چەند لێکۆڵینەوە و بابەتی مێژوویی سەبارەت بە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرتۆتەخۆ ، کە توێژەر پێشتر و لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە ، لە گۆڤار و بڵاوکراوەکانی باشووری کوردستاندا بڵاویکردوونەتەوەوە .

حەوت لێکۆڵینەوەی یەکەمی ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا بەشێکە لە نامەی ماستەرەکەمان کە بە ناونیشانی (کردستان الشرقية ، دراسة في الحركة التحررية القومية فيمابين الحربين العالميتين (١٩١٨-١٩٣٩) کە لە تەموزی ساڵی ١٩٩٥ ، لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین گفتوگۆی لەسەر کراوە و پلەی ( زۆر باش ) ی پێدرا . ئەو نامە ماستەرەی کە وێڕای ئەوەی بۆتە سەرچاوە بۆ چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەی زانستیی مێژوویی بڵاوکراوە لە بەشەکانی مێژووی زانکۆکانی کوردستان ، هەروەها بووەتە سەرچاوە و هەوێن و نێوەرۆکی دوو کتێبی مێژوویی کە لە لایەن ( سالار فندی ) و ( د.سەعدی عوسمان هەروتی ) وە بڵاوکراونەتەوە . شایەنی باسە نزیکەی تەواوی نێوەرۆکی کتێبی یەکەم کە بەناونیشانی ( بزاڤێن سمکۆیێ شکاك ١٩١٩-١٩٢٦، هەولێر ، وەزارەتی رۆشنبیریی، ١٩٩٩ ) و زیاتر لە نیوەی کتێبی دووەم کە بە ناونیشانی ( بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا ١٨٨٠-١٩٣٩ ، کۆڕی زانیاری کوردستان ،هەولێر ، ٢٠٠٧ ) ە ، لە ماستەرنامەکەی ئێمە وەرگیراون .



شایەنی گوتنە ، چوار بابەتی کۆتایی ، کاری وەرگێڕانن لە زمانی فارسییەوە بۆ کوردیی و پێمان باش بوو لە دوو توێی ئەم کتێبەدا دووبارە بڵاوی بکەینەوە.پێویستە بگوترێت کە لە کاتی تایپکردنەوەی لێکۆڵینەوە و بابەتەکاندا ، گەر زانیارییەکی بەسوودی مێژوویی نوێمان بەرچاو کەوتبێت یاخود وشەیەکمان لە بابەتە وەرگێڕاوەکاندا بە باشتر زانیبێت لە دەقە بنەڕەتییەکەدا شوێنی بۆ کراوەتەوە . بە هومێدی ئەوەی توانیبێتمان بە بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە کەلێنێکی دیکەی کتێبخانەی مێژوویی کوردییمان پڕکردبێتەوە و چەند راستییەکی نادیارمان بۆ مێژوودۆستانی کورد روون کردبێتەوە . لەگەڵ هیوای سەرفرازیی و تەندروستی بۆ هەمووان .

پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر یاسین سەردەشتی
زانکۆی سلێمانی /بەشی مێژوو / کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان
١٥ ی پوشپەڕی ٢٧٠٧ی کوردیی

## کورتە مێژوویەکی هەلومەرجی ئابوریی و کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا

جەنگی چاڵدێران[1] لەئابیساڵی ١٥١٤دا بە خاڵێکی وەرچەرخان و بادانەوەیەکی خەتەرناك لە مێژووی کوردستان و نەتەوەی کورد دەژمێردرێت . لەپاش ئەو جەنگە ، کوردستان بەشێوەیەکی پراکتیکی لە نێوان ئیمپراتۆری عوسمانی سونەی سەرکەوتوو، کە نفوزی خۆی بەسەر مەزنترین بەشیدا (باکوور و باشوور) سەپاند ، هەروەها دەوڵەتی صەفەوی شیعەی بەزیو کە دەسەڵاتی داگیرکارانەی بەسەر بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا مایەوە ، ئەو بەشەی کە لەو کاتەوە و تا ئێستاش لە چوارچێوەی دەوڵەتی فارسدا(ئێرانی ئەمڕۆدا) ماوەتەوە و کەوتۆتە بندەست تەواوی فەرمانڕەوایەتییە شاهەنشاهییە یەك بەدوا یەکەکان . ئەو بەشەی کە پاش مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی زەهاو لەنێوان هەردوو دەوڵەتی صەفەوی و عوسمانی ساڵی ١٦٣٩، بەفەرمی لە بەشی باکوور و باشووری دابڕا [2].

بەوشێوەیە کوردستان لەچاخی نوێدا دابەش بوو لە نێوان دوو ئیمپراتۆرییدا کە لەرووی زمان و ئاینزاوە جیاوازبوون و هەر یەکەیان لە ڕێگای دابودەزگا جیاوازە بەرێوەبەرایەتیی و سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیەوە حوکمی کوردستانیان دەکرد .گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لەو کاتەوە بەگژ داگیرکەراندا چۆتەوە و بەهۆی

---

[1] جەنگەکە بەناوی دەشتی چاڵدێرانەوە ناونراوە کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ وە و رووپێوی ٧٥٠کیلۆمەتردووجایە . بۆ زیاتر سەبارەت بە جەنگەکە :
د.مجبر شیبانی ، تشکیل شاهنشاهی صفویە ، ١٣٤٦ش ، ص ٦٧-٢٠٨.

[2] د.ولید حمدي ، الکورد و کوردستان في الوثائق البريطانية ، دراسة تأريخية وثائقية ، بيروت ، ١٩٩١ ، ص٣٩ .



بەرگریی وخۆڕاگرییەوە توانیویە سەربەخۆیی نێوخۆیی خۆی تا ناوەراستی سەدەی نۆزدەهەم بپارێزێت [1] .

پێش ئەوەی باسێك لە هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی رۆژهەلاتی کوردستان و ئاڵوگۆڕە چەندایەتیی و چۆنایەتییەکانی بکەین ، پێویستە وێنەیەکی روون و سەرنجێکی گشتی لە دیاریکردنی ناوچەکە و ئاشکراکردنی هێندێك لایەنەکانی دیکەی بخرێتە پێش چاو . بەپشت بەستن بەسەرچاوە جوگرافیو مێژووییە جیاوازەکان دەتوانین بڵێین ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوچەیەکی بەرینو فراوان دەگرێتەوە، دەکەوێتە نێوان هێڵی پانی ٣١-٤٠ی باکورو هێڵی درێژی ٤٤-٤٨ی رۆژهەلات، رووپێوەکەی بەنزیکەی ١٢٥٠٠٠کم٢ مەزەندە دەکرێت واتە ٨٪ رووپێوی خاکی ئێرانو ٢٧٪ی تێکرای سەرزەمینی کوردستان دەگرێتەوە[2]، هەر لەرێژگەی ئاوی گوندی پهناورەوە کەدەرژێتە ئاوی ئاراسەوە دەست پێدەکاتو لەگەڵ رووباری ئاراسدا لەپاڵ چیای ئاراراتەوە بەرەو خوار دەکشێت تا باشووری دەریاچەی ورمێ بەپانتایی ٥٠کمو درێژی زیاتر لە ٣٠٠کم، لەوێرا پانتاییەکی فراوانتر دەبێتو بەرەو خوار دەکشێت، ناوچەی سنەو کرماشان دەبرێت هەتا لورستانو ناوچەی بەختیاری[3] ، پێوانەی درێژی لەباکوورەوە

---

[1] Kinnane .D, The Kurds and Kurdistan ,London , 1964 , p.46 .

[2] قاسملو ، عبدالرحمن، کوردستانو کورد، لێکۆڵینەوەیەکی سیاسیو ئابوری، وەرگێڕانی عبدالله حسن زادە، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ب.ج،١٩٧٣،ل٢٦.

[3] لەراستیدا درێژبوونەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ناوچەکانی بەختیاری و لوڕەکان و بە ستنەویان بە خاکی نەتەوەیی کوردەوە جێگەی مشت و مڕە، گەلێك هەن بە پشت بەستن بە سەرچاوە مێژوویی و بەڵگە زمانەوانی و جوگرافیەکان لوڕ و بەختیارییەکان بە کورد دەزانن و ناوچەکەشیان بە بەشێکی دانەپچڕاو لە کوردستان دادەنێن. هەشن پێیان وایە کە لە پڕۆسەی پێکهێنانی نەتەوەیی کورددا بە هۆی هۆکاری مەزهەبیی و جوگرافیی و سیاسیەکان بە تایبەتی پێکنەهێنانی دەوڵەتی ناسیونالی کوردی و لاوازکردنی خەسڵەتە نەتەوەییەکانی لەلایەن حکومەتی ناوەندی ئێرانەوە و ئەو ئەستەنگانە لە بەردەم پەرەی سەندنی بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دروستی کردن ، لوڕو بەختیارییەکان وەك گروپێکی ڕەگەز ی سەربەخۆی نەمەییو و دابڕاو و دوورە پەرێز لە برا کوردەکانیان ماونەتەوە . هەر بۆیە کاتێك لە کوردستانی ئێران دەئاخڤن نە لوڕستان

**بۆ باشوور نزیکەی ٩٠٠کمو رادەی ناوەنجی پانتایی لەناوچەکانی سنەو کرماشان نزیکەی ٣٠٠کم دەبێت، لەرۆژئاواوە مەرزەکانی نێوان ئێرانو تورکیا، ئێرانو عێراق، لەباکوریشەوە مەرزی ئازەربایجانی شورەوی پێشوو دیاری دەکەن[1]، لەناوخۆی ئێرانیشدا کوردستان دراوسێیو ئوستا نەکانی ئازەربایجانی رۆژهەلات، زنجان، همدانو خۆزستانە[2]، دەتوانرێت رۆژهەلاتی کە وردستانەباکوورەو بۆ باشوور بەسەر پێنج هەرێمدا دابەش بکرێت کەهەریەکەیان چەند شارو ناوچەی جیاواز دەگرێتەوەی، بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**١. هەرێمی ورمێ: ورمێ، ماکو، خوی، سلماس، دیلمان، قتور، سۆما، پۆلدەشت، تەرگەوەڕ، مەرگەوەرو برادۆستو چەند ناوچەی دی دەگرێتەوە.**

وەك پارچەیەك لە کوردستان و نەلوڕیش بە کورد لە قەڵەم دەدەن ، ئێمە پێمان وایە مەسەلەی کورد بوونی لوڕەکان لە ئایندەدا پشت بە تواناو ڕادەی سەرکەوتنی جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی کورد دەبەستێت لە بەدیهینانی مافە نەتەوایەتیەکانی و دیاری کردنی قەوارەیەنەتەوەیی و دواتر هەوڵی بۆ ڕاکێشانی ئەو گرووپە نەمەییوانەی کە بە مێژوو و زمان و جوگرافیا لە کوردەوە نزیکن تا لە دراوسێکانیان ، چونکە وەك ئاشکرایە هەر کاتێك ئەم جوڵانەوەیە لە ئێران لە دەستکەوتێکی نەتەوەیی نزیك دەبێتەوە زۆر لە لوڕەکان باس لە کورد بوونی خۆیان دەکەن و دوای کرمانج، لوڕبەمەزنترین تایەفەی کورد لە قەڵەم دەدەن. بڕوانە: قاسملو ، ه . س ، ل ٢٧ــ ٢٨ .
کورد، جلال الدین شافعی ، جوغرافیای تأریخی کوردستان، چاپی یەکەم ، ئینتشاراتی ن و القلم ، چاپخانەی بهرام، تهران ،١٣٧٨ی هەتاوی، ل ٣٦ــ ٣٧ " مدنی، حسین، تحلیلی فشردە أز دینامیزم و شیوەهای مبارزاتی درکردستان ئێران، بی جاە ، اَذر ماه ١٣٦٩ ش " کوهستان ، نامەهفتگی ، سال دوم ، تهران ، ٢٣ أردیبهشت ١٣٢٥.

[1] Ghassemlou A.D , "Kurdistan in Iran" in: people with out a country : -kurds and kurdstan , zeed press, London ,1980, P. 107.

[2] دیاریکردنی سنووری کوردستانی ئێران لە ناوخۆی ئێراندا کارێکی گرانە ، چونکە هەندێك ناوچە جاران کوردنشین بووە کوردی تێدا نەماوە ، هەندێك ناوچەی کوردنشینیش درێژبوونەتەوە بۆ هەرێمەکانی تری وەك ئازەربایجانی خۆرهەڵات ، زنجان و هەمەدان . بڕوانە : غەفور ، عەبدوڵڵا ، جوگرافیای کوردستان ، چاپی دووەم ، هەولێر ، ٢٠٠٠ . ل ٢٥٧ــ ٢٦٢.



**٢. هەرێمی موکریان: سابلاغ (مەهابادی ئێستا)، شنۆ، میاندواو، بۆکان، لاجان، نەغەدە، هەوشار، سڵدوس، سەردەشت، تیکانتەپەو هەندێك شوێنی دی دەگرێتەوە.**

**٣. هەرێمی ئەردەڵان: سنە، سەقز، بانە، سەرشێو، تیلەکو، خورخورە، حەسەن ئاوا، مەریوانو هەورامانی لهۆن دەگرێتەوە.**

**٤. هەرێمی کرماشان و ئیلام: کرماشان، کنگاوەر، هەرسین، سەحنە، کەرەند، بێلوار، قەسری شیرین، بایرەوەند، جوانرۆ، رەوانسەر، ماهی دەشت، گەیلان، نەفت شاەو کامیاران دەگرێتەوە.**

**٥. ناوچەی لوڕستانو چوارمەحاڵی بەختیاری: سەیمەرە، بروجەرد، خورەم ئاوا، مەلایەر، نەهاوەندو توسیرکان دەگرێتەوەو بەرەو باشوور درێژ دەبێتەوە تا کۆتایی چیای زاگرۆسو زێدی عەشیرەتەکانی لەكو زەندو لوڕی بچوك[1] ،**

**تۆبۆگرافیای رۆژهەلاتی کوردستان بەگشتی چیاییەو دوو زنجیرە کێوی مەزنی لەخۆ گرتووە، یەکەمیان لەئاراراتەوە دەستپێدەکات و بەرەو باشوور شۆر دەبێتەوە تا دەگاتە ناوچەی بانە، بەدرێژایی ئەم زنجیرەیە دۆڵی قوڵو فراوان یا تەنگەبەر هەیە کەرێگای هاتووچۆی نێوان کوردستانی ئێرانو عێراقو تورکیا فەراهەم دەکات، زنجیرەی دووەمیان زاگرۆسە کەلەمەریوانو نەوسوودەوە نزیك بەسنوری ئێران . عێراق دەستپێدەکات بەرەو باشووریو رۆژهەڵات بۆ ناو ئێران درێژ دەبێتەوە[2].**

**ئاووهەوای رۆژهەلاتی کوردستان کوێستانییەو کاریگەری بای رۆژئاوا کەمام ناوەندیو شێدارو بارانایییەو، بای شەماڵو بای باشوور کەبەبای زریانیش ناو دەهێنرێت لەسەرە، بەرزایی لەرووی دەریاوە ١٠٠٠-١٥٠٠ مەترە، ئەمەش کار لە جیاوازی ئاووهەوای هەرێمەکانی دەکات بەچەشنێك ناوچەکانی باکوور زستانێکی سەختو درێژخایەنو هاوینێکی مام ناوەندی**

[1] زەند، کەریم، کورتەی جوگرافیای کوردستان، چاپخانەی ئەزمەڕ، سلێمانی ،٢٠٠٠ ، ل ١٩ـ ٢٠.
[2] مدنی، س.پ، ص ١٧.

هەیە، ناوچەکانی ناوەندیش ئاووهەوای میدترانەو بەشی باشووریشی دەشتاییی‌و ووشك نیوه سەحرایی‌و گەرمە. ڕێژەی بارانی ساڵانە لەناوچە دەشتاییەکان دەگاتە ٤٠٠ ملل، بەڵام ناوەندی باران لە دوڵ‌و مێرگدا بۆ ٢٠٠٠–٣٠٠٠ ملل دەڕوات،جیاوازی نێوان بەرزترین پلەی گەرمای هاوین‌و نزمترین سەرمای زستان خۆ دەدات لە ٧٠ تا٨٠ پلەی سەدی[١].

لەچاو ناوچەکانی دی ئێراندا کانیاوی کوردستان کەمتر ووشك دەکەن، چونکە چەند رووبارێکی تێدایە وەك رووبارەوکانی قزڵ ئووزون (سفیدرود)، زێی بچووك، جەغەتوو، کەڵۆی، تەتەهو. گۆلی ورمیٚ کەسنوری باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان دیاریدەکات رووبەرەکەی ٦٠٠٠کم٢یە[٢]، گولی (زرێبار)یش کەدەکەوێتە مەریوانەوە گرنگی خۆی هەیە، هەروەها چوار بەنداوی گرنگ لەکوردستاندا هەن بەناوی قشلاق لەسنە، سارو قامیش لەبۆکان، نوروزلو لەمیاندواوو بەنداوی مهاباد کەجگە لەدابینکردنی ئاوی خواردنەوە، نزیکەی ٨٠ هەزار هکتار زەوی کشتوکاڵی پیٚ ئاو دەدرێت‌و تێکڕا ٩٪ گەنجینەی ئاوی ئێران پێکدەهێنێت[٣].

رۆژهەڵاتی کوردستان لێڕەوارو جەنگەڵ‌و دەشتی زۆرن، لەبەر ئەوە بۆ ئاژەڵداری‌و کشتوکاڵ گرنگیەکی تایبەتی هەیە، پتر لەچوار ملیۆن هکتار دارستان ناوچەکانی گۆڵی ورمیٚ تاکو لوڕستان دادەپۆشێت، دارستانی چڕنێ چونکە لەبەر بیٚ سووتەمەنی دانیشتوانی ناوچە شاخاوییەکان دار دەسووتێنن، ئەوەش کارێکی خراپی کردۆتە سەر ئەو سامانە سروشتییە[٤].

رۆژهەڵاتی کوردستان لە سامانی ژێر زەویدا دەوڵەمەندە، نەوت لەکرماشان‌و شائاباد، زیو لەماکۆ، زێڕ لەباشووری کرماشان، کبریت لەسنەو

---

[١] Ghassemlou, op.cit.P.107

[٢] Ibid.p.107

[٣] مدنی، س. پ. ص١٨.

[٤] Ghassemlou, op.cit.P.107.



ئاسن‌و جیوەش‌و چەندەها کانزای تری هەیە[١]، ئەمەش فاکتەرێکی باشە بۆ بنیاتنانی ئابورییەکی پتەو بەهێز لەو ناوچەیەدا لەلایەن هەر لایەکەوە بە نیازێکی پاك‌و بەرنامەیەکی زانستیانە کاری بۆ بکات.

گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان تا سەرەتای سەدەی بیستەمیش بەسەر زیاتر لە شەست خێڵ و عەشیرەتدا دابەش دەبوو کە هێندێکیان ژمارەیان دەگەیشتە ١٢٠ هەزار کەس [٢] . گرنگترینی ئەو خێڵانە ( شکاك ، مەنگوڕ ، مامەش ، جەلالی ، پیران ، باوەجانی ، موکری ، دیبوکری ، زەرزا ، مەندمی ، عێڵەرووتی ،گەڵباغی ، سنجاوی ، کەلهوڕ ، هەنارە ، شامەنسوری ، گورگەیی ، بۆرەکەیی ، گەورك ، فیض الله بەگی ) و چەند خێڵێکی دیکەن کە هەریەك لەوانە بۆ چەند تیرە و تایفە و بنەماڵە دابەش دەبن کە هەریەکە و ناوێکی تایبەت بەخۆی هەیە [٣]. وێڕای ئەم عەشیرەتانە چەندین عەشیرەتی کوردیی دیکە هەن کە لە سەردەمە مێژووییە جیاوازەکاندا ناچار کراون زێدی رەسەنی خۆیان جێبهێڵن و راگوێزراونەتە دەروەی کوردستان وەك عەشیرەتەکانی:عومەرلو ، شادلو ، مودانلو ، براخۆی ، چەشمزەك ، قەرەچولی ، جوزقان ، شوانکارە ، یازوکی ، گالون عەبدۆ ..هتد[٤] .

لەرووی کۆمەڵایەتییەوە ئەو خێڵانە بۆ دووجۆر دابەش دەکرێن ، بەشێکیان کە زۆرینەیان پێکدەهێنا ،نیوەکۆچەر بوون و زستانیان لە گوندەکانی نزیك کێڵگەکانیان بەسەر دەبرد و هاوینیش بەرەو هەوارەکانیان کۆچیان دەکرد.چالاکی ئابووری ئەمانە بە پلەی یەکەم لەسەر بەخێوکردنی

---

[١] قاسملو، س.پ، ص١٨–١٩.

[2] William Eagleton . Jr , The Kurdish Republic of 1946 . London , 1963 , p.16 .

[3] محمد جواد پور ، مجموعە اطلاعات دربارە ایران و ایرانیان ، انتشارات شرق ، چاپ اول ، تهران، اسفند ١٣٦٣ ، ص ٥٧٤–٦٠٤ .

[4] مینورسکی .ف .ف ، الأکراد ، ملاحظات و انطباعات ، ترجمە و قدم لە و علق علیە : د. معروف خزندار ، بغداد ، ١٩٦٨ ، ص١٦ .، عبداللە قرداغی ، راگوێزانی کورد لە مێژوودا ، سوید ، ستۆکهۆڵم ، ١٩٩١ ، ل٨ .

**ئاژەڵ و مەڕوماڵات ڕادەوەستا و لە گەڵیشیدا بۆ دابینکردنی پێویستییە خۆراکییەکانیان چالاکییەکی کشتوکاڵی لاوەکییان ئەنجام دەدا . بەشی دووەم ژیانێکی جێگیری لە گوند و شارەکاندا دەگوزەراند ، ئەو شارانەی کە پاش روودانی چەند وەرچەرخانێکی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی گرنگ لە کۆتای سەدەی نۆزدەهەمەوە ، لە گەشەکردندا بوو[1] .**

**لە رووی ئاینیشەوە ، زۆرینەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان موسوڵمانی سونیی شافعین ،کەمینەیەکی کوردی شیعەش لە ناوچەکانی زەهاو ، پشتکۆە، کرماشان و دەشتەتاڵی نزیك بانە دەبینرێن [2]. لەو دەمەشدا کەمینەیەکی ئاینیی و رەگەزیی لە جوو و ئاسورییەکان[3] لە ناوچە جیاوازەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەژیان ، ئەوانە پەیوەندییەکی سروشتیی و دۆستانەی مێژوویيان لەگەڵ کوردەکاندا هەبوو تا ئەو کاتەی خوێندنگا مسیۆنێرییە رۆژئاواییەکان و نفوزی وڵاتە سەرمایەدارییە ئیمپریالییەکان لە ناوچەکە جێگیر بوون ، ئەوانە هەر بە گەیشتنیان بۆ ناوچەکە کەوتنە چاندنی تۆوی ئاژاوە و دووبەرەکی نەك بە تەنیا لە نێوان موسوڵمان و کریستیانەکاندا ، بگرە خودی کریستانەکانیشیان لەیەکدی کردە دوژمن و ئاژاوەیان لە نێوانیاندا نایەوە [4] .**

**رۆژهەڵاتی کوردستان لەکاتێکدا ماڵاوایی لەسەدەی نۆزدەهەم دەکرد ، لە ئەنجامی بەستنەوەی ئێران بە بازاڕی سەرمایەداریی و گەشەکردنی بازرگانی دەرەوەی ، چەندین گۆڕانکاریی لە ژیانی ئابوریی و کۆمەڵایەتییدا**

[1] د.کمال مظهر أحمد ، دراسات فی تأریخ ایران الحدیث والمعاصر ، بغداد ، ١٩٨٥، ص ٢٢٧ .

[2] عەلائەددین سەجادی ، شۆڕشەکانی کورد وکورد و کۆماری عێراق ، بەغدا، ١٩٥٩ ، ل١٤ .

[3] کرزن ژمارەی ئاسورییەکانی باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان ، بەتایبەتی ئەوانەی لە شارەکانی ( ورمێ ، سەڵماس ، سۆما ، سڵدوس ) دەژیان به ٤٠ هەزار کەس مەزەندە دەکات . بڕوانە: کرزن . جورج . ن. ایران و قضیه ایران ، ترجمه : غ . وحید المازندرانی ، جلد اول ،چاپ دوم ن تهران ، مرکز انتشارات علمی و فرهنگی ، ١٣٦٢ش ، ص ٦٩٣ .

[4] بۆزیاتر: لازاریف . م . س . کێشەی کورد (١٨٧٦–١٩١٧) ، وەرگێڕانی : د.کاوس قەفتان ، بەشی یەکەم ، بغداد ، ١٩٨٩ ، ل ٧١–٨٢ .



**روویاندا [1]. لە راستییدا ئەو بەستنەوەیە گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە سروشتی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی هێنایەدی کە پێشتر لە سەر بنەمای ئابووری سرووشتی لادێی خێڵەکی بوو . واتە ئابوریی داخراو کە کۆمەڵ ئەوە بەرهەم دێنێت کە بەکاری دینێت و ئەوەش بەکاردێنێت کە بەرهەمی دێنێت ، بەڵام لەوێ بە دواوە بەرهەمهێنان لە پێناوی سوود و قازانجدا بوو ، واتە گۆڕدرا بۆ ئابوریی کاڵایی . لەم قۆناغەدا داواکاریی لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵیی زیادیکرد بەچەشنێك هێندێك لە موڵکدارە کوشتوکاڵییەکان بەمەبەستنی فرۆشتنەوەی بەرهەمەکانیان لە بازاڕەکانی دەرەوە و قازانجکردن ، زەوییەکانیان بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی گەورە گۆڕی . هەروەها هێندێك لە شارەکان و ناوچە جیاوازەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کەوتنە بەرهەمهێنانی بەرهەمێکی دیاریکرا و ناوبانگیان پێ دەرکرد[2] ، بۆ نموونە شنۆ بە ببەرهەمهێنانی توتن ، ورمێ بە قامیشی شەکر و پەموو، هەورامان و ئەردەڵان بە بەرهەمی ئاژەڵداریی ناویان دەرکرد . ئەوەش بووە هۆی بەرزبوونەوەی موڵکانەی زەوی ( RENT ) و زیادبوونی نرخەکەی ، بەچەشنێك بووە کالایەکی بەهادار و بایەخدار هەموو کەس هەوڵی بۆدەدا ، ئەوەی وایکرد کە ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانڕەوایان و لێپرسراوان و سەرەك خێڵەکان و تەنانەت پیاوانی ئاینییش ببنە موڵکداری گەورە و سەدەها گوند بخەنە ژێر چنگی خۆیانەوە . لەوبارەیەوە کۆڵەری سۆڤێتی ( K.M بترۆف ) کاتێك باس لە عەشیرەتی سنجاوی کوردیی دەکات ئاماژە بەو حاڵەتە دەکات و دەڵێت:" هاتنی سەرمایەی بێگانە بۆ ناوچەکە هانی فراوانبوونی پەیوەنییەکانی دراویان دا بە شێوەیەك زەوی بۆتە سەرچاوەیەکی سەرەکی**

[1] هەناردەی بازرگانیی ئێرانی لەم قۆناغەدا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردبوو بە چەشنێك لە ٣٧٠ ملیۆن قڕانەوە لە ساڵی ١٩٠٠دا بۆ ١١٠٠ملیۆن قڕان لەساڵی ١٩١٠ زیادی کرد .د.قاسملو ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٢٧ .

[2] دکتۆر عەزیز شەمزینی ، جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان ، وەرگێرانی فەرید ئەسەسەرد ، چاپی سێیەم ،سلێمانی ، ١٩٩٨. ل ٣٢ .

و بنەڕەتی داهات "[1] .پێویستە بگوترێت کە سیستمی باوی ئەودەمی موڵکایەتی زەوی زەمینەیەکی لەباری بۆئەو پرۆسەیە خۆشدەکرد ، کە چوار شێوەی لەخۆ گرتبوو:

١- زەوییەکانی دیوان یاخود ئەوانەی لەبەردەست بنەماڵی شاهەنشاهیی و پیاوانی دەرباری ئێرانییدا بوون.

٢-موڵکە فیوداڵییەکان ، ئەوانەی بەدەست سەرەك خێڵ و خانەکانەوە بوون و لەبەرامبەردا ئەرکی باج کۆکردنەوە و هەروەها ناردنی هێزی جەنگاوەریان لە کاتی جەنگدا لە ئەستۆدا بوو.

٣-زەوی وەقف یان دەزگای ئاینیی .

٤-زەوی ئەو موڵکدارانەی لە دەروەی گوند واتە لە شارەکاندا نیشتەجێ بوون[2] .

بەم شێوەیە لە ئەنجامی پەرەسەندنی پرۆسەی ئاڵوگۆڕ و دابەشکردنی لەوەڕگاکان لەو قۆناغەدا ، هێدی هێدی خێڵە کۆچەرەکان روویان لە نیشتەجێبوون کرد و پەیوەندییە پەتریارکییەکان و رووخسارە کانی کۆمۆنی عەشیرەتی لاواز بوون و کاڵبوونەوە .لەبەرئەوەی لەو هەلومەرجە ئابورییە نوێیەدا چیدی نەیاندەتوانی وەك پێشوو ماڵاتەکانیان لە لەوەڕگا هاوبەشەکاندا بلەوەڕێنن ، چونکە پارەی تەواویان بۆ بەکرێگرتنی لەوەڕگاکان نەبوو ، هەربۆیە ناچاربوون بەشێك لە ماڵاتەکانیان لەبەرامبەر سوود وەرگرتن لە لەوەڕگا بدەنە فیوداڵە پاوانخوازەکان ، بەوەش تا دەهات لە ژیانی شوانکارەیی دور دەکەوتنەوە و وردە وردە دەبوونە وەرزێری کشتوکاڵی کرێگرتە و لە زەوییە کشتوکاڵییەکاندا نیشتەجێ دەبوون [3] .

---

[1] وەرگیراوە لە :هەمان سەرچاوە ، ل ٣٢ .

[2] هرشبلاغ . ز . ی ، مدخل الى التأريخ الأقتصادي للشرق الأوسط ، ترجمة : مصطفى الحسيني ، بيروت ، ١٩٧٣ ، ص ٩٨ .

[3] منذر الموصلي ، عرب و أكراد . رؤية عربية للقضية الكردية ، الطبعة الأولى ، بيروت ، ١٩٨٦ ، ص ٥٠٥ .



شایەنی باسە ، پەرەگرتنی بازرگانی دەرەکیی بووە هۆی دەرکەوتن و گەشەسەندنی شار ، بەچەشنێك هێندێکیان بوونە مەڵبەندێکی بازرگانی کە کاڵای خۆماڵی لێوە دەنێررایە دەرەوە و کاڵای بێگانەشی لێوە دەهێنرایە نێو کوردستان . شاری کرماشان یەکێك لە چالاکترینی ئەو سەنتەرە بازرگانیانە بوو بە جۆرێك کە ( گ .ناپێێر ) پێیدا تێپەڕیوە و ناوی لێناوە ( بەندەری کەل و پەلی ئینگلیزی و هیندی ) [1]. بە پێی راپۆرتی کۆنسوڵی بەریتانی ساڵی ١٩٠٣ لە ناوچەی کرماشان لە نێوان ( ٢٠-٢٢ ) هەزار ریخۆڵە دەفرۆشرا [2] .

لەم نێوەدا رۆڵی شاری سابلاغ -مەهابادی ئێستا- لە شاری کرماشان کەمتر نەبوو ، ئەم شارە یەك لە سەنتەرە گرنگ و سەرەکییەکانی ناردنە دەرەوەی کەتیرە بوو لە رۆژهەلاتی کوردستاندا . لەم بارەیەوە توێژەری سۆڤێتی ( E.F بلارمبێك ) سەبارەت بە رۆڵی بازرگانی شاری سابلاغ دەڵێت کە بازرگانە تەورێزیی و ئەرمەنیی و تفلیسییەکانی هاوڵاتی رووسیا هەمیشە سەردانی شاری سابلاغ دەکەن تا مامەڵە لەگەڵ بازرگانانی ئەو شارەدا بکەن و کەتیرەیان لێبکڕن [3]. هەر بە پێی قسەی ئەو توێژەرە شاری سابلاغ ساڵانە ٣٢٠ هەزار کیلۆ کەتیرەی رەوانەی بازاڕەکانی دەرەوە کردووە[4] ، لە کاتێکدا لە سەرتای هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانییدا بایی ٦٣٦ هەزار رۆبل کونجیی و پێستە و خوریی تەنیا بۆ رووسیا رەوانە کردووە [5].

هەرێمەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لەو کاتەدا جێگای بایەخێکی گەورەی وڵاتە سەرمایەدارییە مەزنە ئەوروپییەکان بوو .ئەوانەی کە

---

[1] د.کمال مظهر أحمد ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد ، بغداد ، ١٩٨٥ ،ل ٢٣٠-٢٣١ .

[2] د.قاسملو ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل١٢٧ .

[3] وەرگیراوە لە :د. جەلیلی جەلیل ، کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، وەرگێڕانی :دکتۆر کاوس قەفتان ، بەغداد ، ١٩٨٧ ، لا٧٧ .

[4] هەمان سەرچاوە ، ل ٧٧ .

[5] د.قاسملو ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٢٧ .

بەرژەوەندی بازرگانیی گەورەیان هەبوو لە هەرێمەکانییدا . لەو نێوەشدا رووسەکان زیاتر لە بیانییەکانی دیکە لەو بوارەدا بالادەستتر بوون بەچەشنێك چالاکی و پەیوەندییە بازرگانییەکانی رووسیا لە گەڵ بازرگانە کوردەکانی رۆژهەلاتی کوردستاندا لەزیادبووندا بوو ، بازرگانە کوردەکانی سالانە سەردان و بەشداری بازاڕەکانی (ماکاریفسك) یان لە رووسیا دەکرد [1] .

پێویستە بگوترێت ، پەیوەندیی بازرگانیی شارەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بەتەنیا لە گەڵ شارەکانی ئێران و رووسیادا نوبوو ، بەڵکو لەگەڵ شار و هەرێمەکانی دەوڵەتی عوسمانییشدا بوو . ( کیرزن ) لەو بارەیەوە باس لە رۆڵی بازرگانیی شاری سنە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ شاری بەغدا دا دەکات و دەڵێت :"بەهای کالای نێردراوی شاری سنە لە فەرش و پێستە و ئاوریشم و مالات سالانە ١٥٠هەزار لیرەی تورکی بوو "[2].

ئەو کارگەیەی ئەڵەمانەکان بۆ فەرش دروستکردن لە شاری تەورێزی ناوەندی ئازەربایجانی ئێران دایانمەزراندبوو ، بۆ دەستخستنی کەرەسەی خاو لە خوری،پشتی بە شاری شنۆ دەبەست . هەر بۆیە بازرگانە ئەڵمانەکانیش هەوڵییاندا پەیوەندیی بازرگانیی توندو تۆڵیان لەگەڵ بازرگانانی کورددا هەبێت [3].

وێڕای فراوانبوونی شارە کوردییەکان و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانیان وەك ئاکامێکی زیادبوونی رۆڵی بازرگانییان ، بەلام ئەو فراوانبوون و پەرەگرتنە تەنیا لەسەر حسابی گەشەکردنی نێوخۆ رووی نەدا بەڵکو پەیوەندییەکی بەتینیشی لەگەڵ ئەو هەلومەرجە نالەبارەدا هەبوو کە بەهۆی توند و تیژبوونی ستەمی دەرەبەگایەتیی و هەڵوەشانەوەی سیستمی پاتریارکی خێڵەکی لە گوندەکانی کوردستاندا دەگوزەرا ، بە چەشنێك داماویی و چارەڕەشیی وەرزێرانی کورد هانی زۆربەی دانیشتووانی

---

[1] .لازاریف ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٧١ .

[2] کرزن ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل٤٣٣ .

[3] لازاریف ، سەرچاوەی ناوبراو ، بەرگی دووەم ، ل ٥١٠ .



گوندەکانییدا بۆ رزگاربوون و گەڕان بەدوای کاردا روو لە شارەکان بکەن ، دیسان بەشێکی زۆر لەوانەش لەبەر بچووکی شارەکانی کوردستان ناچار بوون بەرەو شارە تورکنشین و فارسنشینەکان کۆچ بکەن [1]. لەراستییدا کۆچککردن و بەجێهێشتنی بە کۆمەڵی وەرزێرانی کورد لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان ، ئاکامێکی خراپی لەسەر ئابوریی لادێ ودواتر بارودۆخی شارەکان پێکدەهێنا . واش ڕێدەکەوت بەشێك لە وەرزێرە کوردەکان پاش بەجێهێشتنی گوندەکانیان ، لەشار کاریان وەگیر نەدەکەوت و نەدەحەوانەوە ، ناچار جارێکی دی دەگەڕانەوە گوندەکان و دەبوونە سەرچاوەیەکی هەرزانی هێزی کار وەك کرێکاری کشتوکاڵی یاخود توێژاڵکی بێکاری گوندیان پێکدەهێنا .

زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی شارەکان تاڕادەیەك هانی پەرەسەندنی کاری پیشەگەرەکانیدا وەك پیشەی رستن و چنین و بەڕەدروستکردن و پشتێن و دەسکی چەقۆ و خەنجەر و قاپوقاچاخو پێویستییەکانی نێومالْ ..هتد ، کە ئەگەر هەلومەرجی لەباریان بۆ بلوایە بەشێوەیەکی باشتر پەرەی دەسەند و نەدەپوکاوە [2].

هاوکات لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕ و گەشەکردنانە ، سروشتی کۆمەلایەتی کۆمەڵگای کوردەواریی گۆڕانێکی ریشەیی بەسەرداهات و چین و توێژی نویْ دەرکەوتن . وەك چینێکی بڵندپایەی نیوەئەریستۆکرات کە خۆی لە گەورەبازرگان و مەزنەموڵکدار و سەرەك خێڵ و فیودالەکان دەبینییەوە .ئەوانەی پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بە کالاساغکردنەوە و کڕین وفرۆشتنەوە هەبوو و دەستیان بەسەر بازاڕی ساغکردنەوەی بەروبوومی کشتوکاڵییدا گرتبوو ، لەهەمان کاتدا ڕێگاوشوێنی هاتووچۆی بازرگانیشیان لەناوچەکانی ژێر دەسەلاتی خۆیاندا لەبەردەستدابوو و لەگەڵ

---

[1] د.قاسملو ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٢٨ .

[2] باسیل نیکیتین ، الأکراد ، لبنان ، دار الروائع ، بلا ، ص ٤٥ .

ئەریستۆکراتی بازرگانییدا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ پێکێوەی گرێ دەدان .لەلایەکی ترەوە ژمارەی ئەو کارگەرانەی لە بواری بەرهەمهێناندا کاریان دەکرد روو لەزیادبوون بوون ، ئەوانەی پارێزگارییان لەو پەیوەندییە کردبوو کە بەلادێیەوە گرێیدەدان و لەژێر کارتێکردنی پەیوەندییە دواکەوتووە خێڵەکییەکاندا مابوونەوە ، ئەو پەیوەندییانەی ڕێگربوو لەبەردەم گەشەکردنی هۆشیاریی چینایەتیی و بڕستی ئەو توانایەی لێبڕیبوون کە ببنە پرۆلیتارییایەکی کرێکاری لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و جیاکراوەدا .

سەرباری ئەوەش ، ئەو هەلومەرجە ئاڵۆز و بارە سیاسییە نائاساییەی کە خۆی لە دابەشکردنی کوردستان و داچۆڕینی توانای ماددیی و هێزی مرۆیی و دادۆشینی لە لایەن هەردوو ئیمپراتۆرییەتە داگیرکارەکەوە ، فاکتەری سەرەکیی بوون تا ئەو ئاڵوگۆڕ و وەرچەرخانە چەندایەتیی و چۆنایەتییانە بە ئاراستەیەکی سروشتییدا تێنەپەڕێت و لە ڕەوتی خۆی لابدات و حاڵوباڵێکی وا بێتە دی بە پێچەوانەی ئەوەی کە دەبوایە ببا بەچەشنێك بووە هۆی ئاستەنگ و لەمپەری راستەقینە لەبەردەم پەرەگرتنتێکی پلە بە پلەی کۆمەڵگای کوردەواریی و دەرکەوتنی هێزی بێهێز و لاوازی چینایەتیی شێواو و تێکچڕژاو دەرکەوتنی چەندەها گرفتی ئاڵۆز و مەزن .

لەڕاستییدا وێڕای ئەو ئاڵەگۆڕانە هێشتا دەرەبەگایەتیی لە رۆژهەلاتی کوردستاندا سیستەمێکی باڵادەستی سەرکی بەرهەمهێنان بوو، پەیوەندییە خێڵایەتییەکان تاڕادەیەکی زۆر گۆڕانکاریی ریشەییان بەسەردا نەهات و مانەوە، وەرزێرانی کورد لە وابەستەییەکی هزریی و سیاسیی و لە هەژاریی و چارەڕەشیی و بەدبەختییدا دەژیان و بە ناشیرینترین شێواز بۆ قازانجی هێزە باڵادەستە نێوخۆیی و دەرەکییەکان بەکاردەبران و ستەمی چینایەتیی و مەزهەبیی و دواتر نەتەوەیی کڕوساندبوونی . پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی گۆڕشنی ریشەییان بەخۆیانەوەی نەدی ، ئامرازەکانی



بەرهەمهێنان هەروەك پێشوو ساکاربوون بێ ئەوەی بوار بۆ هێنانی ئامێر و ماشێن و بەکارهێنانی شێوازی نوێ برەخسێنرێت [1] . هەروەها چ هەوڵێکی وا بۆ چاککردنی ڕێگاوبانەکان نەدەدرا تا وەرزێرانی کورد بەئاسانی پەیوەندیی بە بازاڕەکانی دەرەوە بکەن . ( ن.أ.خالفین ) لەم رووەوە دەڵێت :" هەرێمی ساوجبولاق/سابلاغ کە لە ٧٥٠ گوند پێکدێت ، نەیدەتوانی لەبەر خراپی ڕێگاوبان بەروبوومە بازرگانییەکانی خۆی ساغبکاتەوە ، هەربۆیە کشتیارەکان ناچارن بەرهەمەکانییان بەنرخێکی وا بێبایەخ بفرۆشن کە قەرەبووی ماندووبوونەکەیان ناکاتەوە " [2].

ئەوەندەی پەیوەندیی بە بازرگانانی کوردەوە بێت لە رۆژهەلاتی کوردستان ،خاوەنی تەواوی مەرج و تایبەتمەندییەکانی بۆرجوای بازرگانیی نەبوو ، بەتایبەتی لەبواری بەدەستەوەگرتنی شێوازەکانی بەرهەمهێناندا ، ئەوەش بۆ ئەوهەلومەرجە ئابوریی و سیاسییە ،هەروەها نەبوونی ئارامی و ئاسایش لە کوردستان و هەژمونی فەرمانڕەوا بێگانە توندوتیژەکان دەگەڕێتەوە کە بازرگانانی کوردیی تێیدا دەژیان .ئەو واقیعەی ڕێگر بوو لەبەردەم کەڵەکەبوونی سەرمایە و پەرەگرتنی لای بازرگانانی کورد ، بەچەشنێك نەتوانن سەرمایەگوزاریی لە بواری بەرهەمهێنانی وەك پیشەسازییدا بکەن . نەك هەر ئەوە بەڵکو بەهۆی باڵادەستیی سەرەك خێڵەکان لە دەرەوەی شاردا ، بازرگانانی کورد نەیاندەتوانی لە لادێکان و لە بواری کشتوکاڵیی بازرگانیشدا سەرمایەگوزاریی بکەن .لەلایەکی دیکەوە نابێت ئەو راستییەمان لەبیربچێت کە کایەی بازرگانی لە رۆژهەلاتی کوردستاندا لەلایەن توێژاڵێکی دیاریکراوی غەیری کوردەوە دەستی بەسەردا گیرابوو بەچەشنێك بازرگانانی کورد تەنیا رۆڵی ناوەندیان دەبینی لە نێوان ئەو توێژاڵکانە و گوندە کوردییەکان .ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی

---

[1] د.قاسملو ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٢١١-٢١٢ .

[2] خالفين . ن.أ ، الصراع على كردستان .المسألة الكردية في العلاقات الدولية في القرن التاسع عشر ، ترجمة :الدكتور احمد عثمان ابوبكر ، بغداد ، ١٩٦٩ ، ص ١٧ .

قازانجێکی شیاو و بەدڵی خۆیان چنگ نەکەوێت و نەیاندەتوانی ڕۆڵە چینایەتییە چاوەڕوانکراوەکەی خۆیان ببینن و لەڕووی سیاسیی و هزریی و ئابورییەوە وابەستەی چینی ئەریستۆکراتی خێڵەکی بوون .

( لازاریف ) لەوبارەیەوە دەڵێت :"بازرگانانی رووس توانییان بازاڕێکی باش لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ خۆیان بدۆزنەوە ، زۆرینەی ئەو بازرگانانە ئەرمەنیی و ئازەریی بوون ، ئەوانە موڵکێکی فراوانیان لەوناوچانەدا هەبوو کە هێندێکیان موڵکی تایبەتی خۆیان بوون و هێندێکی تریشیان لە جووتیارە کوردەکان بکرێ گرتبوو .زۆرمان لەو بازرگانە رووسانە هەیە کە موڵکیان لە میاندوئاو هەیە وەك نزاربەگ و نەجیبۆف " [1].

( هەمەدانی ) ئۆباڵی گەورەی پاشکەوتوویی بازرگانیی لە وکاتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەخاتە ئەستۆی جووەکان و دەڵێت:"چالاکی بازرگانیی لە ناوچەکانی باکوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لەلایەن تاقمێك جووە وە دەستی بەسەردا گیراوە ، ئەو تاقمە لە کۆکردنەوەی درا و ماڵوموڵکدا وریایی و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە ، بەشێوەیەك ئەندامەکانی هەموو ڕێگایەك بۆ پارەپەیداکردن دەگرنە بەر ، جا شەرعی بێت یاخود ناشەرعی بێت ...بوونی ئەو بازرگانە جووانە گرنگترین هۆکارە بۆ دواکەوتنی بازرگانی لە کوردستان " [2]. بەم شێوەیە ئەو هۆکارانە بوونە هۆی لاوازی توێژی بازرگانانی کورد لە کۆمەڵگای کوردییدا بە جۆرێك نەیاندەتوانی کاربکەنە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان یان بەشدارییەکی ئەکتیڤانەی تێیدا بکەن و لێبڕاوانە ڕووبەڕووی ئاستەنگانەی بەردەم گەشەکردنی بازرگانییان ببنەوە .

---

[1] لازاریف ، سەرچاوەی ناوبراو ، بەرگی یەکەم ، ل ٧١ .

[2] علی اصغر هەمەدانی ، جوغرافیای کوردستانی ئێران ، وەرگێڕانی : عبدالرحمن محمد امین زبیحی ، بەغدا ،١٩٨٠ ، ل ٨١ .



سەبارەت بە پیشەگەرەکانیش ، کە لە ئاکامی تێڕژانی کاڵای بیانیی بۆ بازاڕەکانی ناوچەکە مایەپووچ بوون و ناچاربوون واز لە پیشەکانیان بهێنن ، ئەمەش ڕێگربوو لە بەردەم دەرکەوتنی بازاڕێکی نێوخۆی هاوبەش[1] .

هەلومەرجی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا تا دواسنوور ئاڵۆز و نالەباربوو . دواکەوتوویی سەراپای ژیانی کۆمەڵگای کوردیی تەنیبوو، بە چەشنێك ڕێژەی نەخوێندەواریی لە نێو ژنانی کورد ١٠٠٪ و لای پیاوان ٩٥٪ بوو . ئەوەش بووە هۆی دەرنەکەوتنی توێژی ڕۆشنبیر یاخود ئەنتلێجێنسییا ، ئەوەش کاریگەرییەکی زۆر مەنفی کردە سەر دواکەوتنی جوڵانەوەی ڕێکخراوەیی نەتەوەیی و چالاکی نەتەوەیی بەرنامە بۆداڕێژراو[2].

جێگری کۆنسوڵی رووس لە شاری خۆی پاش ئەوەی گەشتێکی بەنێو گوندەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کردووە ، بەوردی تێبینیی ئەو بارە ناهەموارەی جووتیارانی کورد و خراپیی سیاسەتی حکومەتی ئێرانی لەو ناوچانە کردووە بەچاوی خۆی خەڵکی ئەوناوچانەی بینییوە کە بە چ شێوەیەك نەخۆشییەکانی تەراخوما و ئاوڵە و کۆلێرا و لارەشە بە پۆل لەناوی دەبردن[3] . ئەمەو سەرباری ئەو پەلامار و هەڵمەتە سەربازییانەی کە دەوڵەتی ئێران بەمەبەستی تالانی دەیکردەسەر دانیشتووانی ناوچەکە . ( دیتلێ ) کە توێژەرێکی رووسە دەڵێت:" دانیشتووانی تۆقیبووی گوندەکان لە هاتنی ئەو پۆلە کوللەیە زارەترەك بوون و بەهەر چوار لادا هەڵدێن ئەوەی بتوانن لەگەڵ خۆیانی دەبەن تا ئەوەی هەیانە نەکەوێتە دەستی ئەو ژاندارمە دزو تالانکەرانە ، تەنانەت باغ و بێستان و دارەکانیش دەبنە ئامانجی تالان و سووتان و هەڵکێشان لەلایەن ژاندارمەکانەوە "[4] .

---

[1] محمود ملا عزت ، دبلۆماسییەتی بزووتنەوەی کوردایەتی ، سلێمانی ، ١٩٧٣ ، ل٥٣ .

[2] Gavan.s.s ,Kurdistan Divided nation of the Middle East, London , 1958, p.14 .

[3] وەرگیراوە لە: لازاریف ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٦٨ .

[4] خالفین ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٩ .

ئەوە ماوە بگوترێت کە داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتن و دابەشکردنی کوردستان لە لایەن بێگانەوە فاکتەرێکی مەزن بوو بۆ ریشەیی نەبوونی ئەو ئالۆگۆڕە ئابوریی و کۆمەلآیەتییانە و تا ئێستاش لەمپەرێکی گەورەیە لەبەردەم گەشەکردن و پەرەگرتنی گشت لایەنەکانی کۆمەڵگای کوردیی . ئەوەش ئەرکێکی گەورەی خستۆتە ئەستۆی گەلی کورد و جولآنەوە رزگاریخوازە نەتەوایەتییەکەی کە بچێتە کۆڕی ململانێیەکی سەختەوە دژ بەو هێزانەی لەمپەرن لەبەردەم گەشەسەندنی وەك حکومەتە تالآنکەرە یەك لەدوا یەکەکانی ئێران و دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکانی هاوپەیمان لە گەڵ لەگەڵ داگیرکەران و دابەشکەرانی کوردستاندا ، ئەوانەی بەرژەوەندییان لەو بارە ئاڵۆز و ناهەموارەی گەلی کوردایەو تادێت بەرەو نالەبارتریشی دەبەن [1].

[1] ئەم بابەتە بە زمانی عەرەبی لە گۆڤاری : ڤەژین ، هژمار ٦-٧، زڤستان –بهار ، ١٩٩٧ ، دهۆك ، بلآوكراوەتەوە .



## خوێندنەوەی هەڵوێستی حکومەتی ئێران لەمەڕ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە دوای تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانیی لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی بەریتانیاوە[1]

ئاشکرایە کە کوردستان لە چاخی نوێدا و بگرە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە ژمارەیەکی زۆر میرنشین و قەوارە و دەسەلآتی سیاسیی بەخۆوە بینیوە، کە هەر یەکە لەمانە سەربەخۆیی تەواوی ناوخۆییان هەبووە و خاوەنی دامودەزگا تایبەتییەکانی خۆیان بوون کە بەشێکیان هەر لە مێژەوە دەسەلآتیان لە ناوچەکەدا دامەزراندبوو کە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست دەگەڕایەوە. هەروەها هێندێك لەو میرنشینانە بە ڕادەیەکی وا گەشە و پەرەیان سەندبوو کە بەبەراوردکردن لەگەڵ هەردوو ئیمپراتۆری عوسمانی و ئێرانی دا زیاتر وەك دەوڵەتۆکەیەك دەردەکەوتن.ئەو دوو ئیمپراتۆرییەتەی کە هەر لە دەیەی دووەمی سەدەی شازدەهەمدا و بە تایبەت دوای شەڕی چاڵدێران لە ساڵی ١٥١٤ دا ، بەشێوەیەکی عەمەلی کوردستانیان دابەشکرد ، لەگەڵ هەندەش زۆربەی ئەو دەسەلآتە خۆماڵی و میرنشینە خۆجێیانە هەر مانەوە و بەردەوام بوون لە فەرمانڕوایەتییکردنی کوردستاندا ، تا هەردوو ئیمپراتۆرییەکە کەوتنە بیری ئەوەی هەوڵێکی مەزن بدەن بۆ کۆتاییهێنان بە سەربەخۆیی نێوخۆیی ئەو میرنشینانە و رووخاندنی تەواویی دامودەزگاکانیان ، ئەم پرۆسەیەش بە پەنابردنە بەرهێز و هەموو شێوازەکانی توندو تیژی و کوشتوبڕ ئەنجامدرا [2].

شایەنی باسە ئۆپەراسیۆنی رووخاندنی میرنشینە کوردییەکان هاوکاتی فۆناغێك بوو کە تیایدا کۆمەڵی کوردەواری تازە بە تازە لە ئامێزگرتن و

[1]– ئەم بابەتە لە گۆڤاری : مەتین ، ژمارە ٩٢ ، ئیلۆنا ١٩٩٩ن دهۆك دا بلآوكراوەتەوە .

[2]– بۆ زیاتر : جليلي جليل ، من تأريخ الأمارات في الأمبراطورية العثمانية ، الطبعة الأولى ، دار الأهالي ، دمشق ، ١٩٨٧.

گەشەکردنی پەیوەندییە سەرمایەدارییەکانی بەخۆوە دەدی ، بە تایبەتی پەرەساندنی بازرگانی و بەرهەمهێنانی شمەك و کردنەوەی مانیفاکتۆرە و مامەڵە بەدراو کەڵەکەبوونی لە لای دەوڵەمەندانی کورد ، ئەوانەی داهاتەکانیان لە ئەنجامی ساغکردنەوەی زێدە بەرهەمە کشتوکاڵی و ئاژەڵییەکانیان لە بازاڕەکانی دەرەوە و ناوخۆدا لە زیادبووندا بوو . وێڕای ئەوەی هەر لە هەمان قۆناغدا جوڵانەوە و ململانێی نەتەوایەتیی گەلانی ناوچەکە لە گەشانەوەدا بوو، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریکردە سەرگەلی کورد و سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەییان کە لە ڕاستییدا زادە و هەڵقوڵاوی ریالیتەی کۆمەڵگای کوردەواریی بوو، بەتایبەت پاش ئەوەی کوردستان بووە گۆڕەپانی تەراتێنی هێزە پەلاماردەر و داگیرکەرەکانی ئێرانی و عوسمانی و کۆتایی بە دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان و توێژاڵکی باڵای هەرەمی کەمەڵگای کوردیی هات و گەلی کورد لە هەموو مافێکی سیاسیی و کەڵتوریی نەتەوایەتیی خۆی بێبەش بوو. لەوساوە کەوتە ژێر چەپۆکی بێگانە و بۆ یەکەمجار تاڵاوی سەپاندنی باج و سەرانەی پشتشکێن و بەزۆر سەربازگیریی نۆشی. سەربەری ئەوەش لە ئاکامی درێژبوونەوەی ئەو هێرش و پەلامارەدا ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی کوردستان تووشی شێوان و سستییەکی درێژخایەن هات کە کاریگەریی کردە سەر دواکەوتنی کشتوکاڵ و پاشەکشەی پیشەسازی دەستکرد و کاری پیشەگەرەکان و زەقبوونەوەی نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان [1] .

ئا لەم هەلومەرجە ناسازەدا و لە کاتێکدا گەلی کورد لە بەگژداچوونەوەی داگیرکەراندا بەردەوام بوو ، جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی کوردستان بە مەبەستی بەرگریی لە سەربەخۆیی نیشتمانی و بوونی نەتەوەیی و دابینکردنی زەمینەیەکی گونجاوی سەربەخۆ بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگای

[1]- جلال الطالباني ، حول القضية الكردية في العراق ، تشرين الثاني ١٩٨٨، بلا ، ص ٦-٧ .



کوردیی نەوپا بوو ، بەم شێوەیە لەسەر شانۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشەیەك هاتە کایەوە کە بە (کێشەی کورد) ناودەبرێت. ئەو کێشەیەی تەنها مەسەلەکانی داگیرکردنی کوردستان و بە کۆیلەکردنی گەلەکەی و دزینی سامان و تاڵانکردنی و پێشگرتن لەبەرەو پێشچوونی ژیانی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و کەڵتووریی و شارستانیی ناگرێتەوە ، بەڵکو خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی کوردیش لە خۆدەگرێت ، ئەو خەباتەی دژی داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان لە لایەن داگیرکەرانی بێگانەی هەرێمی و کۆلۆنیالیزمی نێودەوڵەتی تێدەکۆشێت و بە شێواز و نێوەڕۆکیش دیموکراتخوازانە و مرۆڤدۆستانەیە و سەرەتاکەی بۆ چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە .

لەوکاتەدا کە جەنگی یەکەمی جیهانیی بە ڕەسمی لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨ دا ، بەدوای ئاگربەستی (مۆدۆرس ) لە نێوان هاوپەیمانەکان و دەوڵەتی عوسمانی تێکشکاودا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کۆتایی هات.کێشەی کورد لەسەر شانۆی ڕووەداوەکان خۆی نواند ، ئەم کێشەیەش وەك کێشە و خەباتی ڕزگاریخوازی گەلانی تری ناوچەکە چووە قۆناغێکی نوێتر و گەیشتووترەوە ، ناسیونالیست و نیشتمانپەروەرانی کوردیش هەروەك نیشتمانپەروەرانی گەلانی تری ناوچەکە کەوتنە خۆگردکردنەوە و خۆڕێکخستن لە کۆمەڵە و حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی و بزاڤی کوردایەتیی و پەیوەندی بە هێزە سەرکەوتۆکانی جەنگ ، بەئامانجی وەدەستهێنانی پاڵپشتیان بۆ پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ [1].ئەوەی ڕاستی بێت لەم ساتەدا لە هەموو کاتێکی تر زێدەتر کێشەی کورد سەرنجی زلهێزەکانی بۆخۆی ڕادەکێشا و گرنگییەکی زۆری پێدرابوو، بەشێوەیەك لە کۆڕ و

[1]- جليل جليل و آخرون ، الحركة الكردية في العصر الحديث ، ترجمة: عبدي حاجي ، الطبعة الأولى ، بيروت ، دار الرازي ، ١٩٩٢، ص١٠٣-١٠٥ .

کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا باس و خواسی لەسەر دەکرا و لە نێو ئەو چارەسەرانەی پێشنیار دەکران بۆ دیاریکردنی جوگرافیای سیاسیی ، ناوی کوردستان دەهات.

ئێمە لێرەدا نامانەوێت دەرگا لەسەر مەسەلەی ناساندنی هەڵوێست و دیدی جۆراوجۆر و دژبەیەکی هێز و لایەنە جیاوازەکانی سەر شانۆی سیاسیی ناوچەکە وەك: بەریتانیا ، فەرەنسا ، حکومەتی عوسمانی لە ئەستەمبوڵ و بزاڤی کەمالی لە ئەنەدۆڵ ) لەمەڕ کێشەی کورد و شێوازی چارەسەری بکەینەوە . لەگەڵ ئەوەشدا هێندێك لەو سەرنجانە سەرباری بەرژەوەندی خوازانەی خاوەنەکانیان ئەوەندە واقیعی بوون بە ئاشکرا ئاماژەیان بۆ بەستنەوەی بەشی رۆژهەڵاتی کوردستانی ژێر دەستی حکومەتی ئێرانی دەکرد ، بەو بەشەی کوردستان کە دوای شەڕ لە ژێر چنگی عوسمانی رزگار ببوو بۆ یەکخستنیان لە قەوارەیەکی سەربەخۆدا ، ئەمەش بێ گوێدانە بێلایەنی ئێران و بەشدارینەکردنی فەرمی لە جەنگی یەکەمی جیهانییدا. نموونەی ئەم دیدەش لە وەڵامێکی وەزارەتی هیندی بەریتانیادا دەردەکەوێت کە مەبەستی روونکردنەوەی هەڵوێستی حکوومەتی بەریتانی بەرامبەر ئەو پێشنیارەی کە نوێنەری بڵند لە بەغدا لە ١٢ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١٨ دا پێشکەشی کردووە دەربارەی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردیی لەسایەی حکومەتی بەریتانیا ، بەشێوەیەك کوردستانی ژێر دەستی ئێرانیشی لەگەڵدا بێت . وەڵامەکە دەڵێت:" سنوری تورکی_ ئێرانی سنورێکی دەستکردە و لەسەر بنەمای داواکارییە مێژووییەکان کێشراوە نەك لەسەر بنەمای نەتەوەیی و ئیثنی یاخود مەزهەبی ...لەکاتی جیابوونەوەی کوردستانی ئێران پێویستە لەسەر حکومەتی بەریتانی چارەیەکی ریشەیی دابنێ ، هەروەك چۆن (نەقیب ویلسن) پێشنیاری کردوە ، ئەویش بە گێڕانەوەی کۆماری ئازەربایجان بۆ ئێران بە شێوەیەك لە



شێوەکان چونکە ئەم زەوییانە بەشێك بوون لە ئێران پێش ئەوەی بە روسیاوە بلکێنرێت" [1].

شایەنی باسە ، ئێران لەسەرەتای سەدەی بیستدا دەوڵەتێکی دواکەوتوو بوو، لەلایەن شاکانی قاجارەوە بەشێوەیەکی رەها و بێ لێپرسینەوە فەرمانڕەوایەتی دەکرا . ئەم دەوڵەتە لە رووی ئاینی و نەتەوەیی و مەزهەبییەوە فرەچەشن بوو . لە لایەنی نەتەوەییەوە چەند نەتەوەی جیاوازی وەك: کورد ، عەرەب ، ئەرمەن ، بلوچ ، تورك ، ئەفغان ، فارس و چەندەها کەمینەی رەگەزی نەمەییوی لەخۆگرتبوو کە پەیوەستێکی بەهێزی هاوبەش پێکەوە کۆینەکردبوونەوە [2].ئەمە و جگە لەوەی لە ئێراندا فرەئاینی و فرەمەزهەبی هبووە و دەیەها گروپی هەرتەقی و سۆفیگەرایی تێدادەبینرێت.

پێویستە بگوترێت کە گەلی کورد یەکێکە لە گەلە هەرە کۆنەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرەتاکانی بوونی لە ناوچەکە پێش داکەوتنی چەمکی (ئێران) ە ، ئەو بەشەی رۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێستا بە کوردستانی رۆژهەڵات یاخود کوردستانی ئێران ناودەبرێت ، لەسەرەتای چاخی نوێدا لەلایەن ( شائیسماعیلی سەفەوی) بنیاتنەری دەوڵەتی سەفەوی ، تووشی پەلامارێکی دڕندانەی فاناتیزمی و سێکتاریزمی شیعەگەریی و پاکتاوی رەگەزیی بووە. ئەو بەشەی کوردستان هەر لەو کاتەوە کەوتۆتە ژێر چنگی حکومەتە شاهەنشاهییە یەك لەدوا یەکەکانی ئێران ، لەوانەش حکومەتی قاجاری کە هەر لە ساڵی ١٧٩٦ ی زاینەوە بەزۆر و ملهوڕی

[1]- وەرگیراوە لە : وليد حمدي ، الکورد و کوردستان في الوثائق البريطانية ، دراسة تأريخية وثائقية ، بيروت ، ١٩٩١ ، ص٣٩ .

[2]- بۆ زیاتر : ريتشارد دبليوگوتام ، القومية في ايران ، ترجمة : فاضل الخفاجي ، مراجعة: علي محمد المياح ، بغداد ، ١٩٨٧ .

**دەسەڵاتی پچڕی و حوکمێکی تاکڕە و ڕەهایان تا ساڵی ١٩٢٥ بەسەر ئێراندا سەپاند [1].**

**ڕووپێوی خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە (١٢٥٠٠٠)کم٢ یە ، واتە ١٠٪ ی ڕووپێوی گشتی خاکی ئێرانی ئەمڕۆ مەزەندە دەکرێت [2] . شایەنی باسە گەلی کورد لە ئێران سەرباری ستەمی میللی چەوسانەوەی مەزهەبیشی لەسەرە ، چونکە زۆرینەی کورد لە ئێران سونی شافعین کە پێچەوانەی مەزهەبی زۆرینەی شیعەیە، سەرباری ئەوەش گەلی کورد بە درێژایی مێژووی نوێ بۆتە قوربانی ئەو کێشە و ململانێ خوێناوی و توند و تیژەی کە هەردوو دەوڵەتی ئێرانی شیعە و عوسمانی سونە لە ناوچەکەدا خولقاندبوویان کە بێگومان فاکتەری مەزهەبیش هۆیەکی سەرەکی و گەرمکەری کێشمەکێشەکە بوو .**

**لەلایەکی ترەوە جێی سەرسوڕمان نیە کە ئێرانیش وەك هەر دەوڵەتێکی تری ناوچەکە ، ئەوانەی دەوڵەتی کلاسیکی بوون و پابەندی حوکمی ئاینی و شێوازی بەڕێوەبردنی سەرخانی دەرەبەگی سەدەکانی ناوەڕاست بوون گرفتی گەورە هاتن کە هەڵگری زەنگی خەتەرناك و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی حوکم و قەوارەی دەوڵەتی کلاسیکی بوون. ئەو گرفتەی هۆشداری نەتەوەیی گەلانی ژێر دەستەی حکومەتی ئێرانی و سەرهەڵدانی بزاڤە ڕزگاریخوازەکان بوون ، چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد ، ئێران دەوڵەتێکی فرەنەتەوەیە ، نەتەوەکان بەدەر لە ئارەزوو و ویستی خۆیان و بە زۆر و هێزی سەرکوتکەر لە قەوارەی ئێراندا ڕاگیراوون .لە ڕاستیدا دەسەڵاتدارانی ئێران ، نە ئەوکات و نە ئێستاش ڕەچاوی پلاتفۆرم و**

[1]**- صالح محمد ئەمین ، کورد و عەجەم ، مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران ، ١٩٩٢ .**

[2]**– مسعود کیهان ، جغرافیای مفصل ایران ، جلد اول ، طبیعي ، تهران ، چاپخانەء مجلس ، ١٣١٠ ش ، ص ٢٣.**



**بەرنامەیەکی ئەوتۆیان نەکردووە کە کێشەی نەتەوە بندەستەکانی ناو ئێران چارەسەربکات ،یاخود لانی کەمی داواکارییەکانیان بهێنێتە دی . بەڵکو بە پێچەوانەوە ، حکومەتەکانی ئێران هەردەم هەوڵی خۆدزینەوە و دیزەبەدەرخۆنەکردنی کێشەی نەتەوایەتییان داوە و بە بیانووی جیاواز خۆیان لێ کەڕ کردووە [1] ، وەك :ئێرانچێتی ، ئیسلامچێتی ، هەمنیشتمانی ..هتد. تراژیدیای ئەم خۆدزینەوەیە وایکردووە ، کە دەسەڵاتدارانی ئێران و زۆربەی ناسیونالیستە فارسە زوڕناژەنەکانی دەوڵەت ، بگرە زۆربەی بەناو کۆمۆنیستە خۆبەمارکسیستە فارسەکانیش ،زۆر بە شێوەیەکی نازانستی لە دەستەواژەکانی :ماف نەتەوایەتیی ، نەتەوە ، هۆشیاری نەتەوایەتیی دەسڵەمنەوە و خۆدەبوێرن . عەقڵییەتی دەسەڵاتدارە ئێرانییەکان ، مەسەلەی نەتەوایەتیی بە مەسەلەیەکی دونیای هاوچەرخ ئاکامێکی سروشتی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی سیستەمی ئابوری-کۆمەڵایەتی سەرمایەداریی ناناسێت کە لە وڵاتانی دواکەوتوودا بەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییدا بە ڕوونی سەریهەڵدا و پاش جەنگی دووەمیش تاوی سەند . ئەوان مەسەلەی نەتەوایەتی و باسکردنی ماف نەتەوەکانی غەیرەفارسی ئێران بە خەنجەرێکی ژەهراوی دەستی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بەمەبەستی پارچەکردنی ئێران پێناسەدەکەن .**

**مێژوونووسی ناوداری ئێرانی (ئەحمەد کسروی) لەم ڕووەوە دەڵێت :" خراپترین تۆوی ناکۆکی و دووبەرەکی کە بێگانە لە ڕۆژهەڵات چاندیان ئارەزووی سەربەخۆیی نەتەوەکان بوو، دوای ئەوەی سیخوڕە ئەوروپییەکان بەناو کورد و ئەرمەن و ئاسورییەکاندا گەڕان ، ئەم تۆوە گڵاوەیان لەنێودا**

[1]**- جمال نبز، المستضعون الكورد و اخوانهم المسلمون ، الطبعة الاولى ، لندن ، ايلول، ١٩٧٧ ، منشورات كوردنامه ، ص١١٥ .**

**چاندن ..." [١].هەر لەم بیروبۆچوونە نازانستییانەوە بەکارهێنانی هەر دەستەواژەیەك لە ئێراندا بەرجەستە لە هەر شێوازێکی سیاسیی– یاسایی بە بەرژەوەندی نەتەوە بندەستەکان بکات وەك: لامەرکەزی ئیداریی ، خودموختاریی ، فیدراڵیی ، ماف چارەنووس ..هتد ، لەلایەن حکومەتەوە بە تاوانێکی مەزن دەدرێتە قەڵەم و خەتەرێکی گەورە بۆ سەر ئاسایش و سەروەریی و یەکێتی خاکی ئێران دەناسرێت. هەر بۆیە بزاڤە رزگاریخوازە نەتەوەییەکانی گەلانی ئێران ، بەتایبەت بزاڤی رزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد کە بەشێکی تۆکمە و دانەپچڕاوی بزاڤی سەرتاسەریی نیشتمانیی کوردستانە ، لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندی ئێرانەوە بە درێژایی مێژوو رووبەڕووی پەلامارێکی دڕندانە بۆتەوە [٢] .**

**وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ،حکومەتی ئێران بەرەسمی بەشداری جەنگی یەکەمی جیهانیی نەکرد و بێلایەنی راگەیاند ، بەڵام لە ڕاستیدا و بە پراکتیك خاکی ئێران کەوتە ژێر باری گرانی داگیرکردنی هێزەکانی روسیای تزاری لە باکوور و بەریتانیا لە باشوورو بووە مەیدانی مەیدانێکی خوێناوی ململانێی سەختی هێزە بێگانەکان . هەر لەسەرەتای شەڕدا هێزەکانی عوسمانی پەلاماری رۆژئاوای ئێرانیاندا و بەشێکیان داگیرکرد [٣]. دواتر هێزەکانی رووسیا بەرەو خوار کشان و شوێنی هێزەکانی عوسمانییان گرتەوە . بەڵام ئەمەش زۆری نەخایاند بەهۆی روودانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری**

**[1]- أحمد کسروی ، تأریخ مشروطەء ایران ، چاپ چهاردهم ، انتشارات أمیر کبیر ، تهران ، ١٦٣٢، ص٨٣ .**

**[2]- یاسین خالد حسن ، کردستان الشرقیة ، دراسة في الحرکة النحرریة القومیة فیمابین الحربین العالمیتین (١٩١٨–١٩٣٩) ، رسالة ماجستیر غیر منشورة، کلیةالآداب ، جامعة صلاح الدین ، تموز ١٩٩٥.**

**[3]- فوزي خلف شوبل، ایران في سنوات الحرب العالمیة الاولی ، منشورات مرکز دراسات الخلیج العربي بجامعة البصرة/ شعبة الدراسات الایرانیة،١٩٨٥.**



**سۆشیالیستیی لە رووسیا ساڵی ١٩١٧ ، هێزەکانی رووس ئێرانیان جێهێشت ، بەڵام ئەو رووداوەش کاری لە ئەنجامی شەڕەکە نەکرد و بەبەرژەوەندی هاوپەیمانەکان کۆتایی هات.بەمجۆرە ئێران لە هەموو کاتێك زیاتر کەوتە ژێر کاریگەرێتی سیاسەتی بەریتانیا . بەریتانییەکانیش ئەم هەلەیان قۆزتەوە و هەوڵێکی بێ وچانیان بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابوریی و سەربازیی و ستراتیژییەکانیان دا بۆ ئەوەی بەتەواوی ئێران بە بەریتانیاوە ببەستنەوە، ئەوەش لە رێگای پەیماننامەی ئابی ١٩١٩ وە کە بەسەر ئێراندا سەپێنرا و بە پێی ئەم پەیمانە هەموو کاروبارە گرنگەکانی وڵات کەوتە ژێر چاودێری و رێنمایی حکومەتی بەریتانیاوە [١] .**

**هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی کێشەی کورد وەك وەك مەسەلەیەکی سیاسیی لەسەر شانۆی رۆژهەڵاتی ناوەراست. دیپلۆماسیەتی هەلپەرست و لاوازی ئێرانی کەوتەجوڵە بە ئامانجی سوود وەرگتن لە هەلومەرجی ئاڵۆزی دوای جەنگ و ئاکامەکانی ، کورد گوتەنی "ئەویش لەو تەنورە نانێکی پێ ببڕێ" ، کورتەی باس حکومەتی خۆی هاویشتە ناو خواس و باسەکان و کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ کارمەند و بەرپرسەکانی ئینگلیز دا بۆ ئەوەی پاڵپشتی داواکارییەکانی حکومەتی ئێران بکەن لە کۆنگرەی ئاشتیدا کە چاوەڕوان بوو لە پاریس بگیرێت . ناوەرۆکی ئەو داواکارییانەش بریتیبوون لە لکاندنی کوردستانی ناوەند و باشووری ئازاد لە چنگاڵی حکومەتی عوسمانی و خستنە سەر قەڵمڕەوی ئێران ، بە بیانووی دەستکاریکردنی سنوری رۆژئاوای ئێران بە قازانجی خۆی . لێرەدا جێی خۆیەتی دوای قۆناغەکانی ئەو داواکارییانە بکەوین و لێیان وردبینەوە ، بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەکانی حکومەتی بەریتانیا .**

**[1]- سیر ریدر بولارد، بریطانیا والشرق الاوسط منذ اقدم العصور حتی ١٩٥٦ ، ص ٣٩٥–٣٩٦.**

وادەردەکەوێت کە مەسەلەی پێوەلکاندنی ناوەند و باشووری کوردستان بە ئێرانەوە پێشتر لە هزر و پێشنیازەکانی هەندێك کاربەدەستانی بەریتانیادا بێت ، بۆ نموونە "توینبی" لە یەکێك لە بەڵگەنامەکانیدا کە مێژووی ١٩١٨/١٠/٢٥ ی پێوەیە واتە مانگێك زیاتر پێش راوەستانی جەنگ دەڵێت: "چارەسەرێك کە دەتوانرێت بکرێت گواستنەوەی کوردستانی تورکیایە بۆ ژێر سەروەریی ئێرانی ، بەمەرجێك ناوچەی (ورمێ) شی بخرێتە سەر و بە هەمووی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی خودموختاری لێ پێکبهێنرێت کە لە هاریکاری دەرەوە بەهرەمەند بێت " [١] .

بەهەر حاڵ یەکەم بەڵگە نامە باسی ئەو داواکارییانەی ئێرانی تێدا بێت بەڵگەنامەی ژمارە(٨٢٥)ە ، کە نامەیەکی وەزیری دەرەوەی بەریتانیایە ( ئیرل کیرزن) لە لەندەنەوە بۆ دیپلۆماسی ئینگلیزیی لە پاریس (ئیرڵ دەربی) لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٩ ، لەم نامەیەدا کیرزن باسی ئەو سەردانە دەکات کە وەزیری دەرەوەی ئێرانی (نەصرەت ئەلدەولە فەیروز)ی سەر بە کابینەی (وثوق الدولە) بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ئەو ساڵەدا ئەنجامیداوە.کیرزن درێژە بە باسی سەردانەکە دەدات و دەڵێت:" وەزیری دەرەوەی ئێرانی رایگەیاند کە هاتنەوەی لەگەڵ (شاهەنشا)دا بۆ لەندەن بەمەبەستی گفتوگۆ بووە لە گەڵمان تا دید و هەڵوێستی حکومەتی پایەبەرزی بەریتانی لەمەڕ دوو مەسەلەی گرنگ و پڕبایەخ بزانێت ، ئەوانیش:

أ–مەسەلەی تورکستان

ب–مەسەلەی کوردستان

---

-[1]. 22 October 1919(pro)(Fo)(3407)(174034) وەرگیراوە لە : أحمد عثمان أبوبكر ، كردستان في عهد السلام ، مجلة (الثقافة) /القسم الثامن عشر ،العدد ١٠–١١ ، تشرين الاول–تشرين الاثاني ١٩٨١، ص٧٥.



سەبارەت بە کوردستان وەزیری ئێرانی رایگەیاند کە بە بڕوای ئەو هەڵەیە باسی کوردستانی تورکی و کوردستانی ئێران بەجیا بکرێن، چونکە لە راستییدا تەنها یەك کوردستان هەیە، ئەو سنورەشی کردوێتییە دووپارچە سنورێکی دەستکرد و خەیاڵییە" [١] .

هەروەها بەڵگەنامەی ژمارە (٨٤٥) نامەیەکی کیرزنی لەخۆ گرتووە کە لە لەندەنەوە لە تشرینی دووەمی ١٩١٩دابۆ( سێر پێرسی کۆکس ) باڵیۆزی بەریتانیای لە تاران ناردووە.کیرزن لەم نامەیەدا ئاماژە بۆ دووبارە سەردانی وەزیری ئێرانی (نەصرەت ئەلدەولە) دەکات و دەڵێت:"جەنابی پایەبەرز وەزیری دەرەوەی ئێرانی خۆشحاڵ بوو لە کاتێکدا نەخشەیەك خرایە بەردەمی تا ئەو سنورەی تێدا دیاریبکرێت کە حکومەتی ئێرانی دەیەوێت و خوازیاری سەپاندنێتی لە کۆنگرەی ئاشتییدا... ئەو دەیویست بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی بەریتانیا پاڵپشتی بکات ، لەم بارەیەوە بە لایەنی کەمەوە دوو حاڵەت هەبووە لەو دەستکاریکردنی سنورەدا کە فراوانخوازییەکی مەزن بوو ، لەگەڵ واقعیشدا نەدەگونجا ، چونکە دەبوو فراوانکردنی قەڵمڕەوی ئێران لەسەر حسابی دراوسێکانی ...پێشنیازی یەکەم داوای ئەوەی دەکرد کە ناوچە کوردییەکان تا سنوری تورکی– ئێرانی درێژ دەبێتەوە ، بەرەو رۆژئاوا لە دەریاچەی ورمێ و لەوێشەوە تا ناوجەرگەی وڵاتی کوردەواری درێژ ئەبێتەوە"[٢] .هەروەها کیرزن دەڵێت:"من بۆ وەزیری ئێرانیم روونکردەوە کە ئەم ناوچانە لە ژێر سەروەریی تورکیان ، کەچی ئەو بیانووی ئەوەی دەهێنایەوە کە زۆربەی دانیشتووانی ئەو ناوچە ناوبراوانە کوردن " [٣] .

---

-[1] Document on British Forging Policy 1919-1939, Vol.IV ,No(825) p1214. وەرگیراوە لە :هەمان سەرچاوە ، ژمارە ٧ ،تموز ١٩٨٠ ، ل ٤٦.

-[2] Ibid, No(845).

-[3] Ibid, P1225-1226 .

هەروەها بەڵگەنامەی ژمارە (٨٤٩) نامەیەکی وەزیری دەرەوەی ئێرانی لەخۆ گرتووە کە لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩١٩ دا بەدەستی کیرزن گەیشتووە. ئەم نامەیە لە مەسەلەی دەستکاریکردنی سنور دەئاخفێت کە پێشتر حکومەتی ئێران داوای کردبوو.لەمەڕ روونکردنەوەی رەوشی کوردستان نووسیویەتی :"سەبارەت بە کورد بەسەر ژمارەیەکی زۆر خێڵ و هۆز دا دابەشبوون ، ئەم خێڵانە لەگەڵ یەکدی ناکۆك و ناتەبان و نەتەوە پێکناهێنن ،هەروەها دروستکردنی یەکەیەکی سیاسیی لە توانای خێڵدا نییە .بەمچەشنە چارەسەری ئەم گرفتە دژوارە بەوە دەکرێت کە کورد بە ئێرانەوە ببەسترێتەوە ، چونکە ئێران کاری لە بەشێکی گەورەی کورد کردووە ، وەك کوردنی موکری و گەڕوس کە نیشتەجێ و جێگیر بوون و شێوازی ژیانیان گۆڕاوە .کۆمەڵی رەگەزیی و زمان و ئاینەکەیان ، هەموو ئەمانە وایان لێدەکات بە شێوەیەکی سروشتی زیاتر لەگەڵ ئێرانییەکاندا هەڵبکەن " [1].

ئەم ئاخاوتنەی وەزیری ئێرانی کە دیدی رەسمی حکومەتەکەی لەهەمبەر کێشەی کورد لەو قۆناغەدابەرجەستە دەکات بە روونی بێ سەرووبەری و دژبەیەکی بۆچوون و شێوازی ئێرانی چارەسەرکردنی کێشەی کوردمان نیشان دەدات ، هەربۆیە زەمینەی پراکتیزەکردنیشی بۆ نەڕەخسا و هیچ کام لە زلهێزەکان پشتوانییان لێ نەکرد. لێرەدا پێوستمان بە چەند تنێبینییەك هەیە:

یەکەم : وەزیری ئێرانی بە روونی ئاماژە بە بوونی یەك کوردستان دەدات، پارچەکردن و دابەشکردنی کوردستان بە کارێکی نائاسایی و ناسروشتیی و دەستکرد دەناسێنێت. ئەم دیدەش سەد دەرسەد راستە چونکە کوردستان لە رووی جوگرافی و کۆمەڵایەتی رەگەز و تا رادەیەکیش زۆریش ئاینەوە

Ibid, No(899) ,PP.1231-1232. -[1]



یەکەیەکی لێکدانەپچڕاوە و مەسەلەی دابەشکردنی لە قۆناغێکی درەنگ و لەسەردەستی بێگانە و بە هێرش و پەلاماری سەربازی داگیرکەرانە بۆ بەرژەوەندی سیاسیی و سەربازیی و ئابوریی دەسەڵاتە ئیستیبدادییە بەناو خاوەن رووخسارە شارستانییەکانی دەوروبەر بووە .ئەوانەی جوگرافیای سیاسیی ناوچەکە هاندەریان بووە تا پەلاماری کوردستان بدەن و ململانێ خوێناوییەکانیان لەسەر خاکی کوردستان یەکلا بکەنەوە.

دووەم : ئەوەی چەواشەکەر و هەلپەرستانەیە لە ئاخاوتنەکانی وەزیری ئێرانی ، ئەو دیمەنە لێڵەیە کە کۆمەڵگای کوردیی پێدەخاتە بەرچاو ، ئەوەی کورد ژمارەیەك هۆز و خێڵی دژ بەیەکن و تواناو شایستەی پێکهێنانی یەکەیەکی سیاسیی و بەڕێوەبەرایەتییان نییە ، هەروەها دەڵێت کە حکومەتی ئێرانی بە شێوەیەکی ئیجابی کاریکردۆتە سەر کوردەکانی ناوچەی موکری و گەڕوس .ئێمە لێرەدا نامانەوێت بەوردی باسی پێکهاتە و ستراکچەری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیی بکەین ، لەگەڵ ئەوەش کە دەبێت دانبنرێت بە بوونی ژیانی خێڵەکی لەو کۆمەڵگایەدا ، ئەوەش دیاردەیەکی سروشتییە نەك هەر لەکن کورد بەڵکو لای زۆربەی گەلانی ناوچەکە لەسەرروویی هەمووشیانەوەی گەلی فارس ، هەروەها ناکرێت نکۆڵی لە مەسەلەی نیشتەجێبوون و جێگیربوونی بەشێکی باشی کورد لە شار و شارۆکەکان بکرێت پێش ئەو مێژووە بە ماوەیەکی زۆر ، ئەو شارانەی هێدی هێدی لە ئاکامی چەند فاکتەری دەرەکی و ناوەکی لەپەرەسەندن و فراوانبووندا بوو .گرنگترینی ئەو شارانەش :کرمانشا ، سابلاغ ، سلێمانی ، دیاربکر ، سنە ..هتد .

لەلایەکی ترەوە نموونەی زۆرمان بۆ ئەو حکومەت و رژێمە سیاسییانە هەیە کە لە مێژووی کۆن و ناوەڕاست و بگرە نوێشدا ، لەسەر بنەمای بنەماڵە و بگرە کۆنفداسیۆنی خێڵەکی (Tribal confederacy) دامەزراون.خۆ لە

مێژووی کوردستاندا نموونەی ئەو جۆرە فەرمانڕەوایەتییانە گەلێکن.لەوەش زیاتر لە ئێران دەوڵەتی سەفەوی کە لەسەرەتای سەدەی شازدەهەمدا توانی هەموو هەرێمەکانی ئێران بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە و دواتر مل بنێ بەرەو دەرەوەی ئەو ناوچانە و دەستبکاتە پەلاماری داگیرکارییانە تا بوو بە شاهەنشاهییەتێك، لەسەر بنەمای بنەماڵەیی و بە پشتبەستن بە هەفت خێڵی قزڵباشی ( روملو،شاملو،افشار،قاجار،استاجلو،تەکەلو،زولقەدەر) دامەزرا .[1]

سەبارەت بە کوردەکانی ناوچەی گەڕووس و موکریش ، چاوخشاندێك بە باری ژیان و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی ، ناڕاستی قسەکانی وەزیری ئێرانییمان بۆ روون دەکاتەوە.لەراستییدا خەڵکی ئەو ناوچانە زۆر رقیان لە حکومەت و فەرمانڕەوایانی ئێرانی دەبۆوە و ئارەزوی سەربەخۆیی خۆیان دەکرد.هەڵوێستی ئەوان بە ئاشکرا لە بەڵگەنامەیەکی بەریتانیدا دەردەکەوێت کە بیرەوەرییەکی بەڕێوەبەری ئیستخباراتی سەربازی بەریتانیایە لە بەغدا کە لە ٣ی ئەیلولی ساڵی ١٩١٩ بۆ بریکاری وەزیری دەرەوەی بەرزکردۆتەوە لە ژێر ناونیشانی (کورتەیەك لە رەوشی باشووری کوردستان لە ساڵەکانی جەنگی گەورەدا) کە تێیدا هاتووە:"فەرمانڕەوایەتیی فارسیی لەوناوچانەدا (واتە موکریی و گەڕووس- کۆڵەر) لاواز و بێبەهرە و رێزلێ نەگیراوە ، کوردانی ئەوێ چاوەڕوانی هەلێکن نەك هەر پەیوەندیی بە فیدراڵییەتی کوردییەوە بکەن ، بەڵکو بچنە ژێر سایە و پاراستنی هەر حکومەتێکی بیانیی ئەوروپاییەوە.ئەو کوردانە ئەوە دووپاتدەکەنەوە کە تەنانەت میللەتە بچوکەکانیش ماڤی دیارییکردنی چارەنووسیان پێدراوە ، ئیتر بۆچی دەبێت ئەوان ژێر دەستەی فارس بن

[1] – بۆ زیاتر :راجر سیڤری ، ئێرانی سەردەمی سەفەوی ، بنکەی ژین ، سلێمانی ٢٠٠٦ .



لەکاتێکدا فارس نە دەتوانن بە شێوەیەکی رێکوپێك و نە دادپەروەرانە تەنانەت حوکمی خۆیان بکەن و خۆبەرن بەڕێوە" [1].

سێهەم:وەزیری دەرەوەی ئێرانیی داوای یەککگرتنەوەی کوردستان و پێکهێنانی کوردستانی مەزن دەکات بەڵام بەمەرجێك بچێتە ژێر سایەی حکومەتی ئێرانەوە و گەلی فارس موختار و بەڕێوەبەری بێت بەو بیانووەی سروشتی خێڵەکی کورد رێگڕی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردییە یاخود گەلی کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆ نییە و لەبەر ئەوەی لە رەگەزدا ئارییایین ئیدی دەبێت بەبەشێك لە نەتەوەی فارس دابنرێن. ئەم بۆچوونە هەڵەیەکی مەزنە و تا ئێستاش لە لای دەسەڵاتدارانی ئێران و پان ئێرانیستەکان برەوی هەیە . لەراستییدا هزری فارسگەرایی کە لە قاڵبی ئێرانچێتی و جارجارەش بە بۆیەی ئیسلامچێتی سواغ دەکرێت ، هزرێکی شۆفینیستانەی چەواشەکارانە و هەلپەرستانەی فراوانخوازانەیە ، ئامانجی داماڵینی هەموو خەسڵەت و رەگەزە سەرەکییەکانی گەلی کوردە و هەوڵێکی فێڵبازانەیە بۆ ئەوەی کورد خۆی بەبەشێك لە فارس بزانێت و وڵاتەکەشی بە بەشێك لە ئێران و مەسەلەی داگیرکردنی کوردستان و کوشتوبڕی گەلی کورد و تاڵانکردنی سامانی نیشتمانەکەی لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندیی و چینی فەرمانڕەوای خۆسەپێنی فارس لە تاران ، بە کارێکی ئاسایی و قبوڵکراو بێتە پێش چاو.بە پێی گریمانی نازانستیی پانئێرانیست و شۆفینسیتە فارسەکان سەبارەت بە فارسبوونی نەتەوەی کورد، دەکرێت نیوەی دانیشتوانی گۆی زەمین کە سەربە تۆرەمەی ئارییەکانن بە فارس بزانیین و وابخەملێنین کە سنوری نەتەوەیی ئێرانی فارس لە رۆژئاوای چینەوە تا ئەوروپای رۆژئاوا یاخود وڵاتە یەککگرتووەکان درێژ دەبێتەوە ،چونکە وەك زانراوە کە جیهانی نوێ و ئەمەریکا لە لایەن ئەوروپییەکانەوە کە هێندێکیان

[1] – وەرگیراوە لە : حەمدی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٨ .

سەر بە تۆرەمەی ئارییەکانن ئاوەدانکراوەتەوە و قاڵبی تازەی خۆی وەرگرتووە !!. هەروەها بەشێك لەو شۆڤینیستە فارسانە بوونی چەند وشە و دەستەواژەی لێکچوو و نزیك لەیەك لە نێوان زمانی کوردیی و فارسییدا بە بەڵگە بۆ فارس بوونی کورد دەهێننەوە.(د.جەمال نەبەز) لە وەڵامی ئەوانەدا دەڵێت:"بەڵام کورد کە بە ریشە ئێرانیین (ئارییایی دروستترە/کۆڵەر) ئەمە مەسەلەیەك نییە جێ ی کێشە لەسەرکردن بێت ، کورد لەسەدەی هەفتەمی پێش زایین دا مەزنترین ئیمپراتۆریان بە ناوی (ئیمپراتۆریەتی میدیا) دامەزراندووە، سەپاندنی ئێرانییەت بەسەر کورد و بلوچ و فارس دا دروست وەك مەسەلەی ئەوروپی بوونی ئەڵەمانەکان و فەرەنسییەکان و سویدییەکان و سەرجەم گەلانی ئەوروپایە، ئایا رەوایە بۆ نەمساوییەك کە داوا لە هەموو ئەوروپییەکان بکات کە یەکگرن و ببنە پارێزگایەك لە نەمسا چونکە ئەوروپین...؟ ئایا عەقڵ ئەوە قبوڵ دەکات کە (٤٠) ملیۆن کورد یەکبگرن ، ئەوان لەسەر زەوییەکی فراوان دەژیین هەر لە چیای قەفقاسەوە درێژدەبێتەوە بەرەو دەریای سپی ناوەراست و لەوێشەوە بۆ کەنداوی فارسی عەرەبی ، دوایی ببنە پارێزگایەکی ئێرانی ..؟ کەمێك هۆش و شەرمتان بێت ئەی برا فارسەکان...!" [1] .

بەم چەشنە بەهۆی ناواقعبینییانەی ئەم دیدەی حکومەتی ئێرانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانیی ، جگە لە کۆمەڵێك ئاستەنگ و فاکتەری ناوخۆ و دەرەکی وەك: لاوازی حکومەتی ئێران و بەهێزبوونی تەقەلاکانی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران ،هەروەها دپلۆماسییەتی پێچەبەدەورە و قازانجخوازانەی بەریتانیا کە هەوڵی دەدا چارەنووس ونەخشەی سیاسیی ناوچەکە لە بەرژەوەندی خۆیدا بێت و ئایندەشی پارێزراو بێت ، هەموو ئەمانە بووە

1- نبز ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٧ .



هۆی شکستهێنانی ئەم دپلۆماسیەتە هەلپەرستانەیەی حکومەتی ئێرانی بە چەشنێك لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس باسی لێوە نەکرا.

بەڵگەنامەی ژمارە (٨٥٤) نامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩١٩ دا باسی ئاخاوتنی وەزیری دەرەوەی ئێرانی (نەسرەت ئەلدەولە) لە گەڵ (ئیرڵ کیرزن) دا دەکات دەربارەی مەسەلەی دەستکاریکردنی سنوری رۆژئاوای ئێران ، کیرزن لەم نامەیەدا دەڵێت:"چووینە سەر باسی درێژکردنەوەی سنوور بەو شێوەیەی کە ئەمیر (نەسرەت ئەلدەولە) بەرەو رۆژئاوا پێشنیاری کردبوو، من هیچ گوێم بەو هێڵە تایبەتییە نەدا کە جەنابی وەزیر لەسەر نەخشەکە دەستنیشانی کردبوو ...هەروەها گوتم وادیارە ئەو چیایانەی ئەڕوانن بەسەر ئەو هێڵەدا بەتەواوی لەژێر دەسەڵاتی یاخیگەری کورد (سمکۆ)دایە، کە هیچ کاتێك خۆی لە پەلاماردانی ناوچەکانی ئێران ناپارێزێت و چۆنی بخوازێت و هەر کاتێکیش بیەوێت دەیکات ، ئەم واقیعە بڕوا ناکەم لە بەرژەوەندی فراوانکردنی قەڵمڕەوی ئێران بێت بەو شێوەیەی جەنابتان خوازیاریین، هەروەها بڕواش ناکەم مەسەلەی بەدیهێنانی یەکێتی چاوەڕوانکراوی خێڵەکان وا لە کوردەکانی تورکیابکەن کە لەگەڵ کوردەکانی ئێراندا کۆمەڵێکی یەکگرتوو لە ژێر سایەی حکومەتی ئێراندا پێکبهێنن و بەم مەسەلەیە قایل بن" [1] .

1- Document on British Forging Policy 1919-1939, Vol.IV ,No(845), p1247-1248 .

## راپەڕینەکانی ( سەردار رەشید ) دژی حکومەتی شاهەنشاهیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان[1]

ئاشکرایە کە جوڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لە پاش شکستی ئیمپراتۆری عوسمانیی و خۆبەدەستەوەدانی بە پێی پەیماننامەی مۆدرۆس لە ئۆکتۆبەری ١٩١٨دا ، پێی نایە قۆناغێکی نوێ و پێگەیشتووتر . کێشەی کورد وەك کێشەیەکی سیاسیی لەسەر شانۆی ناوچەکە دەرکەوت .هزری نەتەوایەتیی بە شێوەیەکی خێرا لە ناوچەکانی کوردستاندا پەرەی گرت.ئاگادارییەکی تەواو سەبارەت بە بەندەکانی (ویلسن)ی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەبوو، کە یەك لەوانە مافی دیاریکرنی چارەنووس بوو[2]. کوردە نەتەوەخوازە نیشتمانپەروەرەکان هەروەك نەتەوەخوازانی گەلانی ژێر ستەمی دیکەی ناوچەکە ، هەوڵییاندا بە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ ، پەیوەندی چڕ بە هێزە سەرکەوتووەکانی جەنگەوە بکەن .

داگیرکردنی ئەستەمبوڵی پایتەختی دەوڵەتی تێکشکاوی عوسمانیی لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە ، ئازادییەکی رێژەیی بۆ چالاکی سیاسیی و فەرهەنگیی و دپلۆماسیی سەرکردەکانی کورد لە باکوری کوردستان فەراهەمکرد.ئەوانەی کە خۆیان لە رێکخراو و کۆمەڵە سیاسیی و

[1]– ئەم بابەتە لە گۆڤاری : مەتین ، ژمارە ٨١ ن چریا ئێکیێ ، ١٩٨٨ ، دهۆك ،بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە.

[2]– چەمکی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ یەکەم جار لە کۆنفرانسی سۆسیالیستی ئەنتەرناسونال کە لە لەندەن بەسترا جێگیر کرا و بەشداربووان بڕیاریاندا کە کۆنگرە پشتگیریی مافی دیاریکرنی چارەنووسی تێکڕای گەلان دەکات . بڕوانە : ئازاد مستەفا ، نەتەوە و نەتەوایەتی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی شەهید ئازاد ، ١٩٩٢ ، ل٢١–٣٨ .



فەرهەنگییە کوردییەکاندا رێکخستەوە و لەو پێناوەدا تێدەکۆشان ، کە گرنگترینیان بریتیبوون لە :

١– پارتی دیموکراتی کورد، کە لەلایەن (ممدوح سلیم) ەوە رێبەرایەتی دەکرا ، ئەم پارتە لە لایەن وەزارەتی نێوخۆیی عوسمانییەوە مۆڵەتی نەدرایە، هەربۆیە بە نهێنی هەڵدەسوڕا[1] .

٢–کۆمەڵەی ئیستقلالی کوردستان کەبە دەسپێشکەری (أحمد ثريا بدرخان) لە قاهیرە دامەزرا و رۆڵێکی دیاری لە نمایشکردنی کێشەی کورد هەبوو لە کاتێکدا کۆنگرەی ئاشتیی لە پاریس بەسترا لە یەنایەری ساڵی ١٩١٩دا [2] .

٣–کۆمەڵی ئیستخلاصی کوردستان بەسەرکردایەتیی سەید عەبدوڵڵای کوڕی شێخ عەبدولقادری نەهری . ئەم کۆمەڵەیە چالاکییەکانی خۆی لە پەیوەندییکردن بە دپلۆماتە بیانییەکانی دانیشتووی ئەستەمبوڵ دا چڕکردبۆوە [3] .

٤–کۆمەڵەی تەعالی کوردستان بەسەرکردایەتی شێخ عەبدولقادری شەمزینی و ئەمین عالی بەدرخان .ئەم کۆمەڵەیە بایەخدارترین رێکخراوی نەتەوەی کورد و چالاکترین و هەڵسوڕاوترینیان بوو لەو کاتەدا ،کە تێدەکۆشا لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان و لەوبارەیەشەوە دیالۆگ و چاوپێکەوتنی لەگەڵ نوێنەری هاوپەیمانەکان و دپلۆماتە بیانییەکان و لێپرسراوانی حکومەتی ئەستەمبوڵ هەبوو[4] .

[1]– کریس کۆچێرا ، مێژووی ورد لەسەدەی ٢٠–١٩ دا . وەرگێڕانی : محمد ریانی ، چاپی هەوەڵ ، چاپخانەی کارون ، تاران ، بەهاری ١٣٦٩ی هەتاوی .

2– أحمد عثمان أبوبكر ، كردستان في عهد السلام ، مجلة (الثقافة) /القسم الثامن عشر ،العدد ١ ، كانونالثاني ١٩٨٣ ، ص ٥٨ .

3 – هەمان سەرچاوە ، ژمارە ٣ ، آذار ١٩٨٣ .

[4]- اسماعیل حقی شاویس ، گەلی کورد لە رۆژەکانی جەنگی گێتی یەکەمین دا لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان ، رۆژی نوێ –گۆڤار ، ژمارە ٩ ، کانونی یەکەمی ١٩٦٠ .

لەباشووری کوردستانیش شێخ مەحمودی بەرزنجی بە لایەنگری حکومەتی بەریتانیا بەڕێوەبەرایەتییەکی کوردیی کاتی دامەزراند کە شاری سلێمانی پایتەختەکەی بوو[1].ئەو چالاکییانە و چالاکییە نەتەوایەتییەکانی دیکەی کورد ، کاریگەرییەکی زۆری لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبوو ،کە مەسەلە نەتەوایەتییەکەی لە کار و بەرنامەی هاپەیماننناندا نەبوو ، کاتێك لە پاریس خەریکی کۆبوونەوە و گفتوگۆ بوون سەبارەت بە ئایندەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاش جەنگ ، بەو بیانووەی کە ئێران بە فەرمی بەشداری جەنگی نەکردووە ، هەربۆیە ناکرێت هیچ دەستکارییەکی سنورە سیاسییەکەی بکرێت .لەکاتێکدا هۆکاری راستینە ئەوەبوو کە قسەکردن لە مەسەلەیەکی وا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی هاوپەیمانان ، بەتایبەت بەریتانیا ناکۆك بوو.چونکە بەریتانیا لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابوریی و سەربازییەکانی لە ناوچەکە ، خوازیاری پارستنی یەکێتی خاك و پاراستن و هێشتنەوەی دەوڵەتی قاجار بوو لە بەرامبەر هەڕەشەی بەلشەفییەکانی روسیا.

لەم بارەیەوە یەکێك لە نووسەرە ئێرانییەکان دەڵێت:"کوردستانی عوسمانی کە پێشتر بەشێك بووە لە ئیمپراتۆری ئێران و لە مێژووی نوێدا لەلایەن عوسمانییەکانەوە داگیرکراوە ، لەپاش جەنگی یەکەمی جیهاندا پارچەپارچەکرا و بەسەر چەند دەوڵەتێکی تازەدامەزراودا وەك(تورکیا،عێراق،سوریا) کە پاشماوەی ئیمپراتۆری عوسمانی رووخاون ،دابەشکرا.بەڵام کورد لە ئێراندا نە هیچ جوڵانەوەیەکیان کرد و نە داوای مافی دیاریکردنی چارەنووسیشیان کرد، بەڵکو ئەوان لە خاکی باوباپیرانی خۆیاندا مانەوە و گوێڕایەڵ و وەفاداری دەوڵەتی ئێران بوون ، ئەمەش

---

[1]- بۆ زیاتر : شێخ لەتیف ، یادداشتەکانی شێخ لەتیف حەفید لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید، ساغ کردنەوەی : کەمال نوری مەعروف ، چاپی یەکەم ، ١٩٩٥ .



هۆکاری راستەقینەی باسنەکردنی مەسەلەیەك بوو لەوکاتەدا بە ناوی مەسەلەی کورد [1] .

لەراستیدا گوتەی ئەم نووسەرە لەگەڵ راستییە مێژووییەکاندا یەکناگرێتەوە ، چونکە کاتێك باس لە جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانی دەکرێت، لەگەڵ ئەوەی ناتوانرێت نکۆڵی لەوە بکرێت کە جوڵانەوەکە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەبەراورد لەگەڵ هاوشێوەکانی خۆی لە باکووری کوردستاندا کەمتر پێگەیشتوو و رێکخراو بووە ، بەڵام ئەمە بۆ وەفاداریی و خۆشلێهاتن و دڵسۆزی کورد بۆ دەوڵەتی دواکەوتووی قاجار ناگەڕێتەوە کە کوردستانی لەسایەی ستەمی خۆیدا کردبووە کەلاوە ، بەڵکو بۆ ئەو دیاردە نالەبارانە دەگەڕایەوە کە گەلی کورد لەسایەی دەوڵەتی قاجاردا بەدەستییەوە گیرۆدە ببوو وەك:نەخوێندەواریی ، برسێتی ، هەژاریی ، پاشکەوتوویی فەرهەنگیی و ئابوریی و کۆمەلایەتیی وسیاسیی ، هەروەها باڵادەستیی ژیانی خێڵەکی و تیرەگەرایی و دژواریی باروژیانی رۆژانەی دانیشتوان [2] .لەلایەکی ترەوە رۆژهەلاتی کوردستان لەساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا راستەوخۆ کەوتە بەر ئاگری لەشکر و سوپا داگیرکەرەکان و بووە مەیدانی پێکهەڵپڕژان و یەکالاکردنەوەی پەلاماری سەربازیی هێزە شەڕکەرەکانی روسیا و بەریتانیا و دەوڵەتی عوسمانیی [3] .

---

[1]- عیسی پژمان ، کردها و کردستان ، جلد سوم ، سیاسی ، باریس ، انتشارات ژن ، شهریورماه ١٣٣١ ش ، ص ٨٢ .

[2]- بۆ زیاتر : یاسین خالد سردشتي ، موجز عن الواقع الأقتصادي و اللأجتماعي لشرق کوردستان في بدایة القرن العشرین ، گۆڤاری ڤەژین ، ژمارە ٦-٧ ، زڤستان/بهار ١٩٩٧ ، ل ١٢٤-١٣٧.

3- د.کمال مظهر أحمد ، کردستان فی سنوات الحرب العالمیة الأولی ، ترجمة محمد الملاعبدالکریم ، بغداد الطبعة الثانیة ، ١٩٨٤.

وێڕای ئەوەش ، گەلی کورد لە ئێران لە ئەرکی نەتەوایەتیی خۆیان دوانەکەوتن و چ بە ڕێگەی گفتوکۆ و پەیوەندی بە هێزە سەرکەوتووەکانی جەنگ ، یاخود بە ڕاپەڕین و پەنا بردنە بەر خەباتی چەکداریی، لە پێناوی ئازادییدا دەستیان بە تێکۆشان کرد . جا لەبەر ئەوەی ئەودەمە لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا پارت و کۆمەڵەیەکی سیاسیی هێشتا دانەمەزرابوو، ئەرکی ڕێبەرایەتیی ئەو خەباتە کەوتە سەرشانی کەسایەتییە کۆمەلایەتیی و ئاینیی و هەروەها سەرکردە خێڵەکییە ناودارەکانی کورد ،ئەوەش مەسەلەیەکی ناوازە نییە، چونکە لەو سەروبەندەدا و لەنێو زۆربەی ئەو گەلانەی پێش قۆناغی مۆدێرنە کە پەیوەندییە سوننەتییەکان هێشتا هەرمابوون و پەیوەندی سەرمایەداریی نەچەسپیبوو ، رابەرایەتی جوڵانەوە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان لە ئەستۆی ئەو رابەر و کەسایەتییانەدا بوو.

هەر لەم چوارچێوەیەوە ، بەشێك لە سەرکردە خێڵەکییەکانی کورد لە ئێران بەمەبەستی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لەسایەی حکومەتی بەریتانیادا لە تەموزی ١٩١٨دا کەوتنە گفتوگۆ. هەر ئەو کاتەی کونسوڵی دەوڵەتی خاوەن شکۆی بەریتانیا لە کرماشان سەردانی ناوچەکوردییەکانی دەکرد لە نزیکی شاری سەقز ، خێلی موکری کە یەك لە هەرە خێڵە بەناوبانگەکانی کوردە لە ناوچەی سابلاغ/مەهاباد ، پەیوەندییان بە کونسوڵەوە کرد و پێشنیازی ئەوەیان خستە بەردەمی کە گەر بێتوو کوردستان ئازاد بێت و بەدەست کوردەوە بێت و لەبندەستی حکومەتی فارسی لاواز بهێنرێتە دەرەوە ، ئەو دەم ئەگەری چارەسەرکردنی کێشەی ئەرمەن بە شێوەیەکی دۆستانە و بەهەوڵ و کۆششی حکومەتی بەریتانیا لەباردەبێت [1] .لەوەدەچێت ئەم هەوڵ و پەیوەندی و پێشنیارانەی کورد

1- وليد حمدي ، الكورد و كوردستان في الوثائق البريطانية ، دراسة تأريخية وثائقية ، بيروت ، ١٩٩١ ، ص٣٩ .



لەلایەن بەریتانییەکانەوە ئاوڕی لێ نەدرابێتەوە و گوێی لێ نەگیرابێت ، بەهۆی ناکۆکی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە گەڵ داواکارییەکانی کوردا.ئەوەش زۆر بە روونی لەو دکۆمێنتەدا دەردەکەوێت کە نامەیەکی وەزارەتی هیندی بەریتانییە وەك وەڵامێك بۆ پێشنیارێکی مەندوبی سامی بەریتانیا لە بەغدا نێردراوە سەبارەت بە قسەکردن لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ لە سایەی پاراستنی بەریتانیادا بەشێوەیەك کوردەکانی ئێرانیش بەشێك بن لەو دەوڵەتە پێشنیارکراوە . لە نامەکەدا هاتووە:" لە حاڵەتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ لەسایەی پاراستنی بەریتانیادا ئێمە تووشی چەرمەسەرییەکی خەتەرناك دەبین...ئەگەر کوردەکانی کوردستانی ئێران بتوانن ئارەزووەکانیان بێننەدی ئەو کات حکومەتی بەریتانیا ڕووبەڕووی هەڵوێستێکی سەخت دەبێتەوە لەهەمبەر پاراستنی سەروەریی و یەکێتی خاکی ئێرانەوە کە پێشتر پابەندی بووە و حکومەتی لەندەن بەڵێنی ڕێزگرتنی داوە " [1] .

شایەنی باسە بێ ئومێدبوونی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە وەدیهێنانی مافە رەواکانیان و دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوایەتییان بەهاوکاریی و پاڵپشتیی هاوپەیمانەکان ولە ڕێگای گفتوگۆوە ، ناچاری کردن کە لە ڕێگای ڕاپەڕین وهەوڵدان بۆ دەرپەڕاندنی بێگانەی داگیرکەر هەرێمەکانیان ئازاد بکەن و بۆ ئامانجەکانیان تێبکۆشن.هەربۆیە جێگای سەرسوڕمان نیە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاستەوخۆ پاش کۆتاییهاتنی جەنگ زنجیرەیەك ڕاپەڕینی چەکدارانەی دژی دەسەڵاتی ئێرانی بەخۆوە بینی کە جوڵانەوەکانی سەردار ڕەشید یەکێکیان بوو .

سەردار ڕەشید لەبنەڕەتدا نازناوی عەباس خانی کوڕی عەلی خانی کوڕی ئەکبەرخانی شرف الملك کوڕی محەمەد صادق خانی کوڕی امان الله

1- – هەمان سەرچاوە ، ل ٣٩٠ .

خانی گەورەیە کە دوا میری میرنشینی کوردیی ئەردەڵانە[1] . ئەو میرانەی کە لە بنەچەوە دەگەڕێنەوە سەر بابا ئەردەڵانی نەوەی ئەحمەدی کوڕی مەروان کە لە کۆتایی سەردەمی جەنگیزخاندا گەیشتوونەتە ناوچەی شارەزوور[2] .ئەوانەی دواتر لە شاری سنەی ناوەندی میرنشینەکەیانەوە تا چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدە فەرمانڕەوایەتی ناوچەیەکی بەرفراوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کردووە .ساڵی ١٨٦٦ و لەسەردەمی ناصرالدین شای قاجاردا میرنشینی ئەردەلان لێخرا و دوای مردنی غولام شاخانی ئەردەلان ، میرنشینەکە راستەوخۆ بە تارانەوە بەسترایەوە و لە ناوەندەوە یەکەمین حاکمی ئێرانی بێگانەی بۆ ڕەوانەکرا کە ناوی ( فەرامیرزا معتمد الدولە ) بوو.

سەردار رەشید وێرای ئەوەی لاوێکی تازەپێگەیشتوو بوو ، کەسایەتییەکی بەهێز و ناودار و چاونەترس و کۆڵنەدەر بوو . جوڵانەوەکەی بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕی .یەکەمین هەوڵی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی کاتێك کە دەسەڵاتی ئێرانی لە ناوچەکانی کوردستاندا تەواو لاواز ببوو. سەردار رەشید ئەو دەرفەتەی قۆزتەوە و بە ئامانجی گێڕانەوەی میرنشینی ئەردەڵان و وەدەستهێنانی سەربەخۆیی نێوخۆیی ، بانگهێشتی سەرەك خێڵەکانی ناوچەکەی کرد و بە هاوکاری وەکیلی جوانڕۆ ، حسێن خانی رەزاو ، جافرسانی لهۆن ، محمود خانی کانی سانان ، محمود خانی دزڵی ، حەمەخانی بانە ،سنجەرخانی میاوەران جوڵانەوەکەی خۆی راگەیاند [3] .

[1]– بابا مردۆخ روحانی ، تأریخ مشاهیر کرد ، جلد سوم ، بخش دوم ، تهران ، ٢٠٠٤ م ، ص١٣٩ .
[2]– شەرەفخانی بەدلیسی ، شەرەفنامە ،وەرگێڕانی : هەژار ، نەجەف ، ١٩٧٢ ، ل ١٩٥ .
[3]– عەلائەددین سەجادی ، شۆڕشەکانی کورد وکورد و کۆماری عێراق ، بەغدا، ١٩٥٩.



سەردار تارادەیەکی باش توانی سەرنج و لایەنگری هێزە لۆکاڵی و هەرێمییەکان بۆ جوڵانەوەکەی خۆی رابکێشێت ، بەتایبەتی دوو لەهەرە کەسایەتییە سەرەك خێڵە ناسراوەکانی ناوچەکە کە داودخانی کەلهوڕ و عەلی ئەکبەرخانی سنجاوی بوو، هەروەها شازادە ( سالار الدولە ) کوڕی ناصرالدین شا کە بۆ گێڕانەوەی تاج و تەختی لێزەوتکراوی پاشایەتی ئێران پەنای بۆ عوسمانییەکان بردبوو و لە ساڵەکانی جەنگدا لە نێو خێڵەکانی باشووری کورستاندا هەڵدەسوڕا و هەر ئەویش نازناوی سەردار رەشیدی بە عەباس خان بەخشیبوو[1] . دیارە سەردار رەشید توانی لەماوەیەکی کەمدا دەست بەسەرهەرێمێکی فراواندا بگرێت وجگە لە ناوچەی ڕەوانسەر ، شاری سنەی پایتەختی ئەوسای میرنشینەکەی و دواتریش شاری کرماشانی گرت پاش شەڕێکی توندوتیژ و کوشتنی ( محەمەد خانی ) فەرمانڕەوای ئێرانی لە کرماشان. شایەنی باسە ، پاش سەرکەوتنی رووسەکان بەسەر عوسمانییەکاندا وشۆڕبوونەوەیان بەرەو باشوور ، سەردار پەیوەندیی بە جەنەڕاڵ باراتۆف )سەرکردەی گشتی هێزەکانی رووسیا لە ئێران کردو بەڵێنی هاوکاری و دۆستایەتی لێوەرگرتن. بەڵام رووسەکان زۆر لە ئێراندا نەمانەوە و بەهۆی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ ەوە ناوچەکەیان بەجێهێشت .

حکومەتی ئێرانی هەوڵیدا کە مەسەلەی شکستی عوسمانییەکان لەجەنگ و پاشەکشێی هێزەکانیان لە رۆژئاوای ئێرانەوە بەرەو ئەنەدۆڵ بقۆزێتەوە و بەیارمەتی بەریتانیا دەسەڵاتی خۆی بەسەر شار وناوچەکانی رۆژهەلاتی کوردستاندا بسەپێنێتەوە .لەو رووەشەوە لێدان و شکاندنی جوڵانەوەکەی سەردار رەشیدی بە پێویست دەزانی .ئێرانییەکان کە خاوەن هێزێکی گەورە و بەهێز نەبوون ، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان پەنایان بۆ

[1]- محمد علی سلطانی ، جغرافیای تأریخی و تأریخ مفصل کرمنشاهان . ایلات و طوائف کرمنشاهان شامل أوضاع أقلیمی تاریخی سیاسی اجتماعی اقتصادی ، چاپ أول ، تهران ، ١٣٧٢.

فێڵ و درۆ و هەڵخەڵەتاندن برد . حکومەتی ئێرانی ئەو ئەرکەی بە ( عەلی محەمەدخان شەریف ئەلدولە ) سپارد کە وەك فەرمانڕەوای نوێ لە تارانەوە پاش کۆتایهاتنی جەنگ ڕەوانەی شاری سنەی کردبوو.لە ڕاستییدا شەریف الدولە کەسێکی زۆر وریا و زمانلووس و فێڵاوی بوو ، ئەو سوێندی بۆ سەردار ڕەشید خوارد گەر بێتوو سەردار سەردانی بکات لە شاری سنە و ڕاستەوخۆ وتووێژی لەگەڵدا بکات ئەوا بێ دوودڵی بەڕێوەبردنی ناوچەکەی بە فەرمانێکی ڕەسمی پێ دەبەخشێت .سەردار ڕەشید کە بڕوای بە سوێندە نێردراوەکەی شەریف ئەلدەولە کرد کەلەسەر قورئان بۆی نووسیبوو ، بەتەمای گفتوگۆ بەرەو سنە کەوتە ڕێ و هەر پاش گەیشتنی لە لایەن هێزێکی ئێرانییەوە کە پێشتر بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکرابوو گەمارۆ درا و دەستبەسەر کرا. شەریف ئەلدەولە پاش ئەوەی لە شوباتی ١٩٢٠ دا سەرداری بە گیراوی و زنجیرکراوی ڕەوانەی زیندانی تاران کرد[1] ، هەستا بە وێرانکردنی کۆشکە کۆنەکەی میری ئەردەڵان تا هەر سیمبوڵێکی ئەو بنەماڵە فەرمانڕەوا کوردە لە هەرێمەکەدا بسڕێتەوە [2] .

لەسەر ئاستی ئێرانیش ، دوای ئەوەی یەکێك لە سەرکردە سەربازییەکان بەناوی ( ڕەزا خان / دواتر ڕەزاشای پەهلەوی ) لە شوباتی ساڵی ١٩٢١ دا کودەتایەکی سەربازیی بە سەرکەوتوویی ئەنجامدا ، بەوەش سەرەتایەکی ڕاستەقینەی بۆ کۆتایهێنان بە فەرمانڕەوایەتی بنەماڵەی قاجارەکان لە ئێراندا پێکهێنا .بەچەشنێك کە شای قاجار جگە لە سیمبوڵێکی بێ دەسەڵات شتێکی دیکە نەبوو .لەبەرامبەردا ڕەزاخان توانی بەباشی سوود لە پۆستەکەی خۆی کە سەردارسوپا بوو لە حکومەتی کودەتادا بۆ بەدیهێنانی ئامانجە تایبەتییەکانی وەرگرێت و بەخێرایی

[1]– هەمان سەرچاوە ، ل ٧٣ .

[2]– محمد رئوف توکلی ، کردستان . جغرافیا و تأریخ بانە ، چاپ دوم ، ب.ج ، ١٣٦٣ش.



زەمینەی لەسەر ئاستی دەرەوە و ناوەوەی ئێران بۆ خۆی خۆشکرد تا بەرزترین پۆست و دەسەلات لە ئێراندا بگرێتە دەست و هەمووان ناچار بکات سەری بۆ دانەوێنن [1] .

پێویستە بگوترێت کە کودەتای شوباتی ١٩٢١ گۆڕانکارییەکی موسبەتی بەسەر هەلومەرجە ئاڵۆز و نالەبارەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەهێنا . بگرە بە پێچەوانەوە ، لە ئەنجامی سیاسەتی توندوتیژی ڕەزاخان دۆخەکە بەرەو ئاڵۆزتر ڕۆیشت. ڕەزاخان جگە لە نەتەوەی فارس دانی بە بوونی نەتەوەیەکی دیکەدا لەئێران نەدەنا و هەر لە سەرەتاوە لە پێناوی گۆڕینی دەوڵەتی قاجاری چەند نەتەوە و ڕەگەز بۆ دەوڵەتێکی یەك ڕەنگ بە یەك زمان و کەڵتور لەسایەی دەسەڵاتێکی ناوەندگەرای توندا تێدەکۆشا. بە مانایەکی دی ، ڕەزاخان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی شاهەنشاهیی دیکتاتۆریی تۆتالیتاریی میللیتاریست هەڵدەسوڕا کە نکۆڵی لە هەر مافێکی نەتەوە غەیرەفارسەکانی وەك کورد ، تورك ، عەرەب ، بلوچ ..هتد لە ئێراندا دەکرد و بە شێوەیەکی سیستماتیك بۆ تواندنەوەیان لە بۆتەی نەتەوەی سەردەستی فارسدا بکەوێتە کار. بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەش ، ڕەزاخان ئامادەبوو هەموو ڕێگایەکی توندوتیژی لە سەرکوت و پەلاماری سەربازی بگرێتەبەر ، هەربۆیە ڕەزاخان ڕاستەوخۆ دوای کودەتاکەی کەوتە ڕێکخستنەوە و نۆژەنکردنەوەی سوپای ئێران و لەماوەیەکی ڕێژەییدا بەتوندی دەستی بەسەر جموجۆڵەکانیدا گرت و لە ڕووی دیسپلین و فەراهەمکردنی پێویستییە جەنگییەکانی ئامادەی کرد.لێەدا پێویستە ئاماژە بە ڕۆڵی بەریتانیا بکرێت لە بەهێزکردن و نوێکردنەوەی سوپای ئێران و

1- بۆ زیاتر : D.N.Willber , Razah Shah Pahlavi and the reconstruction of Iran , Newyork , 1919 . هەروەها: جهاد صالح العمر و أسعد محمد زیدان، أیران فی عهد رضا شاه پهلوی، بغداد، ١٩٩٩٠، ص ٣١.

زەمینەخۆشکردن بۆ سەرکەوتنی هەوڵەکان و ئامانجەکانی ڕەزاخان و دامەزراندنی حکومەتێك کە لە بەڵگەنامەیەکی عێراقییدا بەم چەشنە باسی لێوە کراوە:" حکومەتی ئێران بەشێوەیەکی گشتی حکومەتێکی میللیتاریستی رووتە ،تێیدا سوپا تاکە فاکتەرێکە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری رامیاریی و بەڕێوەبەرایەتیی " [1] .

لەم چوارچێوەیەوە ، ڕەزاخان بەمەبەستی بەفارسکردنی کورد ، سیاسەتێکی توندوتیژی دژی گەلی کورد لە ئێران پیادەکرد و حکومەتی ئێران بەرنامەیەکی چڕوپڕی بۆ بەدیهێنانی ئەوئامانجە جێبەجێکرد .لەوانە دەرکردنی فەرمانی قەدەغەکردنی ئاخاوتنی خەڵکی کوردستان بەزمانی کوردیی و ڕێگاگرتن لەبەرکردنی جلك وبەرگی کوردیی ، دژایەتیکردنی فۆلکلۆر وفەرهەنگ و هونەری کوردیی و هەوڵدان بۆ لەناوبردنی ئەو شێوێنەوارە مێژووییانەی پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە . ڕەزاخان هەرلەسەرتاوە بۆ لەناوبردن و سەرکوتکردنی هەر جوڵانەوە و نارەزایەتییەك دژ بە پیادەکردنی سیاسەتە ناڕەواکانی ، لە بەکارهێنانی هەر شێوازێکی توندوتیژی وەك غافڵکوژی و سڕینەوەی فیزیکی سەرکردە و رابەرە سیاسییەکانی کورد یاخود ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی دەرهەق بە خێڵێکی کورد یان خەڵکی ناوچەیەکی کوردستان نەدەپرینگایەوە و لە هیچ سڵی نەدەکردەوە. هەربۆیە مەسەلەیەکی سەرسوڕهێنەر نیە کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا قۆناغی حوکمی دیکتاتۆریی ڕەزاخان ( ١٩٢١-١٩٣٩ ) بە دژوارترین و پڕنەهامەتیترین قۆناغی ژیانی خۆی بداتە قەڵەم [2] .

[1]- وەرگیراوە لە:عبدالهادی کریم سلمان ، ایران فی سنوات الحرب العالمیة الثانیة ، مرکز دراسات الخلیج العربی ،البصرة ١٩٧٩.

[2]- بڕوانە : یاسین خالد سردشتي: لمحات عن الأوضاع السیاسیة والإقتصادیة والإجتماعیة في شرق کوردستان ١٩٣٠-١٩٣٩،(متین) – مجلة سیاسیة ثقافیة،دهوك،العدد(٥٨)،تشرین الثاني١٩٩٦.



جێگای باسە ، سەردار ڕەشید پاش ئەوەی ماوەیەك لە زینداندا مایەوە ، هەلومەرجی ئاڵۆزی کودەتاکەی ڕەزاخان و حکومەتەکەی ( سەید زیائەدین تەتەبایی ) قۆزتەوە و لە زیندان هەڵات و خۆی گەیاندە ناوچەی ڕەوانسەر کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای کرماشانەوە و لەویَ مایەوە بەمەبەستی پەیوەندیکردن بە سەرۆك و سەردارانی کوردی ڕەوانسەریی و جوانڕۆیی و سنجاویی و هاندانیان بۆ ڕاپەڕین دژی سیاسەتە سەرکوتکارەکانی حکومەتی کودەتا [1].

لەلایەکی ترەوە ، لێپرسراوە بەریتانییەکان لە ئێران بەوردی چاودێری ڕووداوەکانیان دەکرد . ( کاون ) ی نوێنەری بەریتانی لە شاری کرماشان ، تەلەگرافێکی بە ژمارە (١٩١)،لە ٢٥ی ئەیلولی ١٩٢١ دا بۆ کۆمیسەری بەریتانی لە بەغدا ناردووە کە تێیدا هاتووە:" گەڕان و پشکنینم سەبارەت بە جوڵانەوەی سەربەخۆییخوازی کورد هەروەك لە ڕاپۆرتەکەی ( وارن Warn/ بەرپرسێکی بەریتانییە ) دا هاتووە وام لێدەکات بگەمە ئەو دەرئەنجامەی کە ڕاپۆرتی ناوبراو زێدەڕۆییەکی زۆری تێدایە ، بێگومان کە بابەتەکە تەوەری باسلێکردنە ، بەڵام زانیارییەکان ئاماژە بەوە ئەدەن کە لە بنەڕەتەوە باسێکی ئاکادیمییە ، و تەنیا لە لایەن کەسانێکی گرژی وەك سەردار ڕەشید نەبێت بە توندی پشتگیریی لیَ ناکرێت ، ئەوانیش کەسانێکن کە هیچ زیانێك ناکەن ، بەڵام سوودێکی زۆریان دەستدەکەوێت ...نوێنەرە بەریتانییەکەم ( X / نیشانەی سیخوڕە- کۆڵەر ) بە ڕێکوپێکی لە ڕووداوەکان ئاگادارم دەکاتەوە و هەرکاتێك جێگرەکەم گەیشت دەتوانم سەردانی ( سنە ) بکەم " [2] .

[1]- سەجادی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٥ .

[2]- وەرگیراوە لە : عزیز الحاج ، القضیة الکوردیة في العشرینات ، الطبعة الثانیة ، بغداد ، ١٩٨٥ ، ص ٧٦.

گردبوونەوەی سەرلەنوێی بەشێکی بەرچاو لەسەرخێڵەکانی کورد لە دەوری سەردار رەشید و بڵاوبوونەوەی نێوبانگی لە ناوچەکەدا حکومەتی ئێرانی شڵەژاند . رەزاخان فەرمانیدا بە ( ئەمیر ئەحمەدی ) کە یەکێك بوو لە سەرکردە ناسراوە سەربازییەکانی سوپای ئێران ، تا پەلاماری سەردار رەشید بدات و لەناوی بەرێت . ئەمیر ئەحمەدی هەوڵیدا پێش هێرشکردن بە بەڵێن و هەرەشە و پارەبەخشینەوە سەرەك خێڵە کوردەکانی دۆستی سەردار رەشید بەلای حکومەتدا رابکێشێت و کەلێن بکاتە بەرەی دوژمنەکەیەوە [1]. دیارە ئەم هەوڵە تاڕادەیەك سەرکەوتنی بەدەستهێنا و ئەوانەی ئامادەبوون سوێند بۆ ئەمیر ئەحمەدی بخۆن کە هاوکاری سەردار نەکەن و پشتگیریی دەوڵەت بن بریتییبوون لە: حەسەن خانی رەزاو ، مەحمودخانی دزڵی ، محەمەد سەعید الملوك ، محەمەد تۆفیق لهۆنی ، مەجیدخان ، حسن خان ، موزەفەرخان ، عەبدولمەجید سەردار جەلال ، محەمەد صالح قەڵاگا [2] .

هێزەکانی ئێرانی لە سەرەتای زستانی ساڵی ١٩٢٢ دا بەمەبەستی سەرکوتکردنی سەردار رەشید بەرەو رەوانسەر کشان . سەردار رەشید کە ٤٥٠٠کەس لە هێزەکانی خۆی لە چیای ( شمشێرە ) کۆکردبۆوە لە گەڵ هێزە پەلامارەرکانی ئێران پێکداهەڵپرژان و شەڕێکی نابەرابەر لە نێوان هەردوولادا قەوما کە تێیدا سەردار نەك هەر سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا ، بەڵکو ناچار بوو بەرەو ناو رەوانسەر پاشەکشە بکات [3] . ئەمیر ئەحمەدی لێزانانە لە پەلاماردان و پێشڕەوی هێزە ئێرانییەکان پێداگری کرد و بواری نەدا سەردار هێزە پەرتەوازەکانی کۆبکاتەوە و سەنگەر بەندی بکات . هەربۆیە هێزەکانی ئێران توانیان رەوانسەریش بگرن و سەردار یش

1- سەجادی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٦ .
2- محمد امین هەورامانی ، مێژووی هەورامان ، بڵاوکراوەکانی بلخ ، ٢٠٠١ زاینی ، ل ٧٨٦ .
3- سەجادی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٦ .



ناچاربکەن خۆبەدەستەوە بدات و بە زیندانیی رەوانەی تارانیان کرد .بەوەش دووهەمین راپەڕین لە راپەڕینەکانی سەردار رەشید کۆتاییهات [1] .

شایەنی باسە ، سەردار رەشید پاش تێپەڕاندنی چوار ساڵ لە گرتووخانەی تاراندا ، لە ساڵی ١٩٢٨دا سەرلەنوێ دەرفەتی راکردنی لە زیندان بۆ رەخسا و توانی خۆی بگەیێنێتەوە رەوانسەر و بۆجاری سێهەم راپەرین دژی حکومەتی ئێران بەرپاکات . رەزاخان کە ئەوکات تاجی پاشایەتی ئێرانی نابووە سەر و ببوە رەزاشای پەهلەویی [2] و کەوتبووە جێبەجێککردنی سیاسەتی تواندنەوەی گەلی کورد زەمینەیەکی ناڕەزایەتی بەرینی ئەوتۆی لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێکهێنابوو کە تارادەیەکی زۆر بە قازانجی کاتی سەردار رەشید شکایەوە ، پاش ئەوەی ناوبراو داوای لە سەرجەم سەردارانی کورد کرد کە پێکەوە دژی حکومەتی رەزاشا یەکگرن و راپەڕینێکی سەرتاسەریی بەرپا بکەن ، بۆخۆشی پەلاماری هێزەکانی ئێرانی لە رەوانسەر داو لە ناوچەکە دەریکردن [3] .

لەو بارەیەوە ( حەیات کوڕی ئەسفەندیار ) کە نەوەی ( غولام ڕەزای ) ی دوا میری کوردی پشتکۆ یە لە باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان ، لە چاوپێکەوتنێکدادەڵێت :" کاتێك سەردار رەشید کەوتە جوڵانەوە دژی رژێمی شا و حکومەتی ئێران ، نامەیەکی نارد بۆ غولام رەزای باپیرەم بەمەبەستی یەکخستنی ریزەکانی کورد هەر لەناوچەی سنەوە تا دەگاتە لێوارەکانی کەنداوی فارس و بۆ هەڵگیرساندنی راپەڕینێکی گەورە دژی رژێمی ئێرانی لەسەرەتای حوکمی رەزاشادا . نامەکە مۆر و ئیمزای ژمارەیەکی زۆر سەرۆك خێڵە کوردەکانی پێوە بوو . بەڵام بەداخەوە وێرای

1- هەمان سەرچاوە ، ل ٧٦ .
Hasan Arfa, The Kurds. A Historical study, London, 1970 , P. 64. -2
Ibid, ,P.64. -3

ئەوەی غولام ڕەزای باپیرەم ڤینێکی زۆری لە شاهەنشاو و نارەزاییەتێکی زۆریشی لە سیاسەتە دوورووییەکانی هەبوو ، کەچی چاوی لەو بانگەشەیە قووچان و وەڵامی نەدایەوە ، لەگەڵ ئەوەی تانوکەش نازانم نهێنی ئەو وەلامنەدانەوەیە چی بوو و هێشتا هەر پرسیاری لەبارەوە دەکەم " [1] .

بەم شێوەیە غولام ڕەزای میری پشتکۆ ئاوڕی لە داواکەی سەردار ڕەشید نەدایەوە ، کە ئەگەر کردبای دەگونجا ڕەوتی ڕووداوەکان بە ئاراستەیەکی دیکەدا برۆشتبایە ، چونکە میری پشتکۆ خاوەن هێزێکی چەکداریی و نفوزێکی گەورەی کۆمەڵایەتیی بوو . هۆکاری ئەو ئاوڕنەدانەوەیەی غولام ڕەزا وەك لە سەرچاوە مێژووییەکاندا دەردەکەوێت بریتیبوو لەوەی کە غولام ڕەزا لەگەڵ چەند سەرۆك و سەردارانی دیکەی وەك ( ئەمیر موجاهدی )خانی لوڕستان و ( یوسف خان ) ی پێشەوای بەختیارییەکان و ( شیخ خەزعەل ) میری میرنشینی عەرەبستان ، هاوپەیمانیەتییەکیان بەناوی ( پەیمانی بەختەوەریی ) پێکهێنابوو . ئەمانە لەو پەیمانەدا سوێندیان خواردبوو کە پێکەوە بەرگریی لە زەوی و تێکڕای ماف وئیمتیازاتەکانیان بکەن کە بە میرات لە باوباپیریانەوە بۆیان جێماوە بەدژی هەر هەوڵێکی حکومەتی ئێرانی کە مەبەستی بێت ئەو زەوی و مافانەیان لە بندەست دەربهێنێت و زەوتی بکات [2] .

لە ڕاستیدا ئەمجارەشیان سەردار ڕەشید نەیتوانی لە بەرامبەر هێزەکانی سوپای ئێراندا خۆڕابگرێت کاتێك لە قۆڵی کرمشان–سنەوە پەلاماریاندا . سوپای ئێرانی لەم پەلامارەیدا بەبەراورد لە گەڵ پەلامارەکانی پێشوویدا ئاسانتر سەرکەوتنی بەدەست هێنا ، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە

1- حسن أحمد جاف ، لقاء مع حفيد الوالي الاخير لمنطقة لورستان ، مجلة شمس كردستان ،العدد ٦٦ ، ١٩٨٤ ، ص١٨ .

2- فوزية صابر محمد ، أيران بين الحربين العالميتين ( ١٩١٨–١٩٣٩ ) .تطور السياسة الداخلية ، كلية الاداب ، جامعة البصرة .



ڕەزاشا بە باشی لەشکری ئێرانی بە چەك و کەرەسەی جەنگی پێشکەوتوو تەیار کردبوو ، ئەو چەك و پێویستییە جەنگییانەی کە لە ئەڵمانیا و رووسیا و فەرەنساوە بۆ لەشکری ئێرانی کڕدرابوون [1] .شایەنی باسە سەردار ڕەشید پاش شکستخواردنی بۆ جاری سێهەم ئامادەنەبوو ئەمجارە خۆی بدات بەدەستەوە ، بەڵکو کشایەوە سنوری دەستکردی ئێران–عێراق و لەوێوە چووە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان .

( عەلائەدین سەجادی ) باس لەوە دەکات کە سەردار ڕەشید پاش ئەوەی پەنای بۆ عێراق بردووە ، بە مەبەستی پشتگیریی و یارمەتی سەردانی شێخ مەحمودی بەرزنجی لە شاری سلێمانی کردووە ، بەڵام شێخ مەحمود لە هەلومەرجێکی وادا نەبووە دەستی هاوکاریی بۆ درێژ بکات [2]. لە کاتێکدا ( ئەحمەد خواجە) دەڵێت هاتنی سەردار ڕەشید بۆ لای شێخ مەحمود بۆ ئەوە بووە کە شێخ نفوزی خۆی بەکاربهێنێت و لەلای ڕەزاشا فەرمانی لێخۆشبوون و گەڕانەوەی بۆ ناوچەکەی خۆی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ وەرگرێت [3] .لەراستییدا سەردار ڕەشید دوای ئەوەی لە وەدەستهێنانی هەر پشتگیرییەك بیٚ هیوا بوو و لەلایەن ( ئەمیر خەزعەل ) ی میرنشینی عەرەبستانیشەوە وەڵامی مەنفی درایەوە ، هەوڵی دا دەرفەتی بینینی ڕەزاشا لە عێراق بقۆزێتەوە و فەرمانی گەڕانەوە و دانیشتنی لەشاری سنە لیٚ وەرگرێت . شایەنی باسە ئەو دەمە ( موزەفەر خان سەردار ئینتصار ) فەرمانداری ئێرانی بوو لە شاری سنە .فەرماندار کە هیچ باوەڕێکی بەوە نەبوو کە سەردار پاش گەڕانەوەی بە ئارامی دابنیشێت و لە ڕاپەڕین و دژایەتیی حکومەتی شاهەنشاهیی ئێران کۆڵبدات ، هەربۆیە بە

1- حسين فوزي النجار، السياسة والستراتيجية في الشرق الاوسط ، الجزء الاول ، الطبعة الاولى ، قاهرة ، ١٩٥٣، ص ٤٧٩ .

2- سەجادی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٦ .

3- أحمد خواجە ، چیم دی ، بەرگی دووەم ، چاپخانەی کامەرانی ، سلێمانی ، ١٩٦٩ ، ل ٤٧ .

گەڕانەوەی سەردار راستەوخۆ گرتیان و رەوانەی زیندانی ( قەسری قەجەر ) یان لەتاران کرد و تا ساڵی ١٩٤١ و روخاندنی حکومەتی دیکتاتۆری رەزاشا لەوێدا بەند کرا [1] .

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو زانیارییانەیە کە ( عیسی پەژمان ) ی ئەفسەر بە پلـەی سـەرهەنگ لـە سـوپای ئێرانیـدا ، سـەبارەت بـە چـارەنووس و دوا ساڵەکانی تەمەنی سەردار رەشید باسی لێوە کردووە .ئەو نووسیویەتی:" لە پاش ئەوەی کە سەردار رەشید چەند ساڵێك لە دەربەدەریی و بێکەسییدا مایـەوە ، لـە سـاڵی ١٣١٣ ی هـەتاوی / ١٩٣٤ ی زایـنی ، دوای لێبـووردنی لەلایەن رژێمی ئێرانییەوە ،گەڕایەوە ناوچەکەی خۆی، بەڵام حکومـەتی ئێران زۆری نـــەبرد لـــە گفـــتی خـــۆی پاشـــگەز بـــووەوە و جـــارێکی دیکـــە دەستبەســەریانکرد و بـۆ حـەوت سـاڵی دیکـە لـە گرتووخانـەی (قەسـری قەجـەر ) هێـشتیانەوە ، لـە ٢٦ی ئـەیلولی ١٩٤١ دا لـە کاتێکدا کـە زینـدانی ناوبرا شکێندرا سەردار رەشید لە گەڵ هەموو زیندانیی و سـەرۆك عەشـیرەتە گیراوەکانی تردا هاتنەدەر و سەردار گەڕایـەوە شـوێن هـەواوری خـۆی ، بـەڵام حکومەتی ئێران وازی لێنەهێنا و بانگی کردەوە بۆ تاران بەبەیٚ ئەوەی هـیچ شتێکی کردبیٚ و ئەمجارەیان بە دەستبەسەری لە ژێر چاودێرییدا مایـەوە . سەردار رەشید لەو کاتەدا ژیـانێکی دژواری بەسـەردەبرد ، مـن بـە پێـی کـار و پیـشەکەم زوو زوو دەمبـینی و سـەرم لێئـەدا و ئـەو بـارە نالـەبارەی کـاری تێکردم و داوام لە لایەنە بەرپرسەکان کرد کە سەردار رەشید توانـای توانـای هیچی نەناوە و لە ژوورەکەیدا کە لە موسافیرخانەیەکی کۆندایـە و دەکەوێتـە پـشت بەڕێوەبەرایـەتی شـارەوانی تـاران ژیـانی زۆر خراپـە و رێگـای بـدەن بگەڕێتەوە ناوچەکەی خۆی و ئەو چەند ماوە کەمـەی ژیـانی بـا لـەویٚ بەرێتـە

[1] – سەجادی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٧٦ .



سـەر ، یـان لانـی کـەم جێگایـەکی باشتری بـۆ تـەرخان بکـەن[1] . وێـڕای ئـەوەی بەرپرسیارانی ئێرانی پێشنیارەکەمیان پەسەند کرد بەڵام خۆی سـەردار رازی نەبوو بگەڕێتـەوە و گـوتی ":تـازە بـۆ کـویٚ بگەڕێمـەوە کـە مـن هـەموو شـتێکم لەدەسـتدا ، خێـزانم نـەما و مـاڵ و سـامانم تـاڵانکرا ، بەنـدی تـارانم بـەلاوە خۆشترە لەوەی بەم چەشنە بگەڕێمـەوە و ببمـە گاڵتـەجاڕیی ناحـەزانم ". بـەم شێوەیە سەردار رەشید مـاوەی (٥) سـاڵی دیکـە لـە ژوورەکـەیدا مایـەوە و کـە مـرد کـە پێینـەزانیبوو تـا لاشـەکەی بـۆنی کـرد، بەشـێوەیەك هـیچ کـام لـە کرێکارانی هوتێلەکە لەخۆیان رانەدەبینی تەرمەکەی بێننە دەرەوە و بەخاکی بـسپێرن ، تـا ترومبێلێکـی ئـەمبولانس هـات و بردیـان و لـە شـوێنێکدا شاردیانەوە کە کەس نازانیٚ لە چ جێگایەکە" [2] .

[1] السبکی بەپشت بەستن بەدکۆمێنتەکانی حکومەتی ئەمەریکاو بیٚ وردبوونەوە لەم بارەیەوە نوسیویە: ((ئەم سەرۆك عەشیرەتانە لەشوێنی زۆر خۆشدا دادەنران‌و ژیانیان بەگاڵتەو گەپەوە دەگوزەراند)) قسەیەکی واکە دوورە لەراستی .بڕوانە:آمال السبکي، تأریخ ایران السیاسي بین ثورتین (١٩٠٦–١٩٧٩)، سلسلة عالم المعرفة، ٢٥٠، الکویت، ١٩٩٩، ص **١٥٧** .

[2] - پژمان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٦ .

## گەلی کورد و بڕیاری ڕێگرتن لە پۆشینی جلوبەرگی نەتەوەیی لە ئێران ١٩٢٨-١٩٢٩

### پێشەکی:

سەرەتا دەبێت ئاماژە بەو ڕاستییە بدرێت کە دامەزراندنی ڕژێمی شاهە نشاهی پەهلەوی لە ئێران ساڵی ١٩٢٥ و هەوڵەکانی ڕەزاشا بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوەندی و مۆدێرنکردنی دەوڵەت و بەڕۆژئاوایی کردنی کۆمەڵگای ئێرانی قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی ئێرانی نوێ و هاوچەرخ پێکدێنێت، یەکێك لەو بڕیارانەی کە لە بواری کۆمەڵایەتیدا لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە ساڵی ١٩٢٨ ز دەرکرا بڕیاری قەدەغە کردنی پۆشینی جل و بەرگی میللی و لە جیاتی لە بەرکردنی بەرگی ئەورووپی و لە سەرنانی کڵاوی پەهلەوی بوو، ئەم بابەتەی بەردەست لێکۆڵینەوەیە کە تیشك دەخاتە سەر ئەو ڕووداوانەی کە کاردانەوەی گەلی کورد لە ئێران بەرامبەر بەم بڕیارەو شێوازی پیادەکردنی دەخەنە بە رچاو، ئەو کاردانەوەیەی کە بەبڕوای ئێمە تاکو ئێستا بە شێوازێکی ئەکادیمییانە و بابەتیانە و سەر بەخۆ لێینە کۆڵراوەتە وەو هەوڵی چارەسەرکردنی لایەنە جیاوازەکانی نەدراوە ، جگە لەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە یەکەمجارە بەزمانی کوردی و بەم بەرفراوانییە لە سەر ئەو کاردانەوەیە بنووسرێت.

### ڕژێمی ئێران وبڕیاری قەدەغەکردنی پۆشاکی میللی:

دەتوانرێت کودەتای شوباتی ساڵی ١٩٢١ز بە ڕابەرایەتی ڕەزاخان، بەسەرەتای ڕاستەقینەی کۆتایهاتنی دەسەڵاتی خێزانی قاجارییەکان (١٧٩٦– ١٩٢٥) لە ئێران دابنرێت، ئەم کودەتایە هەلێکی باشی بۆ ڕەزاخان ڕەخساند تا سوود لە هەلومەرجی دەرەوە وناوەوەی ئێران ببینێت و کار بۆ



بەدیهێنانی ئامانجە تایبەتیەکانی خۆی بکات ، کە بریتی بوو لە سەپاندنی دەسەڵات و حوکمی تاکڕەو و بۆ خۆ مسۆگەر کردنی کورسی پاشایەتی لە ئێران، لەوەش زیاتر پێی وابوو کە بەدەستهێنانی هێز تاکە ئامرازی بەدیهێنانی ئاواتەکانێتی، هەر بۆیە ڕەزاخان دوای کودەتا لە گەڵ پلەی سەرۆك وەزیران دا وەزارەتی جەنگیشی بۆ خۆی قۆرخ کردو واشی پیشان دەدا کە تەنها ئەوە کە دەتوانێت ئێران لە پارە بوون ودابەشکردن ڕزگار بکات و هەموو بزاڤە سەر بەخۆیی و ڕزگار یخوازەکانی نەتەوە نەفارسەکانی ئێران دامرکێنێتەوە و دژی ئەو شەپۆلە شۆڕشگێڕانەیە بووەستێ کە یەکێتی سیاسی ئێرانی خستۆتە مەترسییەوە.[1]

شایەنی باسە ڕەزاخان مەسەلەی پتەو کردنی بنەماکانی کۆمەڵگای لە ئێران بەیەکێك لە کۆڵەکەکانی سیاسەتی ناو خۆیی دەزانی و بڕواشی وابوو کە ئەم مەسەلەیە ڕێخۆشکەرێك دەبێت بۆگەیشتنە کورسی پاشایەتی، بێگومان لەم بوارەش دا مەسەلەی بوونی نەتەوە نەفارسەکانی ئێران و سروشتی عەشیرەتی گەلانی ئێرانی وەك دوو مەسەلەی گرنگ و پڕبایەخ سەرنجی ڕادەکێشا و پیلانی ڕووبەڕوو بونەوەیان بەشێکی مەزنی پرۆگرامەکانی ئایندەی داگیر کردبوو[2]، لە لایەکی دیەوە چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر ولایات و ناوچە جیاوازەکانی ئێرانداخزمەتێکی گەورەی چینی بورجوای تازە پێگەیشتوو مڵکدارە نیمچە دەرەبەگ و ئەریستۆ کراتە فارسەکانی دەکرد، ئەوان کە ڕەزاخانیان بە نوێنەرو پارێزەری بەرژەوەندییەکانیان دەزانی، بە دڵ پالێشتی هەنگاوەکانیان دەکرد بەتایبەتی لە بواری نەهێشتنی دەسەڵاتی سەرۆك عەشیرەتەکان و ژیانی

---

[1] - بۆ زیاتر بڕوانە:پیتر آوری، تأريخ معاصر أيران. أز تأسيس سلسلةی پهلوی تا کودتای ٢٨ مرداد ١٣٣٢، ترجمة: محمد رفيعی مهر آبادي، جلد دوم، تهران، عطائی ، ١٣٦٧ش.

[2] - جهاد صالح العمر و أسعد محمد زيدان، أيران في عهد رضا شاه پهلوی، بغداد، ١٩٩٩٠، ص ٣١.

عەشیرەتی لە ئێران کە ڕێخراوە چەکدارەکانیان وەك دەوڵەت لە ناودەولەت دا خۆی دەنواند، هەروەها بۆچونەکانی ڕەزاخانیان دەسەلماند کە سروشتی عەشیرەتی و بوونی جیاوازیی میللی ئاستەنگی مەزنن لەبەر گەشەکردن و بەرەو پێشەوە چونی ولاّت و مانەوەیان دەبێتە قوڵبوونەوەی دابونەریتە کۆن وبیٚ کەڵکەکان و لاوازی هێزی بەرهەمهێنان و لە یاسادەرچوون [١].

بەم شێوەیە گۆڕینی ئەم واقیعەی کۆمەڵگای ئێرانی و چاکردنی لایەنە ناسازەکانی پێویستی بەهەناسەیەکی درێژو پلانی گونجاو وزانستیا نەهەبوو کە ڕەزاخانی لیٚ بیٚبەش بوو، هەروەك لنشوڤسکی دەلێت ((ئاشکرایە هەوڵی مۆدێرن کردنی دەوڵەت و کۆمەڵگای ئێرانی ئەرکێکی گران بوو کە ووردبینییەکی مەزنی دەویست بەهۆی ڕەوشەدواکە وتوەکەی ئێران، ئەتوانرێت کە کەسایەتییەکی سەربازی توندو تیژی وەك ڕەزاشا لە ئاستی شان خستنە ژێر باری ئەم ئەرکەدا نەبوو، چونکە لەم بوارەدا خاوەنی دید و فەلسەفەیەکی ئاشکرا نەبوو)) [٢]، بە پێچەوانەوە ڕەزاخان ڕێبازی هێزو بەکارهیناتی توندو تیژی گرتەبەر تامەسەلەکان یەکالاٌبکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەر لە سەرەتاوە کەوتە بایەخ پێدانێکی زۆر بە دەزگای سەربازی و سوپا، سەر لە نویٚ ڕیخستنەوە و پڕچەك کردنی بە چەکی نویٚ، بەرز کردنەوەی ئاستی جەنگی و خەرج کردنی پارەو پولێکی زۆر بۆ زامن کردنی پێویستیەکانی، کەبیٚ گومان حکومەتی ئینگلیز ڕۆڵی مەزنی لەم بوارە دابینی.

لە ڕاستی دا سیاسەتی ڕەزاخان بۆ لاواز کردن و لە ناو بردنی دەسەلاٌتی عەشیرەتەکان لە ئێراندا دوو ڕوخساری گرتە خۆ، یەکەمیان پەلاماردانی

---

1- كمال مظهر أحمد (دكتور)، دراسات في تأريخ ايران الحديث والمعاصر، بغداد، ١٩٨٥ ص ١٧٦ – ١٧٧

2- جورج لنشوڤسكى، الشرق الأوسط في الشؤون العالمية، ترجمة: جعفر الخياط، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٦٤، ص٢٣١.



سەربازی عەشیرەتە بچوکەکان و چەککردینان و سەپاندنی پارەو باجێکی زۆر بە سەریان داو سەرپیٚ شۆڕکردنیان بۆ دەسەلاٌتی ناوەند [١]، بەلاٌم بەرامبەر عەشیرە مەزنەکان سیاسەتی نانەوەی ئاگری دووبەرەکی و ئاژاوەی لە نێوانیان داگرتە بەر تا دواتر لاواز کردنیان و لە ناو بردنیان ئاسان بێت بەدەستەوە [٢]، هەروەها لێرەدا پێویستە ڕاستیەکی تریش بووترێت، ئەویش ئەوەیە کە ڕەزاخان تەنها دانی بە بوونی نەتەوەی فارس لە ئێران دادەنا و دوای چونەسەر کورسی پاشایەتی لە ساڵی ١٩٢٥ز دا بڕیاریدا کە دەوڵەتی قاجاری کە لە چەند نەتەوەو ڕەگەزو زمانی جیاوازپێك دەهات بگۆڕێت بۆ ئێرانێکی یەکگرتوو لە هەموو ڕوویەکەوە، بەواتایەکی تر هەوڵی دامەزراندن و بنیاتنانی دەوڵەتێکی فارسی تۆتالیتریالی دەدا کە لە ڕیٚی ئاگرو ئاسن و زۆر داربیەوە نەتەوەکانی تر لە بۆتەی فارس دا بتوێنێتەوە [٣].

لەو کاتەدا دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حکومەتی ئێرانی بە گەرمی دەهۆڵیان بۆ ئەم سیاسەتەی ڕەزاشا دەکوتا، گۆڤاری (ایندە) لە ساڵی ١٩٢٥ دا نووسیویەتی ((پێویستە لە سەر هەموو ئەوانەی مێژووی ئێران و زمانی فارسی و ئاینیان لابەرزو مەزنە باش بزانن کە بەلاواز بون و کە مکردنەوەی دەوڵەتی ئێرانی زۆر زەرەرمەنددەبن، هەتا هاولاٌتیان بە پلەی یەکەم خۆ بە ئێرانی نەزانن و خۆیان بە کوردو تورك و عەرەب بزانن، ڕووخان و مەترسی هەڕەشە لە ئێران دەکات، لە بەر ئەوەپێویستە خۆمان لە زمانە ناوچەییەکان و هەست و سۆزی عەشایری و هەرێمی ڕزگار کەین و دانیشتوانی ئێران

---

-1 جهاد . . . ، سەر چاوەی پێشوو، ل ٣١.

2- هەمان سەر چاوە، ل ٣١.

3- جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی نە بیری قەومیەتی ڕۆژ هەلاٌتی وە نەبیری ناسیونالیزمی ڕۆژ ئاوایییە، لە بلاٌو کراوەکانی ڕیخراوی خوێندکارانی سوسیالستی لە ئەوروپا(SOKSE) ، لقی سوید، ستوکهولم، ١٩٨٤، ل ٤٧.

بکەینە یەك میللەت.)) [1]. بەم پێیە زۆر لە ڕۆژنامەکانی تری حکومەت ئەم بەیت بالۆرەیان دوبارە و چەند بارە دەکردەوەو بانگەشەی تواندنەوەی نەتەوەکانی تریان دەکرد و هەموو شتێکی فارسیان بە نویێ و هاوچەرخ دادەناو زمان و کلتور و داب و نەریتی نەتەوەکانی تریان بە دوا کەوتوو لە قەڵەم دەدا.

یەکێك لەو بڕیارانەی کە لە بواری کۆمەڵایەتیدا و بە مەبەستی یەکخستنی روخساری دانیشتوان لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە دەرچوو بڕیادی قەدەغە کردنی پۆشینی جل و بەرگی میللی بوو لە ساڵی ١٩٢٨ز، بە پێی ئەم بریارە دەبوایە خەڵك جل و بەرگی خۆیان فڕێ بدەن و بەرگی ئەورووپی بپۆشن و کڵاوی پەهلەوی لە سەر بکەن [2]، ئەمەش نەك تەنها لە دەزگاکانی دەوڵەت دا بەڵکو لە سەرانسەری ووڵات دا. دەرکردنی ئەم بڕیارە بوو بە هۆی تەقینەوەی ڕق و ناڕەزایی بەشێکی زۆری چین و توێژەکانی گەلانی ئێران بە نەتەوەی فارسیشەوە، ئەوانەی ئەم بڕیارەیان بە بڕیارێکی ملهوڕانەو دژ بە داب و نەریت و کلتوری ڕاستەقینەی خۆیان دەزانی و ئامادە نەبوون بچنە ژێری. حکومەتیش بۆ پیادەکردنی بڕیارەکە کەوتە بەکار هێنانی زۆر و توندو تیژی و کارەکەی خستە ئەستوی دەزگای (ئەمنییە) و جەندرمەی شارەوانی واتە پۆلیس [3].

حسێن فردوست کە لەو کاتەدا ئەفسەرێکی باڵای حکومەتی ئێران بو لە یادداشتەکانی خۆیدا بۆمان دەگێڕێتەوە کە چۆن دەزگای ئەمنییە کەو تبونە ڕاوەدونانی دانیشتوان و جل و بەرگی میللی خ–ەڵکیان دەدڕاندو

1– وەرگیراوە لە:
محمد عبد الغنى السعودي، ايران دراسة في جذور الصراع، بغداد، لات، ص ص ٧–٨.
2– ابراهيم خليل أحمد (دكتور) و خليل على مراد (دكتور)، ايران و تركيا. دراسة في التأريخ الحديث و المعاصر، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة الموصل، ١٩٩٢، ص ١٣٥.
3– حسين مكى، تأريخ بيست سالهء ايران، جلد پنجم، تهران، ١٣٥٤ ش ، ص ٧٠.



مێزەرو کڵاوەکانیان پێ دادەکەندن و ئازاریان دەدان [1]، هەروەها دەڵێت ((لە شاری مەشهەد کە سایەتییەکی ئاینی بە ناوی (بهلول) دژی ئەم فەرمانەی ڕەزاشا وەستا و بە توندی کەوتە ڕەخنەلێ گرتنی، لە ئاکام دا هەر زوو خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆبونەوە، ئەوانەی ڕقیان لە ڕەفتارە دزێوەکانی ئەمنییە هەستا بوو، ئەم کۆمەڵە بڕیاریان دا لە حەرەمی حەزرەتی ە هەڵنە گیرێ نەچنە دەرەوەو ئەو شوێنە چۆل نەکەن، دوای ئەوەی سەر لە شکری مەشهەد (ئیرەج مەگبوعی) شای لەم ڕووداوە ئاگادار کردەوە، شا فەرمانی پێکرد کەدەستەیەك سەرباز بنێرێت، لە سەرەتادا داواڵە خەلك بکرێت حەرەم چۆڵ کەن وبلاوەی لێ بکەن ، ئەگەر نا ئەوا با دەستیان لێنەپارێزێ ... ئەم ڕووداوە بێ خوێن ڕشتن کۆتایی نەهات و بووە هۆی کوژرانی (٢٥) کەس و بریندار بوونی(٤٠) کەس لە بەستنشینان)) [2]

**جێبەجێکردنی بڕیارەکە لە کوردستان:**

لێرەدا لەوانەیە زۆر لە ڕاستی دور نەکەوینەوە ئەگەر بڵێین هەوڵەکانی حکومەتی ئێران بۆ سەپاندن و پیادە کردنی ئەم بڕیارە بەسەر گەلی کوردا مەودایەکی ترو شێوازیکی توندو تیژانە تری گرتە خۆ کە لە دیدێکی شۆڤێنستانەوە هەڵدەقولاً و دور لە ئامانجی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی خۆی دەنواند ، بەڵکو بە مانایەکی دی خۆی لە لێدان و لە ناوبردنی ڕوخساری کوردانەی خەڵکی کوردستان دەبینیەوە، کە ڕوویەکی ئاشکرای چەوسانەوەی نەتەوایەتی دەهێنایە گۆرێ و ڕەنگەکەشی تۆخ تر دەکرد ەوە

[1]- حسين فردوست، ظهور و سقوط سلطنت پهلوى ، خاطرت ار تشبد سابق، جلد أول، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٠ ش، ص ٦٩.
[2]- هەمان سەر چاوە ، ل ٦٩.ئەم ڕاپەڕینە بە ڕاپەڕینی (گوهر شاد) یش ناو دەبرێت ، بڕوانە: سينا واحد ، قيام گوهر شاد، وزارت أرشاد أسلامى، تهران، ١٣٦١ ش، ل ٤٧ بەرەو سەر.

، جگە لەوەی بیانوویەکی چاکتری دایە دەست دەزگا سەر کۆتکەرەکانی ئێرانی لە کوردستان تا بە ئارەزووی خۆیان و بۆ سوودی تایبەتیان ئەم بڕیارە بەسەر خەڵکی دا پیادە بکەن.

هەژار لە (چێشتی مجێوردا) ئاماژە بۆ چۆنێتی جێبە جێکردنی ئەم بڕیارە لە لایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی حکومەتەوە لە کوردستان دەکات و دەڵێت ((تەواو نازانم چ ساڵێك بوو، دەوڵەت فەرمانی دابوو جگە لە مەلاو فەقێ، دەبێ هەموو کەس کلاوی پەهلەوی لە سەر نێ و مێزەرو جلی کوردی قەدەغەیە، مەلا و فەقێش دەبێ کاغەزی حاکمی شاریان پێ بێت کە لە کلاو مەعافن، ئەو حوکمە بۆ پۆلیس و دەوڵەت بازاڕێکی زۆر بە قازانجی پێك هێنا بوو، هەر کەس تێۆڵە پشتێندێك، بزگوڕە مێزەرێك بە قەدو سەریەوەبا، یان پانتۆل و رانگی نیفەك شۆڕی کوردانەی بوایە، بە دارو قامچی بەر دەبوو نە گیانی و بێ بەرتیل ڕزگار بونی چەتوون بوو[1] )). هەر وەها هەژار لە شوێنێکی تری ئەم کتێبە دا دەڵێت ((ئەو دەمەی کە لە (تەرەغە) دەژیاین بە دەست ئەمنییە و مەئموری دەوڵەتەوە ژیانمان جە حەندەم بوو، ئێمە کە هەموو فەقێر بووین و بەرتیلمان بۆ هەڵنەدەسوڕا، تەواو لە پەڕو پۆ ببووینەوە، لە بەر چاوی من ئەوە ندەیان بە قامچی لە فەقێرێك دا کە وەزکی داودوای دوو ڕۆژمرد ))[2]

---

[1]– عەبدو ڕەحمان شەرەفکەندی، هەژار ، چێشتی مجێور، ئامادەکردن و سەر پەرشتی چاپ:خانی شەرەفکەندی، چاپی یەکەم، پاریس ، ١٩٩٧، ل ١٩.

[2]– هەمان سەر چاوە ، ل ٥٥. هەروەها حیسامی لەم بارەیەوە نوسیویە:" لەسەردەمی حکومەتی رەشی رەزاشادا جلی کوردیو پێچ وشەدا لەتریاك قاچاخ تر بوو، ژاندارم شاقەڵی مەلایان بریبوو، پێچو شەدەیان سووتاند بوون، نیفەکی خەڵکیان برییبوو، هەزاران کورد بەتاوانی جلی کوردی لەحەپسخانەی عەجەماندا بوون" بڕوانە:

حیسامی، کەریمی، لەبیرەوەرییەکانم، لەمنداڵییەوە تاساڵی ١٩٥٧، سوید، ١٩٨٦،ل٥٥.



هەر وەها (توکلی) لە یەکێك لە کتێبەکانیدا دەڵێت ((هەموو هێزەکانی جەندرمە بۆ پیادە کردنی ئەم بڕیارە لە کوردستاندا کەوتبوونە گەڕ، هەر کوردێك جلی کوردی لەبەر بوایە (٥)تومان (٣) ریاڵیان لێ دەستاند، ئەم پارەیە لەو دەمەدا ئێجگار زۆر بوو، جەندرمە لە هەر شوینێك یەکێکیان دیبا راست و راست ڕووتیان دەکردەوە، بەم شێوەیە لە ماوەیەکی کەمدا پارەیەکی باشیان لەو کوردە هەژارانە خڕ کردەوە ))[1]. بەم چەشنە بێ دادی ئەم بڕیارەی حکومەت لە لایەك و شێوازی ناڕەوایانەی سەپاندنی لە لایەکی ترەوە بووە هۆی بەرز بوونەوەی شەپۆلی ناڕەزایی و بێزاری خەڵکی کوردستان و تەقینەوەی ئاگری ڕاپەڕینێکی گەورە لە ناوچەی موکریان کە پێشەوایە تییەکەی لە لایەن سوارانی ئازای مەنگور و رابەرایەتییە کەی بە دەست (مەلا خەلیل) ی مەنگورە بوو.

## عەشیرەتی مەنگور و پێشینەیەکی مێژوویی:

سەرەتا پێویستە بوو ترێت کە مەنگور عەشیرەتێکی گەورە و بەناو بانگی کوردستانی ڕۆژ هەلاتەو زۆربەی جار داینە مۆو سووتەمەنی ڕاپەڕینەکانی گەلی کوردی پێکهێناوە دژی رژێمە چەو سێنەرەکانی ئێران، ئەم عەشیرەتە سەر بەکۆنفدراسیۆنی خێڵەکانی ( بلباس ، مامش ، پیران ، بالك وپشدەر ) بوون ولە ناوچەیەکی فراوان دادەژیان کە لە باشوری سابلاغەوە درێژ دەبێتەوە تا زنجیرە چیایی (وەزنێ) ، ئەو چیایانە ی کە بە درێژیی هەر چوار وەرزی ساڵ بەفریان پێوەیە ، بەم جۆرە ئەم عەشیرەتە لە

---

[1]- محمد رؤوف توکلی ، کردستان . جغرافیا و تأریخ بانه، چاپ دوم، ١٣٦٣ ش، ص ١٨٩.

ناوچەکانی (سابلاغ ، خانە ، سەردەشت و بۆکان ) نیشتەجێن و زێد یان تا ناوچـەکانی سـنوری ئـیران – عێـراق درێژدەبێتـەوە[1] ، دکتـۆر جـوادی قـازی دەربارەی ڕۆڵـەکانی مـەنگور دەلێت : ((ئەمانـە خـودانی لاشـەیەکی پتـەو بـە هێزن ، زۆر ئازاو چاونەترسن وشانازی بـە خۆیانـە وە دەکـەن ،توانیویانـە بـە باشی شێوازی سروشتی ژیان و داب نەریتیان بپارێزن )) [2]

ژمارەی خێزانـەکانی ئـەم عەشـیرەتە لـە سـاڵی ١٨٩٢دا خـۆی دەدا یلە پێنج هـەزار[3] ، کەچی لـە ساڵی ١٩٣٤دا هـەزار و پێنج سـەد خێزانـی لێ ماوەتەوە[4] ، ئەمەش ڕاستە خۆی سیاسەتی شۆفێنیانەی حکومـەتی ئیرانمان نیشان دەدات کە تاچ ڕادەیەك بۆ پاکتاو کردنـی ئەم عەشیرەتە هـەوڵی داوەو تـا چـەندیش لـە هەوڵـەکانی سـەرکوتوو بـووە ، چـونکە ئەنـدامان و سـەرۆك عەشیرەتەکانی مـەنگور ملیان بۆ سیاسـەتە کـانی حکومـەتی ئیران نـە دەداو زۆر جـاریش بــە هــۆی هەلوێــستی نەتەوەایــەتیان تووشــی ڕاوودونــانی دەسـەلاتداران دەبـوون ئـەو کوشـتن وبڕینـەی کـە کاربـە دەسـتانی حکومـەت بەرامبەر ئەم عەشیرەتە کردوویانە و ئەو تالاّن وبڕۆیەی ماڵ وموڵك و مالاتی مەنگورەکانی لە لایەن حکومەتەوە ڕاستی ئەم ئاخاوتنەمان دەخاتە بەر چاو، بە جۆرێك کە بە شێکی ئـەو ڕووداوە تراژیدیانـە بوونەتـە گـۆرانی میللـی وتـا ئێستاش لە سەر زمانان ماون[5]

---

1– جەوادی قازی (دکتور) ، مەنگور، گۆڤاری سروە، انتشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی، ژمارە ١٨، سالی ٣، بەفرانبار، ١٣٦٦ ش، ل ٣٢.

2– هەمان سەر چاوە، ل ٣٣.

3– هینری فیلّد، مردم شناسی ایران، ترجمەو: د. عبد الله فریاد، تهران ، انتشارات ابن سینا، ١٣٤٣ ش، ص ٨٠٧.

4– مسعود کیهان، جغرافیای مفصل ایران، جلد دوم، تهران، چاپخانەو مجلس، ١٣١١ ش، ص ١٠٩.

5– بڕوانە:



ئێمـە لـە کاتێـك لـە پێـشینەی مێـژوویی وقوربانیـدانی ئـەم عەشیرەتە و تاوانـەکانی حکومـەتی ئیران بەرامبـەری دەدوێـن نابێـت بـە هـیچ جۆرێك ڕوودای تیرۆرکردنی (باپیر ئاغای یەکەم) سەرۆکی ئـەم عەشیرەتە بە دەستی کار بەدەستی شاری )(مراغـە) کـە (ئەحمـەد خـانی مقەدەم، بـوو، لـە بیربکرێت[1] هەروەها ئەو ئەو ڕۆڵە سـەربازییە مەزنـەی کـە عەشیرەتی مـەنگور بە ڕابەریەتی (هەمزە ئاغا ی مەنگور) دیویێتی لە شۆرشی گەلی کورد لە ساڵی ١٨٨٠بە سـەرکردایەتی شێخ عوبێدەڵلاّی نـەهری کـە ئامـانجی رزگـار کردنـی سەرانـسەری کوردسـتان و پێکهێنـانی کوردسـتانێکی سـەربە خـۆ بـوو[2] ڕاسـتیەکە گـەواهی لـە مـەزنی ئاسـتی بـەرگری و قوربانیـدانی مـەنگورەکان دەدا،شـایەنی باسـە هـەمزە ئاغـا دواتـر لـە سەردەسـتی کاربەدەسـتی سـابلاغ (ئەمیر ئەلینزام گەرووسی) بە پیلانێکی نامەردانە تیرۆر کـرا [3] ، لـەوەش زیـاتر سوارەکانی مـەنگور ڕۆڵێکـی دیـار و لـە بـەر چاویان بینـی لـە ڕاپەڕینـە رزگـار یخوازەکەی (ئیسماعیل خـانی سمکۆ) دا (١٩١٩ – ١٩٢٣)، ئەو سـوارانەی کـە لە شەڕی (میاندو ئاو ) دا کە لە نیسانی ساڵی ١٩٢٢ دا قـەوما و گـەورەترین شـەڕی ڕاپەڕینـە کـانی سمکۆیـە کەسـەر کـەوتنی تیـادا بـەدیهات، گـورزێکی مـەزنیان سـرەوانده سـوپای ئێرانـی و سـەرکردەی گـشتی هێزەکـانی ئـەو شـەڕەیان کوشـت کـە نـاوی (خـاڵۆ قوربـان) بـوو، ئـەم سـەرکەوتنە مەزنـەو ئـەو

---

سید عبد الله صمدی، منظومەء کردی حمزە آغای مەنگور، ترجمە: سید محمد صمدی، پلی کوپی، مهاباد ، ١٣٦٤ ش

1– جەوادی قازی، سەر چاوەی پێشین، ل ٣٥" صالح محمد أمین، کوردو عەجەم. مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، چاپی یەکەم ، بەغدا، ١٩٩٣.

2– بۆ زیاتر دەربارەی ئەم ڕاپەڕینە:

جەلیلی جەلیل، ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵیٚ ١٨٨٠، وەرگێڕانی: د. کاوس قەفتان، بەغداد، ١٩٨٧.

3– سعید بدل، تاریخچەو جنبشهایی میلی کرد أز قرن نوزدهم تاپایان جنگك جهانی دوم، انتشارات تبلیغات کمیتەو مرکزی (حدکا)، ێبان ١٣٥٧ ش، ص ص ١٧ – ١٨.

ڕۆڵە دیارەی سوارانی مەنگور و ئەو تێکشانەی سوپای ئێرانی بوونە گۆرانی میللی گاڵتە جاری سەرزمانی منداڵانی کوردستان و تائێستاش لە بیر خەڵکی نەچوونەتەوە کە ئەمەش دوو بەیتێتی:

((ئافەرین سوارە ئەسڵە مەنگوری　　تاوت داخاڵۆو خاڵۆت زگ دڕی
خاڵۆ قوربانی ردێن کلکە کەر　　هەستە لە خۆت وامەنگورت هاتە سەر)) [1]

## مەلا خەلیلی گۆڕهۆمەر:

هەر چۆنێك بێت سیاسەتە ناڕەواکانی حکومەتی ئێرانی فاکتەری جارێکی تری هەستانەوەی عەشیرەتی مەنگور بوو تا ڕۆڵی شانازی پێکراوی خۆی ببینی و دژی چەوسانەوەی نە تەوایەتی و ڕەگەز پەرستی ڕاپەڕێت، مەلا خەلیل (١٨٧٦ – ١٩٥٧) کە ڕابەرایەتی ئەم هەستانەوەیەی کرد لە گوندی (گۆڕ هۆمەر) ی ناوچەی سەردەشت لە دایك بووە، هەر لە منداڵییەوە بە مەبەستی بەدیهینانی زانستی ئاینی ناوەندە ئاینییە بەناو بانگەکانی ئەو سای کوردستان گەڕاوە، ماوەیەك ڕێبازی سۆفیگەرێی گرتبووەبەر مریدی شێخ (یوسف بورهان) ی نەخشبەندی بووە، کابرایەکی زیرەك و تێگەشێوووش بووە، دیوەخانەکەی هەمیشە پڕ میوان بوو، خوێندکارانی ئاینی لە قوژبنە دورەکانی کوردستانەوە سەریان لێدەدا ، بە جۆرێك ئەم میواندارێتییە زۆرەی نازناوی (پاشا) ی پێ بە خشیبوو [2]، جگە لەوە زۆر لە پیاوە ئاینییە ناودارەکانی ئەو کاتەی کوردستان لەسەردەستی ئەو خوێندیان تەواو کردوەو بڕوانامەی مەلایەتیان پێ دراوە، وەك (مەلا

---

1- وەرگیراوە لە پەراوێزی:
کریس کۆچیرا، مێژووی کورد لە سەدەی (١٩ – ٢٠) دا، وەرگێرانی : محمد ڕەیانی، چاپی دووەم، چاپخانەی صدف تاران، ١٣٦٩ ش، ل ١٠٠.
2 - محمود أحمد محمد، مێژووی هۆزی بلباس لە کۆنەوە تا ئەمڕو، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ١٩٨٩، ل ٢٦٤ .



ئەحمەد تاژانی، قازی عەلی سەردەشتی، مەلا سەلامی کانکی و مەلا ڕەسوڵی زێوەیی) و هەندێکی تر ، هەر وەها مەلا خەلیل حەزی بە خزمەتی هەژار و نەداران کردوە و بەم ڕەفتارەشی خۆشەویستی و ڕێزی خەڵکی زیاتر بۆ خۆی ڕاکێشاوە [1].

## هەڵگیرساندنی ڕا پەڕین:

لە زستانی ساڵی ١٩٢٨ دا لە کاتێك دا (سالار ئەشرەف) کاربە دەستی حکومەتی ئێران لە سابلاغ خەڵکی ناوچەکەی لە شوێنێك دابە ناوی (کانون ئەفسەران) کۆ کردەوە، بە زۆر بڕیاری پێ داکەندنی جلی کوردی و پێ لە بەرکردنی جلی ئەوروپی و کڵاوی پەهلەوی بەسەردا سەپاندن، مەلا خەلیل ناڕەزاییەکی توندی بەرامبەر ئەم کارە نیشان دا و بڕیاری دا عەشیرەتی مەنگور بۆ دژایەتی ئەم بڕیارە سازو ئامادە بکات، هەر بۆیە داوای لە خێزانەکانی مەنگور کرد کە چییان هەیە لە خواردن و بەرگ و چەك کۆی کەنەوە و دواتر ناوەندێکی دامەزراند بۆ هاتنە ناوەوەی عەشیرەتەکانی تری کوردستان بۆ ڕاپەڕین و ناوی نا (ئیتحاد و ئیتفاق)، هەر وەها بانگهێشتی سەرۆك عەشیرەتەکانی (گەورك ، سەر دەشت، نەعلینی) کرد وەك (فەقێ عیسا و علی ئاغا سوێناسی) و داوای لێ کردن دژی حکومەت بدەنە پاڵی، بڕیاریشی دا کە گوندی (حاجی ماميان) بکاتە ناوەندی ڕاپەڕین و مەڵبەندی ڕێخستنی هێزەکانی [2].

لە سەرەتادا مەلا خەلیل کەوتە پەلاماردانی دەزگا سەرکوتکەرەکانی حکومەت و ناوەندەکانی جەندرمە لە ناوچەکەدا و هێڵی تەماسی نێوان شاری سابلاغ و سەردەشتی قرتاند، ڕاپەڕیوەکان لە

---

1- ابراهيم أفحمی، قيام ملا خليل و رد فرمان رضا خان، چاپ أول ، تهران، انتشارات محمدی، تابستان ١٣٦٨ ش، ص ٨
2- هەمان سەر چاوە، ل ٩.

ماوەیەکی کورت دا توانیان کۆنترۆڵی ناوچەکانی نێوان سابلاغ و سەردەشت بکەن و زیانێکی گەورەیان گەیاندە هێزەکانی حکومەت و پاشە کشەیان پێ کردن، لە راستی دا تەنینەوەی راپەرین بۆ ناوچەی (نەغەدە و خانە) دەسەلاتدارانی ئێرانی خستە دڵە راوکێ، چونکە حکومەت هێزێکی ساز و ئامادەی ئەو تۆی لە سابلاغ دانەبوو بەرەنگاری هەرەشەی راپەریوەکانی پێ بکاتەوە، بۆیە دەسەلاتداران بەمەبەستی کز کردنی تاوی راپەرین و نانەوەی دوبەرەکی لە ریزەکانیدا هەستان بە ئازاد کردنی هەندێك لە مەزنەکانی مەنگور لە زیندانەکانی حکومەت دا وەك (هەمزە ئاغا و حەسەن ئاغا) ، مەلا خەلیل گوێی نەدایە ئەم هەنگاوەی حکومەت و بڕیاری پەلاماری شاری سابلاغی دا، حکومەتیش دوای پێزایننی ئەم خواستەی مەلا خەلیل کەوتە رستنی تۆڕی پیلانێك، بۆ تیرۆر کردنی، بۆ ئەم مەبەستەش پیاوێکیان نارد بەناوی (سەید عەبدوڵلا) بۆ کوشتنی مەلا خەلیل، بەلام پیلانەکە ئاشکرابوو، سەید عەبدوڵلا گیراو لە سەردەستی یەکێك لە مەنگورەکان کە (سەید خدری کانی زەرد) ی بوو کوژرا [1].

دوای ئەم پیلانە مەلا خەلیل بڕیاری دا مەودای راپەرینەکەی فراوانتر بکات، هەر بۆیە یەکێك لە پیاوە باوەڕ پێکراوەکانی خۆی نارد (کوێخا عەبدوڵلا میراوەیی) بۆ لای (عەباسی مەحموود ئاغای) سەرۆك عەشیرەتی پشدەر لە کوردستانی باشوور داوای یارمەتی و بەشداریکردنی راپەرینەکەی لێکردن، عەباس ئاغا لە وەلامی ئەم داواکارییەدا ووتبووی: ئێمە ئێستا کە ناتوانین هیچ بەشداری و یارمەتییەکی راستەوخۆتان بکەین چونکە کاربەدەستانی ئینگلیزو حوکومەتی عێراق رێی کارێکی وانادەن بەلام لێنان روون بێت ئەگەر ئاگری راپەرین هەموو کوردستانی رۆژهەلات بگرێتەوە ئەوسا ئێمەش دێینە ریزەوە، ئەوەی ئێستا بتوانین بۆ تانی بکەین

1- محمود،سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٨.



تەنها ئەوەیە خوانەکا ئەگەر راپەرین شکستی خوارد ریگای پاشەکشەتان بۆ دابین بکەین [1]

هەر وەها دەووترێت کە مەلا خەلیل بە هیوای بە دەستهێنانی هاریکاری و پشتگیری پەیوەندی بە (شێخ مەحموودی بەرزنجی) شەوە کردوە، بەلام شێخ لە بەربارو دۆخی خراپی و کەمتوانایی لەو دەمەدا نەیپەرژاوەتە سەر پێشکەش کردنی هیچ هاوکاریەك [2].

بەهەر حاڵ مەلا خەلیل بڕیاریدا کە لە پەلاماردانی سابلاغ دوانەکەوێت، بۆ ئەمەش دوای ئەوەی هێزەکانی خۆی کۆ کردەوە و دەستێکی پێداهێنان لە سەرەتای کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٩ دا لە سێ قۆڵەوە (قازی ئاوا، نەدری و لاچین، تاوپرانی) پەلاماری شارەکەی دا، چەند پێکدادنێکی خوێناوی لە نێوان هێرشبەران و هێزەکانی حکومەت دا قەوما، هێزە ئێرانییەکان لە ژێر فەرماندەیی (ئەمیر خوازاعی) دا بوون، لە ئاکامی ئەم پێکدادانە دا ژمارەیەکی زۆر لە هەردوو لاکوژرا کە لە نێوانیان فەرماندەی هێزەکانی جەندرومەی سابلاغ (ئیسماعیل ئاغای قەلا بیگی) بوو [3]، هەر چەندە سوارە هێرشیەرەکانی مەنگور ئازایەتیەکی کەم وێنەیان نیشان دا بەلام شارەکەیان بۆنەگیراو ئابلۆقەکەیان شکاندو پاشەکشەیان کرد، بێ گومان سەرماو سۆڵەی زستان و بێ ئازووقەیی و سروشت و پێکهاتەی نانیزامیانەی راپەریوەکان رۆڵی خۆی لەم مەسەلەیەدا بینی.

دوای ئەو رووداوانە ئەنجومەنی بەرزی ئێرانی بە پەلە داوای (عەلی بەگ) نوێنەری حکومەتیان لە شاری سابلاغ کرد، عەلیبەگ کە چووە تاران چاوی بە رەزاشا کەوت، و شا دەربارەی هۆکارەکانی راپەرین لە گەڵی دووا،

1- هەمان سەر چاوە، ل ٢٤٩

2- هەمان سەر چاوە، ل ٢٥٠.

3- ابراهیم ، سەر چاوەی پێشوو، ل ٢٢.

عەلی بەگ لە قسەکانیدا ڕایگەیاند کە ئەو بڕیارەی حکومەت لە لایەك و ڕەفتارە توندو تیژەکانی ئەمیر خوازاعی لە لایەکی ترەوە فاکتەری سەرەکی ڕاپەڕینەکەن، ڕەزا شا داوای لە عەلی بەگ کرد کە هەموو هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ تەوەکا عەشیرەتە گەورەکانی کوردستانی وەك (مامش، دیبوکری) هتد بچینە پاڵ ڕاپەڕینەکە، هەر وەها ئامۆژگاریشی کرد کە سیاسەتێکی نەرم بە رامبەر ئەو عەشیرەتانە بگرێتە بەرودەمی سەرۆکەکانیان چەورکات، هەوڵی خێراش بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەرینی مەنگورەکان بدات [1].

## شکستی ڕا پەڕین:

بەم شێوەیە هەر دوای گەڕانەوەی عەلی بەگ لە تاران، کەوتە پەیوەندیکردن بە ئەو سەرۆك عەشیرەتە کوردانەی کە سەر بە حکومەت بوون و دژایەتیان لە گەڵ مەنگوردا هەبوو، وەك (قەرەنی ئاغای مامش و ئەسعەد ئاغای دیبوکری) ، بە هۆی ئەمانەوە توانی نزیکترین پالپشتی مەلا خەلیل کە (بایز ئاغا) بوو، رازی بکات بداتە پاڵ حکومەت.

ئەمەش دوای ئەوەی کە بایز ئاغا چاوپێکەوتنێکی لە گوندی (ئامید) لە گەڵ ئەمیر خوزاعی دا سازدا و زانیارییەکی زۆریشی لە سەر توانا و ژمارە و شوێنی ڕاپەڕیوەکان پێدا . ئەم هەلوێستەی بایز ئاغا و پاشەکشەی لایەنگرەکانی لە ڕاپەڕین خزمەتێکی گەورەی بە ئامانجەکانی حکومەت کرد، ئەو حکومەتەی کە لە بەرواى (١٠) ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٩ دا بەیاننامەیەکی بە ژمارە (٤٨٨٧) دەکرد، کە تیایدا لێخۆش بوونی خۆی بۆ ئەوانە ڕاگەیاند کە سەنگەری بەرگری بە جێ دەهێڵن و دەگەڕێنەوە شوێن و جێگەکانیان و ژیانی ئاسایی خۆیان دەبەنە سەر، هەر وەها هەڕەشەیەکی توندو تیژیشی ئاراستەی ئەوانە کردبوو کە بەردەوام دەبن لە سەر بە گژدا چونەوەی فەرمانەکانی حکومەت و سەر بۆ دەوڵەت شۆڕناکەن، بەیاننامەکە

1- هەمان سەر چاوە، ل ٢٦.



ماوەیەکی کەمی دانابوو کە تیایدا ڕاپەڕیوەکان بە خۆیاندا بچنەوەو بڕیاری خۆیانی لێبدەن [1].

ئەم بەیاننامەیە کارێکی نێگەتیڤی کردە سەر ریزی ڕاپەڕیوەکان و بە شێکیان سەنگەریان چۆڵ کرد، حکومەتیش هێزێکی چوار هەزار (٤٠٠٠) کەسی ناردە سابلاغ و (سەرهەنگ حەسەن موقەدەمی ناسراو بە زەفەر ئەلدەولە) ی لە شوێنی ئەمیر خوازاعی کردە لێپرسراوی گشتی ئۆپەراسیۆنی سەر کوتکردنی ڕاپەڕینی مەنگورایەتی [2].

هەر بەگەیشتنی زەفەر ئەلدەولە بۆ سابلاغ بەیاننامەیەکی لە ئاداری ١٩٢٩ بە ژمارە (٣١١٩) بلاو کردەوە تێیدا هاتبوو کە ناوچەی مەنگورایەتی بە هۆی خراپی سەرۆکەکانییەوە تووشی بەرەلایی و ئاژاوە بووە، مەنگورەکان پیویستە لە ماوەی پێنج ڕۆژی داهاتوودا سەرۆکێکی تازە هەلبژێرن و سەر بۆ داواکارییەکانی حکومەت دانەوێنن، لە گەڵ ئەم بەیاننامەیەو هێزەکانی حکومەت کەوتنە جموجۆڵ، بۆ یەکەم جار هێزی ئاسمانی ئێرانی هێرشی و ێرانکارییانەی کردە سەر ماڵ و حاڵی مەنگووریان و زەرەرو زیانێکی زۆری بێ گەیاندن و ژمارەیەکی زۆریشی لێ کوشتن، ئەم پەلاماردانە هەڕەمەکیەی فڕۆکە ئێرانییەکان، خێزانەکانی مەنگوری نا چار کرد تا کێلگە و لەوە ڕگاکانیان جێ بهێڵن و بە مەبەستی خۆپارێزی ڕوو لە چیا نزیکەکان بکەن [3] .

لە لایەکی ترەوە حکومەت هانی هەندێ عەشیرەتی دژ بە مەنگوریەکانی دا کە ئەم هەلە لە دەست نەدەن و بکەونە تالانی مەنگورەکان، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی مەنگورەکان شوێنە سەختەکانیان چۆڵ کەن و بە

1- هەمان سەر چاوە، ل ٢٧

2- هەمان سەر چاوە، ل ل ٢٨ – ٣٤.

3- هەمان سەر چاوە ، ل ٣٥.

مەبەستی بەرگری لە ماڵ و حاڵیان لە گەڵ ئەو عەشیرەتانەو هێزە سەربازییەکانی حکومەت بکەونە شەڕی دەستەو یەخەی‌نا بەرامبەرەوە کە تێیدا باڵا دەستی هێزەکانی حکومەت بە ئاسانی هەستی پێدە کرا جا چ لە ڕووی ژمارەوە یا خود جۆری چەك و دیسپلین دا، بێ گومان ئەم شەڕە کە لە ناوچەی (کوێستانی بۆ گەینوەیی) قەوما چارە نووسی ڕاپەڕینی مەنگورایەتی دیاری کرد کە ئاکامەکەی بە دامرکاندنەوەی ئەو ڕاپەڕینەو شکستی کۆتایهات، هەر چەندە ڕاپەڕیوەکان زۆر ئازایانە دەجەنگان بەڵام لە ژێر هێرشی بەردەوامی سوپاو جاشداو پەلامارو بوردومانی تۆپ و فڕۆکە خۆیان پێڕانە گیراو بەرەو سەردەشت لە پردی (قەلا تاسیانەوە) پاشە کشەیان کرد[1] .

هێزەکانی حکومەت دەرفەتی ڕاپەڕیوە شکستخواردووەکانیان نەدا تا هێزێکیان پیا بێتەوە و ڕاستەو خۆ بەرەو سەر دەشت کەوتنە ڕێ و گرتیان، مەلا خەلیل لە ژێر فشاری هێزەکانی ئێران دا سنوری بەزاندو هاتە خاکی عێراقەوە[2]، بەم جۆرە ڕاپەڕینەکە کۆتایهات لە ڕێی تووندو تیژییەکی کەم وێنە لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە، بەڵام ئەو سەرئێشەی کە ڕاپەڕینەکە بۆ حکومەتی دروستکرد وای لە دەسەڵاتداران کرد کە لە پیادەکردنی بڕیاری قەدەغە کردنی پۆشینی جل و بەرگی میللی لە بڕێتی بەرگی ئەورووپی و کڵاوی هەندێك چاوپۆشی بکەن بە تایبەتی لە دەرەوەی شارەکان و ئەو ناوچانەی لە ژێر سایەی عەشیرەتە کوردییە مەزنەکاندا بوون[3].

1- هەمان سەر چاوە، ل ٣٦.

2- محمود ، سەر چاوەی پێشین ، ل ٢٤٩.

3 ئەم بابەتە لە گۆڤارا: زانکۆیا دهۆك ،هژمار ١ ، پەربەندا ٣ ، کانونا ئێکێ ٢٠٠٠ بڵاوکراوەتەوە .



## ڕاپەڕینەکانی کورد دژ بە ڕژێمی شاهەنشاهیی پەهلەوی ئێران لە هەرێمەکانی ناوەڕاست و باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان

### یەکەم: ڕاپەڕینەکانی ناوچەکانی هەورامان و مەریوان[1]

وەك ئاشکرایە سیاسیەتی توندوتیژ و شۆفیینستی ڕژێمی ڕەزاشا پەهلەوی دژ بە گەلی کورد و عەشیرەتەکانی ، تۆوی ڕقوقینێکی قووڵی لە دڵی تەواوی چینوتوێژەکانی کۆمەڵگای کوردەوارییدا چاند. بۆیە جێگای سەرسوڕمان نییە کە نارەزایەتیی و جوڵانەوەی چەکدارییی دژی حکومەتی ئێران لە بەشێکی زۆری ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا سەرهەڵبدات .

عەشیرەتەکانی هەورامان و مەریوان بەسەرکردایەتیی ڕێبەرە بەناوبانگەکانیان وەك مەحمودخانی دزلیی( ١٨٧٠-١٩٤٦ ) و جافەرسانی هەورامیی ( ١٨٨٥-١٩٤٢ ) و مەحمود خانی کانی سانان ، لە بەهاری ساڵی ١٩٢٦ دا[2]، ئاڵای ڕاپەڕینیان دژی حکومەتی ئێران هەڵکرد .

لەهەمان کاتدا ، ڕووداوی سەرکەوتنی هێزەکانی حکومەتی عێراق و ئینگلیز بەسەر شێخ مەحمودی بەرزنجیی و گرتنی شارۆکەی پێنجوێن و پاشەکشێی شێخ مەحمود بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، بۆلای مەحمودخانی کانی سانان لە مەریوان[3]، دڵی کاربەدەستانی تاران و ناوەندەکانی

1 ناوچەی مەریوان لە باکورەوە بەدەرەی شلێری کوردستانی عێراق ، لە باشوورەوە بە ناوچەی پاوە ، لە خۆرهەڵاتەوە بە ناوچەی سنەو لە خۆرئاواوە بە کوردستانی عێراقەوە بەستراوە، ڕووپێوی کۆنی (٣٨٢٨کم٢) و ناوەندەکەی شاری مەریوانە کە ٣ کم لە گۆلی (زرێوارە) وە دوورە و (١٢٧٣) مەتر لەڕووی دەریاوە بڵندە ، ناوچەیەکی سەخت و لێڕەوار و کوێستانە .

2 ڕاپەڕینەکانی باشوری کوردستانی ئێران ، ڕۆژنامەی کوردستان ، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، ژمارە ٨١ ، ژانویە ١٩٨٢ .

3 د. وليد حمدي ، الكورد و كوردستان في الوثائق البريطانية ، دراسة تأريخية وثائقية ، بيروت ، ١٩٩١ ، ص ١٨ .

حکومەتی ئێرانی داخورپاند . دڵەڕاوکێی حکومەتی ئێران لە شوێنی خۆیدا بوو ، چونکە دوای هاتنی شێخ مەحمودی بەرزنجیی رابەری جوڵانەوەی سەربەخۆخوازیی نیشتمانیی کورد بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان ، تا رادەیەکی زۆر هەستی نەتەوەیی کوردیی لەو پارچەیەی کوردستاندا هەژاند و بەشێك لە سەرۆك عەشیرەتەکانی کوردیی لەدەور کۆبوونەوە . وێڕای ئەوەش هێشتا شێخ مەحمودی بەرزنجیی خوازیاری بەرپاکردنی جوڵانەوەیەکی چەکدارانە و درێژەپێدانی راپەڕین نەبوو لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا . بەڵام حکومەتی تاران لە لایەن خۆیەوە سێ تیپی پیادەی هێزی سەربازیی لە ماوەی ٤٨ کاژێردا رەوانەی شاری سنە کرد تاوەکو نەهێڵێت بکەوێتەدەست سەرۆك عەشیرەتە راپەڕیوەکانی ناوچەکە . دواتریش هێزێکی سوارەی لە ئەیلولی ساڵی ١٩٢٦دا رەوانەی ناوچەکە کرد [1]. هەروەها داوای لە هێزەکانی خۆی لە شاری تەورێزی سەنتەری ئازەربایجانی رۆژهەڵات کرد ، بەمەبەستی گێڕانەوەی دەسەڵاتی حکومەت بۆ ناوچە کوردییەکان پێشرەویی بکەن . هێزە ئێرانییەکان توانیان هەردوو شارۆکەی بانە [2] و سەردەشت بگرنەوە کە لەسەرەتای ئەو ساڵەدا ، لەلایەن کوردە راپەڕیوەکانەوە لەشکری ئێرانی لێ دەرپەڕێنرابوو [3] .

---

[1] Hasan Arfa, The Kurds. A Historical study, London , 1970 , P. 65.

[2] مەحمود خانی کوڕی فەتاح خان کە یەکێك بوو لە سەرۆك خێڵە ناسراوەکانی بانە لەم قۆناغەدا دژی حکومەتی ئێران راپەڕیبوو و هێزەکانی لە گوندی ( تاژان ) نزیك بانە گرد کردبووەوە ، سەرهەنگ مەحمود ئاغای فەرمانداری ئێرانی لە بانە ، هێزێکی ئێرانی بە سەرکردایەتی ( یاوەر میرزا حسن خانی سیاپۆش ) ناردە سەر مەحمود خان و دوای کوشتنی مەحمودخان ، راپەڕینەکەشی کۆتایی هات . بڕوانە : محمد رئوف توکلی ، کردستان . جغرافیا و تأریخ بانە ، چاپ دوم ، ب.ج ، ١٣٦٣ش ، ص ١٨٣ .

[3] Arfa , Ibid , p.65 .



لە راستییدا ، حکومەتی ئێران پێویستی بە کاتێکی زیاتر و هێزێکی گەورەتر بوو تا دەسەڵاتی خۆی بۆ تەواوی ناوچەکە بگێڕێتەوە . هەربۆیە تا بەهاری ساڵی نوێ چاوەڕێی کرد و هەڵمەتە سەربازییەکەی وەستاند و کەوتە رێکخستنەوە و دەستپێداهێنانەوەی هێزەکانی و ئامادەکردنی ئەو چەند لکە سەربازییەی لە تارانەوە هاتبوونە هەمەدان ، بەمەبەستی چەککردن و سەرپێدانەواندنی تەواوی خێڵەکانی کورد و دامەزراندنی بنکە و بارەگا و داب‌ودەزگاکانی دەسەڵاتی ناوەندیی تاران لە ناوچەکە ، لەسەر توانەوەی بەفری چیاکان وەستابوو ، تا لە بەهاری ساڵی ١٩٢٧ دا پەلامارە سەربازییەکانیان دەستپێبکەنەوە [1].

تەواو لەم کاتەدا بوو کە رەزاشا پەهلەوی ( جەنەڕاڵ عەبدوڵڵا خان تەهماسبی ) ناردە کوردستان تا لەگەڵ سەرۆك خێڵەکانی کورد دا گفتوگۆ بکات و رازییانکات بەوەی بەرهەڵستیی هەڵمەتە سەربازییە چاوەڕوانکراوەکەی لەشکری شاهەنشاهیی نەکەن و گوێڕایەڵی خۆیان بۆ دەوڵەت راگەیەنن [2] . لەو لایەنەشەوە جەنەڕاڵ تەهماسبی توانی چەند سەرکردەیەکی وەکو جافەرسانی هەورامیی و مەحمودخانی دزڵیی بەلای خۆیدا راکێشێت ، ئەو بەڵێنی ئەوەی پێدابوون کە چەکەکانیان لێنەستێنێت و ئەندامانی خێڵکانیش راپێچی ئیجبارییی [3] نەکات و دەست لە کاروباری

---

[1] Ibid , p.65.

[2] Ibid , p.65.

[3] رەزاشا لە بەرواری ٦ی حوزەیرانی ١٩٢٦ یاسای بەزۆر خزمەتی سەربازیی دەرکرد . (بلوریان ) دیمەنێکی شێوازی سەربازگیری لەشاری مەهاباد دەگێڕێتەوە: ((ئەوکات مەهاباد قشڵەی سەربازی نەبوو، ئیجبارییەکانیان لەمزگەوتی(هەباس ئاغا) کۆدەکردەوە. خەڵك فرە بەپەرۆش‌و نیگەران بوون، لایان وابوو رۆڵەکانیان کەچوون بۆ سەربازی ئیتر ناگەڕێنەوە. جا بۆیە رۆژانە لەبەر دەرگای مزگەوت حەشرێك بوو کەس نەیبینیبێ لەو هەنگامەیەدا گابۆری دایك‌و خوشکان دەگەیشتە ئاسمان، هەر کەسەربازە هەڵبژێردراوەکانیان بەسواری (لۆری) رەوانەی ورمێ دەکرد، گریان‌و

نێوخۆیی ناوچەکە وەرنەدات [1]. وێڕای ئەوەش هێشتا چەند سەرەك خێڵێکی وەك مەحمود خانی کانی سانان و چەند سەرەك عەشیرەتێکی ناوچەی رەزاوی باکووری هەورامان ، ئامادەنەبوون گوێ بۆ داخوازییەکانی تەهماسبی شل کەن و لە راپەڕینی خۆیان بەردەوام بوون . هەر بۆیە حکومەتی ئێران لە ناوەڕاستی بەهاری ساڵی ١٩٢٧ دا هێزەکانی خۆی کردە دووبەشەوە: هێزی یەکەمیان بەسەرکردایەتی ئەفسەرێکی ئێرانی بەناوی ( شابەختی ) . هێزی دووەمیشیان خرایە ژێر فەرماندەیی ( سەرهەنگ نەصرەت الله افخمی ) [2]. جەنەڕاڵ تەهماسبی سەرکردەی گشتی هێزەکانی باکووری رۆژئاوای ئێران ، هێزێکی گەورەی لە مایسی ١٩٢٧ دا لە شاری سنەوە ناردە سەر مەریوان کە لە ٢٥٠٠ سەرباز و دەرەجەدار پێکهاتبوو . مەحمود خانی کانی سانان بێهودە هەوڵی وەستاندنی ئەم هێزە ئێرانییە پەلاماردەرەی دا بۆئەوەی رێگای نەدات بەرەو مەریوان پێشڕەویی بکات . پاش تێکهەڵچوونێکی خوێناویی ، مەحمودخان نەیتوانی چیدی لەبەر فشاری هێزە ئێرانییەکە خۆی رابگرێت و بەناچاریی بەرەو باشووری کوردستان پاشەکشەی کرد و خۆی دابە دەستی هێزە سنوورییەکانی حکومەتی عێراقەوە [3].

لەخۆدان دەگەیشتە ئەوپەری خۆی)). هەر بۆیە خەڵکی کوردستان ناهەقیان نەبوو کە بەگۆرانی دەیانگوت:

کوڕم گەورە کرد بەقەندی شاری — رەزا شا بردی لەبۆ ئیجباری
یاخودا رەزاشا تەختت وەرگەڕێ — ئیجباری کوردی دەبا بۆ شەڕێ

بلوریان، ئاڵەکۆك . بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم ، ستوکهۆڵم ، ١٩٩٧.، ل١٣ . د. قاسملو، چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی ، کورتەیەك لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، بەرگی یەکەم ، چاپی دووەم ، ١٩٨٨.، ل٢٥.

[1] .Ibid , p.65.

[2] محمد رئوف توکلی ،سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٨٦.

[3] د. ولید حمدي ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٣٩٥ .



لەم ماوەیەدا ، شێخ مەحمودی بەرزنجیی کە لە مەریوان بوو ، بە ناچاریی بەمەرجەکانی دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە عێراق رازیی بوو و مەریوانی بەجێهێشت و گەڕایەوە عێراق [1]. لەشکری ئێران دوای ئەوەی هێزەکانی خۆی لە مەریوان چەسپاند ، بەرەو ( رەزاو ) بەڕێکەوتن و پاش پێکدادانێکی خوێناوی کەوەك ( ئەرفەع ) دەڵێت کەمێك لەو هەڵمەتەی پێش خۆی سووکتر بوو [2]، توانیان دەسەلاتی رژێمی شاهەنشاهیی لەوێش بچەسپێنن .

حکومەتی ئێران لەم قۆناغەدا سەرقاڵی کێشە و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکانی خوزستان و لوڕستان و هەرێمە سنوورییەکانی ئێران– ئەفغانستان بوو . لەبەر ئەوە سیاسەتێکی هێمنکەرەوەی لەهەمبەر راپەڕینەکانی هەورامان و مەریوان گرتبۆبەر و لەم قۆناغەدا سەبارەت بە چەککردنی خێڵەکان و سەپاندنی ئیجباریی و رێگریی لە پۆشینی جلوبەرگی نەتەوەیی زۆر پێیدانەدەگرت [3]. بەڵام هەر ئەوەندەی توانی بەسەر ئەو گرفتانەدا زاڵبێت ، ئیدی کەوتەوە پیادەکردنی توندوتیژیی و ئەنجامدانی پەلامارە سەربازییەکانی بۆ سەر کوردستان . ئەوەش بووەهۆی ئەوەی کە مەحمودخانی دزڵیی و مەحمودخانی کانی سانان بە ناچاریی جارێکی دیکە دژی رژێمی شاهەنشاهیی راپەڕن . ئەو رژێمەی هێزەکانی لە سنەوە بەمەبەستی سەرکوتکردنی راپەڕیوەکان ، رەوانەی هەورامان کرد . هێزەکەی سوپای ئێران لە سێ لکی پیادە پێکدەهات ، لەگەڵ پۆلێکی سوارە کە لە دوو لك و یەکەیەکی تۆپخانەی چیایی پێکهاتبوو ، ئەوانە پەلاماری

[1] بۆ زیاتر : عزیز الحاج ، القضية الكوردية في العشرينات ، الطبعة الثانية ، بغداد ، ١٩٨٥ ، ص ١٠٩–١١٠ .

[2] Arfa , Opcit , p.65 .

[3] د. ولید حمدي ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل 395-396 .

**خۆیان دەستپێکرد و داوای یارمەتیشیان لە دوو لکی ئەو پۆلە سوارەیە کرد کە لە سەربازخانەی دزڵیی و سەردەشت جێگیر بوون [1].**

**بەم شێوەیە هێزەکانی لەشکری شاهەنشاهیی لە نیوەشەوی ٢٤ی بەفرانباری ساڵی ١٣٠٩ هەتاویی بەرامبەر بە ١٤ی کانونی دووەمی ١٩٣١ پەلامارێکی سەرتاسەرییان کردە سەر هێزەکانی مەحمودخان دزڵیی و ناچاریان کرد پاشەکشە بکات بۆ باشووری کوردستان و خۆیدا بەدەستی هێزەکانی عێراقەوە و وەك گیراوێکی سیاسیی رەوانەی زیندانی کەرکوکیان کرد[2].**

**ئەم جارە حکومەتی ئێران کردیە سەر جافەر سان و داوی لێکرد چەکەکانیان تەسلیم بکەن . لەم بارەیەوە رۆژنامەی ( ژین ) لە ژێر سەردێڕی "حادثەی ئیران و جعفرسلطان " دا نووسیویەتی :" لە طرف حکومت علیە ایرانە وە طلبی اسلحە لە جعفر سلطان کرا جعفر سلطان موافقتی ام طلبە ی نکرد و لەبر امە حکومت علیە ایران عسکریکی زۆری سوق کردە سر جعفر سلطان مقابلە و مصادمیان بوو جعفر سلطان بەشدت لە تحت تضیق و محاصردایە بو امەی کە لە حدود عراق دا اختفا نکا لە طرف جیش عراقەوە دو سریە عسکر سوق حدود ایران کراوە "[3].**

**لەم پەلامارانەدا تیپێکی سەربازیی ئێرانی لە کرماشانەوە بە فەرماندەیی ( جەنەڕاڵ رەزم ئارا ) بە هەماهەنگیی ئەو هێزانەی لە سنەوە رەوانەکرابوون ، لەگەڵ جافەرساندا شەڕێکی خوێناوییان هەڵگیرساند و فشارێکی توندیان بۆ هێنا ، بەشێوەیەك نەیتوانی خۆ لەبەرمبەریاندا رابگرێت . ناچار جافەر سان و دوو کوڕەکەی و ئەفراسیاوبەگی رۆستەم**

[1] **هەمان سەرچاوە ، ل ٣٩٦ .**
[2] Arfa , Opcit ,p66 .
[3] **`ژین ، ساڵی ٦ ، ژمارە ٣٠٥ ، ٢٤ی کانون اول ١٣٣١ .**



**بەگ و زیاتر لە ٣٦ کەس لە هاوەڵانی ، پاشەکشەیان کرد بۆ چیا سنوورییەکانی ئێران–عێراق [1].**

**لە دۆکیونێنتێکدا ، کە دەقی نووسراوی قائمقامی هەڵبجەیە و لە بەرواری ١٩٣١/١٢/٢١ دا نووسراوە و لێرەدا بۆ یەکەم جار بڵاوی دەکەینەوە ، سەبارەت بە جافەر سان هاتووە :**

**١– جافەر سان و کوڕەکانی و ژمارەیەك لە لایەنگرانی چوونەتە گوندی ( کیرنانە ) و ( بوبن ) کە دەکەوێتە بەری عێراقی کەناری رووباری سیروان و لە نێو سنووری عێراقدان .**

**٢– ئەفراسیاوبەگ کە هانای بردۆتە بەر حکومەتی ئێران و ٨٠ تفەنگی تەسلیم کردوون دەیەوێت بچێتە گوندی ( هانە گەرمەڵە ) لە ناحیەی خورماڵ بەمەبەستی سەردانی زۆرابی کوڕی تا هاتنی هێزە ئێرانییەکان .**

**٣– بەڕێوەبەری ناحیەی خرماڵ پێی راگەیاندم کە هێزە ئێرانییەکان گوندی هانە گەرمەڵەیان داگیرکردووە و تائێستاش شوێنی ئەفراسیاوبەگ دیار نیە ".**

**لە راستییدا تا ماوەیەکی زۆریش هەردوو حکومەتی ئێران و عێراق چارەنووسی جافەرسانیان نەدەزانی و ئێرانییەکان گەڕیان بە لێپرسراوانی عێراق دەکرد کە جافەرسانیان تەسلیم بکەنەوە ، هەر لەم بارەیەوە دۆکیومێنتێکمان لەبەردەستە کە نووسراوێکی موتەسەریفی سلێمانییە و لەبەرواری ٣ی ئاداری ١٩٣٣دا نووسراوە و لێرەدا بۆ یەکەمین جار بڵاوی دەکەینەوە ، کە تێیدا هاتووە:**

**١– ئێران دەڵێت گوایە جافەرسانی هەورامی لە عێراقە و لە لیوای سلێمانی خۆی حەشارداوە ، بەڵام دوای خۆ بەدەستەوەدانی جافەرسان دەرکەوت کە**

[1] **بۆ زیاتر لەبارەی جافەرسانەوە بڕوانە : د. موکەرەم گالبانی ، چەکێك لە ژیانی جافەرسانی هەورامان ، رەنگین – گۆڤار ، ژمارە ٥٧، ساڵی ١٩٩٣ ، ل ٦–٧ .**

**ئەو ماوەیە لە دیوی ئێرانی چیای ( بەمۆ ) ی نزیکی خانەقینی لای سنووری ئێران بووە و دوو کوڕەکەشی کە لە ڕێگای خانەقین –بەغدا ، خۆیان بەدەستەوە داوە پێشتر لە ناوچەکانی کەرەند و قەسری شیرینی ئێران لە هاتوچۆدا بوون .**

**٢– پرۆپاگندەکانی ئێران سەبارەت بە خۆحەشاردانی ئەفراسیاوبەگ لە خاکی عێراق بەربڵاون . بەڵام لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە ئەفراسیاوبەگ لەگەڵ سۆق بەگی وەڵەدبەگیدا لە نێوئێراندان "[1].**

**بەم چەشنە دوای هاوکاری هێزە سنوورییەکانی عێراق و ئێران ، ڕاپەڕینەکانی هەورامان و مەریوان سەرکوتکران و جافەرسانی هەورامایش لەلایەن حکومەتی عێراقەوە وەك زیندانی سیاسیی دەستبەسەرکرا و سەرەتا ڕەوانەی شاری ڕومادی لە باشووری عێراق و دواتر بۆ شاری کەرکوك دوور خرایەوە .**

**دووەم : ڕاپەڕینەکەی حەمەڕەشیدخان و هەراکەی سەردەشت**

**د.قاسملو نووسیویە:" حەمەڕەشیدخانی بانە لە ساڵی ١٣٠٣ وە تا ١٣٠٩/ واتە ١٩٢٤تا ١٩٣٠ –تویژەر/ هێندێك عەمەلیلتی نیزامی لە ناوچەی بانە دژی لەشکری ئێران دەستپێکرد "[2] . شایەنی باسە ، وێڕای ئەوەی ڕۆڵ و تێکۆشانی حەمەڕەشیدخانی بانە دژی حکومەتی ئێران زیاتر لە ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا بەرچاوە ، بەڵام سەرتای ململانێی لەگەڵ ڕژێمی پەهلەوییدا بۆ ناوەڕاستی بیستەکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە .**

[1] **ناوەندی نیشتمانی بۆ پاراستنی دۆکیومێنتەکان لە بەغدا، پەروەندە :٣١١/٨٢٤ ، زنجیرە : و–٤٢ ، مێژوو : ١٩٣١/١٢/٢١ ، ل ٥٤ .**

[2] **د. قاسملو، چل ساڵ خەبات ، ل ٢٢.**



**حەمە ڕەشید خان ( ١٨٩٨–١٩٧٤ ) کوری قادرخانی عەبدوڵلا بەگی بارام بەگە لەبەگزادەکانی شاری بانەن لەگوندی (شیوە گوێزان)ی ناوچەی شلێر لەدایك بووە، دوای مردنی باوکی ساڵی ١٩٢٥ بووە گەورەی بنەماڵەکەیان و موڵکێکی زۆریان لەگوندەکانی :وێنە، داروخان، کانیبی ، براله ، سەربراله ، نەتور ، بوێن ، بن خوی ، میراوە ی نێوان بانەو پێنجوینی کوردستانی عێراقدا هەبوو، وەك میرزا مەنگوڕی دەڵێت (( کەسێکی زۆر لێ هاتوو ازاو لەشەڕ زانەو فەرماندەیەکی زۆر چاك بوو بەپیلان بوە بێ ئەوەی کەلەهیچ مدرەسەیەکی عسکری فنی تخطیطو نەخشەسازی وەرگرتبێ لەزۆر پیلانی عسکریدا پێش پیلانی ئەفسەرەکانی ئێرانی دەکەوتەوە)) [1].**

**ڕەزاشای پەهلەوی کە لە پێناوی سڕینەوەی دەسەڵاتە خۆجێییەکان و سەپەندنی دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەگەرمی هەڵدەسوڕا، بڕیارییدا لە ساڵی ١٩٢٥ دا هێزێکی ٢٠٠٠ کەسی لەشکری شاهەنشاهیی بە فەرماندەیی( سەرهەنگ مهدی قلیخان ) بنێرێتە سەر حەمە ڕەشید خان ، ئەو هێزەی کە ژمارەیەك لە نەیارەکانی حەمە ڕەشید خانیشی پێوە پەیوەستبوون . دوای ئەوەی هێزەکە گەیشتە بانە ،بەمەبەستی شەبەیخوون ویستی بەرەو گوندی ( نەنور ) پێشڕەویی بکات ، حەمە ڕەشید خان کە ئاگاداری مەبەستی لەشکر بوو ، خۆی بۆ مەڵاسدان و هێزەکانی ئێرانی لە بۆسەیەکدا تێکترشان و ناچاری کردن هەڵبێن [2]. دوای ئەم شکستە ، ڕەزاشا بڕیاری لابردنی ( سرهنگ مهدی قلیخان ) ی دا ( نصرت الله خان افخمی ) خستە شوێنی [3].**

[1] **بڕوانە:**

**مەنگوڕی، میرزا محمد امین، بەسەرهاتی سیاسی کورد. لە١٩١٤ وەهەتا ١٩٥٨، بەشی یەکەمی، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل١٩٤،١٨٨.**

[2] **محمد رئوف توکلی ،سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٨٤ .**

[3] **هەمان سەرچاوە ، ل ١٨٥ .**

دروست لەم کاتەدا بوو کە هەرایەك لەسەردەشت پەیدابوو . هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە حکومەتی ئێران دەستی بەسەر چەند پارچە زەوییەکی کشتوکاڵی گوندەکانی ناوچەی رەبەت و سوێسنایەتیی گرتبوو . ئەو ناوچانەی کە موڵکی عەشیرەتی پشدەری دانیشتووی ئەو دیو سنووری عێراق بوون . پشدەرییەکان بۆ ئەو مەبەستە چەند نێردراوێکیان ناردە لای ئێرانییەکان تا لەو کێشەیە بکۆڵنەوە [1]. بەڵام حکومەتی ئێران ئەو نێردراوانەی قۆڵبەستکردن . ئەو کارەی بووە هۆی هوروژاندنی پشدەرییەکان و وای لێکردن لە بەهاری ساڵی ١٩٢٧دا بە ٣٠٠٠ چەکدارەوە سنوور ببەزێنن و پەلاماری هێزەکانی سەر سنووری ئێران بدەن و هەتا ناو شاری سەردەشتیان راونێن و گەمارۆ بخەنە سەر سەربازخانەی سەردەشت کە ( سرتیپ علی اصغرخان ) فەرماندەی بوو [2] .

فەرماندەی سەربازخانەی سەردەشت بەپەلە داوای پشتگیریی لە بانە کرد . هەربۆیە نصرت الله خان افخمی بە خۆی و ٥٠٠ لە سەربازەکانی بۆ پشتگیریی علی اصغرخان و شکاندنی گەمارۆکەی سەری بەرەو سەردەشت کشان . بەڵام کە گەیشتن سەرهەنگ صرت الله خان بۆی

---

[1] لە دەقی نامەیەکی سەفیری بەریتانی ( رۆبەرت کلایف ) لە ١١ی شوباتی ١٩٢٧ دا بۆ ( تەیمور تاش ) وەزیری دەرباری ئێرانی ، باس لە پشدەریەکان هاتووە کە لێرەدا بۆ یەمین جار بڵاویدەکەینەوە . کلایف دەڵێت:"حکومەتی عێراقو راوێژکارەکانی بۆ رێگرتن لە ئاڵۆز بوونی بارودۆخەکە لە لایەن عەشیرەتی پشدەرییەکانەوە ، رێکەوتنیان پێ خۆشە . حکومەتی عێراق ئێستا چاوەڕێی ئەوناکات لەلایەن جافەرسانی هەورامانەوە ئاڵۆزی پەیدابێت ، بەڵام هێشتا لە پەیدابوونی ئاڵۆزیی خەتەرناك دەترسێت ، چونکە ئەم خێڵانە لە کاتی تواندنەوەی بەفر روو لە ئێران دەکەن ، هەر بۆیە حکومەتی عێراق دەترسێت ئاڵۆزیی ترسناك روویدات و حکومەتی ئێران لەگەڵ پشدەرییەکاندا رێکنەکەوێت . پێویستە شاندەکەی پشدەر سەلامەتی مسۆگەر بێت " . بڕوانە: ناوەندی نیشتمانی بۆ پاراستنی دۆکیومێنتەکان لە بەغدا، جوڵانەوکانی کورد ،پەروەندە: ٨١١/٨٢٢ ، زنجیرە : و– ٥ ، ل ١١.

[2] عبدالله احمد رسول پشدەری ، یادداشتەکانم ، بەشی یەکەم ، بەغداد ، ١٩٩٢ ، ل ٢٥٢ .



دەرکەوت کە ناتوانێت بە زەبری هێز گەمارۆی سەر پادگانی سەردەشت لابەرێت ، لەبەر ئەوە خۆی لە پەلاماری پشدەرییەکان پاراست .

حکومەتی ئێران کە هەل ومەرجەکەی بە زیانی خۆی دەدیت ، بۆ چارەسەرکردنی هەراکەی سەردەشت پەنای بۆ شێخ مەحمودی بەرزنجی برد کە ئەوکاتە لە مەریوان بوو و هێشتا بۆ عێراق نەگەڕابۆوە . شێخ مەحمود توانی سەرانی پشدەر وەك هەباس ئاغا و بابەکر ئاغا ، رازی بکات کە رێگە بدەن هێزە ئێرانییە گەمارۆدراوەکەی سەردەشت بەرو پادگانی مەهاباد پاشەکشە بکات و هەوڵی ئەوە بدەن لەگەڵ حکومەتی ئێران بە گفتوگۆ و بێ خوێن رشتن ، چارەسەری گرفتەکە بکەن [1]. ئەو هەوڵەی شێخ مەحمود سەرکەوتنی بەدەستهێنا . هەر بۆیە پشدەرییەکان دوای دوو مانگ دەستبەسەرداگرتنی سەردەشت و دەوروبەری ، ناوچەکەیان بەجێهێشت و گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان لە عێراق [2].

لەلایەکی ترەوە ، هەراکەی سەردەشت لاوازی سەربازیی حکومەتی ئێرانی نیشاندەدا ، هەر بۆیە ژمارەیەك لەو سەرۆك عەشیرەتانەی سەپاندنی دەسەڵاتی ناوەندییان لە ناوچەکانیاندا پێ خۆش نەبوو ، لە حەمەرەشیدخانی بانە کۆبوونەوە و هاتبوونە سەر ئەو باوەڕەی کە پەلامارێکی گشتیی بکەنە سەر هێزەکانی ئێرانی لە شاری بانە . حکومەتی ئێرانی پاش بیستنی ئەم هەواڵە ، بەپەلە بەیاننامەیەکی دەرکرد و بەتوندی هەڕەشەی لە هەر سەرۆك عەشیرەتێکی کورد کرد کە هاوکاریی حەمەرەشیدخان بکات .بێگومان ئەو بەیاننامەیە کاری خۆی کرد ، دواتر ( سەرلەشکر عەبدوڵڵاخان تەهماسبی ) هێزێکی بۆ ( سەرهەنگ محمود اغا ) رەوانە کرد کە زۆر نەبوو ببووە فەرمانداری بانە ، تا بە پەلە بکاتە سەر حەمە

---

[1] هەمان سەرچاوە ، ل ٣٠٠.

[2] محمد رئوف توکلی ،سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٨٥.

رەشیدخان ، حەمە رەشیدخان کە لە گوندی ( چیچوران ) ی نزیك بانە سەرەڕێی لە هێزە ئێرانییەکە گرت و ژمارەیەکی لیچکوشتن و ناچاری کردن بەرەو بانە بکشێنەوە . ئەوەی حکومەتی رەزاشای تووشی دڵەڕاوکێ کردبوو ، ئەوە بوو کە حەمە رەشیدخان کاربەدەستانی ئێرانی لە ناوچەکە دەردەپەڕاندن و هێندێکیانیشی کوشت وەك ( مەجیدخان ) سەرۆکی کۆمسیۆنی گومرگی لە گوندی ( کەریم ئاوا ) ی باشووری رۆژهەڵاتی بانە ، هەروەها ( میرزا فتح الله ) سەرۆکی شارەوانی بانە [1].

پاش بڵاوبوونەوەی ناوبانگی راپەڕینەکەی حەمە رەشیدخان ، رەزاشا بڕیاریدا بۆ خۆی سەرپەرشتیی کۆتایی بە کاری حەمە رەشیدخان بکات . هەر بۆیە هەموو ئامادەکارییەکی ئەنجامدا و دوو تیپی نادریی تایبەت بە هێزەکانی خۆی لە تارانەوە ناردە بانە . لەوێش لێپرسراوانی ئێرانی داوایان لەو سەرەك خێڵانە کرد کە نەیاری حەمە رەشیدخانن هاوکاری لەشکری ئێران بکەن . لەلایەکی دیکەوە حکومەتی ئێران پەیوەندی بە لێپرسراوانی حکومەتی عێراقەوە کرد کە هێزە سنوورییەکانیان بخەنە حاڵەتی ئامادەباشییەوە و رێگا نەدەن حەمە رەشیدخان بە ئارەزووی خۆی ئەمدیو و ئەودیوی سنوور بکات و پاش فشار خستنە سەری ، بوارێکی بۆ گەڕانەوە بمێنێت .

ئەم کارانەی رژێمی شاهەنشاهیی پەهلەوی بێبەر نەبوو .هەر بۆیە پاش دەستپێکردنی هەڵمەتە سەربازییەکە حەمە رەشیدخان دوای چەند تێکهەڵچوونێکی خوێناوی شکا و ناچار بەرەوسنووری عێراق پاشەکشەی کرد و لەوبەری سنووریش هێزەکانی عێراق چاوەڕێیان دەرکرد . حەمە

1 هەمان سەرچاوە ، ل ١٨٥–١٨٧.



رەشیدخان خۆی دا بەدەستی هێزەکانی عێراقەوە و وەك زیندانییەکی سیاسیی رەوانەی شاری موصل یان کرد[1] .

بەم شێوە پەردە لەسەر دیمەنی یەکەمی ململانێ و جوڵانەوەی حەمە رەشیدخان دژی رژێمی شاهەنشاهیی پەهلەوی لە ئێران دادرایەوە و تا رووخاندنی رژێمی رەزاشا لە ئابی ١٩٤١دا حەمەرەشیدخان لە زیندانەکانی عێراقدا مایەوە ، تا دواتر بە هاوکاری کۆمەڵەی ( برایەتی ) زیندانی شکاند و لەسەر سنووری عێراق– ئێران دەرکەوتەوە [2].

### سێهەم : راپەڕینی عەشیرەتەکانی لوڕستان

لوڕستان هەرێمێکە لە باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان و دانیشتوانەکەی بە ( لوڕ ) ناودەبرێن ، هەروەك چۆن بە دانیشتووانی هەورامان و موکریان دەگوترێت هەورامیی و موکریی . لوڕەکان لە رووی مێژوو و فەرهەنگ و کەلتور و زمانەوە لەکوردانی کرماشان جیاناکرێنەوە ، ئەگەرچی لە سۆنگەی دوورەپەرێزیی و لاچەپیی هەرێمەکەیان و لاوازی رەگەزەکانی راکێشانیان بۆ ناوەندی کوردستان و بزووتنەوە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکەی تا رادەیەك تایبەتمەندیی هەرێمیی خۆیان پاراستووە و لەگەڵ هەرێمەکانی دیکەی کوردستاندا جیاوازییەکیان هەستپێکراویان هەیە .

شایەنی باسە دانیشتووانی لوڕستان لە سەرتای سەدەی بیستەمدا بەسەر چەند خێڵێکدا دابەشبوون وەك :مامەسانی ، زەهاوی ، سوێەمیری ، وەندی ، کیوەگیلو ، دەلۆ ، کارێز ، ئەرکەواز ، پیرەوەند ، سەگوەند ، پابی ،

1 هەمان سەرچاوە ، ل١٨٧ .

2 بڕوانە: کریم زەند ، کۆمەڵەی برایەتی ، ژین – گۆڤار ، ژمارە ٨٥ ، ١٩٧٢/٩/١٤ .

چگنی ، جودەگی ، چەهارلنگ ، هەفت لنگ و چەند خێڵی دیکە ، کە هەر یەکەیان بە سەر چەندین تیرە و تایفە و بنەماڵەدا دابەشبوون [1].

سەبارەت بە ژمارەی دانیشتووانی لوڕستان ، جگە لەوەی هێندێك نووسەر و توێژەر باسیان لێوە کردووە ، چ ئامارێکی وورد و باوەڕپێکراومان لەبەردەستدا نیە. ( فیلْد ) ئەوانە لە ساڵی ١٨٨١ دا بە ٤٢١ هەزار کەس دەخەمڵێنێت [2]. توێژەر ( زوبێر بلال اسماعیل ) لوڕەکان و بەختیارییەکان پێکەوە بە ١٥٠٠٠٠٠ کەس لە قەڵەم دەدات [3]. ( جمال الوديعي ) بەتەنیا لوڕەکانی دامیشتووی خوڕەم ئاوا و بروجەرد و ئەلیگودەرز بە ٦٨٨٦٣٩ کەس لە قەڵەم دەدات [4].

وەك دیارە ڕەزاشا پەهلەویی دوای کودەتای ساڵی ١٩٢١ و وەك بەشێك لە ئامانجە شۆفێنییەکانی و بەهۆی گرنگیی شوێنی جوگرافیی کوردستان ، پێی لەسەر سەپاندنیی دەسەڵاتی ناوەندیی بەسەر ئەو ناوچەیە ودەستبەسەرداگرتنی زەوییە کشتوکاڵییەکان و چەککردنی خێڵەکان و لەناوبردنی دەسەڵاتی خۆجێ کە خۆی لە دەسەڵاتی ( غولام ڕەزای کوڕی حوسێن قولی خان ) میری پشتکۆی نەوەی ( شاوێردی خانی ) یەکەم میری میرنشینی لوڕستان دەبینییەوە . وەك مێژوونووسە ئێرانییەکان باسی لێوە دەکەن ، ڕەزاشا لەو پێناوەدا هیچ شێوازێکی توندوتیژی نەما نەیگرێتەبەر .

1 بڕوانە: على سيدو گورانى ، اللر و لرستان ، مجلة المجمع العلمي الكردي ، المجلد الثاني ، العدد الثاني ، ١٩٧٤ .

2 هنری فیلْد و ئی جەی ئار ، هۆزەکانی کورد ، وەرگێران و ئامادەکردنی : حسێن احمد جاف ، چاپخانەی دار الحريه ، ١٩٨٦ ، ل ١٦ .

3 زبير بلال اسماعيل ، مێژووی زمانی کوردی ، وەرگێڕانی : یوسف ڕەئوف عەلی ، بەغدا ، ١٩٨٤ ، ل ١٠٨.

4 جمال الوديعي ، قبائل ء عشائر اللر ، ترجمة : جلال وردة ، الثقافة = مجلة ، العدد ١٢، ١٩٨٠ ، ص ١٢٤ .



ئەو بەچەشنی بێگانەیەك مامەڵەی لەگەڵ لوڕەکان دەکرد کە شایەنی قەڵاچۆکردن بن .

لە هاوینی ساڵی ١٩٢٢دا ڕەزاشا ( سرتیپ محمد خان )ی سەرکردەی هێزەکانی ڕۆژئاوای ئێرانی وەك نوێنەری خۆی نارده لوڕستان و هێزێکی گەورەی خستە بەردەست و تەواوی دەسەڵاتیشی پێبەخشی تا ئەو عەشیرەتانە سەرکوت بکات کە ئامادەنیین سەر بۆ دەسەڵاتی ناوەندیی و دەزگاکانی ملکەچ کەن [1]. سرتیپ محمد خان بە توندوتیژییەکی کەموێنەوە کەوتە گیانی ئەو عەشیرەتانە و ژمارەیەکی لە سەرۆکەکانیان کوشت و زۆریشیانی ڕەوانەی زیندانەکانی تاران کرد و زەوی‌وزارەکانیشیان بە قازانجی شا و ئەفسەرەکانی لەشکر دەستیان بەسەرداگیرا[2].

ڕەزاخان کە نەیدەتوانی چاو لەو دەسەڵاتە بەرفراوانە بپۆشێت کە خێڵی بەختیاریی لە ناوچەکەدا هەیان بوو ، هەوڵیدا سەرەتا لە ڕێگای ڕاکێشانی ( سەردار ئەسعەد ) ی سەرکردەی ناسراوی بەختیاریی و پێدانی پۆستێکی وەزاریی لە دووەمین حکومەتەکەیدا [3]، ڕێگا بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوەندیی لە لوڕستان بکات . بەڵام کاتێك بۆی دەرکەوت کە خێڵەکانی ئەو ناوچەیە ئامادەیی ملکەچکردن نین ، پەلاماری سەربازی کردەسەریان کە تێیدا سووتاندنی گوندەکان و سەپاندنی سزای ماددیی و

1 ملك الشعراء بهار ، تأريخ مختصر احزاب سياسي ايران ، جلد اول ، چاپ دوم ، تهران ، چاپخانەو سپهر ، ١٣٥٧ش ، ل ٢٧١ .

2 فوزية صابر محمد،ايرلن بين الحربين العالميتين (١٩١٨–١٩٣٩) . تطور السياسة الداخلية، رسالة ماجستير غير منشورة،كلية الاداب ،جامعة البصرة ، ١٩٨٦، ص ١٨٧.

3 د.كمال مظهر أحمد ، دراسات فى تأريخ ايران الحديث والمعاصر ، بغداد ، ١٩٨٥، ص١٦٠ .

کوشتنی خەڵك و تەنانەت دەستدرێژیی بۆ سەر ژنان و ئابڕووتکاندنی لاوانی لوڕ وەك کارێکی ئاسایی ئەنجام دەدرا [1].

لەئاکامی ئەو پەلامار و سوکایەتییەی لەشکری ئێرانی بە دانیشتووانی ناوچەکە، زەمینەی ڕاپەڕینێکی گەورە لە نێو عەشیرەتی پیرەوەندی لەك دژی ڕژێمی شاهەنشاهیی رەخسا . ئەو ڕاپەڕینە لە لایەن ( قەدەم خێر )ە وە ڕێبەڕایەتی دەکرا ، ئەو ژنە لێهاتووە ئازایەی کە ( سەید موراد خانی ) برای و ( عەلی مەهخان ) ی مێردی بە فرتوفێڵ و پیلانی لەشکری ئێران لەنێوبران [2].

قەدەم خێر بڕوای بە خەباتێکی یەکگرتووی نەتەوەیی هەبوو دژی داگیرکەرانی کوردستان . بۆ ئەو مەبەستەش نامەیەکی ئاراستەی شێخ مەحمودی بەرزنجی ڕابەری جوڵانەوەی سەربەخۆخوازیی نیشتمانیی کورد لە باشووری کوردستان کردبوو . وەك دەگوترێت لەو نامەیەدا قەدەم خێر داوا لە شێخ مەحمود دەکات پێکەوە بۆ ئازادیی کوردستان تێبکۆشن و بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەش نەك تەنیا تەواوی توانای ماددیی و مرۆیی عەشیرەتەکەی ، بەڵکو خۆشی دەخاتە خزمەتی شێخ و ئامادەیە شووی پێبکات [3]. شێخ مەحمود لە وەڵامی ئەو نامەیەدا ، ئامادەیی خۆی بۆ

---

[1] فوزية صابر محمد ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٩٠ . مامەڵەی سوپاو دەستگاکانی حکومەتی ئێرانی لەگەڵ گەلی کورد وەك مامەڵەی هەر هێزێکی داگیرکەری کۆلۆنیالست بوو بەرامبەر کۆلۆنییەکەی‌و بگرە خراپتریش، پیتر اوری دەڵێت: ((داستانی سامناکت سەبارەت بەو ئەفسەرە ئێرانییانە گوێ لێدەبێت کەبەسەربڕینی لوڕەکان‌و کوردەکان سەری خۆیان گەرم دەکەن)).
پیتراوری، ، تأریخ معاصر ايران ، ترجمه : محمد رفيعی مهر آبادی ، جلد دوم، چاپ سوم ، انتشارات عطائی ، تهران ، تهران، نوروز ١٣٧٧ش،ص٦٢.

[2] میرزا کریم خۆشناو ، حسن زیرەك و هەندێك لە ڕووداوەکانی ژیانی ، بەشی دووەم ن بەغدا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی دارالقادسیه ، ل ٦٣ .

[3] محمد توفیق وردی ، قافلة الشهداء الأكراد والشعوب الأيرانية ، بغداد ، مطبعة اللواء ، ١٩٧٢ ، ص ٣٣.



هاوکاریی و پشتگیریی قەدەم خێر نیشاندابوو ، بەڵام ئەوەشی بۆ ڕوونکردبۆوە کە لەو ساتەدا بە هۆی سەرقاڵی بە شەڕکردن لەگەڵ هێزەکانی عێراق و ئینگلیز لە باشووری کوردستان ، شتێکی ئەوتۆی بۆ یارمەتییدانی جوڵانەوەکەی قەدەم خێر لە دەست نایەت [1]. ( وردی ) لەو بارەیەوە دەڵێت :" شێخ مەحمود داواکەی قەدەم خێری ڕەتکردەوە ، چونکە بە پێچەوانەوە هاوڕێکانی وازیان لێ دەهێنا و پێیان دەگوت: تۆ بۆ خاتری ژنێکی دەوڵەمەند و موڵكومالەکەی وازت لە کوردی عێراق هێنا " [2].

بەهەرحاڵ ، ڕاپەڕیوەکان لە لێدانی هێزەکانی حکومەتی ئێران لە ناوچەکەدا بەردەوام بوون و زیانێکی زۆریان پێگەیاندن ، لەم کاتەدا ڕەزاشا داوای لە غولام ڕەزای میری پشتکۆ کرد بۆ سەرکوتکردنی خێڵی پیرەوەند کە هاوکاریی لەشکری ئێران بکات . غولام ڕەزا ، ئەسفەندیاری کوڕی نارد تا کێشەکە بێ خوێنڕشتن چارەسەر بکات .پاش گفتوگۆ ، خێڵی پیرەوەند ئامادەبوون ئاگربەست ڕاگەیەنن و بەشێکی چەکەکانیشیان تەسلیم بە حکومەتی ئێران بکەن لەبەرامبەردا ئەوەی لەشکری ئێران پەلامارەکانی بۆسەر ناوچەکە بوەستێنێت و دەست لە کاروباری نێوخۆی دانیشتووانی ناوچەکە وەرنەدات [3].

پاش ماوەیەك بە فەرمانی ڕەزاشا ، هێزێکی سەربازیی گەورە بە فەرماندەیی ( احمد اغا سپهبند ) کە سەرکردەی هێزەکانی ڕۆژئاوای ئێران بوو ، ڕەوانەی ناوچەکە کرا . هەروەها ( حسێن اغا خوزاعی ) لە تارانەوە

---

[1] بڕوانە دەقی نامەکەی شێخ مەحمود بۆ قەدەم خێر لە : بەیان–گۆڤار ، ژمارە ٢٧ ، تموز ١٩٧٥ ، ل ٩ .

[2] محمد توفیق وردی ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٣٤ .

[3] حسين أحمد جاف ، لقاء مع حفيد الوالي الاخير لمنطقة لورستان ، مجلة شمس كردستان ،العدد ٦٦ ، ١٩٨٤ ، ص١٦ .

نێردرا تا ببێتە فەرمانداری ئەو ناوچانەی لوڕستان کە لەشکری ئێران دەستیان بەسەردا دەگرێت [1].

گرتن و کوشتنی ژمارەیەکی دی لە پیاوانی خێڵەکانی ناوچەی لوڕستان و پابەندنەبوونی لەشکر بە ڕێکەوتنەکەی پێشووەوە ، سەرلەنوێ خێڵی پیرەوەندی بۆ ڕاپەڕین هاندا . ئەمجارە خێڵەکانی ( مەلەك شاهی و بەبری ) یش لەدەوری قەدەم خێر کۆبوونەووە [2] و توانییان هێزەکانی ئێران لە ناوچەکە دەرپەڕێنن و بۆ ماوەی سێ ساڵ نەهێڵن دابودەزگاکانی حکومەتی ئێران لە ناوچەکەدغا جێگیربێت . ڕاپەڕیوەکان لە کاتی پەلاماردا دروشمی ( تۆ شای ئێمە نیت ئەی ڕەزا ، شای ئێمەیە غولام ڕەزا ) [3] یان دەگوت . ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ڕەزاشا وای لێکبداتەوە کە غولام ڕەزای میری پشتکۆ دەستی لە ڕاپەڕینەکەدا هەیە . شایەنی باسە ڕاپەڕیوەکان توانییان شاری ئیلام لەهێزە ئێرانییەکان ڕزگاربکەن و تا هەرێمی ( بەیدان ) یان ڕاونێن کە چیای ( ڕەنو ) ی بەناوبانگی لێیە [4].

ڕەزاشا سەرتا ویستی بە فێڵ ڕاپەڕینەکە دامرکێنێت . هەر بۆیە نامەیەکی نارد بۆ قەدەم خێر و ئامادەیی ئەوەی بۆ دەربڕیبوو کە بیکاتە شابانوی ئێران . قەدەم خێر لەوەڵامی نامەکەی ڕەزاشادا نووسیبووی :" کەس نیە لە نێوماندا خۆی بە دوژمن بفرۆشێت ، دواتریش من ژن نیم ، تۆ ژنی "[5]. هاوکات ڕەزاشا جارێکی دی داوای لە غولام ڕەزای میری پشتکۆ کرد بۆ لەناوبردنی ڕاپەڕینەکەی قەدەم خێر ، هاوکاری سوپای ئێران بکات . غولام ڕەزا ئەم جارەش داواکارییەکەی شاهەنشای ڕەتکردەوە .

---

[1] ملك الشعراء بهار ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٢٧٢ .

[2] محمد توفیق وردی ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٣٢ .

[3] هەمان سەرچاوە ، ل ٣٢ .

[4] هەمان سەرچاوە ، ل ٣٣ .

[5] میرزا کریم خۆشناو ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٦٤ .



ئەوەش بووە هۆی تووڕەبوونی ڕەزاشا ، هەربۆیە هێزێکی گەورەی بە فەرماندەیی ( علی خان درەخشانی ) ناردە سەر غولام ڕەزا ، کە لەلایەن هێزی هەوایی ئێرانەوە بە چەند فڕۆکەیەك پشتگیریی لێدەکرا [1].

غولام ڕەزا کە بۆی دەرکەوت لەشکری ئێران هەوڵی پاکتاوکردنی دانیشتووانی ناوچەکە دەدات و فڕۆکە ئێرانییەکانیش ژن و منداڵ و خێزان و خەڵکی بێدیفاعیان کردۆتە نیشان ، بە خۆی و هەزار خێزانەوە ڕووی لە عێراق کرد و دەسەڵاتدارانی عێراق ماف پەنابەرێتییان دانێ و لە ناوچەی ( شهابی ) پارێزگای دیالە نیشتەجێیان کردن [2]. لەکاتێکدا کوڕەکانی غولام ڕەزا واتە : عەلی قولی ، خەلیل ، یەدوڵڵا و محەمەد حەسەن لە پشتکۆ مانەوە تا بەرگریی لە ناوچەکەیان بکەن دژی پەلاماری لەشکری داگیرکەری ئێران [3].

ڕەزاشا هەوڵیدا باشترین ئەفسەرەکانی سوپای ئێران بۆ سەرپەرشتیکردنی پەلامارە سەربازییەکەی هێزەکانی ئێران بنێرێتە لوڕستان . یەك لەوانە وەزیر ( عەبدوڵڵا خان تەهماسبی ) بوو کە لە ٢٠ی شوباتی ١٩٢٧ گەیشتە ئەوێ [4] . شایەنی باسە ئەو ڕاپەڕیوانەی بۆ ماوەی مانگێك گەمارۆی هێزەکانی ئێرانیان لە چیای ڕەنو دابوو ناچار بوون لە ژێر فشاری بۆمبارانی هێزی تۆپخانەی ئێرانی گەمارۆکە بشکێنن و بەرەو شاری ئیلام پاشەکشە بکەن .ئێرانییەکان ئەم هەلەیان قۆزتەوە و ڕاپەڕیوەکانیان لە ئیلامیش بەرەو چیاکانی دەوروبەر دەرپەڕاند . لێرەدا ڕەزاشا هەوڵیدا بەدوای فێڵێکی دیکەدا بگەڕێت ، ئەو هات بەڵێنی بۆ سەرك خێڵەکان و

---

[1] حسين أحمد جاف ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٦ .

[2] هەمان سەرچاوە ، ل ١٦-١٧ .

[3] هەمان سەرچاوە ، ل ١٧.

[4] عیسی پژمان ، کردها و کردستان ، جلد سوم ، سیاسی ، باریس ، انتشارات ژن ، شهریورماه ١٣٣١ ش ، ص ١١٦ .

هەروەها بۆ قەدەم خێر نووسی و قورئانی بۆ مۆرکردن کە گەر بێتوو چەکەکانیان بدەن بەدەستەوە و رێگا لە دامەزراندنی دەزگاکانی حکومەت نەگرن ، ئەوا لێخۆشبوونی شاهانە دەیانگرێتەوە و ژیانیان دەبووژێتەوە و حکومەت بایەخ بە پێشخستنی ناوچەکەیان دەدات . رەزاشا بەو فێڵە توانی قەدەم خێر و ژمارەیەك لە سەرانی راپەرینەکەی هەرێمی لوڕدستان دەستبەسەر بکات و هەر لە شوێنی خۆی ژمارەیەك لەوانە وەك : شامورادخان و شێخە دۆسە تیرەباران بکات[1] .

کوڕانی غولام رەزا کە نەیانتوانی هاوکارییەکی راپەڕینەکەی قەدەم خێر بکەن ، ئەوانیش لە ژێر فشاری لەشکری ئێراندا خۆیان پێنەگیرا و پەرتەوازەبوون و لێرەولەوێ بەشێوەی پارتیزانی بۆسەیان بۆ ئێرانییەکان دادەنا . ( عیسی پژمان ) دەڵێت :" کاتێك وەزیری ئێرانی عەبدوڵڵاخان تەهماسبی بەئۆتۆمبێلەکەی خۆی بەرەو خوڕەم ئاوا دەگەڕاوە لە شوێنێکدا کە پێی دەگوترێت ( دەر گەردنە رەزان ) ، کەوتە بەر پەلاماری شۆڕشگێڕە لوڕەکان ، ئەوانە توانییان شۆفێرەکەی بکوژن و خۆشی بریندار بکەن"[2] . وا دەردەکەوێت کە دواتر عەبدوڵڵاخان تەهماسبی وەزیر لە ئاکامی ئەو برینەدا گیانی لەدەست دابێت وەك ( توکلی ) ئاماژەی بۆ دەکات[3] .

( ملك الشعراو بهار ) بە گوتەیەکی خۆی ئاکامی روداوەکانی راپەڕینەکەی لوڕستانمان بۆ تەواو دەکات ، کاتێك دەنووسێت:" راپەڕینی لوڕەکان کاتێکی زۆری خایاند و تا ساڵی ١٩٢٨ دەوامی کرد . بەڵام سەرئەنجام مەسەلەکە بە کوشتنی سەرۆکەکانیان کۆتاییهات . جا چ یاخیبووەکان ، چ ئەوانەی دەسەڵاتی حکومەتیان قبووڵکرد . بەوەش

---

[1] محمد توفیق وردی ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٣٣-٣٤ .

[2] عیسی پژمان ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١١٦ .

[3] محمد رئوف توکلی ،سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٨٤ .



چیرۆکی لەناوبردنی راپەڕینی لوڕەکان کۆتاییهات و ناوچەکەیان بە خوزستانەوە بەسترایەوە و رێگای بۆ تەخت کرا . راستییەکەی پرۆسەی سەرپێدانەواندی لوڕەکان کەموکورتی گەورەی هەبوو . چونکە حکومەت هەستا بە پەرتەوازەکردن و کۆچاندنی خێڵەکان بۆ دەرەوەی مەڵبەندەکەی خۆیان وەك خۆراسان و شوێنی دیکە ، گواستنەوەی ئەو خێڵانەو ژن و منداڵەکانیان لە هەلومەرجێکی دژواردا بوو . بەشێکی زۆر لەوانە لە ئەنجامی دڵرەقی سەرکردە سەربازییەکان و نەبوونی شوێن و بەرنامەی گونجاو بۆ نیشتەجێکردنیان ، لەناوچوون . هێرشکردنە سەر لوڕەکان زوو دەستیپێکرد ، دواتریش حکومەت هێرش و پەلاماری بەرفراوانی کردە سەر خێڵەکانی (شاهسیڤان /ئەمانە فارسن– تویژەر) و چەکیان کردن . بەڵام حکومەت لەگەڵ ئەمانەدا بە چەشنی لوڕەکان مامەڵەی نەکرد . ئەمان بە پێچەوانەی لوڕەکانەوە ، نە کوژران و نە لە ناوچەکەی خۆشیان هەڵیانکەندن "[1] . بێگومان ئەمەش دانپیانانێکی راستەوخۆی مێژوونووسێکی ئێرانی شاپەرستە بە سیاسەتی جیاخوازیی رەگەزیی و پاکتاوکردنی نەتەوەیی کە رەزاشا دژی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان پیادەی دەکرد .

سەبارەت بە چارەنووسی قەدەم خێر رابەری راپەڕینەکەی کوردەکانی لوڕستان ، پاش ئەوەی لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە دەستبەسەرکرا ، رەوانەیزیندانەکانی تارانیان کردو لە نێو زینداندا گیانی سپارد[2] . بەوەش پەردە لەسەر راپەڕینی لوڕستان دژی رژێمی دیکتاتۆری رەزاشا پەهلەویی دادرایەوەو لوڕستان لە لایەن فەرمانڕەوایەتییەکی سەربازییەوە بەڕێوەدەبرا و رەزاشا دەستی گرت بەسەر بەپیتترین زەوییە

---

[1] ملك الشعراء بهار ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٢٧٢-٢٧٣ .

[2] عبدالجبار محمد الجباري ، ئافرەتە ناودارەکانی کورد ، کرکوك ، ١٩٦٩ ، ل ٣٩ .

**کشتوکاڵییەکانی ئەو هەرێمەدا و بەوەش بووە مەزنترین بۆرجوا فیوداڵی ئێران [1].**

**شایەنی باسە ئازایەتیی و خۆڕاگری راپەڕیوەکانی لوڕستان دژی پەلاماری لەشکری شاهەنشاهیی پەهلەویی لە هۆنراوە و گۆرانیی میللی و فۆلکلۆرییدا رەنگی داوەتەوە [2]، وەك گۆرانییەکانی ( دایە دایە ) و ( هەنار لە باخان ) کە بە شێوەزاری کەلهوڕی زمانی کوردیی تۆمارکراون [3].**

---

[1] عبدالرحمن قاسملو ، کوردستان و کورد ، لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی وئابووری ، وەرگێڕانی : عبدالله حسن زادە ، لە بلاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا ، ١٩٧٣ز ، ل ١٥١ . هەروەها : جنایات دوهزارو پانصد سال شاهان ایران ، انتشارات ماهنامە راه اتحاد ، شهریور ١٣٥٠ش .

[2] کامەران موکری لە هۆنراوەیەکی دا باس لە ئازایەتی قەدەم خێر و شۆڕشگێرەکان دەکات و ئەڵێت:

کە پەنجەت خستە سەر پیلکەی تفەنگ    گڕت بەردایە قەڵای شەوەزەنگ
شاخی بڵندی سەختی کەوەرکۆ    بەخوێن سوور بووە هەروەکو پشکۆ
قەدەم خێر خوشکی پۆڵا و ئاگریی    نموونەی بەرزی بۆ کوردپەروەریی

[3] بۆ زیاتر : میرزا کریم خۆشناو ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٦١-٦٢ .



## راپەڕینی خێڵی "جەلالی" دژی رژێمی شاهەنشاهیی لە ئێران ١٩٣٠-١٩٣١

**خێڵی "جەلالی" یەکێکە لە مەزنترین کۆنفیدراسیۆنە خێڵەکییە کوردەکانی ناوچەی سێگۆشەی سنوری نێوان ئێران ،تورکیا و روسیا.ئەندامەکانی ئەم کۆنفیدراسیۆنە لە ناوچەکانی چیای ئاگری داغی مەزن لە باکووری کوردستان و لە ئاگری داغی بچووك و ناوچەی ورمێ لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەژیان.وێڕای ئەوەی ژمارەیەکی زۆریشیان لە ناوچەی قەوقاز و ئەرمەنستانی سۆڤێتیی دا نیشتەجێبوون.بەشێکیشیان لە باشووری کوردستان و هەرێمی شارەزووردا دەژیان [1].**

**شایەنی باسە ،خێڵی جەلالی بەسەر زیاتر لە چل تیرە دا، کە هەریەك لەوانە بەسەر چەندین تایفە و بنەماڵەدا دابەش دەبێت .گرنگترین تیرەکانی ئەم خێڵە کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا نیشتەجێن ،بریتین لە:خلیکانلو ،علی محولی ،جلیکانلو ،قەندکانلو ، ئوتایلو، حسو خلف، ساکان ، مصرکانلو [2] .**

**ئەم خێڵە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ژیانێکی نیوە کۆچەری بەسەردەبرد.بەڵام رەوتی کۆچەکەیان شێوازێکی رێك و دیاریکراوی هەبوو،لە وەرزی زستاندا روویان لە ناوچە سنورییەکانی روسیا و دەوروبەری روباری ئاراس دەکرد و لە بەهاریشدا دەگەڕاوە ناوچەی (سیاچەشمە)کە دەکەوێتە نزیك سنوری ئێران و**

---

[1] – هنری فیلد و ئێ ج ه ی. ئار، هۆزەکانی کورد ، وەرگێڕان و ئامادەکردنی حسین ئەحمەد جاف، بەغدا،چاپخانەی دار الحریە،١٩٨٦، ل٨٠ .

[2] - ایرج أفشار سیستانی ،نگاهی بە آذربایجان غربی و آثار باستانی و جمعیت شناس آن، أنجمن آثار ملی، ضاث ١٣٤٩ه.ش، ص ١٨٥.

**تورکیا[1] .((ئەندامەکانی خێڵی جەلالی بە ئازایەتی نێوبانگیان دەرکردووە و زۆر شانازی بە خۆیان دەکەن و زێدی خۆیان خۆشدەوێت، ئەوان زۆر حەز بە ئازادی دەکەن و لە رووی ئاینەوە موسوڵمانی سونەن و بە کەسانی ئاینپەروەر ناسراون))[2] .**

**ئاشکرایە کە جەلالییەکان سەری رم و سوتەمەنی سەرەکی ئەو راپەڕینە نەتەوەییە بوون [3]کە حیزبی خۆیبوون لە باکووری کوردستان و ناوچەی ئاگری داغی گەورە لە ساڵانی ١٩٢٧-١٩٣٠ بە دژی حکومەتی فاشیستی تورك هەڵیگیرساند.ئەو حکومەتی کە بۆ لە ناوبردنی ئەو راپەڕینە توندترین پەلاماری خوێناوی و کۆمەڵکوژی گرتە بەر و پاش وەدەستهێنانی هاوکاری و پاڵپشتی دەوڵەتانی دراوسێی وەك ئێران و یەکێتی شورەوی**

---

[1]- د.محمد جواد مشکور،نظری به تأریخ آذربیجان غربی و آثار باستانی و جمعیت شناس آن،انجمن آثار ملی، تهران،چاپ ١٣٤٩ ش،ص ١٨٠.

[2]– أیرج أفشار، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٥٧٠.

[3] لەشاری مەهاباد، ڕێکخراوێکی بچوك لەساڵی ١٩٢٧ پێکهاتبوو بەمەبەستی پەیوەندیکردن لەگەڵ (کۆمەڵەی خۆیبوون)و شۆڕشی ئاگری داغی کوردستانی تورکیا ، ئەم ڕێکخراوە بەپێی دکۆمینتێکی حکومەتی عێراقی بەناوی (کۆمەڵەی خێرخوازانی کورد)ەوە دامەزراوەکە بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێکۆشاوەو لقی لەزۆربەرەی شارەکانی کوردستانی ئێران وەك ورمێ، سنە، سەقزو بانە داو تەنانەت تارانی پایتەختیش دامەزراندووە ژمارەی ئەندامانی خۆی داوە لە ٢٠٠٠٠ کەس کەگرنگترینیان (عمر خانی شکاك، سیف القچاە ، حاجی بابە شێخ، علی ئاغای دیبوکری‌و کوێخا رەحیمی شێخی بورهان) بوون. حسامیش لەیەکێك لەکتێبەکانیدا باسی ئەم ڕێکخراوەی کردووەو (قازی محەمەد شێخ ئەحمەدیسریلاوا، کاکە حەمەی بۆکان،مەلا صادق قزڵجی‌و مەلا ئەحمەدی فەوزی) بەئەندام ناوبردوون.بڕوانە:دائرة السجلات العامة، القسم الثاني ، وزارة الطیران ،أکس / أم ٤٥٨٣، من ضابط الخدمات الخاصة في السیلمانیة الی الهیئة أستخبارات المقر الجوي في بغداد ، ٦ تشرین الثاني ،١٩٢٧. وەرگیراوە لە : بوتانی ، عبدالفتاح علی، من وثائق الحرکة القومیة الکوردیة التحرریة ، متین، العدد ٩٤،دهوك، تشرین الثاني ١٩٩٩، ص٩٨-٩٩ .، حسامی کریم ، قافلة من الشهداء کردستان ایران، ترجمة :نزار محمود، بلا مکان ، ١٩٧٣ ، ص ١٣-١٤ .



**،توانی شکست بە راپەڕیوان بهێنێت و ناوەندی راپەڕینەکە لە چیای ئاگری داغی گەورە لە ١٠ی سپتامبری ١٩٣٠دا داگیر بکات[1] .**

**پاش شکستی راپەڕینەکەی خۆیبوون لە باکووری کوردستان و گرتنی ئاگری داغی گەورە لە لایەن هێزەکانی تورکەوە،(احسان نوری پاشا)ی سەرکردەی راپەڕینی ئاگری ناچاربوو پاشە کشە بکات و سنوری دەستکرد ببەزێنێت وەك پەنابەر خۆی بداتە دەستی هێزەکانی ئێرانەوە [2]،فەرماندە و جەنگاوەرانی دیکەی کورد بە تایبەت ئەوانەی سەر بە خێڵی جەلالی بوون وەك:ئەیوب ئاغا ،شێخ تاهیر ، فەرزەندە ، ئیبراهیم ئاغای ناسراو بە (برو حسکی تللو) و تایەر ئاغا پاشەکشەیان کرد و بێ ئەوەی خۆ تەسلیم بە ئێرانییەکان بکەن ،پەنایان بردە بەر تیرەی خلیکانلوی خێڵی جەلالی و لای خالید ئاغا.تیرەکەی خالید ئاغا لەم قۆناغەدا کە خەریکی کۆچ وباربوون بۆ گەرمێن لە ناوچەی (تانەلی)، لە لایەن فەرماندەی هێزەکانی ئێرانی لە ماکۆ پێشگیرییان لێکراو (حسۆی ئەیوب) ی ئامۆزای خالید ئاغایان کوشت،ئەوەی وای لە خالید ئاغاکرد پەلاماری هێزە ئێرانییەکان لە**

---

[1]- بۆ زیاتر : د.کریمة عبدالرحیم، الحرکة الکردیة في ترکیا من ١٩١٨-١٩٢٧،مرکز دراسات العالم الثالث،بغداد، ١٩٨٩، ص ٩٤-١٠٠. هەروەها: مذکرات احسان نوري باشا، انتفاضة آغری (١٩٢٦-١٩٣٠)، ترجمة: صلاح برواري،ط ١ ، بیروت، تموز ١٩٩٠.

[2]-ڕۆژنامەی (ژیان) لەژێر ناونیشانی" احسان نوری دردست کراوە" نووسیویە:"خبر وادراوە کە لە روسای عشایری ولایات شرقیە کە لە اثنای حرکات آغری داغدا فراریان کردبو احسان نوری و عبدالقادر لە طرف ایرانەوە دردست و سوقی طهران کراون" . بڕوانە: ساڵی ٥ ، ژمارە:٢٦٦ ، ١ کانون ثانی ١٩٣٠. هەروەها لە ژمارە ٢٦٧ی ٨ی کانون ثانی ١٩٣٠ هەمان ڕۆژنامەدا لە ژێر ناونیشانی "تیکچونی علاقاتی ایران و تورکیا " دا هاتووە:" لە انقرەوە خبر هاتوە کە دوائر حکومت پرتستوی بردانی زعمای کوردی کردوە مقابل بە ایران و تخلیەی سبیل امانەی بە معاملەیەکی دوشمنانە عد کردوە ام ایشە بوتە باعثی تیکچونی علاقاتی بینی ایران و تورکیا دوبارە و رسما اعلان کراوە وزیر حربیە اصداری تعلیماتی بو قوایی حدود کردوە بو قمعی کا محاولەیك کە لە طرف کوردەکانەوە بو تجاوز حدود تعقیبیان لە حین لزومدا هتا داخلی اراضی ایران ".

ناوچەکەدا بدات و پاسگای(تنگ کاجوت) بگرێت و ژمارەیەك لە سەربازان و ئەفسەرانی لەشکری ئێران بە دیل بگریت و بە زۆر خۆی بگەیێنێتە گەرمێنی تانەلی.ئەمەش سەرەتای پێکدادان و پێکهەڵپڕژاندنی ئەم قۆناغەی نێوان کورد و هێزەکانی ئەرتەشی ئێرانی لە ناوچەی ئاگری داغی بچووك کە لە سنوری دەوڵتی ئێراندا بووپێکهێنا[١] .

ئەوەی زیاتر حکومەتی ئێران و کاربەدەستانی تارانی تۆقاند ئەوەبوو کە بەشێکی دی لە تیرەکانی خێڵی جەلالی وەك(حسنلو و حیدرانلو) کە بە پێی سیاسەتی رەزاشا لە دوورخستنەوەی خێڵە کوردییەکان لە سنور و گواستنەوەیان بۆ ناوچەکانی ناوەوەی ئێران دەبوایە لە ناوچەکانیان هەڵبکەنرێن، ئەوانە دژی ئەو پرۆسەیەی دەوڵەت و سیاسەتە وەستابوونەوە و چوونە پاڵ خالید ئاغاو جەنگاوەرانی ئارارات .مەسەلەیەکی وا کە حکومەتی ئێرانی تووشی شۆك کرد[٢] .

(سەرلەشکر مەحمود امین) کە فەرماندەیەکی سوپای ئێرانە باس لەوە دەکات کە تیرەکانی خێڵی جەلالی وجەنگاوەرانی ئارارات لە سەرەتادا ئامادەییان نیشاندا  کە بەپێی یاسای پەناهەندەیی بەرەو ناوچەکانی ناوەوەی ئێران بگوێزرێنەوە، بەڵام چاوچنۆکی هێندێك لە مەئمورەکانی دەوڵەت و دەستدرێژیی کردنیان بۆسەر گیان و ماڵ و نامووسی ئەوان ژمارەیەکی زۆری لە کوردان هاندا کە سەرپێچی لە فەرمانی دەوڵت بکەن و بدەنە بەندەنێ[٣] .

[1]- کاوە بیات، شورش کردهای ترکیه و تأثیر آن بر روابط خارجی ایران. ١٣٠٧–١٣١٠ ه.ش، چاپ اول ، تهران ، ١٣٧٤.

[2]- کورتە مێژوویەك لە جوڵانەوە نەتەوەیەکانی کورد،کوردستان_ ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە ٩١ ، جۆزەردان و پوشپەڕی ١٣٦٣ش ،ل٢١.

[3]- سرلشکر محمود امین ،خاطرات، مهنامە ارتش شاهنشاهی، فروردین ١٣٥٤، شمارە١، ص ٩٦.



حکومەتی ئێران کە کەمێك پێشتر لە رێگای دەزگا رەسمییەکانییەوە و لە مەجلیس دا رایگەیاندبوو کە شتێك نییە لە ئێراندا بەناوی کێشەی کورد و توانیبووی بە درێژایی ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەم لە رێگای پەلاماری ئەرتەش و سەرکوتەوە جوڵانەوەکانی کوردستان لەناو بەرێت،سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی سەرلەنوێی پێدادانی چەکداری و نافەرمانی جەلالییەکان زۆر داخدار بوو.ئێرانییەکان کە لەسەرەتادا چاوەڕێی ئەو راپەڕینە توندەی کوردەکانی جەلالی نەبوون و هێزێکی گەورە و تۆکمەیان لە ناوچەکەدا نەبوو ،داوایان لە تورکەکان کرد کە هێزی سەربازی بنێرنە ئەمدیو سنور تا بەهەماهەنگی هەردوولا ئەو جوڵانەوەیە سەرکوت بکەن [١]. تورکەکان کە زۆر نەبوو خۆیان لە راپەڕنیکەی ئاگری و خۆیبوون رزگارکردبوو، سەرقاڵی دامەزراندن و قایمکردن و بەهێزکردنی پاسگا سنورییەکانیان بوون و حەزیان نەدەکرد جارێکی دیکە پریشکی ئەو جوڵانەوەیەی جەلالییەکانی ئێران بۆ تورکیا بپەڕێتەوە، وەڵامێکی موسبەتی ئێرانییەکانیان نەدایەوە.جگە لەوە تورکەکان دەیانویست ئێرانییەکان بە جۆرێك بەو جوڵانەوەیەوە گیرۆدەبن تا بە جیددی بگەنە ئەو باوەڕەی کە هەماهەنگی ستراتیژی لەگەڵ تورکیا بکەن بۆ لێدانی جولانەوەی نەتەوایەتی کورد و مل بدەن بە چارەسەرکردنی کێشە سنورییەکانی نێوان هەردوو لا بە قازانجی تورکیا.

حکومەتی ئێران بە خێرایی کەوتەخۆی و هێزێکی سەربازی گەورەی لە ناوچەکەدا کۆکردەوە .هەروەها ئابڵۆقەیەکی سەربازی و ئابووری بەسەر راپەڕیوانی کوردا سەپاند وبەمەبەستی فراوان نەبوونی

[1]- کورتە مێژوویەك لە جوڵانەوە نەتەوەیەکانی کورد،کوردستان_ ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە ٩١، ل٢١

راپەڕینەکە کەوتە چۆڵکردنی دانیشتوانی ناوچەکە و لە ناهەموارترین بارودۆخدا و گواستنەوەیان بۆ ناوچەکانی ناوەوەی ئوستانی ئازەربیجانی رۆژئاوا .شایەتحاڵێك دەڵێت:"حکومەت دەستی کرد بە کۆچاندنی بنەماڵەکان و خێزانی جەلالییەکان،ئەو خێزانانەی کە بەدرێژایی ١٠کم ریزیان بەستبوو ئەوەندە زۆربوون کە ژماردنیان کارێکی ئاسان نەبوو"[1].

هەروەها (افشار)ی مێژوونووسی ئێرانی دەڵێت کە ئەو خێزانانە بە فەرمانی رەزاشا لە شوێنەکانی خۆیان هەڵکەنران و بۆناوچە دوورەکانی نێو ئێران دوور خرانەوە ،بەشێکیان برانە تاران ،کۆچاندنەکە لە هەل و مەرجیکی ئەوەندە خراپدا جێبەجێ کرا کە بووە هۆی مردن و لەناوچوونی ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان،بەتایبەتی لە نێو منداڵ و ژنان و پیاوە پیر و بەتەمەنەکانیان [2] .

لە کۆتایی زستانی ساڵی١٩٣٠دا ،(سرتیپ حسن مقدم) فەرماندەی لەشکری شمال غرب ی ئێران لابرا و (سرتیپ محمد خانی محتشمی) لەجێگای دانرا. فەرماندەی نوێ هێزێکی سەربازی زۆری کۆکردەوە بۆ هێرشکردنە سەر راپەڕیوە کوردەکان لە گوندی(ئاق گل) کە فەرزەندە و ئیبراهیم ئاغاو شۆڕشگێڕەکانی ئاگریداغی لێ بوو.سوپای ئێرانی پاش شەڕێکی زۆر قورس و بەخشینی کوژرا و بریندارێکی زۆر ئاق گل ی گرت و جەنگاوەرانی کوردی ناچارکرد بەرەو بەرزاییەکانی سنوری تورکیا پاشەکشێ بکەن [3].

1- کریس کۆچێرا، مێژووی کورد لە سەدەی (١٩-٢٠) دا ،وەرگێڕانی محمد رەیانی ،چاپی دووەم، رێبەندانی ١٣٦٩، ل١٧٢.

2- أیرج أفشار، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٥٦٥ .

3- سرهنگ احمد احتسابیان، تأریخچەء نیروی تامینیە ،"ارتش ایران"، مجلە ارتش شاهنشاهی، ٣-١، سال پنجم، فروردین-خرداد١٣٢٥، ص ١٨-١٩.



هەروەها لە ٢٩ی ئایاری ١٩٣١ لە پێکدادانێکدا لە نێوان گوردانی دووی لەشکری شیمال غەرب و جەنگاوەرە کوردەکان، (سەرگورد حسن قویدل) فەرماندەی گوردانی دوو کوژرا.لەسەرەتادا هێزەکانی ئێرانی بە خێرایی پێشڕەوییان کرد،جەنگاوەرانی جەلالی لە ژێر سەرکردایەتی (ئیسماعیل ئاغای جەلالی) دژە هێرشێکی پێچەوانەیان کردە سەر سوپای ئێرانی پەلاماردەر و زیانێکی زۆریان پێ گەیاندن.بە پێی قسەی (سەرهەنگ کەریم خانی سیاح) فەرماندەی هێزەکانی پاسەوانە سنورییەکانی ئێران ،کوردەکان ١٢٤ سەربازی ئێرانییان کوشتووە و زیاتر لە ٢٠٠-٤٠٠ سەربازی دیکەشیان بە خەستی برسیندار کردووە.بەڵام لە راستیدا، زیانەکانی سوپای ئێرانی لەم پێکدادانەدا زۆر لەوە زیاتر بوو.لەو بارەیەوە یەکێك لە پەیامنێرە ئینگلیزەکان دەڵێت کەزیانەکانی سوپای ئێرانی سێ‌هێندەی ئەو ژمارانەن کە سەرهەنگ سیاح باسی لێوە کردوون [1] . (د.سعیدبدل) زیانەکانی لەشکری ئێرانی بە ٧٠٠ لەقەڵەم داوە [2] ، لە کاتێکدا زیانی جەنگاوەرانی کورد تەنیا ٧ کەس بوو.

حکومەتی ئێرانی کە پاش ئەو زیانە زۆرە ورەی سەربازانی دابەزیبوو،کەوتە سەرزەنشکردنی تورکەکان و بەوە تاوانباری کردن کە گوێ‌نادەنە ئاژاوەی کوردەکانی سنور و ئامادەی هاوکاریی کردنی ئێران نین بۆ رووبەروو بونەوی راپەڕینی جەلالییەکان و رەهەندە خەتەرناکەکانی بەردەوامبوونی ئەو راپەڕینە لەسەر بەرژەوەندییەکانیان تێناگەن.هەر بۆیە ئێران لە لایەن خۆیەوە هەوڵێکی دپلۆماسیی و تەبلیغاتیی و خۆ ئامادەکردنێکی سەربازیی لە پێناوی هەرچی زووتر کۆتایی پێهێنانی

1- کریس کۆچێرا ،سەرچاوەی ناوبراو، ل ١٧٣.

2- د.سعید بدل،تأریخچەء جنبشهای ملی کرد أز قرن نوزدهم تا پایان جنگ جهانی دوم،انتشارات مرکزی حدکا، ١٣٥٧ش،ل١١٤.

**راپەڕینی کوردە جەلالییەکانی دەستپێکرد. حکومەتی ئێران سرتیپ محتشمی لابرد و (سەرهەنگ کلبعلی خان نخجوان)ی کردە فەرماندەی گشتی و هێزێکی ٦٠٠٠سەربازی و نزیکەی ١٢٠٠جاشی غەیرەنیزامی دەرەبەگە شاپەرستەکانی کوردی خستە بەردەست.ئەمە و جگە لە بەکارهێنانی چەند فڕۆکەیەکی جەنگی بۆ هاوکاری و پشتگیری پەلاماری هێزی پیادە و لێدانی جەنگاوەرانی کورد و خێزانەکانیان لەو ناوچە سەختانەی بە ئاسانی دەستی ئەرتەشیان ناگاتێ [١].**

**جەنگاوەرانی کوردە جەلالییەکان ژمارەیان خۆی لە ٦٠٠-٧٠٠ جەنگاوەر دەدا ،ئەوانەی کە نزیکەی ٣٠٠ شۆڕشگێڕی راپەڕینەکەی ئاگری داغی باکووری کوردستانیشیان هاتبووە پاڵ و بە تفەنگ و چەکی سووك چەکداربوون و بە شێوەی دەستەی چەکدار دابەش و ئامادەی جەنگی لەناکاو بوون.ئەوان لە ژێر سەرکردایەتی برو حسکی تللو دا بوون و فەرزەندەش وەك جێگری فەرماندە هەڵدەسوڕا.ئەو فەرزەندەیەی کە دەڵێن کاتێك رەزاشا گوێی لەناوی دەبوو لەشی داخ و رووخساری گرژ دەبوو [٢].**

**هێزەکانی ماکۆ بە فەرماندەیی سەرهەنگ نخجوان ،بە مەبەستی هێرشکردنە سەر تایفەی (حاجی ئیسماعیل ناوری) جەلالی کە لەگەڵ ژمارەیەك لە شۆڕشگێڕانی ئاگری داغ لە بەرزاییەکانی (شێخ) بوون، لە ناوچەی (سیاچشمە) کۆبوونەوە. هەروەها لە سەرەتای جولای ساڵی ١٩٣١ ستونێکی ئێرانی هێرشی کردە سەر ناوچەی (زیوی خواروو) و بەرزاییەکانی (دومانلو) و توانیان ئەیوب ئاغا بکوژن و جەنگاوەرانی کورد ناچار بکەن بەرەو (قرخ لار) پاشەکشە بکەن .هێزەکەی سەرهەنگ نخجوان پاش ئامادەبوون هێرشێکی توندی کردە سەر رۆژهەڵاتی بەرزاییەکانی**

---

**[1]– هەمان سەرچاوە .**

**[2]- عثمان خواکەرەم، زرنگ، بەچکە شێرانی کورد، بەغدا ،چاپخانەی دار الحريە، ١٩٨٧،ل٢٥ .**



**(ساری ئاجاق) و شەرێکی خوێناوی و دەستە و یەخەیان لەگەڵ کوردان دا کرد.لە ئاکامدا هێزەکانی ئێرانی بەرزاییەکەیان گرت و بروحسکی تیللوی سەرکردەی ناسراوی کوردیان لەو شەڕەدا کوشت.دیارە کوردەکانیش بەرگرییەکی سەختیان کرد و وێڕای گەیاندنی زیانێکی زۆر بە هێزەکەی ئێران توانیان سەرهەنگ نخجوانی فەرماندەی لەشکری شمال غربی ئێران بکوژن [١].**

**پاش کوشتنی نخجوان، سەرهنگ محمود خانی امین شوێنی گرتەوە .ناوبراو سەرەتا دەیویست لە رێگای سیاسەتی رازیکردن و گفتوگۆوە راپەڕیوە کوردەکان وا لێبکات چەك دانێن و بەرزاییەکان چۆڵ کەن و ئامادەبن روو لە ناوچەکانی ناوەوەی ژێر دەسەڵاتی ئێرانی بکەن . بەڵام پاش ئەوەی رەزاشا سەردانی ئوستانی ئازەربایجانی کرد و چاوی بە محمودخان کەوت، داوای لێکرد لە رێگای هێز و پەلاماری سەربازی و بەکارهێنانی ئەوپەڕی توند و تیژی و قەڵاچۆکردن سەر بە جەنگاوەرانی کورد دانەوێنن.تا ئەو نامەیە بگەیەننە تورکیا کە ئێران هەمیشە ئامادەیە لە پێناو دژایەتیی کردنی هەر جولانەوەیەکی کوردەکاندا بەو پەڕی توندی و شێلگیرییەوە ببزوێتەوە .مەسەلەیەکی وا کە لەسەر نزیك بوونەوەی ئێران و تورکیاو رێکەوتنیان کاریگەریی دەبێت.**

**هەر بۆیە لێرە بەدواوە سەرهنگ محمودخان کەوتە کۆکردنەوەی هێزەکانی و بەدوو قۆڵ کە هەریەکەیان لە ژێر فەرماندەی فەرماندەیەکی هار و دڕی دژ بەکوردی وەك ( سەرهنگ میرحسین هاشمی و سەرهنگ هوشمند افشار)دا بوون کەوتە هێرش و پەلاماردانی راپەڕیوانی کورد کە پاش کوشتنی بروحسکی لە ژێر سەرکردایەتی فەرزندەدا بوون.ئەم هێرشەی سەرهنگ محمود خان کە لە ١ی نۆڤمبری ١٩٣١ دەستی پێکرد توانی**

---

**[1]– سرتيپ قلی بیگلری، خاطرات يك سرباز، تهران ، چاپخانە ارتش ، ١٣٥٠، ص ٧٨.**

**سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و ناوچەکە لە جەنگاوەرانی کورد پاکبکاتەوە.ئەویش پاش بەخشینی زیانی زۆر و کوشتنی چەند سەرباز و دەرەجەداری ئێرانی وەك:سەرگورد حسن بنی صدر و سروان عزیز الله بدرخان [١].دواتریش لە پیلانیکدا ئێرانییەکان توانیان فەرزەندەی رابەری جەنگاوەرانی کورد بکوژن .**

**هاوکات لەگەڵ دوایین پەلامارو جوڵانەوە سەربازییەکانی ئەرتەشی ئێراندا،دیپلۆماسی ئێرانی بە نزیك بوونەوەی لە تورکیا و بەستنی رێکەوتننامەیك بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی سنور[٢] و پابەند بوون بە هاوپەیمانێتی و کاری هاوبەش دژی هەر هەوڵ و تێکۆشانێکی نەتەوەیی کورد سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا.رۆژنامەی (ژیان) لە ژێر سەردێڕی" علاقاتی سیاسی بین تورك و ایران " نووسیویەتی:" حکومت ایران دعوت وزیر تورکیای کردوە بۆ زیارت طهران بۆ بحث لە مسائلی معلقە بین دولتین و حل کردنی ، و توفیق رشدی بگیش فبولی ام دعوەتی کردوە"[٣] . (توفیق رشدی) نوێنەری تایبەتی تورك لە تاران دوای ئەم سەرکەوتنانەی ئەرتەشی ئێران بەسەر راپەریوەکانی کورد و کوشتنی سەرکردەکانیان رایگەیاند:"مەسەلەکانی سنور بە شێوەیەکی رەزایەتبەخش**

[1]- بۆ زیاتر:هەمان سەرچاوە ،ل ٧٩-٨٥ .

[2]- رۆژنامەی ژیان ، لە ژێر سەردێڕی " حدود ایران و تورکیا " دا نووسیویە:" سردار انتصار ریس لجنە حدود گرایەوە طهران و دوو راپوری مفصلی تقدیم وزارت خارجیە و حربیە کردوە ، وا درکەوێ کە محافل عسکریە ایران او مقدارە اراضی شاخی آ رارات ایەویت بیدا بە ایران بە کافی نازانن ، علاوتا بعض لەم محافلانە لە نقطە نظر عسکریەوە و بو محافظە ی ایران شاخی آرارات زور بە لازم ازانن بو ایران " . بڕوانە: ساڵی ٥ ، ژمارە ٢٦٨ ، ١٥ی کانون الثانی ١٩٣١.

[3]- هەمان سەرچاوە ،ساڵی ٦ ، ژمارە ٣٠٧ ، ٧ی کانون الثانی ١٩٣٢ .



**کە بەرژەوەندییەکانی ئێران و تورکیای هەردووك بەتەواوی هێناوەتەدی یەکالا و چارەسەرکرا" [١] .**

**بەسەرکوتکردنی راپەڕینی خێڵی جەلالی دوا راپەڕینی چەکداری گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩١٨-١٩٣٩ دژی رژێمی شاهەنشاهیی ستەمکارکۆتایی هات.بەڵام ئەو فاکتەر و پێکهێنەرانەی دەبوونە مایەی بێزاری کورد و راستبوونەوەیان ،نەك هەرمانەوە ،بگرە زیاتر و قوڵتریش بوونەوە لە ئەنجامی سیاسەتی سەرکوت و تواندنەوەی نەتەوایەتی و زۆرداری چینایەتی کە رژێمی ئێرانی سەبارەت بەگەلی کورد پیادەی دەکرد.مسەلەیەکی وا کە بووە هۆی ئەوەی جوڵانەوەی نەتەوایەتی کورد لەگەڵ هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهانیدا پێ بنێتە قۆناغێکی پێگەیشتووتر[٢].**

[1]- اطلاعات ، ٢٦ دی ١٣١٠.

[2]- ئەم بابەتە لە گۆڤاری : ڤەژین ، هژمار ١٠ ، زڤستان ١٩٨٨، دهۆك دا بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە.

## سەرنجێك لە هەل ومەرجی سیاسیی و ئابوریی و كۆمەلایەتیی رۆژهەلاتی كوردستان لە سالانی (١٩٣٠ -١٩٣٩ )[1]

رووداوی هاتنە سەركاری رەزاشاپەهلەوی و لەسەرنانی تاجی پاشایەتی ئێران، لە ٢٥ی كانونی یەكەمی ١٩٢٥ دا، بە وەرچەرخانێكی نالەبار لە لایەن گەلانی غەیرەفارس لە ئێران بەگشتی و لەلایەن گەلی كوردەوە بەتایبەتی دادەنرێت.چونكە كورد لە قۆناغی فەرمانڕەوایەتی رەزاشادا تووشی نەهامەتی و ئازار و چەوسانەوەیەكی كەم وێنە بۆتەوە .شایەنی باسە ،رەزاشا كەمێك پاش هاتنە سەركاری ، توانی بناغەی دەسەلاتێكی دیكتاتۆری توندو تیژ دابمەزرێنێت ،تەواوی كەسایەتییە سیاسەتكارە ناسراوەكانی ئێران و نەیارە شەخسییەكانی لە ئێران دەرپەڕاند و هەر دەنگێكی ئۆپۆزسیۆنی لە تاران و دەرەوەیدا كپ كرد،بەچەشنێك توندترین شێوازی سەركوتكردن و داپلۆسینی لەو پێناوەدا گرتە بەر .

هەروەها رەزاشا هەر لەسەرەتاوە، وەك بەشێك لە ئامانجە رەگەزپەرست و ناسیونالیستە تەنگەتیلەكانی ، كەوتە خۆ بە مل پێ كەچكردنی گەلی كورد و دژایەتییكردنی نیشتمانپەروەران وئازادیخوازانی كورد و چەسپاندنی دەسەلاتێكی میللتاریستی ناوەندگەرا بەسەر كوردستان دا.لەو پێناوەشدا توانی بە هاوكاری دەولەتە زلهێزەكانی جیهان و هێزە هەرێمییەكانی ناوچەكە، ئەوانەی بەرژەوەندی ئابوریی و سیاسییان لە گەلْ ئێران دا هەبوو، تەواوی ئەو جولانەوە كوردییانە بە ئاگر و ئاسن تێكبشكێنێت كە داواوی ئازادی و ماڤ نەتەوایەتییان دەكرد وئامادە نەبوون

[1] -ئەم بابەتە بەزمانی عەرەبی لە گۆڤاری : مەتین ، ژمارە ٥٨ ، چریا دووێ ١٩٩٦، دهۆك دا بلاوكرداوەتەوە .



سەر بۆ دیكتاتۆری رەزاشا دانەوێنن.بەوەش توانی لە سەرەتای سییەكانی سەدەی بیستەمدا ، پاش كوشتن وگرتنی سەردارانی كورد و زیندانییكردن و دوورخستنەوەیان بۆ گرتووخانەكانی تاران،خۆراسان و شیراز، هەروەها چەككردنی عەشیرەتەكان و دەست بەسەرداگرتنی موڵك و ماڵیان، دەسەلاتێكی سەركوتكەرانە لە كوردستاندا بسەپێنێت [١] .

رۆژنامەی (باختر/رۆژئاوا) ئێرانی جەخت لەسەر ئەو راستییەی سەرەوە دەكاتەوە كاتێك دەنووسێت:"دەسەلاتدارانی ئێرانی لەقۆناغی فەرمانڕەوایەتی تیرۆرستی رەزاشادا هەستا بە كوشتنی (٢٤) هەزار هاوولاتی لە زیندانەكانییدا، كە زۆربەی ئەوانە لە رۆشنبیران و سەرۆك عەشیرەتە ئازاكان بوون.ئەوانەی دكتاتۆری شا و كارە تیرۆرستییەكانیان رەتكردەوە" [٢] .

محەمەد حوسێن سەیفی قازی، كە دواتر لەپاش جەنگی دووەمی جیهانی و پاش دامەزراندنی كۆماری میللی دیموكراتی كوردستان ،بوو بو جێگری سەرەك وەزیران و وەزیری جەنگی ئەو كۆمارە، سەبارەت بە هەڵسوكەوتی كاربەدەستانی ئێرانی لەو سەردەمەدا دواوە و دەڵێ:"مەئمورینی لەشكری و كشوەری و ژاندارم كە لە پامال كردنی حەق و عەدالەت ،كە مضامینی قانونی اساسی حقیقی ،بە تەواوی نەتەوانی ئیرانی قایل بوە و ،داندراوە ،دریغییان نەكردوە. هەروەكو بۆ خۆتان دیوتانە لە تعرض بە گیان و ماڵ و حیثیت و ناموسی نەتەوانی ئیرانیٚ مەخصوصەن میللەتی كوردی ...دەكەمالی بی شەرمی و بی حەیایی دا لە مودەتی بیست ساڵەی دیكتاتۆری رضاخان دا موضایەقەیان نەكردوە و ، ئەوان ئیران فەقەط بە تاران دەزانن و ،بە غەیری ئیستفادەی شەخسی و خۆشگوزەرانی و

[1] - كوردستان ،رۆژنامە ،ژمارە ١٥، ١٩٤٦/١/١١ ،

[2] -باختر ، شمارە ٢٠٢ ، تهران ، ابان ١٣٢٢ ش ، ص٤.

راگرتنی مەقام و جا و جەلالی خۆیان هیچ فیکری دیکەیان نیە .تارانیش چ تاران مەرکەزو بناغەی فەساد و لائوبالی بی عەلاقەیی و بیٚ خەبەری و دە حەقیقەت دا مەرکەزێکی زۆر زۆر کەثیف لە قەصر و قصوری زۆر عالی و موجەلەل کە بە خوێن و زەحمەت و رەنج و ئارەقی نێوچاوانی هەزاران هەزار بەدبەخت و بێچارەی نەتەوانی زەحمەتکێشی ئێرانی بناغەی داندراوە و رازاندراوەتەوە " [1].

حکومەتی شاهەنشاهیی پەهلەوی بە شێوەی دیل و کۆیلە مامەڵەی لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا دەکرد.تاوانی دەزگا سەرکوتکەرەکانی بە تایبەتی دەزگای(ئەمنیە) گەیشتبووە رادەیەك بێزاریەکی گەورەی لەلای خەڵك پێکهێنابوو.هەر لە سزادانی ماددی و جەریمەکردنی دانیشتووان ، تا کوشتنی خەڵکی بێتاوان و تاڵانکردن و سووتاندنی گوندەکان ،لە لایەن ئەو دەزگایەوە ئەنجام دەدرا[2].پۆستی سەرۆکایەتی یەکە سەربازییەکان و بەڕیوەبەرایەتی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدرایە کەسانێك کە لە ناوەندەوە دیاریدەکران.ئەوانەی بیٚ لێپرسینەوە و بۆگیرفانپڕکردنی خۆیان و بەرپرسە پایەبڵندەکانیان لە ناوەند هەڵدەسوڕان و بە توندترین شێوازی سەرکوتکەرانە مامەڵەیەیان لەگەڵ گەلی کوردستاندا دەکرد.

(حسێن فردوست) کە بەرپرسی یەکەمی دەفتەری دەرباری شاهەنشاهیی پەهلەوییە ،لەو بارەیەوە نووسیویە:"لە سەروبەندی ڕووداوەکانی کوردستاندا، (ئەمیر ئەحمەدی) کە بووە سەرکردەی گشتی هێزەکانی شیمال غەربی ئێران، ناوبانگێکی گەورەی بەدەستهێنا بەوەی ژمارەیەکی زۆری سەرۆك عەشیرەتەکانی کوردی هەڵخەڵەتاند وهات بەڵێنی

[1] -کوردستان ن ژمارە ٥٠، ١٩٤٦/٥/٢٧.

[2] – دەستنووی بەیاننامەی دامەزراندنی کۆمەڵی دیموکراتی کوردستان کە پێشەوا و نزیکەی ٧٠ لە ئەندامان ئیمزایان کردووە.



درۆینەی پێدان ،نامەی لەسەر پشتی قورئان بۆ نووسین کە حکومەت دەست لەکاروباری ناوخۆیان وەرنادات و ئیرادەی شاهەنشاهییان بەسەردا ناسەپێنێت.بەهەرحاڵ ،راپەڕینی کوردان پاش چوار ساڵ لە رشتنی خوێنێکی زۆر کۆتایی هات .ئەمیرئەحمەدی بەسەرکەوتوویی گەڕاوە تاران و نازناوی فاتح غەربی لێنرا.پلە سەربازییەکەشی بەرزکرایەوە بۆ (سوپەهبود) .بەڵام پاشتر لەلایەن شاهەنشاوە پشتگویٚ خرا و لە پۆستەکەی لابرا و پۆستێکی لاوەکییان پێبەخشی...دیارە ئەمیرئەحمەدی ئەودەمە پێویستییەکی بە پۆست نەمابوو،چونکە ئەوەندەی پارەو سامان و زێر لە کوردستان کۆکردبوونەوە و بەو سامانە پێنج سەد موڵکی لە خانوو و ئاپارتمان لە شەقامی (حەسەن ئاباد) پیٚ کڕیبوو [1] .

لەڕاستییدا ،رەزاشا سیاسەتی بەفارسکردن و توانەوەی نەتەوەی کوردیی لە بۆتەی نەتەوەی سەردەستدا گرتەبەر.لەو پێناوەشدا حکومەتی شاهەنشاهیی بەرنامەیەکی وردی داڕشت کە ڕێگری بکرێت خەڵکی لە کوردستان بە زمانی نەتەوەیی خۆیان قسان بکەن و پێی بنووسن و بخوێننەوە.(توکلی) لەو بارەیەوە دەڵیٚ:"یەك لەو بەرنامانەی رەزاشا بریتیبوو لە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردیی لە خوێندنگا و دابودەزگا بەڕیوەبەرییەکانی حکومەتیدا.لەتەواوی هۆڵ و ژوورەکانی ئەو شوێنانەدا چەندین نووسراو بە دیوارەکاندا هەڵواسرابوو کە تێیاندا هاتبوو"فارسی سخن گوید/بەفارسی بدویٚ".بەڵیٚ ئاخاوتن بە زمانی کوردی کە رەسەنترین و پاکترین زمانی ئارییاییە قەدەغەیە،لە کاتێکدا لەبەرکردنی

[1] – ارتشبد حسین فردوست ، ظهور وسقوط سلطنت پهلوی ، جلد أول چاپ دوم ، تهران ، ١٣٧٠ش، ص ٧٧–٧٨.

پۆشاکی رۆژئاوایی و پڕۆپاگندەکردن بۆ گەڕانەوە بۆ کەڵتووری ئاریی کۆن لەلایەن حکومەتەوە دەهۆڵی بۆ لێدەدرا"[1] .

هەروەها توکلی لە نووسینی خۆی بەردەوام دەبێت و سەبارەت بە کارورەفتاری لێپرسراوەکانی دیکەی ئێرانیی لە کوردستان دەڵێ:"لەو بەرنامانەی دیکە کە بەئامانجی دژایەتی و لێدانی فەرهەنگ و فۆلکلۆری کوردیی جێبەجێدەکران بریتیبوو لە وێرانکردنی ئەو ئاسەوارە کۆنانەی ئاماژەیان بۆ مێژووی کورد دەکرد...(حەسەن موقەدەم) سرکردەی هێزە ئێرانییەکان لە شاری سنە لەو رووە دەستی نەپاراست.وێڕای ئەوئازارو ستەمەی کە خەڵکی لەدەستی ئەم کابرایەوە تووشی دەبوون، مردووەکانیش لە بەڵای ئەم سەرکردەیە بێبەش نەبوون.ئەو هەستا بە وێرانکردنی گۆڕستانی (سلێمان بەگ) کە شوێنی ئارامگای سەردارانی کورد و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکانێتی "[2] .

بە پێی ئەو سیاسەتە نالەبارەی کە حکومەت بەرامبەر گەلی کورد لە ئێران گرتبوویەبەر ، ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە کوردی خێڵەکانی (گەڵباخ[3]ی و پیران و جەلالی) و هەزارەها خێزانی دیکەی کورد لە ساڵی ١٩٣٥دا گواسترانەوە بۆ شوێنە دووردەستەکانی ئێران، بە تایبەتی بۆ کرمان،سوڵتان ئاباد و شیراز[1].لەبەر ئەوەی کە پرۆسەی گواستنەوەکە لە هەلومەرجێکی سەخت و دژواردا ئەنجامدەدرا ،ئەمەش دەبووە مایەی لەناوچوونی ژمارەیەکی زۆری کوردە گواستراوەکان ،بەتایبەتی ژن و منداڵ و پیاوی پیر ،ئەوانەی بەرگەی رێڕۆشتنی درێژ و برسێتی و سەرمایان نەدەکرد.ئەمەو سەرباری هەڵسوکەوتی ناجوامێرانە و نامرۆڤانەی سەرباز و ئەفسەرانی سوپای ئێرانی ،ئەوانەی بێ لێپرسینەوە دەکەوتنە تالانکردنی کوردەکان و زۆر جار دەستدرێژی ناموسیان دەکردە سەر ژن و پیاوی کورد وەك پێشەوا قازی محەمەد دەڵێ: " کی بی نەی بیست بی کە بە چ نامەردییەکی قشونی رضاخانی پەهلەوی چۆن دەوەختیك دا کە ئاراراتی گەرمی شەڕی لە گەڵ تورکان بون چە ناپیاوانە و ناجەوانمەردانە وە نێو ژن و منداڵی کوردان کەوتن( نعوذ باللە ) چیان بەسەر هینان وە چییان لێ کردن جەلالی چۆن هەمو بارکران و دەگەڵ هەزاران ماڵی کوردی لای وان هەر یەکە بۆ نقطە ییکی ئیرانی بران ئەلئانیش بەشی زۆریان کەس نەیزانی چییان لێ هات و چۆن تەلەف بون .ئەو دەردەی دایان بە گەلباغییان کە بە زستان باریانکردن صەدها منداليان دەبەفری دا قڕبون و پیاوان دەست و پێیان سەرما بردی و گەیەندرانە شارانی هەرە دووری ئێرانێ و بە ئەشەدی عەزاب بەشی زۆریان تەلەف بو هەتکی ناموسی و بێ عیفەتییەکی کە دەوهەموکارانەدا بەسەر کوردان هات شەرمی دەکەم شەرحی بدەم و تا ئەورۆ بەشەر نەیکردوە. کاری

---

[1] - محمد رئوف توكلی ، كردستان . جغرافیا و تأريخ بانە ، چاپ دوم ، ب.ج ، ١٣٦٣ش ، ص ١٩١.

[2] - هەمان سەرچاوە، ل ١٩٢.

[3] -گەڵباغییەکان لە تایفەکانی:گاملی ، موراد گۆرانی، چۆخەرەشی، کاك سەوەندی، قەمەری، وەرمزیار پێکدێن کە دەچنەوە سەر عەباس ئاغای گەڵباغی خەڵکی گوندی( گەڵباغی سەرووی ) سەر بە هەورامانە ، رژێمی رەزاشا پەهلەوی پێش ئەوەی لەشکر بنێرێتە سەریان توانی بە ناوی گفتوگۆ و رێکەوتنەوە ژمارەیەك لە گەورەپیاوانی ئەم خێڵە لەناوبەرێت . دواتر لەشکری شاهەنشاهیی پەلامارێکی سەرتاسەریی لە چوار قۆڵەوە بە فەرمانده‌یی :سەروان ئیلهامی، سەرگورد هەیبەت، سەروان ئەشرەڤ ، سەروان نازمی و نایب تەقی خانی پەروانە ، لە ناوەڕاستی زستانی ساڵی ١٩٣٦دا کردە سەر گوندەکانی : ئاڵوڵاخ، کۆسەمەڕ، کەسنەزان ، ئیبراهیم ئاوا ، کەڵەکان و هەردوو گیزملی خواروو و ژوورو ، لە ئاکامدا بەشێکی گەڵباغییەکان بەو زستانە سارده روویان لە چیاکان کردو بەرەو سنووری باشووری کوردستان هاتن . ئەو بەشەشی کە کەوتە دەستی لەشکری شاهەنشاهیی کرانە دوو بەش، بەشێکیان گوێزرانەوە بۆ شاری سنە و لە مزگەوتەکانی



هاجەرە خاتوون و رەشید قەڵابەگیان زیندانیی کران کە تیمسار نەخجەوان سەرپەرشتیی دەکرد، ئەوانەی دیکەش لە خراپترین بارودۆخدا کۆچاندیانن بۆ بێجاڕ و زنجان . بۆ زیاتر :
خالیدی ئەحمەدی ، بەسەرهاتی فەرمانڕەوای گەڵواخیەکان ، پێداچوونەوە و رێك و پێك کردنی : حەسەن گۆران ، سنە ، ٢٧٠٤ کوردیی

[1] - د.كمال مظهر أحمد ، دراسات فی تأريخ ايران الحديث والمعاصر ، بغداد ، ١٩٨٥، ص ٢٥٥.

ئەمنییان چی لیٚ بلێم سەرتاسەری ئێرانیٚ دۆست و دوژمن شاهیدی فەجایع و جنایات و هەتکی ناموسی وانە حەتتا تە عەروضیان بە پیاوان دەکرد،شەهرەبانی و نە ظمیە یان صەد لە ئەمنیە خراپتر. عەدلیە مەرکەزی تالأن و بڕۆ و روتانەوەی خەڵکی بون" [١]

شایەنی باسە ،بەتەنیا لە نێوان سالأنی ١٩٣٤–١٩٤٠ دا ،حکومەتی شاهەنشاهیی لەنێو زیندانەکانیدا ١٢٠ کوردی لەسێدارە داوە [٢].فشاری حکومەت بە جۆرێك پەرەی گرتبوو کە هیچ توێژ و چینێکی کۆمەڵگای کوردیی لە ئازارو راوەدوونان پارێزراو نەبووە.یاسای لابردنی سەرپۆش کە لەشوباتی ساڵی١٩٣٦دا لەلایەن حکومەتەوە دەرچوو [٣]،دەرفەتێکی باشی دایە ژاندارمی ئێرانی تا بکەونە دووی ژنانی کورد و ئازاریان بدەن .

توکلی لەم بارەیەوە نووسیویە:"تەنانەت ژنانی کوردییش لە راوەدوونانی دەسەڵاتدارانی گەندەڵی ئێرانی پارێزراو نەبوون،ئەوان دەبوایە وەك حکومەت دەیویست، واز لە دابونەریتی کوردانەی خۆیان بهێنن وجلك وبەرگ فڕیٚ بدەن و خۆیان رووتبکەنەوە .جا قوڕبەسەر ئەو ژنە کوردەی ژاندارم دەیبینن و هێشتا سەرپۆش و چارشێوی خۆی فڕیٚ نەداوە،لە حاڵەتێکی وادا ئەوان دەکەوتنە دووی و شالأویان بۆدەبرد و دوای سوکایەتیی پێکردنێکی زۆر چارشێو و سەرپۆشەکەیان لێدەکردەوە و دیاندڕاند و ئاگریان تێبەردەدا [٤] .

[1]- کوردستان ن ژمارە ٥٠، ١٩٤٦/٥/٢٧.

[2]- کمال مظهر، ل ٢٥٤.

[3]- بڕوانە: فوزیة صابر محمد،ایرلن بین الحربین العالمیتین (١٩١٨–١٩٣٩) . تطور السیاسة الداخلیة، رسالة ماجستیر غیر منشورة،کلیة الاداب ،جامعة البصرة ، ١٩٨٦، ص ١٨٧.

[4] - توکلی ،سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٠.



هەروەها حکومەتی رەزاشا سیاسەتێکی خەتەرناکی لەبەرامبەر خێڵە کوردەکان دەبردبەڕێوە کە لەو قۆناغەدا بەهۆیستراکچەری دواکەوتوویی کۆمەڵگای کوردەواری کاریگەریی زۆر مەنفی هەبوو،ئەو سیاسەتەی کە دواتر پێشەوا (قازی محەمەد) ئاماژەی پێداوە و دەڵیٚ: " لە پیش هەمو شتیك دا ئیختلاف و دووبەرەکانی عەشایری کە بە دەسیسەو حیلەبازی ئیستعمارو دیکتاتۆران بۆ ئیستیثمار و خواردن و کروشاندنەوەی ئەو میللەتە بە قەولی خۆیان (تفرقە بینداز و حکومت کن) وەبەین خستبوون و تا ئەندازەیەك ئەو ئاورە بلیسەی ساندبو برای دایکو بابی لەیەك بەزاند بو یەکەتی لە گوریٚ هەڵگیرا" [١] .

دیارە لەنێو خودی دەسەڵاتدارانی حکومەتی شاهەنشاهیی دا،کەسانێکی واقعبین هەبوون کە هەر زوو خەتەرناکی ئەو سیاسەتە فاشیستییانەی ئەو دەمە دەرهەق بەکورد دەکران لەبەرچاو بووە ،و هەوڵیانداوە شاهەنشای لیٚ ئاگادار بکەنەوە وچارەسەرێکی دیکە بۆ لەخۆگرتنی مەسەلەی نەتەوەیی کورد بخەنە بەرچاو.

لەو بارەیەوە (محمەد عەلی فەروغی) نوێنەری ئێران لە تورکیا ،لەنامەیەکیدا بۆ رەزاشا لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٢٧دا نووسیویە:" گیروگرفتی کورد لێرەدا (واتە لە تورکیا/ن) زۆر لەوە گرنگترە کە ئێمە بیرمان لیٚ دەکردەوە...تورکەکان نەبوونی یەکرەنگی نەتەوایەتی ...بەهۆی بنەڕەتی بەدبەختی خۆیان لە رابردوودا دەزانن و هەوڵ دەدەن لە ژیانی تازەیان دا خۆیان لەو بەلأیە رزگار بکەن ... بەلأم لەناکاو سیٚ ساڵ لەمەوپێش تووشی گیروگرفتی شێخ سەعید(مەبەستی راپەڕینی شێخ سەعیدی پیرانە لە ساڵی ١٩٢٥/ن) بوون . ئەم ئاژاوەیە زۆر گرنگ بوو ،بوونی تورکیای خستبۆ مەترسی یەوە، بەچەشنێك هەشت هەزار سەربازیان لە کوردستان کۆکردەوە

[1] - کوردستان ن ژمارە ١٠، ١٩٤٦/٢/٤.

و دەملیۆن دراویان خەرج کرد .بەڵام چەنکە هەڵەیان زۆر کرد گیروگرفتەکە دوایی نەهات و تورکەکانیش هەست بەوە دەکەن...مەبەستی ئەسڵی تورکەکان لە بەستنی پەیمان لەگەڵ ئێمە ئەوەیە کە بەیارمەتی ئێمە خۆیان لەدەست خراپەی تورکەکان رزگاربکەن بە چەشنێك کە ئەو هەموو زەحمەتەی بۆ پێکهێنانی تورکیای تازەیان کێشاوە بە فیڕۆ نەچێ...جا بۆ ئەوەی ناچار نەبن هەمیشە لەشکرێکی زۆر لەو ناوچەیەدا رابگرن و خەرجێکی زۆر بکەن ،دەیانەوێت بە یارمەتی ئێران ئەو بەڵایە لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە ...

بەڵام لەسەر مەسەلەی کوردستاتنی سەربەخۆ ئەمن لەو باوەڕەدام کە ئەو مەترسی یە بۆ ئێمە ئاشکرایە.نابێ بە قسەی ئینگلیز دڵنیابین کە دەڵێ:"بە شێخ مەحموودمان(مەبەست شێخ مەحمودی بەرزنجی یە/ن) گوتوە کە کوردستانی سەربەخۆ قبوڵ ناکەین"...چونکە مەسەلەی سەربەخۆیی تازە کەوتۆتە سەر زار وزمانان...کەوابوو ئێمە دەبێ هەرچۆنێك بێ لە فیکری کوردستانی خۆمان دابین و ئەگەر بکرێ تورکەکان بکەینە هاوکاری خۆمان،بەڵام نەك بۆ لە نێوبردن و تەفروتوناکردنی کوردەکان .چونکە ئەوە خەیاڵێکی خاوە ،بەڵکو بۆ ئەوەی بە رووخۆشی رایان کێشین بۆ لای دەوڵەتی ئێران و بە شێوەی ئێران پەروەردەیان بکەین.ئەو کارە بۆ ئێمە هاسانترە هەتا بۆ تورکیا .چونکە کوردەکان لەبارەی زمان و رەسەنەوە ئێرانین و ئێستاش ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ هەستی نەتەوایەتی لە کوردەکان دا ببزوێنن لە شانامەو چیرۆکی جەمشید و فەرەیدوون کەڵك وەردەگرن.

ئەگەر موچەخۆرەکانی دەولەتی ئێران کەمێك ژیربن و تەماعیان کەمتر بێ و دەستی زۆرداری لەسەر کوردەکان هەڵگرن و بە تێکڕایی تەگبیرێکی باشی بۆ بکەن،هەر نەبێ لە نێو کورد و فارس دا دوژمنایەتی و قینەبەری نامێنێ و ئەگەر هات و رۆژێك خەیاڵی کوردستانی سەربەخۆ



بەهێزتر بوو ،ئەو دەم کوردەکانی ئێران ئێمە تووشی چەرمەسەری ناکەن .بەڵام ئەگەر ئاکاری موچەخۆرەکانی ئێران هەروەك جاران بێ و ئێمەش گوێ نەدەینە کوردەکان و وازیان لێ بێنیین ،بە بڕوای من مەترسی نزیکە"[1] .

رەزاشا بێ ئەوەی هیچ گوێ بداتە ئەو پێشنیاز و بۆچوونانە ،سیاسەتی سەرکوتکردن و تواندنەوەی کوردی پەرەپێدا.لەوەش زیاتر، هەستا بە گۆڕین و بە فارسییکرنی ناوی ژمارەیەکی زۆر لە شار و روبار و چیاکانی کوردستان .بۆ نمونە: ورمێی کرد بە رەزائییە، سەلماس بۆ شاپور، خانێ بۆ پیرانشەهر، سابلاغ بۆ مهاباد، چۆمی چەغەتوو بۆ زیرینەرود [2] .هەروەها دراو و توانایەکی ماڵی زۆر خەرجکرا لە پێناوی سڕینەوەی ئەدەبی کوردیی و بەفارسیکردنی .شیعرەکانی (بابەتایەری هەمەدانی )کە بەزارێکی کەلهوڕی نووسراوە کرانە فارسی.داوایان لە(رشید یاسمی) کرد ،لە رێگای کارێکەوە کە نووسینی کتێبی(کرد و پیوستگی نژادی و تأریخی او) ە ،تیۆرێکی زڕ سەبارەت بە فارسبوونی کورد بسەلمێنێت [3].ئەو تێڕوانینە شۆفینیستیانەی کە تانوکە لە مێشکی ناسیونالیستە تەنگەتیلەکانی فارسدا خول دەخوا[4] .

لەراستییدا ،حکومەتی شاهەنشاهیی پەهلەوی تەنیا سیاسەتی سەرکوتکردن و راونان و گرتن و کوشتنی ئازادیخوازانی کوردی لە

[1] – دکتـور عبـدالرحمن قـاسملو ، کوردسـتان و کـورد ، لێکۆڵینەوەیـەکی سیاسـی وئـابووری ، وەرگێڕانی : عبداللە حسن زادە ، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا ، ١٩٧٣ز ، ل ٢٩٧–٢٩٩.

[2] – کمال مظهر، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٥٦.

[3] – دکتور عبدالرحمن قاسملو ،چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی ، کورتەیەك لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، بەرگی یەکەم ، چاپی دووەم ، ١٩٨٨، ل٢٣.

[4] – بڕوانە: اسماعیل اردلانی، ایران از نظر یك دانشمند کرد،کوهستان .هفتە نامە ،شمارە ٨٢ ، سال دوم ٢٨ بهمن ١٣٢٥ش.

رۆژهەڵاتی کوردستان نەگرتبۆبەر .بەڵکو چەندی بۆ بکرایە تێدەکۆشا لە پێناو لێدان و لەناوبردنی هەر چالاکی و جولاَنەوەیەکی ئازادیخوازانەی کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانی داگیرکراو.بۆ سەلماندنی ئەو راستییەش ،(دکتۆر جەمال نەبەز) دەڵێ:" ئەوەندەی پێوەندی ی بە کوردی عێراقەوە هەیە ،ئەوا خۆیان گەیاندبووە ئەو کوردانەی کە کۆمەڵەی ((زەردەشت)) یان لە ساڵی ١٩٢٨ دا پێك هانیبو، و بەڵنیان دابوونێ کە بە پارە پشتگیری ی یارمەتی یان بدەن و لە شاری سنە(کوردستانی ئێران) رۆژنامەیەك لەسەر ئەرکی حکومەتی ئێران دەربچێ، کەچی لەژێرەوە ناوی هەموو ئەو کوردانەیان دابوو بە پۆلیسی نهێنی ی عێراق و هەموو ئەو کوردانە تووشی زیندان و لەسەرکارلابردن و دوورخستنەوە و دەردەسەرێ هاتن"[1] .

لەسۆنگەی ئەم سیاسەتەوە ،حکومەتی شاهەنشاهیی ،بە هاوکاری و هاندانی بەریتانیا ،رۆڵێکی بەرچاوی بینی لە نزیکبوونەوە لەو دەوڵەتە هەرێمیانەی ناوچەکە کە کوردستانیان دابەشکردووە،بۆ ئەوەی سیاسەتێکی یەکگرتوو بە دژی جولاَنەوەی ئازادیخوازانە و نەتەوەیی کورد و دانانی رێوشوێنێك بۆ پاراستنی رژێمە رۆژئاواگەراکانی ناوچەکە (ئێران ،تورکیا، عێراق ، ئەفغانستان) و کۆکردنەوەیان لە هاوپەیمانێتییەکدا بەمەبەستی هاوکاریی سنووریی و ئابوریی و زانیاریی [2] .ئەو نزیك بوونەوەیەی کە پەیمانی (سەعد ئاباد) ی لێکەوتەوە ،ئەو پەیمانەی کە مادەی حەوتەمی بە

1- جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی نەبیری (قەومیەت)ی ڕۆژهەڵاتی و نەبیری (ناسیۆنالیزم )یءرۆژئاواییە ، بڵاوکراوەی خوێنکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا ، بنکەی چاپەمەنی ئازاد ، سوید ١٩٨٤، ل ١٢٥ .

2 -نەوشیروان مستەفا ئەمین ، حکومەتی کوردستان ڕێبەندانی ١٣٢٤–سەرماوەرزی ١٣٢٥. کورد لە گەمەی سۆڤێتیدا ، چاپی دووەم ، هەولێر ، ١٩٩٣



ئاشکرا دژی چالاکی ئازادیخوازانی کوردە و دەڵێ:"هەر لایەنێکی پەیماندەری شکۆدار بڕیاردەدا لەلای خۆیەوە هەنگاو بە دژی دامەزراندن و چالاکی تاقمە چەکدارەکان، هەروەها ئەو کۆمەڵە و رێکخراوانە بنێت کە کار بۆ تێکدانی سیستمی فەرمانڕەوایەتی یاخود کارگەری مەنفی لەسەر ئاسایش و هێمنی هەر بەشێك لە سنوری لاکەی دیکەی بەرامبەر دەکات" [1] .

هەربۆیە دوای ئەوەی حکومەتی شاهەنشاهیی ،هاوکاری و هەڤاڵبەندی خۆی لەگەڵ رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان لە ناوچەکەدا بەهێزو مسۆگەر کرد ،سیاسەتی چەوساندنەوە و سەرکوتی دژی کۆمەلاَنی خەڵکی کوردستان گەیاندە چلەپۆپە .ئەو رژێمە دوای بلاَوکردنەوەی تۆڕێکی سیخوڕی بەرفراوان هەموو جوڵەیەکی بچکۆلانەی بە توندترین شێوە دەکوتا ،بە چەشنێك کار گەیشتبووە ئەوەی"دەسەلاَتدارانی حکومەتی پەهلەوی لە شاری کرماشان دوکان بە دوکان و ماڵ بەماڵ دەگەڕان ، فەرمانی قەدەغەکردنی گوێگرتن لە ئامێری رادیۆییان بە خەڵکی رادەگەیاند و ئامێرەکانیان مۆردەکرد تا کەس نەتوانێ لە رێگای رادیۆوە گوێ لە هەواڵەکانی دەرەوە رادێرێ" [2] .

سیاسەتی جیاخوازی رەگەزایەتی کە حکومەتی رەزاشا دژ بەگەلی کورد پیادەی دەکرد تەواوی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردیی گرتبۆوە. وێڕای ئەوەی کە حکومەت پرۆپاگندەی بۆ هێندێك کار و ریفۆرم دەکرد کە توانای پڕکردنەوەی پێویستییەکانی خودی ناوچە فارسەکانی نەبوو [3]،کەچی سیاسەتی پشتگوێخستن و پەراوێزکردن لەهەمبەر رۆژهەلاتی

1 - :صلاح الدين محمد سعدالله، كردستان و الحركة الوطنية الكردية ،بغداد، ١٩٧٨، ص ٤١ .

2 - لە : فوزیە صابر ەوە ،سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٣٥.

3 - بۆ زیاتر لە بارەی کارە ریفۆرمییەکانی رەزاشا بڕوانە: Banani. Amin The Moderenzation of Iran(1921-1941)Stand ford University Press

کوردستاندا گیرابۆبەر .نەک هەر ئەوە بگرە حکومەت لە کوردستان هێدێک کاری کردن کە هەلومەرجە ئاڵۆز و نالەبارەکەی کوردستانیان ئاڵۆزترکرد.لەو رووەوە (ح.قزلجی) لە وتارێکیدا بەناوی "ئێمە دەڵێین چی؟" دەڵێ:" لە دەوری بلەوەزی و دیکتاتۆری بیست سالەدا زولموزۆریکی یەکجار زۆر و زەوەندمان لی کراوە،بەروبوی کوردستان کە بەرەنجی باسک و ئارەقی نیوچاوانی کوردان رەنیودەهات بەفیروئی دەبرا.بەندیخانە و زیندانی شاران لە براکوردەکانی ئیمە پردەکران...حاصلی ئیمە هەرچی بومان :توتن ،گەنم،پەمبو،خوری،شتی لیرەوار هەموی (انحصار) بو بە نرخیکی کەم لییان دەسەندین و دەیان برد بەشی خۆشمان بۆ نەدەماوە،کوتال و وردەوالەی خۆشیان نەدەداینی.مالیات و عەواریضی بەلەدیە و شیر و خورشیدی سوریان لە ئیمە دەسەند و لە تاران کۆشک و بالەخانەیان پێ دروست دەکرد،ئێمەش لە شاخ و داخ هەناسە سارد و رەش ورووت بەدەست مەئمورە غەدارەکانەوە دەلەرزین... ئەمە تنوکیکە لە دەریایەک و کایەکە لە کێوێکی ئەزیەت و ئازاری ئەودەم .هیچ کەس نیە ئیستاش نەناڵینی و ئاگای لەو کارە رەهاتە نەبی .هێندەش لە مێژ نیە شایەد و بەڵگەی بوێ ،ئەوە چوار ساڵی تەواوە گۆڤار و رۆژنامەکانی تاران لەسەر ئەم بابەتە دەدوێن و هێشتا لە عۆدەی نەهاتوون " [1] .

حکومەتی پەهلەوی سیاسەتی (تختە قاپۆ/نیشتەجێی بەزۆر) لەهەمبەر خێڵە نیمچە کۆچەرەکانی کورددا گرتەبەر و کەوتە رێگرتن لە هاتوچۆو گەرمیان و کوێستانییان(یلاق و قشلاق).ئەوانە پاش سووتاندنی دەوارەکانیان ناچارکران بەتەواوی نیشتەجێبکرێن لەنێو ئەو خانووانەی نە لە سەرمای زستان و نە لە گەرمای هاوینی دەپارستن.مەڕدارەکان لەونێوەدا زەرەرمەندی یەکەم بوون .چونکە بێبەشکردنیان لە پاوان و لێرەواری

[1] - کوردستان ن ژمارە ٦، ٢١/١/١٩٤٦.



کوێستانەکان ،گورزێکی گەورەی لە سامانی ئاژەڵداری لە کوردستاندا وەشاند [1] .لەلایەکی دییەوە، رەزاشا بەمەبەستی پیادەکردنی سیاسەتەکانی، ژمارەیەک لە دەرەبەگ و موڵکدارە خۆفرۆشەکانی کوردی لەئامێزگرتبوو،ئەوانەی لە رووی چینایەتیی وکۆمەڵایەتییەوە ببوونە هاوکار و تەواوکەری سیستمی بۆرجوا-دەرەبەگی رۆژئاواگەرای شاهەنشاهیی ئێرانیی و بێ ئەوەی هیچ یاسایەک بیانگرێتەوە ،دەستیان لە چەوسانەوە و کڕوساندنەوەی جوتێری کورد و دەست بەسەرداگرتنی بەرهەم و رەنجی شانی زەحمەتکێشانی کوردا نەدەپاراست.

سەبارەت بە یاسای زەوی کە رەزاشا لە ساڵی ١٩٢٨دا بڵاویکردەوە،ئەو یاسایە نەک هەر نەبو بە هۆی چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و لانی کەمی دادی کۆمەڵایەتی نەهێنایەدی،بەڵکو دەسەڵاتی موڵکدار و ئەربابەکانی پتر لە پێشوو بەسەر زەویە کشتوکاڵییەکاندا چەسپاند و ستەمی چینایەتی قوڵترکردەوە [2] .لەم بارەیەوە لە کتێبی(گذشتە)دا هاتووە:"ئاشکرایە کە ئابوری ئێران لەسەردەمی رەزاشادا، بەشێوەیەکی گشتی پشتی بە لادێ و بەرهەمەکانی دەبەست.رژێمی پەهلەوی تەواوی پەیوەندییەکانی ئەرباب-رەعیەتی هێشتبوونەوە کە تائەو دەمە لە گوندەکانی ئێراندا باوبوون،جووتکاران کە بەتەواوی بێبەشبوون لە موڵکایەتی زەوییە کشتوکاڵییەکان ،دەبوایە بە بردنی نیوەبەرهەم یاخود چواریەک سەری خۆیان کزبگرتایە.وێڕای ئەوەی کە جوتکاری ئێرانی دەبایە تەواوی ئەو ئەرکانە بگرێتە ئەستۆ کە ئەرباب یا موڵکدار بەسەریدا دەسەپێنێت.ئەو جوتکارانەی هیچ مافێکی کۆمەڵایەتییان نەبوو،ئامرازی

[1] - گذشته چراخ راه آیندست ، تأریخ ایران در فاصله دو کودتا ، نشر :جامی ، چاپ دوم ، چاپخانه گلشن ، تابستان ١٣٦٢ش.

[2] - کمال مظهر، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٥٤.

کارکردنیان هەروەك پێشوو سادەو ساکار و دواکەوتوو بوو.چەوسانەوەی جوتکاران لەسەردەمی ڕەزاشادا زیاتر لەوەی هەبوو پەرەی سەند.کارە ریفۆرمییەکانی ڕەزاشا ئاسەوارێکی ئەرێنی و چاکبوونی ژیانی ئەوانی نەهێنایە دی.بەڵکو بە پێچەوانەوە گەشەکردنی سەرمایەداری بازرگانی ستەمی سەرشانی ئەوانی زێدەکرد.بۆ نمونە:ڕێژەی جوتکارە بێ زەوییەکان لەناوچەی (دەماوەند)ی نێزیك تاران ٦٠ ٪ پێکدەهێنا.ئەو ناوچەیەی کە زۆر زیاتر لە شوێنەکانی دی یاسای زەوی و کارە ریفۆرمییەکانی ڕەزاشای تێدا جێبەجێکرا . لەوەش خراپتر، ژیانی ئەو جوتکارانەی لەسەر ئەو زەوییانە کاریان دەکرد کە موڵکی تایبەتی شاهەنشا بوون ، زۆر لەو جوتکارانەی دیکە خراپتر و نالەبارتربوون .ئەوانە بەشێوەیەك بە زەوییەکانەوە بەسترابوونەوە کە نەیاندەتوانی جێیبهێڵن و لێی دووربکەونەوە"[1] .

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەراستییەك بکرێت ئەویش ئەوەیە ، وێڕای ئەوەی جوتکارانی کورد هەروەك جوتکارە ئێرانییەکان لە سایەی جۆرەها ستەم و چەوسانەوە و لە بارودۆخێکی هەژاری و دواکەوتوویی و ژیانی برسێتی و نەخۆشیدا دەیانناڵاند و لەلایەن موڵکدار و دەرەبەگە فارسە داگیرکەرەکانی کوردستان[2] و موڵکدارە شاپەرستە کوردە بەکرێگیراوەکانەوە کە دەستیان بەسەر فراوانترین و بە پیتترین زەوییە کشتوکاڵییەکاندا گرتبوو ، دەرووتێنرانەوە . ئەوانە شێوازێکی ستەمی دیکەشیان کەوتە سەرشان،ئەویش ستەمی نەتەوایەتی و بێبەشکردنیان بوو لە بچوکترین مافە نەتەوایەتییەکانیان ئەوانەی ئەوەندە داماو و کڕوسابوون کە نمونەیان لە نێو جوتکارانی ئێراندا کەم وێنە بوو. منداڵەکانیان بێ پۆشاك لەسەرمای زستاندا هەڵدەلەرزین ، تەنانەت ژنان و پیاوانیشیان لە چلەی زستان و وەرزی

[1] - گذشته چراخ راه آیندست ،ل ٢٦.

[2] فاتح.م،پنجا سال از نفت ایران،تهران ،چاپ اول، ١٣٣٥ش ،ص ٣٠٧.



بەرفرانباردا بێ پێڵاو و پێ خاوس دەسوڕانەوە . سەپاندنی سەرانە و باجی پشتشکێنیش بەسەر ئەم توێژە هەژارەدا ژیانی تاڵ کردبوون و ببووە دۆزەخێکی بێ وێنە"[1] .

لە یەکێك لە دوکیۆمێنتەکانی حکومەتی عێراقیدا ،باسی ئەو مامەڵە خراپەی حکومەتی ئێران لە حاست جوتکارانی کورد و ناڕەزایی و بێزاری ئەو توێژەی کۆمەڵگای کوردی کراوە و هاتووە:"ئەم توێژە ،لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە کە کارو فەرمانی ناوچەکەیان بەدەستە ،مامەڵەیەکی پڕ لە توندوتیژی و چەوسانەوەیان دەرهەق دەکرێت .ئەوەش وایان لێدەکات کە بێزار و ناڕازی بن"[2] .هەربۆیە جێگای سەرسوڕمان نیە،کە لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٣٦-١٩٣٩) دا ،ژمارەیەك ڕاپەڕینی جوتیارانەی ناوچەیی لە گوندەکانی دەوروبەری شارەکانی کوردستان وەك سنە و مەریوان ڕوویانداوە.ئەو ڕاپەڕینانەی ڕێکخرا و یەکگرتوو نەبوون و لەلایەن ئەرتەشی شاهەنشاهییەوە بە توندترین شێواز سەرکوتکران[3] .

ئەو سیاسەتە توندوتیژەی حکومەتی ئێرانی بەرامبەر گەلی کورد ،بەتایبەت تاڵانی سامانی نیشتمانیی و پشتگوێ خستنی کۆمەڵگای کوردی و پەراوێزخستنی لە ڕووی کشتوکاڵی و پیشەسازی و فەرهەنگی ،و هێشتنەوە و قوڵکردنەوەی پەیوەندییە دەرەبەگایەتی و نیمچەدەرەبەگایەتی لە کوردستان ،بە ئامانجی ئاستەنگ دروستکردن بوو لەبەردەم دەرکەوتن و پێگەیشتنی چینی ناوەڕاست و هێزە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان وەك کرێکار و بۆرجوای نیشتمانی ، لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، تا ئەو هێزانە دەستیان بەسەر ئابوری کوردستاندا ڕا نەگات و زەمینە لەبەردەم بۆرجوای

[1] -عەلی ئەصغەری شەمیمی هەمەدانی ،جوغرافیای کوردستانی ئێران ، وەرگێڕانی :عبدالرحمن محمد امین زبیحی، بەغداد ، ١٩٨٠، ل٧٥.

[2] -لە : فوزیە صابر ەوە ،سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٢٥.

[3] - کمال مظهر، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٥٤.

کۆمپرادۆری فارس و کاکەکانیدا بە کراوەیی بمێنێتەوە ،تا بە ویستی خۆی کۆنترۆڵی بازاڕەکانی کوردستان بکات[1] .

لەو پێناوەشدا تاران سیاسەتێکی دەبڵ ستاندەری گرتەبەر .لە کاتێکدا هەوڵی بەردەوامی بۆ بەهێزکردنی تاران بە ئەنجامدانی پرۆسەی پیشەسازی و کردنەوەی کارگە و فابریقە و کار ی بنیاتنان دەدا،کایەی پیشەسازی لە کوردستاندا لە دواکەوتووترین قۆناغیدا بوو بێ ئەوەی لایەکی لێ بکرێتەوە .بۆ نمونە :لە ساڵەکانی کۆتایی فەرمانڕەوایی رەزاشاپەهلەویدا ،(٤٠) کارگەی رستن و چنین و (٨) کارگەی شەکر و ژمارەیەکی زۆر لە کارگەی خاوێنکردنەوەی توتن و دروستکردنی جگەرە دامەزرێنران ،لەوانە تەنیا دوو کارگەی شەکر لە کوردستاندا بوو ،یەك لە (میاندوئاو) و یەك لە(شائاباد) .لە گەڵ ئەوەی کوردستان لە پێشەوەی ناوچەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیدا بوو .[2]

هەروەها سیاسەتی جیاوازی رەگەزیی حکومەتی پەهلەوی لە سەر ژیانی تەندروستی و فەرهەنگی خەڵکی کوردستان رەنگی دابۆوە .شایەنی باسە هەتا دەسپێکردنی جەنگی دووەمی جیهان لە ناوچەکانی باکوری رۆژهەڵاتی کوردستان ، نیا یەك خوێندنگای ناوەندیی لێ بوو،لەگەڵ ئەوەی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە نێزیك بە ملیۆنێك دەبوون . شاری سابلاغ بە شەست سەد و پەنجا گوندییەوە ، تەنیا شەش خوێندنگای سەرەتایی هەبوو.[3]

دیارە هەل و مەرجی تەندروستی لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەر لە بارودۆخی فەرهەنگی خراپتر نەبووبێت ئەوە باشتر نەبووە.دانیشتوانی

[1] - دکتور عبدالرحمن قاسملو ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٧.

[2]- کمال مظهر، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٥٦.

[3] – هەمان سەرچاوە ، ل ٢٥٥.



سابلاغ و دەوروبەری کە زیاتر لە (٢٠) هەزار کەس پێکدەهاتن تەنیا یەك نەخۆشخانەی تێدا بووە کە بیست تەختی نوستنی تێدابوو[1] .بەم چەشنە گەلی کورد لە سایەی رژێمی پەهلەویدا بە توندی لە ژێر ستەمی هەمەلایەنەی نەتەوەیی،سیاسیی،ئابوریی ، فەرهەنگیی ..هتد دەیناڵاند،بێ ئەوەی بتوانێ پەنا بۆ هیچ دادگایەك بەرێت .چونکە دادگاکانی کوردستان لە سایەی حکومەتی پەهلەویدا ببوە جێگایەك بۆ رووتکردنەوە و گیرفانبڕینی یاسایی زەحمەتکێشانی شار و جوتیارانی لادێ.

بەڵێ ، دواکەوتوویی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگی لەلایەك و بڵاوبوونەوەی هەژاریی و نەزانیی و نەخۆشیی و برسێتی و خەرافات و لاوازبوونی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە لایەکی دییەوە ،بوونە روخساری بنەڕەتی کۆمەڵگای کوردیی لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی رەزاشا پەهلەویدا . کە هەموو هەوڵێکی تەرخانکردبوو بۆ ملیتاریزەکردنی کوردستان و ترۆرکردنی ئازادیخوازانی کورد و بڵاوکردنەوەی بیری شۆفێنی[2] بنیاتنانی قەڵا و پۆستی ژاندارم و پڕچەککردنی سەربازخانەکان و گەورەکردنەوەی گرتووخانەکان و بەهێزکردنی دەزگا سەرکوتکەرەکانی :ئەمنیە ، نەزمیە ، ژاندارم ، مەرزەبانی ، شەهرەبانی ، ئینتزاماتی عەشایری..هتد لە کوردستاندا.

سیاسەتی شۆفێنیستیی و فشاری رژێمی شاهەنشای پەهلەوی بووە هۆی پەیدابوونی رق و بێزاری چین و توێژەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان .بە شێوەیەك لە سەروبەندی هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهانیدا تەواوی فاکتەرەکانی جوڵانەوە و تەقینەوە ی نێوخۆیی

[1] - هەمان سەرچاوە ، ل ٢٥٥.

[2]- رەزاشا کاری رێکخرا و کۆمەڵەکانی قەدەغەکرد .جگە لە کۆمەڵەی(پرورش افکار) و (ایران باستان) ئەو دوو رێکخراوەی لە ساڵی ١٩٣٧ەو لە لایەن خودی خۆیەوە بۆ بڵاوکردنەوەی بیری شۆفینیستی دایمەزراندن. بڕوانە: جمال نەبەز ، سەرچاوەی پێشوو ،ل١٨.

ئامادەبوون. بەتایبەت کاتێك کە جەنگ هەڵگیرسا و ئێران تا دەهات لە ئەڵمانیای نازی نێزیك دەبۆوە. ئەو مەسەلەیەی کە بووە هۆی تێوەگلانی ئێران لە ئاگری جەنگ و سەری رژێمەکەی رەزاشاپەهلەوی خوارد و ئاواتی خەڵکی ستملێکراوی کوردستان هاتەدی کە لە گۆرانییەکانیاندا دەیانگۆت:

هەڵنەگری وەی هەڵنەگری ، هەڵنەگری لە پەهلەوی
یاخوا تەختت وەرگەڕێ ، بڵندت لێ بن نەوی
هەڵنەگری وەی هەڵنەگری ، هەڵنەگری لەو پاشایە
رەبی تەختت وەرگەڕێ ، بۆ خاتری ئەو خودایە
هەڵنەگری وەی هەڵنەگری ، لە پەهلەوی زوڵمی زۆر
رەبی حەوت کوڕت بمرێ ، بۆ خاتری ئەحمەدی کۆر[١]

[1] -کەریمی حیسامی ، کاروانێك لە شەهیدانی کوردستانی ئێران ، ١٩٧١، ل ١٢.



## رۆژنامەی ( نامەء کردستان ) قوربانیی ستەم و چەوسانەوەی کاربەدەستانی ئێران

راستییەکی بەڵگەنەویستە کە مەسەلەی گەشەسەندن و بنجداکوتانی بوارە جیاجیاکانی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی گەلان ،هەروەها پێشکەوتن و فراوانبوونی ئاستی هۆشیارییان و رادەی بەشداریکردن و کارتێکردنیان لە شارستانییەتی مرۆڤایەتییدا ،سەرباری فاکتەرە مادییە نەگۆڕە سروشتییەکان ،بەگشتی پابەندی دوو خاڵی گرنگن کە:

١-رادەی سەربەخۆیی سیاسیی نەتەوە و و توانای پاراستن و سەقامگیرکردنی .

٢-فەلسەفە وهونەر و شێوازی فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردن و پراکتیزەکردنی،کە تاچەند مۆدێرنە و لە خزمەت تاکەکانی کۆمەڵگادایە وچۆن رایاندەکێشێتە بواری داهێنانەوە.

بەم شێوەیە پەیوەندی ئەم هاوکێشەیە پەیوەندییەکی ئۆرگانییە و پتەویی و فشەڵیی بوارە جیاجیاکان زیاتر ئەکەوێتە سەر بەهێزی و لاوازی ئەو دوو خاڵەی باسکران.

خۆ ئەگەر لەبەر تیشکی راستیی ئەم هاوکێشەیەی سەرەوە بڕوانینە رادەی گەشەکردنی کۆمەڵگای کوردەواریمان، ئەوا بێ سێ و دوو دەتوانین فاکتەر و دەردە مەترسیدارەکانی ئەم کۆمەڵگایە وەدیاربخەین و چارەی گونجاویشی بۆ هەڵهێنجین، تا لەو بارە نەرێییەی زۆر لە مێژە تێیدا چەقیوە راکێشینە دەرەوە.

شایەنی باسە چاوخشاندنێ بە پەروەندەی رەش و پڕتاوانی دابەشکەران وداگیرکەرانی کوردستان و کاری دەزگا سەرکوتکارە زەبەلاحەکانیان،هەروەها سوکە سەرنجێ لە مێژووی تراژیدیا و پڕئازار و

ڕاپەڕین و شۆڕشی یەك بەدوایەك و نەبڕاوەی گەلی کوردمان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە چۆن گەلی کورد لە ژێر ستەم وچەوساندنەوەیەکی کەم وێنەی نەتەوەیی و سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و مەزهەبیی و فەرهەنگیدا دەناڵێنێت و چۆن حکومەتە داگیرکەرەکانی تێکڕای پارچەکانی کوردستان ،بەتەنیا و هەروەها پێکڤە ،بەنهێنی و هەروەها بە ئاشکرا و بەبەرچاوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە ،نەك هەر بوونەتە لەمپەرێکی پۆڵایین لە نێوان گەلی کورد و پێشکەوتنی دا ،بەڵکو ڕێگای تواندنەوەی نەتەوەی کوردیان لە بۆتەی نەتەوەی سەردەست وخاوەن دەسەڵاتی ترك و فارس و عارەبدا گرتۆتە بەر و بە پیلانی ئەهریمەنانە بۆ قوتدانی کوردستان وەخۆ کەوتوون.ئەو پیلانانەی تاکو ئەمڕۆش بەردەوامە.ئەمەش نەك تەنیا لە ڕێگەی هێرش و پەلامار و لەشکرکێشی سەربازیی و سەرکوت و توند وتیژیی،بەڵکو لە ڕێگای هێشتنەوەی کۆمەڵگای کوردەواریی لە برسێتیی و هەژاریی نەخۆشیی و دواکەوتوویی و هێشتنەوەی پەیوەندی و دابە بەسەرچووەکان و ڕێگرتن لە ئاشنابوونی گۆمەڵگای کوردیی بە پەیوەندییە نویٚ و دیاردە شارستانیی و مەدەنییەکان ،کە لایەنی فەرهەنگیی بە تایبەت ڕۆژنامەگەریی ،بەشێکی سەرەکی لێپێکدەهێنێت.

لێرەوە جێی سەرسوڕمان نییە کە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیی دا یەکەم ڕۆژنامە بەناوی (کوردستان) و لە دەرەوەی کوردستان واتە لە(قاهیرە)لە نیسانی ١٨٩٨دا چاپ بکرێت ولە ئەنجامی ڕاوەدوونانی سیخوڕەکانی سوڵتانە سوورە (عەبدولحەمیدی دووەم) هەر ماوەیەك لەشارێك و سوچ وقوژبنێك دا دەربچێت.هەروەها ئەرك و ئامانجی بنەماڵەی نیشتمانپەروەریی بەدرخانییەکان لە بڵاوکردنەوەی (کوردستان) بە ئاشکرا دیارە،کە جگە لە بوژاندنەوەی زمان و وێژە و فەرهەنگی کوردیی و هاندانی لاوانی کورد بۆ خۆناسین و زانستخوازیی ،هەوڵێکی بێوچانیشە بۆ



ریسواکردنی سیاسەتە خوێناویی و چەواشەکارانەکەی سوڵتانی عوسمانیی عەبدولحەمید لە لایەك و خولقاندنی گیانی وڵاتپارێزی و بەرگرییە لە ناخی لاوانی کوردا لە لایەکی ترەوە.بەم شێوەیە مێژووی سەرهەڵدانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی نەك هەر ناتوانرێت لە مێژووی تێکۆشانی نیشتمانپەروەرانی کوردستان و ئازادیخوازیی کورد جیابکرێتەوە ،بەڵکو ئاوێتەبوونەکە هێندە توند و تۆڵە کە ناکرێت (کوردستان)ەکەی قاهیرە جگە لە زمانحاڵی ئازادیخوازان و تێکۆشەرە نیشتمانپەروەرەکانی کورد لەو سەردەمە، بە شتێکی دیکەی ناوبەرین.ئەم ئاوێتەبوونەیە کە زۆرجار داگیرکەرانی کوردستانی هانداوە توند و دوژمنانە بەرخورد لەگەڵ چاپەمەنیی و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکوردییەکان دا بکەن و لەهەرلا بۆیان هەڵکەوت هێرش و پەلاماریان بکەنەسەر .

بەم جۆرە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردییدا دیاردەی ڕاوەدونانی ڕۆژنامەنووسانی کورد ، گرتنیان و زیندانیکردن و ئەشکەنجەدانیان ،بگرە لەسێدارەدان و غافڵکوژکردنیان لەلایەن داگیرکەرانەوە،هەروەها سانسۆرخستنە سەر بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکانیان،شکاندنی قەڵەمەکانیان،دەستبەسەرداگرتنی ئامێری چاپەکانیان دیاردەی سەرەکیی بنەڕەتیی بوون و کە نەك هەر بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان،بگرە ئەوانەشی گرتۆتەوە کە لەتاو زەبروزۆری دوژمندا وڵاتیان جێهێشتووە و لەدەرەوە گیرساونەتەوە.

(نامەء کردستان) یەکێکە لەو ڕۆژنامە کوردستانییانەی کە لەلایەن ڕۆژنامەنووسی کورد (ئاغای میرزا غوڵام عەلی هۆشمەندی کرماشانی )لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بیستەکانی ئەم سەدەیە بە زمانی فارسی تاقە ژمارەیەکی لێدەرچووە،دواتر بە پیلانێکی کاربەدەستانی حکومەتی ئێرانی

هەر لە لانكدا خنكێنراوە.بەداخەوە وێنەیەكی ئەم ڕۆژنامەیەمان لەبەردەستدا نییە تاكو لە ڕووی هەنەری و ڕوخسار و ناوەڕۆكەوە لە سەری بدوێین. ئەوەی لێرەدا دەیخەینەبەرچاو و تەنیا سەرچاوەی زانیارییمانە لەمەڕ ئەم ڕۆژنامە ساوامەرگە ،كورتە یاداشتێكی ڕۆژنامەنووسێكی كوردە بەناوی (ناصر توانا) كە بەزمانی فارسی لە ڕۆژنامەی( كوهستان ) ی ئێرانی ژمارە ٨ بە مێژووی ٢٧ ی فروەردین ١٣٢٤ی هەتاوی واتە نەورۆزی ١٩٤٥ ،لە ژێر ناونیشانی (سرنوشت یك روزنامەنگار/چارەنووسی ڕۆژنامەنووسێك) لە لاپەڕە ٤-٥ بڵاویكردۆتەوە كە لێرە دەقەكەی دەگۆڕینە سەر زمانی كوردیی.

ناصر توانا دەڵێت:" یەكەمین كەس كە بیری لەوە كردۆتەوە لە پێناوی بەرگریكردن لە مافی كورد و كوردستان و ئاشكراكردنی بەشێك لەو ڕاستییە تاڵانەی كە لە ئەنجامی سیاسەتی خراپەكارانەی كاربەدەستانی پارەپەرست و بەدخوازەوە هەن،هەنگاو بنێت (ئاغای میرزا غولام عەلی هۆشمەندی كرماشانی) بوو ،كە نازانی ماوە یا مردووە،(ئەگەر مردووە خودا لێی خۆش بێت،ئەگەر ماویشە یادی بەخێربێت)،ئەم كابرایە هەرچییەكی هەبوو خستییە ڕەهنەوە و دوو دەستگای ئامێری چاپ و هەندێك پیت و ئامێرێكی كلێشەی هێنایە كوردستان و بە ورەیەكی بەرز و گیانێكی ماندوونەناسانە قۆڵی لێ هەڵماڵی.هەروەها هەستا بە بەكرێگرتنی باڵەخانەیەك و كاغەزیشی پەیداكرد.بەمەبەستی هاندانی ڕۆشنبیران و ئامادەبوونیان بۆ پاڵپشتی و هاوكاری ڕۆژنامەكە چەند كارتێكی ئامادەكرد و بۆ ئەشرافانی كورد و ناسراوەكانی نارد كە بە داخەوە هاوكارییەكی ئەوتۆیان نەكرد.

هەر حاڵ،لەگەڵ نەبوونی ئامرازی پێویست بۆ كارێكی وا لە كوردستان، توانرا ئەوەندە كاغەز ئامادەبكرێت كە بەشی دەرچوونی ژمارەیەك لە (نامەء كردستان) فەراهەم بێت،من هەرچەندە لەو كاتەدا لە لایەكەوە لە خۆم ڕانەدەبینی و لەلایەكی دیكەشەوە شوێنی نیشتەجێبوونم ڕێگەی نەدەدام



لەم كارە گرنگەدا ڕۆڵی بەرچاو ببینم،لەگەڵ ئەوەش زۆر باشم لە یادە كە لەدەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیەدا بەشی خۆم ماندوو بووم،هەتا كلێشەی ناونیشانەكەیم بەدەستی خۆم كرد ،هەروەها ڕۆژی كردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەكە ئامادەبووم و بەشداریم كرد، باوكیشم (محەمەد جەوهەری سەعید دیوان) كە یەكێك بوو لە ئەدیبەكانی كوردستان بە خۆشحاڵییەوە پۆستی سەرنووسەری ڕۆژنامەكەی قبوڵ بوو،سەروتاری ژمارەی یەكەم لە لایەن زانای ناسراوی كورد (ئاغای ئایەتوڵڵا مەردۆخ)نووسەری مێژووی كوردستان ،نووسرا.وەختایەكی ژمارەی یەكەم دەرچوو هاوكات بوو لەگەڵ پەلاماری هێزەكانی حكومەتی ئێران بۆ سەركوتكردنی سمایل ئاغای سمكۆ.ئەم ژمارەیە لە پەڕەیەكی گەورە پێكهاتبوو كە لە پشت و ڕووی نووسرابوو،ڕەنگیشی تێدا بەكارهاتبوو،ئەم ژمارەیە دەربارەی ڕووداوەكانی كوردستان و چەند ڕەخنەیەك لە سمكۆ ئاغا و دەرخستنی سیاسەتی حكومەتی ئێرانی و ڕەوشتی هەندێك لە كاربەدەستانی كوردستان نووسرابوو ،بۆ ڕاكێشانی سەرنجی خەڵكیش هەر بە خۆڕایی بەخشرایەوە.

دوای بڵاوكردنەوەی ئەم ژمارەیەو بەهیوای ئەوەی لە ژمارەی داهاتوودا بەشێك لە پۆخڵەواتی نادیاری كاربەدەستان ئاشكراكەین و بیانخەینە بەرچاوی دەوڵەتی ناوەندی،مەسەلەكە ئاڵۆزا ،لێپرسراوە ئێرانییەكانی كوردستان ئەوانەی سەرەخولێی پاراستنی خۆیان و داپۆشینی پاشەڵی پیسیان پێكەوتبوو،لە ڕۆژنامەكە كەوتنە تەقەو ئاژاوەگێڕییان دەستپێكرد كە گێڕانەوەی داستانێكە بۆخۆی!.بە كورتییەكەی چەند كەسێكیان لێی ڕاستكردینەوە داوای كرێ و موڵكانەی پازدە ساڵ پێشتری باڵەخانەكەیان لێكردین و مەزنترین گرفتی داراییان بۆ ڕۆژنامەكە دروستكرد و دەرگای چاپخانەكەشیان داخست،دواتر دادگا بڕی( ٨٠٠٠٠) هەشتا هەزار ڕیاڵی دا

بەتەنگەی هۆشمەندی داماودا و ناچاربوو کە چاپخانەکەی بە نیوە قیمەت بفرۆشێت.

دوای ئەوەی کاربەدەستان توانییان ڕێگا لە بڵاوکردنەوەی ژمارەی دووەمی (نامەء کردستان) بگرن و چاپخانەکەیان بە هۆشمەند فرۆشت،بەوەندە وازیان نەهێنا و کەوتنە تاوانبارکردنی ئەو بێچارەیە و تۆمەتی شێتی و بەدڕەوشتیان بۆ دروستکرد.هۆشمەندی ڕێك وپێك کە چەندەها وڵاتانی دەروبەرگەڕابوو،وە چەند زمانی بێگانانیشی دەزانی و بە ئەحواڵی دنیا شارەزابوو،بەدەردێکی وایان برد بە نانی شەو موحتاج بێت و بە جۆرێك لە کوردستان دەریانپەڕاند هەتا ماوە وشەی کورد وکوردستانی بە زاردا نەیەت.

لەبەرچاومە ئەو رۆژەی دەرگای چاپخانەکەیان پێداخست چۆن ئەسرین لە چاوی دەباری و لەبەر خۆیەوە ئەم شیعرەی دەگووت:

کشوری جم چوب استبدا میخواهد هنوز
بیستونش تیشهء فرهاد میخواهد هنوز
هرکس بر (ق)قانون میشود قانع خطاست
گر سرش سر نیزهء فولاد میخواهد هنوز"

بەم جۆرە رۆژنامەی (نامەء کردستان) لە ئاکامی سیاسەتی دوژمنانە و بەرژەوەندیخوازانەی کاربەدەستانی ئێرانی لە نێوبرا و هۆشمەندی دامەزرێنەریشی لەکوردستان راونرا.ئەمەش نموونەیەکە لە هەزار و مشتێکە لە خەراورێکی سیاسەتی داپڵۆسین و تیرۆری هزر کە دوژمنانی کورد لە کوردستان گرتوویانەتە بەر و ئاکامەکەشی جگە لەمانەوەی دەردی دواکەوتن لە کوردستاندا ،ژاراوکردنە بە قوڕگی هونەرمەندان پێشکەوتووخوازانی کوردستان .بە قەولی (هێمن) ی شاعیری مەزن و جوانپەرست:



هونەرمەند و ژیانی خۆش مەحاڵە
هونەرمەند رەنجەڕۆیەو ژینی تاڵە
ئەتۆ بزانە ئەوەی ئەهلی هونەر بێ
ئەبێ یا دەست بەسەر یا دەربەدەر بێ

لە کۆتاییدا سڵاو لەگیانی هۆشمەندی کرماشانی و هەموو ئەوانەی (نامەء کردستان) یان هێناوەتە بوون و ئەوانەشی تانوکە سەربازی نەناسراوی رۆژنامەگەری کوردیین و هێزی قەڵەم وبیریان خستۆتە پێناوی راستیی و سەروەری گەلەکەیان [1].

[1] ئەم بابەتە لە گۆڤاری : مەتین ، ژمارە٩٩ ، نیسان ٢٠٠٠ بڵاوکراوەتەوە .

## سەرنجێکی مێژوویی لە ( حزبی ئازادی کوردستان )

### دامەزراندنی حیزبی ئازادی کوردستان:

کاتێک باس لەدامەزراندنی حیزبی ئازادی کوردستان [1]دەکرێت،دەبێت بزانرێت کەسەرچاوە مێژووییەکانو زۆربەی ئەوانەی قسەیان لەسەر جولانەوەی نەتەوەیی‌کورد لەکوردستانی ئێراندا کردووە،سەبارەت بەدیاریکردنی مێژووی ئەم ڕێکخراوە کۆک نین،ئەوەش ئاساییە چونکە لەولایەنەوە دکۆمێنتی مێژوویی بڕوا پێکراو لەبەردەستدانەبووە.

شایەنی باسە بەشێکی سەرچاوەکان مێژووی دامەزراندنی حیزبی ئازادی بۆ سەرەتای چلەکان دەگێڕنەوە،(هێمن موکریانی) شاعیر کەهاودەمی ڕووداوەکان بووە،کاتێک باس لەهەوڵەکانی(حیزبی تودەی ئێران)بۆ دامەزراندنی لقی خۆی لەکوردستاندا دەکات،ئنجا دێتە سەرباسی بوونی ڕێکخراوێک لەکوردستاندا بەناوی حیزبی ئازادی،ئەوەش ئاشکرایەکە حیزبی (تودە/گەل)ی ئێران لەتشرینی یەکەمی١٩٤١دا لەلایەن گروپێک لەڕۆشنبیرانی لاوی مارکسی لەتاران دامەزراوە.[2]

هەروەها (هەژار)ی شاعیر کەلەبیرەوەرییەکانیدا خۆی بەشایەتحاڵی دامەزراندنی ئەو حیزبە لەقەڵەم دەدات،بەجۆرێک قسەلەمێژووی دامەزراندنەکە دەکات کەپاش هاتنی لەشکری سوری شورەوی بۆباکوری

[1]– شایەنی باسە ئەم ڕێکخراوە لە سەرچاوەکاندا بەناوی جیاواز هاتووە،وەك:(کۆمەڵی ئازادیخوازانی کورد، کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان، حزبی ئازادیخوای کوردستان، حزبی ئازادیخوازی کورد، حزبی ئازادیخوای کورد) هاتووە، ئێمە (حزبی ئازادی کوردستان)مان لەتێکڕای ئەوانە پێڕاسترە چونکە لە مەرامنامەکەی حزبدا ناوی بەم شێوەیە هاتووە، وەك دواتر ئاماژەی بۆ دەکەین.

[2] – هێمن: تاریكو ڕوون . گوڵبژێرێك لە شیعرەکانی هێمن، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا،ل.٢



ئێرانو پچڕانی شیرازەی دەوڵەتی ڕەزاشا بووە،واتە دەوروبەری ئابی ساڵی ١٩٤١.[1]

لەڕاستیدا سەرەتاو مێژووی دامەزراندنی حزبی ئازادی ئەوەندە تەماویو لێڵ بووە،بەجۆرێك شارەزایەکی مێژووی کوردی وەك عەلائەدین سەجادی خستۆتە هەڵەیەکی زەقەوە،کاتێك ناوبراو ئاماژەبەوە دەدات کەئەو حزبە لەسەر داروپەردووی(کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان/ژێکاف)ولەئەنجامی پەرتبوونی ئەو کۆمەڵەیەوە دامەزراوە،ئەو کۆمەڵەیەی کەزۆربەی مێژوونوسان لەسەر بەرواری دامەزراندنی کۆکن کە١٦ی ئابی ساڵی ١٩٤٢ە.[2]

دیارە لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کەخودی نوسەری ئەم بابەتەش لەتێزی دکتۆراکەیدا لەم ڕووەوە هەڵەی هێندێك لەو مێژوونووسانەی پێش خۆی دووبارە کردۆتەوەو دوای وەپێشخستنی چەند ئەگەرێك سەرەتای چلەکانی کردۆتە مێژووی دامەزراندنی ئەوحیزبە.[3]بەڵام پاش وردوبونەوە لەوسەرچاوانەی کەزانیاریو بەڵگەی تازەیان لەم بارەیەوە خستۆتە بەردەست،لێکۆڵەر دەتوانێت مێژوویەکی ڕاستر لەوەی باسیلێکراوە بۆ دامەزراندنی حزبی ئازادی بسەلمێنێت،دیارە لێرەدا دەبێت ئەوەش لەبیر نەکەین کەقۆناغەکانی ژیانی ئەوحیزبە بۆخۆی هۆکارێکن لەبەردەم دروستبوونی ئەم ناکۆکییەدا،چونکە وەك سەرچاوەکان دەیسەلمێنن حزبی ئازادی لەدوو قۆناغی جیاوازدا ژیاوە،کەیەکەمیان لەکۆتایی سییەکانو

[1] – هەژار(عەبدوڕڕەحمان شەرەفکەندی): چێشتی مجێور، ئامادەکردنو سەرپەرشتی کردنی‌چاپ: خانی شەرەفکەندی، چاپی یەکەم،پاریس،١٩٩٧،ل٥٧.

[2] – عەلائەدین سەجادی: شۆڕشەکانی کوردو کوردو دۆماری عێراق ، بەغدا،١٩٥٩،ل٢٧٥-٢٧٦.

[3] – بڕوانە: د.یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران . لێکۆڵینەوەیەکی مێژوو یی لە جولانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد(١٩٣٩-١٩٧٩)، سلێمانی ، ٢٠٠٣،ل١١٦.

ترۆپکی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ڕەزاشایە،دووەمیشیان لەگەڵ داگیرکردنی ئێرانە لەلایەن هێزەهاوپەیمانەکان لە٢٥ی ئابی١٩٤١و ڕووخاندنی حکومەتی ڕەزاشاو هەڵوەشاندنەوەی لەشکری شاهەنشاهی‌یە.

لەڕاستیدا ڕەوشی کوردستانی ئێران لەسەرەتای دامەزراندن و قۆناغی یەکەمی حیزبی ئازادی کوردستاندا لەژێر باڵی ڕەشی ڕژێمی شۆڤێنیست و میلیتاریستی ڕەزاپەهلەوی تابڵێی خراپ و نالەباربوو ،بەڵام ئەوەی کەهەمیشە وای کرد کوردستان لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێراندا جیاوازی هەبێت،ئەو شەپۆلە ئازادیخوازی و نەتەوەییەبوو کەلەودیو سنوری دەستکردەوە،واتە خەباتی‌پەرەگرتووی نەتەوەیی گەلی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان،بەتایبەتی کوردستانی باشور ــ عێراق،کەپشکۆی کوردایەتی لەکوردستانی ئێراندا دەبووژاندەوە،بەتایبەتی پاش سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحمودی حەفید لەکوردستانی باشووردا،قۆناغێکی نوێ لەکاری ڕێکخراوەیی و سیاسی و دروستکردنی کۆمەڵەو پارتەکوردییەکان دەستی پێکردبوو،مەسەلەیەکی‌وا کەکاریگەری خۆی لەسەر ڕەخساندنی زەمینە بۆ دامەزراندنی حزبی ئازادی کوردستان هەبوو.

لەو هەلومەرجە سەختەدا،کۆمەڵێك لاوی بەهەست و تێگەیشتووی شاری مەهابادی ناوەندی هەرێمی موکریان،بەپێی داب و نەریتی ئەوکاتی شەوانی مانگی ڕەمەزانی کوردستان،ئێواران پێکەوە کۆبوونەتەوە،بەدەم خوێندنەوەی هۆنراوەی نەتەوەیی هۆنەرانی کوردو قسەکردن لەسەر باس و خواسی سیاسی و ناڕەزایی دەربڕین لەسیاسەتی‌داگیرکەرانی کوردستان و تاوانەکانیان،هەوێنی فیکری دامەزراندنی حزبی ئازادی کوردستانیان لەلادروست بووە،ئەوەی کەلەو دەمەدا بۆخۆی هەنگاوو بیرێکی بوێرانەبووە.



بۆیەکەمین مێژووی دامەزراندنی حزبی ئازادی کوردستان،دەکرێت ئەو دکۆمێنیتە بکرێتە بنەما،کەپاشتر هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لە٢٨ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٤دا پێشکەشی(مۆڵۆتوف)ی وەزیری کاروباری دەرەوەی شورەوی کردووە، وبێ‌ئەوەی ناوی حزبی ئازادی بهێنێ،مێژووو خەباتی ئەوحزبەی بەبەشێك لەمێژوو وخەباتی خۆی حسێب کردووە،ئەوەش تاڕادەیەك درەنگ ئاسایی دێتە بەرچاو گەر زانیمان ژێکاف لەسەر داروپەردووی حزبی‌ئازادی دامەزراوە،بەپێی ئەودکۆمێنیتە دەتوانین مێژووی دامەزراندنی حزبی‌ئازادی کوردستان بۆ حوزەیرانی ساڵی١٩٣٨بگێڕێتەوە،[1] بەلام ڕاگەیاندنی ئەوحزبە تاڕادەیەك درەنگ کەوتووەو لەسەرەتای ساڵی ١٩٣٩دا ڕاگەیەندراوە،وەك لەمەرامنامەی حزبی ناوبراودا هاتووە.[2]

سەبارەت بەدامەزرێنەرانی حزبی ئازادی کوردستان،بەهۆی نەبونی بەڵگەنامەیەکی مێژووی کەناوی دامەزرێنەرانی ئەو ڕێکخراوەی تێداهاتبێت،ولەئەنجامی نهێنی کاروژیانی پڕمەترسی ئەوقۆناغە،تائێستا بەڕوونی ناوی تێکڕای بناغەدانەران و دامەزرێنەرانی ئەوحزبە لەسەرچاوە مێژووییەکاندا نەخراوەتە بەرچاو،بەڵام بەگشتی ناوی بەشێك لەوانە دەرکەوتووە کەتێکڕایان لاوی مەهابادی بوون وەك: حوسێنی زێڕەنگەران کەریمی یاهو مەحمود مەحمودیان،حوسێنی لبادی،غەفوری مەحمودیان،محەمەدی ڕاتبی،حوسێنی میکایلی محەمەدی نانەوا زادە،ئەمانە

[1] – بۆ بینینی دەقی بەڵگەنامەکە بەزمانی تورکی ئازەربایجانی،بڕوانە: {حامید گەوهەری: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، هەولێر،٢٠٠٤،ل٢٥٠}.

[2] – اسناد احزاب سیاسی ایران (١٣٢٠–١٣٣٠)ش، بە کوشش: بهروز گیرانی،تهران،١٣٧٦،ص٢٥–٣٠.

بەسەرۆکایەتی ڕوناکبیری مەهابادی(عەزیزوڵڵای زەندی[1]کەبە(عەزیز ئەڵەمانی)یاخود(دکتۆر عەزیز زەندی)ش ناودەبرێت،کەسەجادی گوتەنی((هەتا بڵێیت بەکارو گورج وگۆڵ بوو لەوڕۆژەدا بۆ ئیشی کوردایەتی))[2]،یان وەك هەژار موکریانی دەڵێت((پیاوێکی زۆر زاناو دەم پاراوبوو))[3]حزبی ئازادی کوردستانیان دامەزراندا.

شایەنی باسە قۆناغی یەکەمی دامەزراندنی حزبی ئازادی کوردستان کە کەمترلە ساڵێکی خایاند،لەئاکامی توندوتیژی ڕژێمی ڕەزاشاو سیاسەتی ڕاوەدوونانی ئازادیخوازانی کورد لەکوردستانی ئێران لەلایەك، وبەهۆی خۆپارێزی کارکردنی ئەندامان و ڕێبەرانی حزب لەلایەکی دییەوە،بەقۆناغێکی ئاڵۆزو لاواز لەژیانی ئەوڕێکخراوەدا دادەنرێت،چ لەڕووی نەبوونی مەرامنامەو بەرنامەی گشتگیر،یاخود سەبارەت بەئەنجامدانی چالاکی و پەیوەندی کردن بەجەماوەرو کاریگەری لەسەر ڕەوتی سیاسی سەردەم و ڕەوشی کوردستانی ئێران،کەلەڕاستیدا سەرچاوەکان لەو ڕووەوە شتێکی وایان بۆجێنەهێشتووین،چونکە ئەرشیفەکانی دەزگای پۆلیسی نهێنی ئێرانی سەبارەت بەکوردستان تاهەنوکە بەتەواوی ئاشکرا نەکراون و زانیارییەکان بەشاراوەیی ماونەتەوە.

---

[1]– عەزیز زەندی(١٨٩٨–١٩٧٢) ناسراو بە عەزیز ئەڵەمانی لەدایکبووی گوندی(قالوێی زەندان)ی ناوچەی مەهابادە، وەك فەقێیەك لەنێو مزگەوتدا فێری خوێندەواری بووە،ساڵی ١٩٣٩ لەگەڵ چەند گەڕیدەیەکی مسیۆنێردا چۆتە وڵاتی ئەڵەمان، لەساڵی ١٩٤١دا گەڕاوەتەوە شاری مەهابادو لەبەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی سجیل کاری کردووە،پاش هەڵوەشانەوەی حزبەکەی چۆتە تەورێزو پاشتر بەرەو تاران ملی ناوەو وەك پارێزەر کاری کردووە،بەنەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی (بەهەشتی زەهرا) بەخاك سپێردراوە.

یەکێك لەبەرهەمەکانی کتێبی(ارشاد المذنبین/ڕێنوێنی گوناهباران)ە کە لە ئینگلیزیەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و تائێستاش کۆپیەکی لە کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکایە. .

[2] - عەلائەدین سەجادی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٥.

[3]– هەژار: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.



دیارە ئەوەندە هەیە بەپێی چەند هەواڵێك کەلەگۆشەی هەندێك بیرەوەری،یاخود چەند دکۆمێنتێکی مێژوویی بڵاوکراونەتەوە،حزبی ئازادی کوردستان سەرەتا لەنێو شاری مەهاباددا ئەندام و چالاکی هەبووەو هەڵسوڕانێکی دیاریکراوی بووە،یەکێك لەچالاکیەکانی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەکی دەستنووسی بووە کەجگە لەخۆڕاگەیاندن،تێیدا داوالە جەماوەری کورد کرابوو کەبەهانای ئەولاوانەوە بچن کەبۆ کوردستانێکی سەربەخۆ تێدەکۆشن،[1]مەسەلەیەکی وا کەدەزگا سەرکوتکەرەکانی حکومەتی ئێرانی هۆشیار کردەوەو هانیدان بۆ ڕاوی ئازادیخوازانی کورد قۆڵی لێ هەڵماڵن.

هەروەها حزبی ئازادی کوردستان بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ نیشتمانپەوەرانی کورد لەعێراق و وەدەستهێنانی کۆمەك و هاوکاری،لەمانگی ئایاری ساڵی١٩٣٩دا ئەندامێکی خۆی ناردبووە ناوچە سنوورییەکانی ئێران ـ عێراق و لەوێ لەگەڵ چەند کوردێکی کوردستانی باشوور کۆبونەووەو سەبارەت بەهاوکاری دوولایەنەو خەبات لەپێناو ئازادی کوردستاندا گفتوگۆ کرابوو،[2]ئەوکۆبونەوەیەی کەبڕیارەکانی بەدەست دەزگا سیخوڕییەکانی عێراق گەیشتبووەوە،حکومەتی پاشایەتی عێراق کە ڕۆژئاواگەراو هاوپەیمان و وابەستەی دەوڵەتی ئیستعماری بەریتانیا بوو،هەرلە سۆنگەی ئەوەشەوە بۆپاراستنی خۆیی و بەرژەوەندی هاوپەیمانەکانی لەپاکتی(سەعد ئاباد)دا ئەندام بوو،ئەو پاکتەی کەلە٨ی تەمووزی ساڵی ١٩٣٧دا لەنێوان وڵاتانی ئێران،عێراق،تورکیا و ئەفغانستان

---

[1] - غەنی بلوریان: ئاڵەکۆك . بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم،ستۆکهۆڵم،١٩٩٧،ل١٧.

[2] – هۆشەنگ تۆفیق: ئاوڕدانەوەیەك لە حیزب ئازادیخوازی کوردستان، (ئاڵای ئازادی) – ئۆرگانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، ژمارە(٥٩)،١٩٩٥/١٢/٣.

بەستـرا، وبەندی حەوتـەمی بەئاشـکرا دژایـەتی ئـەو وڵاتانـەی لەحاسـت جوڵانەوەی ئازادیخوازانی گەلی کورددا دەخستە ڕوو.[1]

لێرەوە حکومـەتی عێـراق ڕژێمـی ڕەزاشـای پەهلـەوی لـەبڕیارەکانی کۆبوونەوەکـەی سەرسـنورو مەترسیەکانیلەسـەر ئاسایـشی نەتـەوەیی هـەردوولا ئاگـادار کردەوە، حکومـەتی ئێـرانیش هەوڵیـدا لـەڕێگای دەزگـا سیخوڕییەکانیەوە بـەوردی چاودێری چالاکیو هەڵسوکەوتی ئەندامـەکانی حزبی ئازادی کوردستان بکات، وئەو ئەرکەشی سپاردە لێپرسراوی بەشی پاراستنی لەشکری ئێران لـە مـەهابادو سـەرۆکی بـانکی میللـی لەوشارەدا کەبەرنامـەی وردیـان بۆداڕشـت،[2] هەربۆیـە پـاش ماوەیـەکی کـەم دەزگـا سـەرکوتکەرەکانی ڕژێمـی پەهلـەوی لەمەهاباد، پـەلاماری لـەناکاوی کـردە سـەرئەندامانو ڕێبـەرانی حزبـی ئـازادی کوردسـتانو پەرتـەوازەی کـردن، (حـاجی خوسـرەوی) یـەکێك بـووە لەئەندامـەکانی حیزبـی ئـازادی کەدەستبەسـەر کـراو ئەشـکەنجەش دراوە، هـەروەها حوسـێنی زێڕەنگـەرانو موحەمـەدی ڕاتبـی لەشاری مـەهاباد بۆناوچـە دووردەسـتە فارسنـشینەکانی ئێـران دوورخراونەتـەوە،[3] لەڕاسـتیدا حوسـێنی زێڕەنگـەران کەئـەو دەمەکارمەنـدبوو لەئیـدارەی مالییـەی شاری مـەهاباد لەهـەوڵی ئەوەدابووکـە بەهۆی دۆستەکانییەوە کەناڵێك بۆ پەیوەندیکردن بدۆزێتـەوە لـەنێوان حزبـی ئـازادی کوردسـتانو یـەکێتی شـورەوی بۆئـەوەی لەهەوڵەکەیـدا سەرکەوتووبێت.[4]

---

[1] - بۆ زیاتر: محمد صالح الزيباري: ميثاق سعد آباد۱۹۳۷ وأثره على الكورد، (متين)، العدد(۱۰۲)، تموز۲۰۰۰، ص۹۳.

[2] – حامید گەوهەری: سەرچاوەی پێشوو، ل۲٤.

[3] – غەنی بلوریان: سەرچاوەی پێشوو، ل۱۷.

[4] – حامید گەوهەری: سەرچاوەی پێشوو، ل۹۳.



دامەزرێنـەری حزبەکە عـەزیز زەنـدی بوو، پـاش ئەوپـەلامارە ناچاربوو ئێـران جـێ بهێڵێـتو بـچێتە ئەڵـەمانوتاڕوخانی دکتـاتۆری ڕەزاشـا ئاوارەبێت، بـەوەش پـەردە لەسـەر قۆنـاغی یەکـەمی تێکۆشانی حزبی ئازادی کوردستان دادەدرێتەوە.

## ڕووخاندنی ڕژێمی ڕەزاشا لە ئێرانو سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی حزبـی ئـازادی کوردستان:

ئاشکرایە لەئەنجامی پەرەسەندنو توندوتۆڵ بوونی پەیوەندییـەکانی ڕژێمـی ڕەزاشـای پەهلـەویو دەوڵـەتی ئەڵـەمانیای نـازی، ئێران لەسـەرەتای جـەنگی دووەمـی جیهانیـدا ببـووە بنکەیـەکی سـتونی نازییـەکان بـۆ دژایـەتیکردنی بەرژەوەندییـە سەربازی، سیاسی، سـتراتیژیو نەتەوەییـەکانی وڵاتـانی هاوپـەیمان لەڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا، جگە لـەوەی پـاش هێرشـی بـەربڵاوی نـازی بـۆ سـەر خـاکی یـەکێتی شـورەویو پاشەکـشەی سـوپای سورلە(۱۲ی حوزەیرانی ۱۹٤۱)دا، هاوپەیمانان گەیشتنە ئەوبڕوایەی کەجگـە لـەئێران وڵاتێکـی دیکـەی بـەو چەشـنە نابیننـەوە کـەبتوانن پێویـستیو هاوکارییەکانی جەنگی لێوە ڕەوانـەی بەرەی لاوازی شورەوی بکەن، ئەوەش لەوکاتـەدا تـەنیا بـەداگیرکردنی ئێـرانو لابردنـی ڕەزاشا دیکتـاتۆری دۆستی فاشـیزم مـسۆگەر دەبوو، هەربۆیـە هاوپـەیمانان لـە۲٥ی ئـابی سـاڵی ۱۹٤۱دا خۆیان بەئێراندا کرد.[1]

لەڕاسـتیدا داگیرکردنـی ئێـران لەلایـەن هاوپەیمانەکانـەوە بـەخاڵێکی وەرچـەرخانو سـەرەتای ئـاڵوگۆڕێکی لـەناکاو لـەو وڵاتـەدا دادەنرێت، کـەگرنگترین دەرهاویـشتەکانی هەڵوەشـاندنەوەی لەشـکری

---

[1] - بۆ زیاتر: پیتر آوری: تأريخ معاصر إيران، ترجمه: محمد رفيعی مهرآبادی، تهران، ۱۳۷۹، ص۱٤۷–۱٥۰.

شاهەنشاهی و لێخرانی ڕەزاشاو دوورخستنەوەی لەوڵات و بوژانەوەی ژیانی پارتایەتی و ئازادی ڕۆژنامەنوسی و هەڵچوونی شەپۆلی دیموکراسیخوازی و دژایەتی فاشیزم بوو.

هەل و مەرجێکیوا کاریگەری خۆیان لەسەر ڕووداوەکانی قۆناغە مێژووییەکە جێهێلا کەبەڕوونی لەسەر کوردستانی ئێران و بووژانەوەی جوڵانەوە نەتەوایەتییەکەی ڕەنگی دایەوە.شایەنی باسە ڕۆڵەکانی گەلی کورد هەر بەبیستنی هەواڵی هاتنە ناوەوەی سوپای هاوپەیمانەکان،هەڵیان کوتایە سەر بنکەو بارەگاکانی لەشکری شاهەنشاهی و باقی دیکەی دام و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێم و چەکەکانیان لێ داماڵین،ژمارەیەکی زۆر لەکوردە ئازادیخوازە زیندانی کراوەکان،سەرۆك عەشیرەتە نیشتمانپەروەرە دوورخراوەکان،دەرفەتیان قۆستەوەو گەڕانەوە شارو ناوچەکانی خۆیان،ولاوازی دەسەڵاتی ناوەندی لەکوردستانی ئێران بۆشاییەکی بەڕێوەبەرایەتی ـ سەربازی تێدا دروست کردبووکە زەمینەی بۆبوژانەوەی گیانی نەتەوایەتی و گەڕانەوەی نفوزو دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چەکداری سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد ڕەخساندەوە.[1]

لەبارودۆخێکی بەوچەشنە،پاش گەڕانەوەی ئەندامە دوورخراوەکانی حزبی ئازادی کوردستان و عەزیز زەندی سەرۆکیان لەتاراوگە،سەرلەنوێ زەمینەی دامەزراندنەوەی ئەو حزبە لەکوردستانی ئێراندا دامەزرایەوەو بەگیانێکی نوێوە دەستی بەتێکۆشان کرد.

سەبارەت بەمەرامنامەی حزبی ئازادی کوردستان کەپێشتر بەکوردی لەهیچ نووسراو و کتێبێکیمێژووییدا ئاماژەی پێ نەدراوە،دکۆمێنتێکی مێژوویی هەیە کەڕاپۆرتێکی وەزارەتی جەنگی ئێرانییەو بەئیمزای(ابراهیم زند)ی وەزیری جەنگی ئێرانی ئاڕاستەی (علی سهیلی)سەرۆك وەزیرانی

[1] – د.یاسین سەردەشتی: کوردستانی ئێران، ل٦٤–٦٥.



ئێرانی کردووە لەشوباتی ساڵی ١٩٤٣دا،ئەم ڕاپۆرتە کەدەقی مەرامنامەی حزبی ئازادی کوردستانی بەفارسی گرتۆتە خۆ،بۆیەکەم جار لەلایەن نووسەری ئەم دێڕانەوە وەرگێردراوەتە سەرزمانی کوردی و بڵاوکراوەتەوە.[1]

مەرامنامەکە لەپێشەکیەك و٢٨خاڵ پێکهاتووە کەزۆر چڕوپڕو دەوڵەمەندە،وەك لەمەرامنامەکەدا ڕادیارە حزبی ئازادی کوردستان ڕێکخراوێکی دیموکراسیخوازی ئەنتی فاشیستی پێشکەوتووخوازی کوردستانی ڕیفۆرمیست بووە،نەڕێکخراوێکی ناسیۆنالستی تۆخ،نەچەپێکی ڕادیکاڵ بووە،بڕوای بەکوردستانێکی ئازادی فرەنەتەوەو فرەزمان و کلتوربووە کەتەواوی نەتەوەکانی وەك کورد،ئەرمەن،ئاسوری..هتد لەکاروباری نەتەوەیی،ڕۆشنبیری و ئاینییاندا،لەسایەی سیستمێکی کۆماری عەلمانیدا ئازادبن.

شایەنی باسە حزبی ئازادی کوردستان لەمەرامنامەکەیدا مەسەلەکانی: گێڕانەوەی سنوری مێژوویی کوردستان بەهەرێمی لوڕستانیشەوە،یەکگرتن و ڕێکەوتنی بێجیاوازی هاوڵاتیانی کوردستانی لەکورد و ئەرمەن و ئاسورو تورکەکان،گەڕانەوەی کوردە ئاوارە و عەشیرەتە کوردییە دوورخراوەکان،هەڵوەشانەوەی یاسا دیکتاتۆرییەکان،بەڕەسمی کردن و گەشەپێدانی زمانی کوردیوتێکڕای زمانی گەلە غەیرە کوردەکانی کوردستان،دامەزراندنی خوێندنگاو چاپکردنی گۆڤارو ڕۆژنامە بەوزمانانە لەتێکڕای بوارەکانی ژیاندا،دابینکردنی ئازادی بێ قەیدوشەرت و پەرەپێدانی ئازادییە تاکەکەسی و گشتی و کۆمەڵایەتییەکان و ڕێزگرتن لەمافی میللەتە بچوکەکانی کوردستان و گیانی میللیانی کردۆتە ئامانجی سەرەکی خۆی.

[1] – بڕوانە:

دکتۆر یاسین سەردەشتی: سەبارەت بە حزبی ئازادی کوردستان،(بەدرخان) . مانگنامەیەکی هونەری ڕۆژنامەوانی گشتی ئازادە، ژمارە(٣٩،٣٨)،سلێمانی،١١/٢٢و٢٠٠٣/١٢/٢٢.

سەبارەت بەهەڵوێستی دیموکراسیخوازیو ئەنتی فاشیستانەی حزبی ئازادی ،لەخاڵەکانی مەرامنامەکەدا مەسەلەکانی: ئامادەکردنی تاك تاکی میللەت بەمەبەستی خەبات دژی بەرەی فاشیستی،تێکۆشانی توند دژی دیکتاتۆریو فاشیستی،بەستنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتە دیموکراتەکانو بەرەی دیموکراتی بەمەرجی دانپیانان بەمافەکانو ئازادییەکانی گەلی کوردستاندا،چەسپێنراونو جەختیان لەسەر کراوەتەوە.

هەر لەورووەوە،حزبی ئازادی کوردستان لەبەیانامەیەکدا پێشوازی هاتنە ناوەوەی سوپای هاوپەیمانەکانیان بۆئێران کردو ستایشی لەشکری سووریان کردبوو،وەك لەیەکێك لەدکۆمێنتەکاندا هاتووە((بەبۆنەی هاتنی لەشکری سور بۆ مهاباد،حزبی ئێمە بەیاننامەیەکی نوسیو دەست بەدەست بلاوی کردەوەو ڕایگەیاند هەرکەس ئەم بەیاننامەیەی پێدەگات،لاپەڕەیەکی لەڕوو بنوسێتەوە،وبیدات بەکەسێکی تر،حزبی ئێمە لەوبلاوکراوەیەدا لەشکری سووری بەناوی لەشکری ئازاد کەری نەتەوەی کورد ناساند،دوای هاتنی لەشکری سووری سۆڤێت بۆ ئێران دەرکەوت حزبی ئێمە لەناو حیزبەکانی دیکەدا حزبی هەرە پێشکەوتووی دژ بەفاشیست بووە)).[1]

حزبی ئازادی کوردستان مەسەلەی چەکداردنو ئامادەکردنی پێویستییەکانی بەرگریکردن لەکوردستانی کردۆتە یەکێك لەئامانجە سەرەکییەکانی کەلەخاڵی٩ی مەرامنامەکەیدا چەسپاندوویەتی ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەئەم حزبە بۆئازادی کوردستان ودژایەتی دکتاتۆری بڕوای بەخەباتی چەکداریش بووە لەپاڵ خەباتی سیاسیدا،هەرئەمەش بووکەوای لەحزبی ئازادی کرد کەلەجولانەوە چەکدارانەکەی هەرێمی باکوری کوردستانی ئێرانەوە بگلێت کەلەنێوان سالانی(١٩٤١ ــ١٩٤٢)دا دژی

[1] - حامید گەوهەری: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.



هەوڵەکانی حکومەتی ناوەندی بۆ گێڕانەوەی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی بۆ ناوچەی ورمێ هەڵگیرسا، ئەوەی دواتر ئاماژەی بۆ دەکەین.

سەبارەت بەئامانجە ئابووریو کۆمەلایەتییەکان،پێویستە بوترێت کە حزبی ئازادی کوردستان هەولی قوتکردنەوەی خەباتی چینایەتی نەداوەو لەڕوانگەیەکی چینایەتییەوە سەیری مەسەلە ئابووریو کۆمەلایەتییەکانی نەکردووە،هەربۆیە باسی لەستەمی چینایەتی نەکردووەو جوتیارانی بەگژ ئاغاو موڵکدارانی لەکوردستانی ئێراندا نەکردووە،بەڵکو بڕوای بەوە هەبووە کەگرفتەکان بەشێوازی دیموکراتیو یاساییانە لەلایەن دەسەلاتێکی دیموکراتی پێشکەوتووخوازانە لەکوردستانێکی ئازاددا چارەسەر بکات،هەر بۆیە لەمەرامنامەکەی حزبی ئازادیدا مەسەلەکانی: یەکخستنو پێکەوەگرێدانی هەولو کۆششی تەواوی زەحمەتکێشانو جوتیارانو کرێکارانو موڵکداران لەپێناوی بەرهەمی کشتوکاڵیو ماڵییات،لەنێوبردنی بێکارییو هەژاری،دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمی وەرزێرانو چاکردنی ئاستی گوزەرانیان،دامەزراندنی کۆمپانیا هەرەوەزییەکانو سەندیکا کرێکارییەکان،بەستنی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتە ئازادەکاندا،بەرهەمهێنانی کانزاکانو چاکردنی ڕێگاکانو پێکەوە بەستنی هەرێمەکان لەڕێگای تۆڕێکی پەیوەندی هاتووچۆوە،دامەزراندنی خوێندنگا وەرزێرییەکان،هێنانی کارگەو ماشێنو هەوڵدان بۆ میکانیزەکردنی کوردستان،پەرەپێدانی هۆشی کۆمەلایەتی هاولاتیان لەڕێگای کردنەوەی شانۆو سینەماو بەرنامە پەروەردەییەکان،تێکڕای ئەوانە بەشێکن لەئامانجەکانی حزبی ئازادی کوردستان.

گرنگترین مەسەلە کە حزبی ئازادی کوردستان بویرانە بۆ خۆی کردۆتە ئامانجو لەخاڵی٢٤دا شوێنی بۆ کردۆتەوەو دەڵێت کەیاساکانی ولات لەسەرچاوە تەشریعیەکانی ئاینی ئیسلام بەهرەمەندبێت،واتە

ئەوسەرچاوەیەی نەکردۆتە چوارچێوەیەکی کۆنکرێتی بۆ یاساکان،ئەو ئاینەی بەئاینی ڕەسمی دەوڵەت نەناساندووە،جگەلەوەی هەرلەو خاڵەدا باس لەهاندانی داب‌و یاسای ئەو گروپ‌و میللەتە جیاوازانەی کوردستان دەکات کەئیسلام نین‌و ئازادی بێقەیدو شەرتی بۆ تەواوی کاروبارەکانی ئاینی‌و میللیەکانی پێبەخشیوون،ئەوەش بێگومان جگە لەبیری ئازادیخوازی بناغە دانەرانی حزبی ئازادی‌و دیدی واقیعبینانەیان بۆ ڕەوشی هەمەلایەنەی ئاینی‌و مەزهەبی‌و میللی لە کوردستانی ئێراندا،سروشتێکی خۆرسك‌و مێژوویی جولاَنەوەی نەتەوایەتی کوردە.

هەرحاڵ حزبی ئازادی کوردستان بەو بەرنامەیەوە سەرەتای قۆناغێکی نوێی دەستپێکرد، وتادەهات لەنێو خەڵکدا لایەنگرو ئەندامی زێدەتر دەبوون،شایەنی باسە هەژار موکریانی لەبیرەوەرییەکانیدا ویڕای ئەوەی خۆی بەئەندامی حزبی ئازادی لەقەڵەم دەدات،باس لەهەوڵەکانی عەزیزی زەندی‌و پەرەگرتنی ئەو حزبەش دەکات‌و نوسیوویە((زۆر کەسی تریش هاتنە ناوحزبەکەوە،عەزیزی زەند بۆ تەبلیغاتی حزب گەشتێکی کرد،شێخ محەمەدی خانەقا،خەلیفە مەلاعەلی زەنبیلی‌و زۆر ئاغای تری کردبووە دۆستی خۆی‌و بەڵێنی هاوکاری لێ سەندبوون،هەتاسەقز هات‌و گەڕایەوە،چووبووە تەورێز،زۆر ئەرمەنی تەورێزیشی کردبووە پەیڕەوانی خۆی.[1]

پەرەسەندنی نفوزی حزبی ئازادی کوردستان بەو خێراییە تاڕادەیەکی زۆر دڵی کاربەدەستانی‌حکومەتی ئێرانی داخورپاند، لەڕاستیدا مەسەلەکە هێندە بەلای حکومەتی ئێرانەوە گرنگ بوو کە خودی شاهەنشاهی سەخڵەت کردبوو، لەو بارەیەوە وەزیری جەنگی ئێران بۆ (عەلی سهیلی سەرۆکی‌وەزیران)ی نوسیووە ((هەواڵەکانی لەشکری چواری کوردستان ئەوە

1– هەژار: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.



ڕادەگەیەنن، بەم دواییانە حزبی ئازادی کوردستان لەمەهاباد دامەزراوەو مەرامنامەی حزبی ناوبراو بەزمانەکانی کوردی،ئەرمەنی،ئاسوری نوسراوە بەشێوەیەك لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە لێکۆڵینەوەی پێویست ئەنجامدراوە،دامەزرێنەری ئەو حزبە (عەزیزوڵڵای زەندی)یە،هەروەها لەبەر ئەوەی مەسەلەکە بە ئەندازەیەك گرنگەو لەبنەڕتدا لەشکر لەسەربازخانەی مەهابادیێ نییە دەگونجێت وردە وردە ئەم کارە بیری خەڵکی سادەو ساکاری ئەو ناوچەیە تێکبدات‌و گرفتێکی زۆر بۆ وڵات بخولقێنێت،هەواڵەکە عەرزی واڵا حەزرەتی شاهەنشاهی هومایۆنی کراوەو فەرمانی شاهانەش لەوبارەیەوە دەرچووە دەبێت پێش لەکاری ئەو کابرایە (واتە: عەزیز زەندی ـ ل) بگیرێت)).[1]

لەڕاستیدا ئەم ترس‌و دڵە ڕاوکێیەی دەسەڵاتدارانی تاران لەخۆڕا نەبوو، چونکە حزبی ئازادی کوردستان لە سۆنگەی بڕوای تەواوی بە خۆچەکدارکردن‌و ڕێکخستنی چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان و بە گژاچوونەوەی فاشیزم‌و دیکتاتۆری‌و چەسپاندنی ئازادی‌و مافی دیموکراتیکی گەلان، هەوڵیداوە ئاشنایەتی‌و دۆستایەتی لەگەڵ گەورە پیاوانی کورد‌و ئەرمەندا هەبێت‌و بەقازانجی وەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕێناییان بکات.

## ڕاپەڕینی کوردەکانی ورمێ‌و حزبی ئازادی کوردستان :

ڕاپەڕینی چەکدارانەی کوردەکانی هەرێمی ورمێ(١٩٤١ ـ ١٩٤٢)لە باکوری کوردستانی ئێران یەکێکە لەنۆبەرەو گرنگترین ڕاپەڕینەکانی گەلی کورد لەئێران لەسالانی جەنگی دووەمی جیهانیدا دژی دام‌و دەزگا سەرکوتکەرەکانی دەسەلاتی ناوەندی هەڵگیرسا،ڕێبەرانی ئەو ڕاپەڕینە بریتیبوون لەگەورەپیاوان‌و کەسانی وەك: عەمەرخانی شکاك،ڕەشید بەگی

1 – بەدرخان: سەرچاوەی پێشوو،ژمارە(٣٨)،٢٠٠٣/١١/٢٢.

جیهانگیری،تەهاهەرکی،زیرۆ بەگی هەرکیبوون،وهۆکاری ڕاستەوخۆی ڕاپەرینەکەش بریتیبوولە هەوڵەکانی حکومەتی ئێران بۆ گێڕانەوەی لەشکری شاهەنشاهی و پتەوکردنی دەزگا و پۆستەکانی ژاندارمو بەخشینەوەی چەك بەسەر عەجەمە شاپەرستەکانو چەککردنی کورد لەناوچەی ورمێو دەوروبەری.شایەنی باسە ڕاپەڕینەکە لەماوەیەکی کەمدا بەخێرایی پەرەی گرتو کۆنترۆڵی ناوچەیەکی فراوانی کردو دەسەڵاتی ناوەندی لەناوچەکە دەرپەڕاند،نەك هەربووە جێگای مەترسی و دڵەڕاوکێی کاربەدەستانی ئێران،بەتایبەتی(علی سهیلی)سەرەك وەزیران،بگرە سەرنجی زلهێزەکانی وەك ئینگلیزو ئەمەریکا و شورەوی و دەوڵەتە هەرێمییەکانی وەك تورکیای بۆخۆی ڕاکێشا و بووە جێگای گفتوگۆو مشتومڕیان.[1]

پێویستە بوترێت کوردە ڕاپەڕیوەکانی ورمێ لەماوەیەکی کەمدا تەواوی شارۆچکەو گوندەکانی دەوروبەری ورمێیان لەپۆستەکانی ژاندارم پاك کردەوەو شاری ورمێشیان بۆماوەیەکی باش گەمارۆدا،بەچەشنێك (ئەمیر ئیبراهیمی)فەرمانداری ئێرانی ئەوشارە ناچاربوو لەگەڵ زۆرینەی پیاوانی حکومەت لەوشارە هەڵبێن،ئەوەش وای لەحکومەتی ئێران کرد لەلایەك ناچاربێت لەگەڵ ڕاپەڕیوەکاندا دانوساندن بکاتو لەلایەکی تریشەوە دەستەودامانی ئینگلیزو ئەمەریکا و شورەوییەکان بێت تالەو سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەدا هاوکاری بکەن.بەپێی هەندێك سەرچاوەو بەڵگەی مێژوویی،حزبی ئازادی کوردستان پەیوەندی توندوتۆڵی بەڕاپەڕیوەکانەوە هەبووەو هەوڵیداوە لەسۆنگەی بڕوابوونی بەبەرەنگاربوونەوەی چەکداری دژی دیکتاتۆری و گەڕانەوەی دامو دەزگاکانیبۆکوردستان،دەرفەتی

[1] – بۆ زیاتر:
یاسین خالد حەسەن: ڕاپەڕینی کوردەکانی ورمێ(١٩٤١-١٩٤٢)ز، (گۆڤارا زانکۆیا دهوك)،کانوینا ئێکی ٢٠٠٠،پەرپەندا٣،هژمار٢،ل١٦٧-١٨٧.



ڕاپەڕینی کوردەکانی ورمێ بقۆزێتەوە تاتێکڕای هاوڵاتیانی ناوچەکە لەچوارچێوەی سیاسەتو ئامانجەکانی خۆیدا ئاڕاستە بکات،بەتایبەتی ڕێبەرانی ڕاستەقینەی ڕاپەڕینەکە کەئەو سەرۆك عەشیرەتە نیشتمانپەروەرانە بوون کەپەیوەندی پتەویان بەجوڵانەوەی نەتەوەیی کوردو حزبی ئازادی کوردستانەوە هەبوو.

شایەنی باسە ئاڵای ڕاپەڕیوەکان بریتیبووە لەدووخەنجەری ڕاستو چەپ،سێ ئەستێرە لەسەر تەختێکی سەوز،[1]لەشوعاری حزبی ئازادی کوردستانەوە وەرگیراوە کەلەمەرامنامەکەیدا چەسپاندویەتی،هەروەها ئەوداواکارییانەی ڕێبەرایەتی ڕپەڕینەکەدا بەئامادەبوونی کۆنسڵی شورەوی لەکاتی گەمارۆدانی شاری ورمێدا لەدانوساندنەکەی گوندی(عەسکەراوا)ی نزیك ورمێ پێشکەش بەنوێنەرانی حکومەتی ئێران کران،ئەوەی باسی لەبەشداریکردنی کورد لەبەڕێوەبەرایەتی،ئازای نەتەوەیی،کردنەوەی خوێندنگا بەزمانی کوردی،ئازادی گیراوە سیاسییەکان،گێڕانەوەی زەویە زەوتکراوەکان بۆسەرخاکی کوردستانو بۆدەستی خاوەنەکانیان،[2]ئەو داواکارییانەی کوردانەو سیاسییانە فۆرمەڵە کراونو لەوە دوورە بەتەنیا بەرجەستەی خواستو بەرژەوەندی چەند سەرۆك عەشیرەتێك بکات،بەڵکو لەئاسۆیەکی نەتەوەیی قوڵەوە سەری گرتووەو لەڕاستیدا بەشێکەلە ئامانجەکانی حزبی ئازادی کوردستان.

ئەوەی زیاتر ئەو گریمانە دەکاتە ڕاستیەکی مێژوو یی ئەو زانیارییە نهێنیانەیە کە کونسوڵخانەی بەریتانیا لەگەرمەی ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی ناوچەی ورمێدا واتە لەسەرەتای ساڵی١٩٤٢دا، لەلایەن کونسوی تورکیاوە

[1] – د.طاهر خلف البكاء: التطورات الداخلية في إيران١٩٤١-١٩٥١،بغداد،٢٠٠٢،ص١١٥.

[2] – برهان ياسين أبابكر:كوردستان في سياسة القوى العظمى١٩٤١-١٩٤٧، ترجمة:هوراس،دهوك،٢٠٠٢،ص٧٥-٧٦.

بەدەستی گەیشتووە، تورکەکان لە سۆنگەی ئەوەوە کە زۆر بەترسەوە دەیانڕوانیە چالاکی سیاسی و نەتەوەیی کوردەکانی ئێران و لەهەرکردەیەك دەسڵەمینەوە، بەوردی چاودێری ڕووداوەکانی ناوچەی ورمێیان دەکردو لە ڕێگەی سیخوڕەکانیانەوە زانیارییان لەسەر کۆدەکردەوەو بەریتانی و ئەمریکاییەکانیان لێ ئاگاداردەکردەوە.

ئەو ڕاپۆرتەی کونسوڵخانەی بەریتانیا باسی لەوەکردووە کە لەوکاتەدا حزبێك بەناوی (ئازادی) لەلایەن کوردو ئەرمەن و ئاسورییەکانەوە لە هەرێمەکەدا دامەزراوە، و چالاکیەکانی خۆی لە ناوچەی ورمێدا لەماوەی نێوان کۆتایی ساڵی١٩٤١وسەرەتای ساڵی١٩٤٢دا پەرەپێداوە، لەوەش زیاتر لەو ڕاپۆرتە نهێنییەدا هاتووە کە کاتێك کوردە ڕاپەڕیوەکان گەمارۆی شاری (ورمێ)یان داوە،حزبی ئازادی بەیاننامەیەکی بڵاوکردۆتەوە کە تێیدا داوای ئەوەی لە لێپرسراوانی حکومەتی ئێران کردووە شاری ورمێ جێبهێڵن، ئەو بەیاننامەیەی کە ژمارەیەکی زۆریان لەناو شاری ورمێدا بەبازاڕو دیواری شوێنە گشتییەکاندا هەڵواسیبوو، ئەوە دەگەیەنێت کە حزبی ئازادی کوردستان بەناوی ڕاپەڕیوەکانەوە ئاخاوتووەو لەنێو ورمێشدا لایەنگروئەندامی نهێنی هەبووە.[1]

ڕاستیەکی دیکە هەیە کە جێگەی سەرنج و تێڕامانە، ئەویش ڕۆڵی حزبی ئازادی کوردستانە لە ڕاکێشانی نەتەوە غەیرە کوردەکانی ئێران بۆ ڕیزی تێکۆشان لە پێناوی ئازادی و بەدژی دیکتاتۆری، وەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد حزبی ئازادی کوردستان لە مەرامنامەکەی خۆیدا برایەتی و دۆستایەتی کوردو ئەرمەن و ئاسورییەکانی کردۆتە ئامانج و پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە تەواوی مافە (ئایینی و نەتەوەیی و فەرهەنگی وکلتوری)

---

1 - From the British legation in Tehran to the Forcing office, Janq-1942, Fo, 371/31388, Persia1942, PRO.
وەرگیراوە لە: هەمان سەرچاوە ،ل٧٦.



یەکانی ئەو نەتەوانە دەستەبەر بکرێن، ئەوەش کاردانەوەیەکی باشی هەبوو لەسەر دۆستایەتی کوردو ئەو نەتەوانەو لەسەنگەری دژ بە دەسەڵاتی ناوەندی سەرکوتکەردا کۆی کردبوونەوە، بەچەشنێك کە لە مێژووی ئەو ناوچەیەدا کە کێشەو ئاڵۆزی نەتەوەیی و مەزهەبی تێداهەبوو کەم وێنەبوو، دیارە ژمارەیەك لەو ئەرمەنی و ئاسورییانە ببونە ئەندامە حزبی ئازادی کوردستان و وەك (هەژار موکریانی)دەڵێت کەبەشێکی ئێشکچییەکانی عەزیز زەندی سەرۆکی حزبی ئازادی کوردستان، ئەرمەنی بوون.[1]

شایەنی باسە دۆستایەتی کوردو ئەرمەن و ئاسورییەکانی ناوچەکە تادەهات پتەوتر دەبوو،کونسوڵی ئینگلیز سەبارەت بە ڕووداوەکانی ورمێ و ناوچەکە لە ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا باس لەپەلاماردانی چەکدارانەی خەڵکی هەرێمەکە دەکات دژی هێزەکانی ئێرانی و دەڵێت: ((هێزە چەکدارەکان زۆر تێکەڵبوون، بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوشت وکوشتاری مەزهەبی لە ڕەزائیە (ورمێ ـ ل)دا، کوردو ئازەری و موسوڵمان و ئەرمەن و ئاسوری شان بەشانی یەکتری دژی دوژمنی هاوبەش(حکومەتی ئێران ـ ل) دەجەنگان)) .[2]

## هەڵوەشانەوەی حزبی ئازادی کوردستان:

ئاشکرایە تا ئێستا سەبارەت بەلەکارکەوتن و هەڵوەشاندنەوەی حزبی ئازادی کوردستان لەلایەن مێژوونوسان و بایەخدارانەوە بەڵگەی مێژوویی چەسپاو نەخراوەتە بەرچاو،تەنیا ئەوە هەیە بریتییە لەچەند دیدو بۆچونی جیاواز کەناکرێت وەك ڕاستیەکی مێژوویی چەسپاو پشتیان

---

1 - هەژار: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.
2 - وەرگیراوە لە:یرواند ابراهامیان: إیران بین دو إنقلاب، ترجمە: کاظم فیروزمند ومحسن مدیرشانە چی،چاپ چهارم،نشر مرکز،١٣٨٠ش،ص٢٦٦.

پێببەسترێت،لەوانە ئەو تۆمەتانەی خراونەتە پاڵ عەزیز زەندی سەرۆکی حزب و کراونەتە فاکتەری هەڵوەشانەوەی ئەو ڕێکخراوە کوردستانییە.

لەو ڕووەوە عەلائەدین سەجادی باس لەعەزیز زەندی دەکات و دەڵێت((بەرە بەرە حکومەتی‌ئێران ڕایکێشا بۆلای خۆی و بەرزی کردەوە،لەئاخری کارا بەهۆی ئەوەوە گەلێ لیستی ئەم حزبە))کەوتە دەست حکومەتی ئێران و کەوتە گرتنی ئەندامانی ئەم حزبە!.عەزیزیش بەتەواوی خۆی بووبە پیاوێکی پیاوانی ئێران))،[1] هەروەها هەژاریش بەهەندێك گومانەوە نوسیویە((پاشان ڕاست یان درۆ گوتیان لەهەمان کاتدا پیاوی دەوڵەتی ئێران بوو(واتە عەزیز زەندی . ل)پارەی لێساندون کەنەهێڵێ بیری ئازادیخوازی پەرە بسێنێ.[2]

لەڕاستیدا ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵ عەزیزی زەندی گوایە بۆتە پیاوی دەوڵەتی ئێران و خیانەتی لەحزب و بیری ئازادیخوازی کردووە،جگە لەقسەو قسەڵۆك نەپشت بەهیچ بەڵگەو دکۆمێنتی ڕەسەنی مێژوویی دەبەستێت، ونەلەگەڵ ڕوداوەکانی ئەو سەردەمەو ژیانی عەزیز زەندی‌دا یەکدەگرێتەوە،چونکە لەتێکڕای ئەوبەڵگەنامانەی کەلێرەو لەوێ لەو قۆناغەدا باسیان لەپیاوانی ڕژێمی ئێرانی و داورودەستەکانی لەکوردستانی ئێراندا کردووە ناوی عەزیزی زەندی نەبراوە،بەڵکو بەپێچەوانەوە وەکو پێشتر لەدکۆمێنتەکەی وەزارەتی جەنگی ئێران ئاماژەمان پێدا،وەزیری جەنگ لەشوباتی١٩٤٣دا سەرۆك وەزیرانی لەچالاکییەکانی عەزیزی زەندی ئاگادارکردۆتەوەوکارەکانی بەهەڕەشە لەسەر ئاسایشی وڵات دادەنێت، وخودی شاهەنشاهییان لێ‌ئاگادارکردۆتەوەو ئەویش فەرمانی بەوەداوە کەڕێگەی لێبگرن و دژایەتی بکەن.شایەنی باسە هەرخودی ئەو

[1] – عەلائەدین سەجادی: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦

[2] – هەژار: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.



دکۆمێنتە ڕای خراپی حکومەتی ئێران لەسەر عەزیز زەندی بەڕوونی دەردەخات و پێی‌وتووە((کابرایەکی بێسەروبەرو سەرلێشواو))[1] ئەوەش سوکایەتییەکە کەهەردەم لەفەرهەنگی ڕژێمی شاهەنشاهییدا بۆکەسانی ئازادیخوازونەیارو نیشتمانپەروەر بەکاردەهێنرا.

جگەلەوەی نابێ لێرەدا ئەوە لەبیر بکرێت،کەعەزیزی زەندی پاش هەڵوەشاندنەوەی حزبی ئازادی کوردستان ودوورکەوتنەوەی لەناوچەکەو بەسەربردنی باقی ژیانی لەتەورێزو تاران جگە لەدڵسۆزی بۆ نەتەوەکەی کارێکی دیکەی لێ نەبینراوە،وێڕای ئەوەی وەك لەنوسینێکی کاك(عبیدالله ایوبیان)داهاتووە،لەهاوینی ساڵی ١٩٥٢و لەسەردەمی حکومەتی نیشتمانییەکەی دکتۆر مصدق دا،عەزیز زەندی لەگەڵ(ژەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا)ی ڕابەری شۆڕشی نەتەوەیی ئاگری لەکوردستانی باکوور(١٩٢٧ ـ ١٩٣٠)،کەئەودەمە وەك پەنابەر لەتاران دەژیا،پێکەوە لەگەڵ(سەید عەبدوڵڵای گەیلانی)ڕێکخراوی نهێنییان بەناوی(کۆڕی بەرزی تایبەتمەند)دروستکردووە [2] تاکو مافەکانی گەلی کورد لەڕێگای پەیوەندیکردن بەوڵاتە زلهێزەکانەوە بەتایبەتی(وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا)بهێننەدی،هەروەها لەشەستەکانداکە (جەلیلی گادانی)لەتاران چاوی بەعەزیز زەندی کەوتووەو دەربارەی نوسیویە:((زۆر کوردێکی بەهەست مابوو،گەلێك بۆکوردە بەش خوراوەکەی بەپەرۆش بوو)).[3]

شایەنی باسە هەندێکی دیکە بێ‌بەڵگە هەڵوەشاندنەوەی حزبی ئازادی کوردستان بۆ فاشی بوونی عەزیز زەندی دەگێڕنەوە،(حوسێنی

[1]– بەدرخان: سەرچاوەی پێشوو،ژمارە(٣٨)،٢٠٠٣/١١/٢٢.

[2]– گۆڤاری(ئاوێنە)،ژمارە(٤)، خەزەڵوەری١٣٦٩، ل٢٤.

[3]– هۆشەنگ تۆفیق: سەرچاوەی پێشوو، ئالای ئازادی، ١٩٩٥/١٢/١٠. شایەنی بسە گادانی وەك تێکۆشەرێکی کورد سەردەمانێك لەتاران ژیاوەو نوسەرێکی ڕاستگۆو ئەندامی دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە

مەدەنی)لەم بارەیەوە دەڵێت((واپێدەچێت عەزیز زەندی پەیوەندی بەئەڵمانیەکانەوە بووبێ،کەلەسەرەتای شەڕەکەدا لەزۆربەی ناوچەکانی ئێراندا خاوەن نفووز بوون،بەدوای شکست وپاشەکشەی ئەڵمانیەکان لەئێران (حزبی ئازادیخوازی کورد)یش لەفڕەکەوتووە)).[1]دیدێکی بەم چەشنە دەگونجێت لێکدانەوەیەکی هەڵەبێت بۆ ڕووداوەکان،یاخود لەونازناوەوە سەرچاوەی گرتبێت کەعەزیز زەندی پێ ناسراوە واتە عەزیز ئەڵمانی کەبەهۆی ڕووخسارو ڕێکپۆشی ناوبراو و ئاوارەبوونی چەند ساڵەی لەوڵاتی ئەڵەمانیا بووە،نەك بەهۆی لایەنگری لەفاشیزم،چونکە وەك لەمەرامنامەکەی حزبی ئازادی کوردستاندا دەرکەوتووە ئەو حزبەو سەرۆکەکەی بەیەکەمین ڕێکخراوە سیاسییەکانی دژبە فاشیزم لەناوچەکەو بگرە لەسەرانسەری ئێرانیشدا دادەنرێت.

لەڕاستیدا ڕایەکی(کریس کۆچێرا)هەیە سەبارەت بەهەڵوەشاندنەوەی حزبی ئازادی کوردستان کەپێویستە لێرەدا ئاماژەی پێبدرێت‌و ئیستیکی لەسەر بکرێت،کۆچێرا بەپشت بەستن بەڕاپۆرتێکی (ریدر پۆلارد)ی‌سەفیری بەریتانیا لەتاران کەبۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی‌خۆی بەرز کردۆتەوە دەڵێت((دوو ڕووداو هەن کەهەڵوێستی بەپاریزی،روسەکان سەبارەت بەچالاکی نەتەوەیی کوردان لەم ساڵەدا١٩٤٢دا بەجوانی بەرجەستە دەکات،لەمانگی ١ی ١٩٤٢دا دەسەڵاتدارانی سۆڤییەت کۆمیتەی((حزبی ئازادیخوان))کەکوردو ئاشوری‌و ئەرمەنیان یەکدەخست دوای ئەوەی

1 – حوسێنی مەدەنی: کوردستان‌و ستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی دووهەم، خاکەلێوەی١٣٨٠ی هەتاوی،ل١٩٤.



ئەندامانی ئەم حزبە بەگژ چەندرمەی ئێراندا چوون،روسەکان هەڵیانوەشاندنەوە))[1]

ئەم بۆچوونەی کۆچێرا زیاتر لەبۆچوونەکانی دیکە گونجاو شیاوترەو دەتوانرێت بەفاکتەری سەرەکی لەکارکەوتنی حزبی ئازادی کوردستان بدرێتە قەڵەم،چونکە وەك سەرچاوەو بەڵگە مێژووییەکان دەریدەخەن،سیاسەتی شورەوی لەباکووری ئێراندا بریتیبوو لەپاراستنی ئاسایش‌و ئارامی ناوچەکە تاکو گرەنتی تێپەربوونی ئەو هاوکارییانەی بکات کەلەلایەن وڵاتانی هاوپەیمانەوە لەباشوری ئێرانەوە بۆ بەرەکانی شەڕ لەشورەوی دەگوازرانەوەو هەڕەشەی فاشیزم لەسەرخۆی کەمبکاتەوە،هەربۆیە شورەوی دژی هەرجوڵانەوەو لایەنێك ڕادەوەستا کەئەو ئارامییە بشێوێنێ‌و بەردەوام گومانی فاشیزم بوونیان دەخستەسەر،[2]دیارە سەرنجی بەرپرسانی دەوڵەتی شورەوی‌و هەڵوێستیان لەهەمبەر ڕاپەڕینی کوردەکانی ورمێ ئەو مەسەلەیە زۆر بەڕوون نیشان دەدەن.

(مۆلۆتۆف)ی وەزیری کاروباری دەرەوەی یەکێتی شورەوی لەنامەیەکی خۆیدا کەبۆ (سمیر تۆڤ)ی باڵیۆزی شورەوی لەتاران ناردووە،لەسۆنگەی لێکدانەوەیەکی نازانستییانە بۆکێشەی کوردو خەباتی چەکدارانەی کوردەکانی ورمێ دژی دام‌و دەزگا سەرکوتکەرەکانی دەسەڵاتی‌ناوەندی،بەڕاشکاوی نوسیویە((خەباتی کوردەکانی ئێران بۆ خودموختاری‌و سەربەخۆیی بەپێی ناوەرۆکە کۆمەڵایەتییەکەی،دیفاعێکی کۆنەپەرستانەیە لەدەرەبەگی جیاوازیخوازی کورد دژبە سیاسەتی سەنترالیزم لەئێراندا...جیاوازیخوازی کوردان لەئێران هەمیشە لەڕۆژهەڵاتی

1– تەلەگراف ڕۆژی ١٩٤٢/١/١٤ی ریدر پولاردی بەریتانیا لەتارانێ ، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلیستان٣٧١٣١٣٨٨. وەرگیراوە لە:کریس کۆچیرا: کورد لەسەدەی نۆزدەوبیستدا ، وەرگێرانی: حەمە کەریم عارف، هەولێر،٢٠٠٣،ل٢٠٥.

2 – بۆ زیاتر:{برهان یاسین أبابکر: سەرچاوەی پێشوو،ل٧٠-٧١}.

ناوەڕاستدا بووە بیانوویەك بۆسیاسەتی ئینگلیزو تورکان... سەرۆکە کوردەکان خەڵکی ئاسایی کورد گوێڕایەڵیان نین،زۆربەیان بەکرێگیراوی دەوڵەتە جۆربەجۆرەکانی ئیمپریالیستین و بگرە لەناویشیاندا ڕاسپاردەی دەوڵەتە فاشیستەکان کەم نین))[١]

شایەنی باسە مۆڵۆتۆۋ ئەم بۆچوونە هەڵەیەی بۆ لێپرسراوە سیاسی و سەربازییەکانی شورەوی لەئێران دووپاتکردۆتەوەو داوای لێکردوون هاوکاری تەواوی سوپای ئێرانی بکەن بۆ دژایەتی هەر هەوڵێکی کورد بۆسەربەخۆیی و ئازادی کوردستان و دەزگاسەرکوتکەرەکانیان لەناوچەکە دابمەزرێتەوە،مەسەلەیەکی وافاکتەری سەرەکی شکستی ڕاپەڕینی کوردەکانی ورمێ دادەنرێت، ئەو ڕاپەڕینەی کە حزبی ئازادی کوردستان بەشدارو هاوکارو تاڕادەیەکیش زمانحاڵی بوو.

ئەو هەڵوێستە مەنفییەی شورەوی سەبارەت بەڕاپەڕینی چەکدارانەی کوردەکانی ورمێ و جوڵانەوەی ئازادیخوازی کوردستان وای لەهەندێك نوسەر کردووە بکەونە هەڵەوەو بەپشت بەستن بەسەرچاوە شورەوییەکان ڕاپەڕینی ورمێ لەساڵی ١٩٤١ ـ ١٩٤٢دابەدەستی نازییەکان بزانن.[٢]

هەرحاڵ شکستی ڕاپەڕینەکەی ورمێ بووەهۆی دروستبوونی بیروڕای جیاواز لەنێو حزبی ئازادی کوردستاندا کەکەوتبووە بەرفشارو پیلانی شورەوییەکان لەهەرێمی ورمێ و موکریانی کوردستانی ئێراندا،لێرەدا دووبەرەکی لەنێو سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوەدا دەرکەوت،عەزیز زەندی سەرۆك و چەند ئەندامێکی دیکە کەپاش ڕوداوەکانی ورمێ بڕوایەکیان بەپاڵپشتی و لافی ئازادیخوازێکی شورەوییەکان نەمابوو،نوێنەری باڵی

[١] – وەرگیراوە لە{ حامید گەوهەری: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠-١٠١}.

[٢] – عبدالهادي كريم سلمان: إيران في سنوات الحرب العالمية الثانية، مركز دراسات الخليج العربي،البصرة،١٩٨٦،ص٨٥-٨٦.



کەمینەبوون،کەلەو قۆناغەدا وازیان لەکاری سیاسی هێناودانیشتن،باڵەکەی دی کەحوسێنی زێڕەنگەران ڕێبەرایەتی دەکرد،پاش ماوەیەکی کەم لەگەڵ ژمارەیەکی دیکەی ڕۆشنبیرە لاوەناسیۆنالیستەکانی شاری مەهابادا،ڕێکخراوێکی نوێیان لەسەرداروپەردووی حزبی هەڵوەشاوەی ئازادی کوردستان دامەزراند،کەناسیۆنالست ترو مەزهەبی‌تر دوورلە ڕاپەڕینی عەشیرەتە کوردییەکان و خەباتی چەکداری بوو،ئەو ڕێکخراوەش (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان/ژێکاف)بوو.[١]

[١] – بۆ زیاتر:{ حامید گەوهەری: سەرچاوەی پێشوو}.

# خوێندنەوەیەکی مێژوویی فیکر و کەسایەتی پێشەوا قازی محەمەد

**دەروازە:**

ئاشکرایە زۆربەی جار پرسیارێکی گرنگ بۆتە جێگای مشتومڕی مێژوونوسان ئەویش ئەوەیە کە داخۆ مێژووبە تەنیا سەرگوزشتەی پیاوەمەزنەکانە یاخود مەزنانیش زادەی قۆناغە مێژووییەکەی خۆیانن؟ دیارە وەڵامی گونجاو ئەوەیە کە گەورە پیاوان زادەی سەردەمە مێژووییەکەی خۆیانن و مێژوو هیچ کاتێك بە تەنیا سەرگوزشتەی ژیان و هەڵسوڕانی وان نییە، بەڵکو بەرهەمی بزاوتی تێکڕاو هەزارەها لە تاکەکانی کۆمەڵگایە کە زەمینە بۆ گەورە پیاوان دەخولقێنن کاری گەورە ئەنجام بدەن.

بەلام ئەو راستییەی سەرەوە ئەوە ناشارێتەوە کاتێك بە قولایی روداوەکانی رابردوودا رۆدەچین ولە ژیانی هێندێك لە کەسایەتیی و گەورە پیاوە مێژووییەکان ورد دەبینەوە راستییەکی دیکەمان دێتە بەرچا و ، ئەویش ئەوەیە کە بەشێکی گەورەپیاوان مێژووسازن و خوێندنەوەی ژیان و کەسایەتی ئەوانە نەك هەر روخساری قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووییمان بۆ دەنەخشێنێت ، بەڵکو رێڕەوی قۆناغە مێژووییەکەی دوای خۆشیمان بۆ وێنا دەکات.

کەسایەتی پێشەوا قازی محەمەد، یە کێکە لەو گەورە پیاوانەی کورد کە شوێنێکی بەرجەستەی لە مێژووی نەتەوەیی کەلی کوردا هەیە ،ژیان و فیکر و کەسایەتی ئەم پیاوە ئاوێتەی ساتەوەختێکی مێژووی بووە بەجۆرێك سازدەری پرشنگدارترین لاپەڕەکانی مێژووی جولانەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردە ،هەربۆیە ناسینی تایبەتمەندییە فیکری و شەخسییەکانی پێشەوا کە ئەرکی بنەڕتی ئەم لێکۆڵینەوەیەی بەردەستە،لە زۆر لایەنەوە گرنگە بۆ تێگەیشتن لە رەوتی روداوە مێژووییەکانی دووەمین ئەزمونی حوکمڕانییەتی



کوردی لە سەدەی بیستەمدا کە جمهورییەتی دیموکراتی کوردستانەلە ساڵی ١٩٤٦دا.

قازی محەمەد(١٩٠٠-١٩٤٧) کوڕی قازی عەلی کوڕی قازی ئەبوالقاسمە و لە بنەماڵەی ناوداری قازییەکانی مەهابادە،لەسەردەستی باوکی زانستە ئاینییەکانی خوێندووە،جگە لە زمانی کوردی،فارسی و عەرەبیشی بە باشی زانییوە،دواتریش خۆی فێری زمانی تورکی و روسی و ئینگلیزی کردووە، مرۆڤێکی ئەدەبدۆست ، میهرەبان، لەسەرخۆ بووە و لە ساڵی ١٩٢٦ەوە سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی فێرکردن و پەروەردەی مهاباد بووە و خۆبەخشانە و بێ موچە ئەرکی خۆی راپەڕاندووە.

قازی محەمەد دوای مردنی باوکی لە ساڵی ١٩٣١ەوە بۆتە قازی شەرعی مهاباد، پاش تێوەگلانی ئێران لە روداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانی و پەرەگرتنی رەوتی نەتەوەیی گەلانی غەیرەفارس لە ئێران بەگشتی و گەلی کورد لە هەرێمی موکریانی کوردستان بەتایبەتی، کۆمەڵەی ژیانی کورد ناسراو بە (ژ.ك) لە ١٦ی ئابی ١٩٤٢ لە مهاباد دامەزرا ، پاش ماوەیەك قازی محەمەدبووە ئەندام لەو رێکخراوەدا، زۆری نەخایاند لەبەر لێهاتوویی وکەسایەتی بەهێزی رێبەرایەتی ئەو رێکخراوەی گرتە دەست،لە پاش کۆتاییهاتنی جەنگ قازی محەمەد لە ئۆکتۆبەری ١٩٤٦دا حزبی دیموکراتی کوردستانی دامەزراند و هەل و مەرجی پاش جەنگی قۆزتەوە و بانگی جمهوریەتی کوردستانی لە ٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٦دا داو نازناوی (پێشەوا) ی لێنرا[1].

1- بۆ زیاتر:عەلائەدین سەجادی،شۆڕشەکانی کوردو کوردو کۆماری عێراق،بەغدا،١٩٥٩،ل١٧٤-١٨٢ ،خلیل فتاح قاچی ،تأریخچە خانوادە قاضي در ولایت موکری،تبریز،١٣٧٨.

لەراستیدا پێشەوا جگە لەژمارەیەك خەسڵەتی چاكی شەخسی و كۆمەڵایەتی ، هەڵگری چەند خەسڵەت و تایبەتمەندێتی دیكەی فیكری بووە كە زەمینەی ئەوەیان بۆ رەخساند وەك كاریزمایەكی میللی لەو قۆناغەی مێژووی كوردا رۆڵی سەرەكی ببینێت و پاش لە سێدارەدانیشی پانتاییەكی مەزن لە مێژووی نەتەوەیی كوردا داگیر بكات، ئەو تایبەتمەندییانەی كە دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە لێیان بدوێین:

**یەكەم :كوردستانیبوون :**

یەكێكە لە گرنگترین پایە سەرەكییەكانی فیكری پێشەوا كە لە ژیان و هەڵسوكەوتیدا رەنگی داوەتەوە،ئەگەر بە وردی ئەو وتارە بخوێنینەوە كە پێشەوا لە نیوەڕۆی ٢ی رێبەندانی ٢٢/١٣٢٤ی كانونی دووەمی ١٩٤٦ لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد،لە ئاهەنگی مەراسیمی راگەیاندنی جمهورییەتی میللی كوردستاندا دای بە گوێی جەماوەردا ئەو ەمان بۆ دەردەكەوێت چەندە بڕوایەكی پتەوی بە كوردستانیبوون و یەكپارچەیی خاكی كوردستان و تێكڕای رەگەزە پێكهێنەرەكانی نەتەوایەتی كورد بووە لە:مێژوو،دابی هاوبەش و عەنعەناتی میللی..هتد [1] ، بێگومان هەڵواسینی نەخشەی كوردستانی مەزن لە ئۆفیسەكەی و بەپشتی سەری پێشەواوە بێگانانیشی لەو راستییە ئاگادار كردۆتەوە ، ئەمە جگە لەوەی پراكتیزەكردنی ئەم بیرە جمهورییەتی كوردستانی كردۆتە ئەزمونێكی نەتەوەیی و كوردستانی كە زادەی بەشداری و رۆڵی كوردەكانی تێكڕای

[1] – كوردستان،رۆژنامە،بڵاوكراوەی بیری حزبی دیموكراتی كوردستان، ژمارە ١٠-١١,١٥-١٧ ریبەندانی ١٣٢٤.



پارچەكانی دیكەی كوردستان بوو[1]، ئەزمونێك كە هەڵچونێكی گەورەی لە لە هۆشی نەتەوایەتی كوردا خولقاند.

لەراپۆرتێكی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا هاتووە"قازی محەمەد وا دەردەكەوێ كە تا ئەودەمەی كە بارودۆخ(ی) لە ئێران قایم بێت دژ بە ئاژاوەو هەرای ئەودیو سنوورە ،بەڵام دەگووترێ كە بە لایەنگرانی خۆی گوتووە كە دواتر لە عێراق دەبێ پشتگیری مەلامستەفا بكرێت،دەگوترێ قازی لە پێوەندی كوردی توركیا و سووریا دا پەیوەندی بە رێبەرانی"خۆیبوون"ەوەیە".[2]

**دووەم :سەربەخۆییخوازیی :**

بەڵگە مێژووییەكان ئەوەمان باش بۆ دەسەلمێنن كە پێشەوا بڕوایەكی بەوە هەبوو كە گەلی كورد لە تەواوی مێژووی كۆن و نوێیدا لە سەر خاك و نیشتمانی خۆی خاوەنی دەسەلات و فەرمانڕەوایەتی سەربەخۆی خۆی بووە و سەری بۆ داگیركەران دانەنەواندووە لە پێناوی بەرەنگاری دوژمنانی نیشتمانەكەی درێغی لە بە خەرجدانی گیان وماڵی نەكردووە.

[1] - حكومەتی كوردستان لە مهاباد ببووە قیبلەگای نەتەوەخوازانی كورد وئەو ئەزمونە هۆشی نەتەوەیی كوردەكانی پارچەكانی دیكەی كوردستانی هەژاندبوو،بە تایبەت لە كوردستانی باشووردا زۆر لەو نەتە وەخوازانە بەرەو مهاباد و ناوچە ئازادكراوەكانی موكریان رۆیشتن تا لە دەزگا سەربازی و فەرهەنگی و خزمەتگوزارییەكانی كۆماردا بەپەرۆشەوە خزمەت بكەن، بێگومان لەو رووەوە ناكرێت رۆڵی بارزانییەكان وەك بڕبڕەی پشتی هێزكانی حكومەتی كوردستان لە بەرچاو نەگیرێت.بڕوانە:

یاسین سەردەشتی،لە یادی (٥٦)ساڵەی دامەزراندنی (كۆماری میللی كوردستان) ٢٢ی كانونی دووەمی١٩٤٦- ١٧ی كانونی یەكەمی ١٩٤٦.

[2] - رۆژهەڵاتی كوردستان لە بەڵگەنامەكانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا.وەرگێڕاوی كوردی ١٣٠ بەڵگەنامە،وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: ئەنوەرسوڵتانی، بنكەی ژین ،سلێمانی ،٢٠٠٥،ل٢٣٥.

پێشەوا لەو پروایەوە کە پێویستە سوود لە دەرفەت وەربگیرێت بۆ گێڕانەوەی دەسەڵات و سەربەخۆیی کوردان ، کەوتە تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوایە تییەکانی گەلی کورد، هەروەك خۆی دەڵێت" کورد لە قەدیم را هەزاران پادشاە و حوکمدار و تەشکیلاتیان بوە ...میللەتی رەشیدو بەغیرەتی کورد لە هەمو دەورو زەمانیك دا هەرکەس خەیالی ئیستلای نیشتمانی ئەوانی بوبی بەرەنگاری بون و بەربەرەکانیان کردوە لە هیچ فیداکاریەك دەستیان دانەنەواندوە...تا لەو دواییانەدا کە پاش شەری بەینولمیلەلی پیشوە کە دیکتاتوری ئیران و تورکیا هاتنە سەر کارو زمان و عادات و مەزهەب و خصوصیاتی میللی کوردیان بەجارێك لاوازو کزو کەنەفت کرد...پیاوانێکی بەبیر و هۆش و بەشەرەف کە زۆر لە میژ بو خویناوی دڵی خۆیان دەخواردەوە...زۆر زو تەشخیصیان دا کە وەختی کارەو لەو فرصەتە دەبی بەهرە وەربگیریٚ... بە دڵێکی بەهێز پایەداریمان کردو ئیدامەمان بە فەعالییەتی خۆمان دا تا ئیستقلال و ئازادی نەتەوەی کوردمان بەدەست هێنا"[1].

(هاشموف) ی سرکونسڵی یەکێتی شورەوی لە رەزائییە لە راپۆرتێکیدا بۆ بەرپرسانی سیاسی شورەوی دەڵێت:" قازی موحەممەد هەموو کاتێك وتوێژەکانی بەرەو سەربەخۆیی کوردستان دەبردو باسی دواکەوتووی کوردانی دەکردو بەگوێرەی قسەکانی، هۆی دواکەوتنەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەموو کاتێك لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێران و تورکیاوە چەوسێنراونەتەوەو ئێستا لە حاڵێکی نیوە برسیدا دەژین و لەم بارەوە

[1]- کوردستان، هەمان ژمارەی پێشوو.



سوپاسی سوپای سووری کرد کە بە هاتنی ئەوان بۆ ئێران، کوردەکان بەتەواوی گەیشتن بە سەربەخۆیی خۆیان و لە باری ئێستایان زۆر ڕازین "[1].

هەر لە سۆنگەی ئەم بیرەوە بووپێشەوا لە پاڵ ناوی خودا بە نیشتمان و ئالأی موقەددەسی کوردستان سوێندی خوارد کە تا ئاخیر هەناسەی ژیانی بە گیان و ماڵ لە ریٚی راگرتنی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئالأی سیٚ رەنگی کوردستاندا تێبکۆشێت.

گیانی سەربەخۆیی خوازییەك کە زۆر پێشتر لە دامەزراندنی جمهوریەتی دیموکراتی کوردستاندا کەسانێکی وەك سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران (سرلشکر حسن ارفع) تێبینییان کردووەو پیٚان وابووە کە لە ئایندەدا تەنگ بە دەوڵەتی ئێران هەڵدەچنیٚ[2].

لەدۆکیومێنتێکی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا کەلەمێژووی ٥ی فێبریوەری ١٩٤٦دا لە تارانەوە گەیشتۆتە لەندەن هاتووە"قازی محەمەد بانگ کراوەتە تەورێز و پیٚی گوتراوە حکومەتێکی ناوچەیی لە ژێر چاوەدێریدیموکراتەکان(ی ئازەربایجان) دا پێك بهێنێت،ناوبراو رەفزی ئەوەی کردۆتەوە کە بڵیٚ لەگەڵ رووسەکاندا تێگەیشتنی راستەوخۆی لە مەڕ ئەوە هەبوە کە کوردستان سەربەخۆبێت نەك ژێردەستەی دیموکراتەکان بێت"[3].

[1]- وەرگیراوە لە:د. ئەفراسیاو هەورامی ،رووداوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە چەند بەڵگەنامەیەکی شورەوی دا،پێشەکی و پەراوێزدانان و پێداچوونەوەی :د.یاسین سەردەشتی ،بنکەی ژین ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ ، ل٢٢.

[2]- حسن ارفع، کردها.یك بررسی تأریخی سیاسی،ترجمە از متن انگلیسی،لندن،١٩٦٦،ص٧٦.

[3]- رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا،ل٢٠٢ .

لەوەڵامی ئەوانەی کە بێ ئاگا یاخود بەمەبەستی دژایەتیی ،قازی و جوڵانەوەکەی بە دەستنێژی شورەوی دەدەنە قەڵەم.، ویلجیڤسکی دەڵێت:" لەبارەی سیاسەتی دەرەوە، قازی موحەممەد دەیەوێ سەرنجی ئینگلیزەکان و هەروەها سۆڤێتیش بۆ لای خۆی ڕاکێشێت و بە باشتری دەزانێت کە بەلای هیچ لایەکاندا نەڕوات[1].

هەروەها لە دۆکیومێنتێکی روسیای شورەوی دا لە زمانی رۆژنامەی (اطلاعات)ە وە نووسراوە:" پێشوەریو قازی لە باکۆ بوون، پێشەوەری و کاربەدەستانی دەرەوە، سووربوون لەسەر ئەوەی کە کوردستان ببێتە بەشێك لە ئازربایجان و سەر بە ئەوێ بێت. بەڵام قازی موحەممەد زۆر بەتوندی دژی ئەو هەڵوێستە ڕاوەستاوەو بڕیاری لەسەر نەداوەو ڕایگەیاندوە ئەگەر کوردستان بڕیارە سەر بە تەورێز بێت باشترە سەر بە دەوڵەتی ناوەندی تاران بمێنێتەوە. حاجی بابا شێخ هەروەها ڕایگەیاندووە کە ڕێبەرانی کورد لە باکۆ لەژێر گوشارێکی زۆردابوون، تەنانەت قازی موحەممەد ئامادەبوو کە خۆی ژار خواردوو بکات و خۆی بکوژێ." [2].

دیارە هەر ئەم بیرە بوو کە پێشەواو سەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی هاندا بە پاشکۆیەتی حکومەتی ئازەربایجان ڕازی نەبن و سەر بۆ (باقرۆف) و (پیشەوەری ) دانەنەوێنن و بڕیاری دامەزراندنی حکومەت و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و بەدیهێنانی ئیستقلال و ئازادی نەتەوەیی کورد بدەن [3].

---

[1]– وەرگیراوە لە:د. ئەفراسیاو هەورامی ،سەرچاوەی ناوبراو ، ل٧٧ .

[2]- هەمان سەرچاوە ، ل٧٢.

[3]–(باقرۆف)ی سەرکۆماری ئازەربایجانی شورەوەی و (پیشەوەری) سەرۆکی حکومەتی دیموکراتی ئازەربایجان لە تەورێز،ناوچەی موکریان و مهابادیان بە بەشێکی دانەپچراو لە ئازەربایجان دەزانی دامەزراندنی حکومەتێکی کوردیان پێ قووت نەدەچوو،هەربۆیە لەکاتی دامەزراندنی حکومەتی



## سێیەم: دیمۆکراسیبوون:

دیمۆکراسیبوون پایەیەکی سەرەکی فیکر و کەسایەتی پێشەوا بوو، بە جۆرێك نەتەوەیی بوونەکەی بە ئاقارێکی موسبەت و مرۆڤدۆستانەدا بردبوو، بە شێوەیەك دوور بێت لە بەرزەفڕی و دەمارگیری و شۆوینیسم، یاخود بیپارێزێت لە لاربوونەوە بەرەو دیکتاتۆری چینێکی کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندنی جەنگی نێوخۆ، مەسەلەیەکی وا کە جمهوریەتی کوردستان دەکاتە نمونەیەکی تاقانەی دەسەڵاتێکی دیموکراسی لیبراڵ لە نێو ناوچەیەکی دواکەوتوو و گیرۆدەی سیستمە دیکتاتۆر و شۆوێنستەکان، بگرە لە حکومەتەکەی ئازەربایجانیشی جیادەکاتەوە کە سروشتێکی ڕادیکاڵی چەپی هەبوو و تا دەهات بەرەو تۆتالیتێربوون و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ هەنگاوی دەنا[1]

لەرووی هەڵسوکەوت و بڕیاردانی سیاسی ،قازی تاکڕەو خۆسەپێن نەبوو،ڕاوێژی بە کەسانی ژیر و دەورو بەری خۆی دەکرد و بێ ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزب بڕیاری نەدەدا.وەك خۆی لە رۆژنامەی (کوردستان)دا دەڵێت:" ئەمن بەبێ تەصویبی کومیتەی مەرکەزی هیچ کاریکی ناکەم،

---

ئازەربایجان سەرانی ئازەر شاندی کوردی میوانیان بە سەرکردایەتی پێشەوا وەك نوێنەرێکی هەرێمێکی ئازەربایجان پێشوازی کردو داوایان لێکردن لە ئەنجومەنی ئازەربایجاندا شوێنی خۆیان هەبێت، مەسەلەیەکی وا کە پێشەوای هاندا پەلە لە دامەزراندنی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان بکات. بڕوانە:

ولیام ئیگلتن، جمهوریه مهاباد،جمهوریة ١٩٤٦الکوردیة،ترجمة:جرجیس فتح لله ، الطبعةالثانیة، اربیل، ١٩٩٩،ص١١٦-١١٧.

[1]- بۆ زیاتر:

امل عباس جبر الجبراني،الاذربایجانیون ودورهم السیاسي في ایران، رسالة ماجستیر غیر منشورة ،کلیة التربیة،جامعة المستنصریة، ١٩٩٧،ص ١٤٠- ١٨٢.

چونکه دیموکرات ئەوەیە کە شەخص ناتوانی مەصلەحەتی میللەتی بی مشاوەرە بگرێتە دەستی خۆی". [1].

جمهوریەتی کوردستان بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئێراندا جولانەوەی دیموکراتی سەرتاسەری لە گرنگی بزاڤی ئازادیخوازانەی کوردستان وریاکردەوە بەجۆرێك دیموکراتخوازانی ئێران ئومێدی گەورەیان بە ئەزمونی کوردستان بوو [2].

لەراستیدا پێشەوا لە پێناوی وەدیهێنانی ئازادی و مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردا سەرەتا رووی لە دەولەتانی ئازادی وەك بەریتانیا و ئەمەریکا کردو هومێدێکی پێیان بوو،وەك لە راپۆرتێکی کۆنسولی بەریتانی لە تەورێز کە بە مێژووی ٢٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٢ و لەژێر ناونیشانی"یادداشتی دیدارێك لە مەهاباد" هاتووە: "بە شێوەیەکی تەبیعی ،ئەوان لە پێشدا روویان لە بریتانیای مەزن کرد وەکوو (هێزێکی) کە زیاتر لە هەموو لایەنێکی دی وێدەچوو و لێی دەوەشایەوە کە یارمەتییان بکا، لە ٢٥ی سپتامبەری ساڵی١٩٤١دا ، ئەفسەرێکی بریتانیایی ی یەکی ئامریکایی گەیشتنە مەهاباد، قازی محەمەد گەلاڵەیەکی لێڵی لە مەڕ کوردستانێکی یەکگرتوو لە گەڵ ئەفسەرە بەریتانیاییەکە هێنایە گۆڕێ، داوای لێکرد چۆن دەتوانێ پەیوەندی لەگەڵ بنکەی سەرکردایەتی عەسکەری بریتانیا بکا" [3].

هەروەها لەو راپۆرتەدا هاتووە" تا دوای ئەو کاتەی کوردەکان روویان لە بریتانیا کردو لەلایەن ئەوانەوە بەساردی وەرگیران و چ بەڵێنییەکیان

[1]- بڕوانە: کوردستان "ڕۆژنامە"، ١٣٢٥/٣/٢٢، ١٣٢٥/٥/٨ .

[2]- پاش ئەوەی شاندێکی ئازەری– کوردی بۆ دانوساندن لە سەرەتای مایسی ساڵی ١٩٤٦ دا چونە تاران، دیموکراتخوازانی ئێرانی بۆ پێشوازی بە پیریانەوە چونە فڕۆکەخانە، بەلام ژاندارمی ئێرانی بە توندی رێگریان لێکردن و ژمارەیەکیان لێ بریندار کردن،جگە لەوەی رۆژنامە ئازادیخوازەکانی (فرمان) و(ایران ما)دژی حکومەتی تاران لایەنگیریان لە خەباتی ئازادیخوازانەی کوردو ئازەر دەکرد.

[3]– رۆژهەلاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا،ل٢٥.



نەدرایە، چ جۆرە لێدوانێکی سیاسی لە نێوان کوردەکانی مەهابادو رووسەکاندا لە گۆڕێدا نەبووە" [1].

دواتریش پێشەوا بێئەوەی فاکتەری شورەوی لە دامەزراندنی جمهوریەتی کوردستان لە بیر بکات، دەمی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرس و لێپرسراوەکانی ئەمەریکایی وەك (دۆهەری جێگری کۆنسولی ئەمەریکا) لە تەورێزو (رۆزفێلت)ی یاریدەدەری وابەستەی سەربازی لە سەفارەتی ئەمەریکا لە تاران ، خۆشی خۆی بۆ بەستنی پەیوەندی دۆستانەی نێوان حکوەتی کوردستان و ئەمەریکا لە بواری سیاسی و پیشەسازی و فەرهەنگیدا راگەیاند و داوای ئەوەی لێکردن لە پێناوی نەهێشتنی دیکتاتۆری و دامەزراندنی رژێمێکی دیموکراسی فیدراڵی وەك ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئێراندا تێبکۆشن [2]، ستراتیژێکی وا کە لەم قۆناغەی ئێستادا بۆتە دروشمی بەشێکی بەرچاو لە هێزە پێشکەوتووخوازەکانی ئێران و لە پێناویدا تێدەکۆشن.

لە راپۆرتێکی کۆنسولخانەی بەریتانی لە تەورێز بە مێژووی ٢٩یئاپریلی ١٩٤٦ داهاتووە"قازی سەبارەت بە ئیحتیمالی یارمەتی پیشەسازی و خوێندن بەکوردستانی خودموختار پرسیاری لە جێگری کۆنسوولی ولاتە یەکگرتووەکان کردوەو رەفتاری بە شێوەیەکی بەرچاو،میهرەبانانە بووە" [3].

هەروەها لە راپۆرتێکی دیکەدا بە مێژووی جولای ١٩٤٦ دا نوسراوە:"رۆژی ١٦جولای ،راوێژکاری باڵیۆزخانەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە تاران مستەر"وارد" هاوڕێ لە گەڵ جێگری کونسوولی ولاتەکەی

[1]– رۆژهەلاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا،ل٢٦.

[2]– ولیام ئیگلتن،سەرچاوەی پێشوو،ل١١٧ –١٩٠.

[3]- رۆژهەلاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا،ل٢٣٦.

**له تەورێز ، سەردانی مەهابادیان کردووە،قازی محەمەد ،ئەو چاوپێکەوتنەی بەهەل زانیوە بۆ راکێشانی لایەنگری ئەمەریکاییەکان بەرەو مەسەلەی کوردو دەسەلاتدارییەتی کورد لە مەهاباد، هەولی زۆری داوە بۆئەوەی شوێن دابنێتە سەر میوانەکان و هیچ نەبێ عەتفی جێگری کونسوول رابکێشێ"** [1] .

## چوارەم :یەکێتیخوازی و برایەتی گەلانی ئازاد :

**لە راپۆرتێکی کۆنسوولی بەریتانیا لە تەورێزدا هاتووە"هەر لەیەکەم رۆژەکانی رزگاربوون لە زۆرداری رەزاشا ،پیاوانی وەك قازی محەمەدحەولیان داوە کوردەکان یەکگرتوو بکەن"** [2] .

**لەراستیدا بیری یەکێتیخوازی و برایەتی گەلانی ئازاد شوێنێکی تایبەتی لە فیکرو کەسایەتی پێشەوادا هەبوو، هەر لێرەشەوە بوو کە یەکێتی ریزەکانی گەلی کورد لە سایەی رێبەرایەتی جمهوریەتی کوردستاندا هاتەدی ، پاش ئەوەی کە دووبەرەکی و خۆخۆری و ناکۆکی نێوخۆیی گەلی کورد دەرفەتێکی بۆ خەباتی هاوبەش نەهێشتبۆوە، بە قەولی پێشەوا" لە پیش هەمو شتیك دا ئیختلاف و دووبەرەکانی عەشایری کە بە دەسیسەو حیلەبازی ئیستعمارو دیکتاتۆران...بە قەولی خۆیان (تفرقە بینداز و حکومت کن) وەبەین خستبوون، وەلی چونکو لە مەردان کار عاسی نابی... تەشکیلاتیش سازکراو نەظم و تەرتیبیش لە نێو مەملەکەتدا بەرقەرارکرا و لە مودەتیکی کەمدا ئیختیلافات و ناتەبایش دوایی پێدرا... دەجا دوژمنان**

---

[1]- هەمان سەرچاوە،ل٢٦٨-٢٦٩.

[2]- هەمان سەرچاوە،ل٢٥.



**تا کەنگی دەبێ چاوی خۆیان بقوچێنن و تاکەنگێدەبێ لەسەر نەفامی بڕۆن نەزانن کە تا ئێستا کورد هەر زیللەت و بەدبەختییەکی بەسەریاندا هاتبێ لەبەر نارێکی و ناتەبایی بوە... پێم وایە دوژمنانی خاریجی دەوەی باش گەیشتون بۆیە وا جولە جول کەوتون و ملیان لە دورەوە دەرێناوە"** [1].

**لە دۆکیومێنتێکی روسیای شورەوی دا هاتووە:" قازی موحەممەد، ڕایگەیاند کە بە داخەوە تا ئێستا زۆربەی پیاوە ناودارەکانی کورد هەست بە ئەرکی سەرشانی خۆیان ناکەن و هەر خەریکی گێرەو کێشەی نێوان خۆیانن لەسەر دابەشکردنی دەسەلات و خۆسەپاندن، نەهێشتنی ئەم ناکۆکییانەش پێویستی بە لە خۆبووردنێکی زۆرەو، لەبەر ئەوەی ئاسۆی بیرکردنەوەی ئەم سەرکردانە تەسکەو بە گشتی نەخوێندەوارن، ئیش کردن زۆر گرانە لەگەڵیاندا، بەتایبەتی لەم کاتەدا هەندێ قسەوباس لەسەر دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان هاتوەتە گۆڕێ. کۆبوونەوەی ئامۆژگارییانە بۆ ئەوەیە کە بۆیان ڕوون بکرێتەوە، ڕاگەیاندنی خودموختاریی لە ناوچەکەدا ناتوانرێت باسی لێوە بکرێت و پێویستە ئێمە شێوەی کارکردنمان بگۆڕین و هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی ((یەکیەتی هەموو کوردان پتەوتربکرێت و دۆستایەتی کوردو ئازربایجان بەهێز بکرێت و بەشداری لە کاروباری دەزگاکانی دەسەلاتی خۆجێیی بکرێت بە تایبەتی لە بواری بەرزکردنەوەی ئاستی کولتوری خۆیان، لەوانە گەشەپێدان بە پەروەردەو بارهێنان لەناو گەلی کورددا.** [2].

**هەروەها لەسەر زمانی قازی محمد هاتووە: (لەبەر ئەوەی ئێمە لەگەڵ ئازربایجانییەکان خەباتێکی زۆرمان کردووە بۆ ئازادی، ئێستا زەمینەو باری**

---

[1]- کوردستان،ژمارە ١٠-١١ ، ١٠-١٧ی رێبەندانی ١٣٢٤ش.

[2]- وەرگیراوە لە:د. ئەفراسیاو هەورامی ،سەرچاوەی ناوبراو ، ل٤٥-٤٦ .

گونجاو هەیە بۆ هاوكاری نزیك لەگەڵ هاوڵاتیانی خۆمانداو دەبێ كوردەكانی ورمێ، شاپوور، خۆی، ماكۆ، هاوكاری نزیك لەگەڵ ئازربایجانییەكان بكەن).

پاشان قازی موحەممەد باسی ئەوەی كرد كە لە هەموو ئەو شوێنانەدا كە سەردانی كردوون بە گەرمی پێشوازی لێكراوەو لە گەشەتەكانیدا توانیویەتی هەندێ ناكۆكی نێوان كوردەكان چارەسەر بكات و ئاگری دوو بەرەكی‌و ناكۆكی كوژاندووەتەوەو كەش و هەوای دۆستانەی پێكهێناوە. هەروەها باسی چاوپێكەوتنەكانی لەگەڵ (پیشەوەری) لە ورمێ‌و خۆی كردووە، بە گوتەی ئەو پیشەوەری پێویستی بە پەیوەندی برایەتی نێوان ئازربایجانی‌و كوردەكانی بۆ خەڵك ڕوونكردووەتەوەو پێی گوتوە: (ئێمە ئامادەین هەموو چەشنە هاوكارییەك بكەین و ئازربایجانییەكان ئامادەن لە پێناوی برا كوردەكانیاندا خوێنی خۆیان برێژن). منیش لە وەڵامدا پێم گوت: (ئێمە هیچ جیاوازییەك نابینین لە نێوان كوردو ئازەریداو ئێمەش ئامادەین لە پێناوی ئازربایجاندا هەموو جۆرە قوربانییەك بدەین) [1].

ئەم بیرە رەسەنەی پێشەوا ،جگە لەوەی لەم قۆناغەدا یەكێتی بۆ ریزەكانی گەل لەو قۆناغەدا هێنایەدی، زەمینەیەكی گونجاویشی بۆ دامەزراندنی پەیوەندییەكی دۆستانەی نێوان هەردوو گەلی كورد و ئازەر پاش دوژمنایەتییەكی چەندین سەدەیی رەخساند [2]، لەم نێوەشدا مەسەلەی دیمۆكراسی و ئازادی و بەرابەری كردبووە مەرجی دۆستایەتی و پێكەوە ژیان لەگەڵ تێكڕای گەلانی ئێران بە فارسیشەوە كە وەك گەل حیسابی لە دەسەڵاتە دیكتاتۆرە شۆوینیسمەكەی تاران جیاكردبۆوە.هەروەك پێشەوا لە

---

[1] – هەمان سەرچاوە ، ل٥١-٥٢.

[2] – بۆ زیاتر:ریچارد ئەی .مۆبلی، پێوەندییەكانی كۆماری كوردستان و كۆماری ئازەربایجان، وەرگێڕ:حەسەنی قازی، واشنگتۆن دی سی،مای١٩٧٩.



وتارێكیدا دەڵێت" لە پاش ئەوەی كە ئەمە ئیستقلالی تام و تەماعی خۆشمان بە دەست هێنا بۆ وەی بە دنیایەش نیشان بدەین كە ئەم ئەو كارانەمان كردووە لەبەر موخالەفەت لەگەڵ دەستگای دیكتاتۆریە نە ئینكی كورد لە برایەتی فارسان حاشا بكا... دەنا ئەگەر بێتو ئازادی لە ئێران دا بەرقەرار بێ چە قاتیعێك هەیە ئەوەی لە ئێران دا دەژین تێكڕا دەستی برایەتی بدەن بە یەكتر بزانن ئەمەریكا چل و چەند جمهورین سوێس دوسییەكن و یەك رۆح و گیان پێكەوە دەژین ...بۆ وەی كە لە سایری نەتەوانی دیكەی ئێرانیش مەعلوم بكەین كە برایەتیمان لەگەڵ وانیش تێك نەداوە دو نەفەر نومایندەمان موعلوم كرد لەبەر دەرك و ئاستانەی وان حازر بێ و بلێ خۆتان دەگۆڕن و تەشكیلاتو دەكەنە دیموكراسی چون ئەنگۆ دەڵێن برایە تیوەكەین و هەركات خۆتان نەگۆڕن و تەشكیلاتو نەكەنە دیموكراسی دیسان ئیمە چدیەتیەكمان لە گەڵ ئەنگۆ نیە و برایەتیمان برایەتی و كیسەمان جودایەتی" [1].

## پێنجەم: پێشكەوتوخوازی:

راستە پێشەوا پەروەردەی بنەماڵەیەكی ئاینی ناوداربوو، هەر لەساڵی ١٩٣١ەوە بێبەرامبەر قازی شەرعی مەهاباد بوو، بەڵام ئەوەی لە پیاوێكی ئاینی ئاسایی جیای دەكردەوە روناكبیری و پێشكەتوخوازییەكی كەم وێنە بوو، لە مێژەوە پەیوەندییەكی دۆستانەی لەگەڵ مسیۆنی ئەمەریكایی شێرو خورشیدی مەهاباد هەبوو، بەتایبەتی لەگەڵ فامیلی (مستەر مۆلیر) ، هەر لە وێش خۆی فێری زمانی ئینگلیزی كرد [2]، پێشكەوتوخوازی پێشەوا لەوەیدا

---

[1] – كوردستان ،ژمارە ٥٠، ٦ی جۆزەردانی ١٣٢٥.

[2] – لاپەڕەیەكی ون لە ژیانی پێشەوا قازی محمد، وەرگێڕانی :س.ئاشتی، پێداچونەوەی د.یاسین سەردەشتی، بەدرخان،گۆڤار.ژمارە ٤٣، ٢٢ینیسانی ٢٠٠٤.

دەردەکەوێت کە بڕوایەکی قووڵی بە گۆڕانی ئیجابی هەبوو، پێی وابوو کاتی ئەوە هاتووە گەلی کوردیش وەك تێکڕای گەلانی جیهانئازاد بێت و تۆزی پاشکەوتویی لە خۆی دابماڵێ و ڕێگای پێشکەوتن بگرێتەبەرو شوێنی لە جیهانی شارستانێتیدا بدۆزێتەوە،

ویلچیفسکی. ئو. ل. لە کاتی شەڕی جیهانی دووهەم و لە کاتی کۆماری کوردستاندا لە مەهابادو دەوروبەری بووەو لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکان بووە، بابەتی زۆری لەسەر ئەم قۆناخەی بزوتنەوەی کوردو هەروەها کێشەی کورد بەگشتی نووسیوە بە یەکێك لە کوردناسەکانی سۆڤێت دەژمێردرێت ،ئەو دەڵێت:" قازی موحەممەد، مرۆڤێکی داناو دووربینە. دەڵێن کە نابێ هەمیشە بە قازی موحەممەد باوەڕ بکرێت و نابێ بەتەواوی باوەڕ بە قسەکانی بکرێت. لەگەڵ هەموو کەموکورتییەکیدا، بە وتەی هاودەنگەکانم (قازی، هەرە پێشکەوتووترین و لێهاتووترین کەسە لە بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ئێراندا.) [1].

پێشەوا لە وتارێکیدا ڕووی دەمی دەکاتە چینی فەرمانڕەوا و حوکمەتی دیکتاتۆری تاران و دەڵێت"چی دیکە بە تانك و تۆپ و طەیارە لیمان تیك مەدەن ئەمەش بەشەرین و حەقیکمان دەبەشەریەت دا هەیە چە میللەتیك غەیری مە دەئەسارەتدا ماوە ؟ چی دیکەمان قیل بە چاویەوە مەنین و لۆکەمان دەگوی ماخنن... لیمان گەرین با ئیمەش تەکانیکی بە خۆمان بدەین و دوای خویندن و صنعەت کەوین و فەلاحەت و کشتوکاڵی خۆمان وەك خەڵکی لێبکەین و میللەتمانی پێ دەوڵەمەند بکەین و کارخانە بێنین و ئەو هەموو کانگا و مەعدەنەمان هەیە وەدەری خەین و بە مەنفەعەتی وانە ولاتی خۆمانی پی برازینینەوە" [2].

[1]- وەرگیراوە لە:د. ئەفراسیاو هەورامی ،سەرچاوەی ناوبراو ، ل٧٦ .

[2]- کوردستان ،ژمارە ٦, ٥٠ی جۆزەردانی ١٣٢٥.



دیارە تێکڕا ی دەستکەوتە گەورەکانی تەمەنی کورتی حکومەتی کوردستان ناکرێت لە دەرەوەی تایبەتمەندێتی پێشکەتوخوازی کەسایەتی پێشەوا چاوی لێبکرێت، بەتایبەتی بایەخدانی بە بواری فەرهەنگی و فێرکردن و زەمینەخۆشکردن بۆ ڕاکێشانی ژنان و کچانی کورد بۆ کۆڕی تێکۆشان شان بەشانی پیاوان، واتە هەوڵدان بۆ چەسپاندنی یەکسانی ڕەگەزی کە پێشەوا بێ پەروا کاری بۆدەکرد [١].

**شەشەم: لێبوردەیی:**

گیانی لێبوردەیی لای پێشەوا گیانێکی خۆرسك و هەڵقوڵاوی سروشتی کۆمەڵگای کوردەواری بوو،لەبەرامبەر جیابیرانی سیاسیی خۆیدا هێمن و بوردبارببوو. هەر لێرەشەوە تێدەگەین بۆچی لە سایەی حکومەتی کوردستان و پێشەوادا شتێك نەبوو بەناوی زیندانی سیاسی ، یاخود هاولاتی پلە یەك وپلە دوو.

شایەتحاڵێك لەو بارەیەوە ڕووداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ئەو ڕاستییەی سەرەوە دەسەلمێنێت و دەڵێت:" پاش دامەزراندنی کۆمەڵە(مەبەستی کۆمەڵەی ژیانی کوردستانە/ن) زۆری نەخایاند کە ناکۆکی سەریهەڵدا.بەشێك لەبەرەی بەکاری کۆمەڵە و لایەنگرانیان،بەبۆنەی نوێخوازی و چەمکی کۆمۆنیستی ویڕای چەندکەسی دیکە دژ بە قازی محەمەد ،چەق وێستان . لەو نێوەدا قازی محەممەد بە کردەوە ڕەوتێکی

[1]- میرزا محمد امین مەنگوری لە بیرەوەرییەکانیدا نوسیویە" کوڕو کچ وەك یەك ئەچوونە ناو بەزمو ئاهەنگ و نومایشی مدنی و سیاسیانەوە،هەروەکو کوڕ بە کچیش سەربەستی تەواو درابوو. کچان دەوری خگبە و شیعر خوێندنەوەو نوسین و مقالاتیان زۆر بە سەربەستی دەگێڕا... قازی محمد...زۆر بە خەیالاتی بەرزی خوێندنی کچانەوە سەرگەرم بوو"

بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩١٤ ەوە تا ١٩٥٨،بەشی یەکەم ،چاپی دووەم،سلێمانی ،٢٠٠٠،ل ١٤٥ .

**دیمـوكراتیكی لەبەرچـاوگرت .ئـەو لـە ئاسـت موخالیفـان یـە تابوشـت (Tolerance) و بوردبـار بـوو...زۆر جـار ئـەو جیـابیر و موخالیفانـە لـە كۆمەڵێكی سی ،چل كەسیدا لە بەرامبەر مەحكەمەی قازی كۆدەبوونەوە ،بە شـوعاردان بـەرەو چوارچـرا وەڕێدەكـەوتن .خـەڵك دەیـانگوت ئەوانـە تـودەیین...رۆژێـك –ئێوارەیـەكی درەنـگ – لایـەنگرانی قـازی محەممـەد و موخالیفەكان لـە حەوشـەی شارەداری ...كۆبوونـەوە .قازی محەممـەد لەگـەڵ چـەند كـەس لە دەوری مێزێك دانیشتبوو.جەماوەرێكی ٧٠–٨٠ كەسـی لـە حەوشـەكەدا بـوون.چـەند كـەس لـە موخالیفـەكان ...زۆر تونـد و ناحـەز دەدوان .یـەكیان بـەرەو رووی قازی دەمانـچەی بەدەسـتەوە بـوو .خەڵكەكـە و لایـەنگرانی قـازی زۆر پەرۆشـی ئـەو بـوون.بـەڵام چـاویان لـە دەمـی بڕیبوو.سەربەخۆ كاریان نەدەكرد .قازی محەممەد لە پشت مێزەكە دەنگیشی بەرز نەدەكردەوە ،بەڵكو زۆر بە هێمنی دەدوا...ئەگەر ئەو دەم قازی محەممەد وا خۆراگر نەبووبا ،هەر ئەو شەوی دەیان كەس دەكوژران "[١].**

**دیـارە لێـرەدا پێویـستە بـاس لـە كەمینەئاینیـەكانی ئـەو دەمـی كوردستان بكرێت كە چۆن لـە سایەی حكومـەتی كوردسـتاندا بەیـەك چاو لـە گەڵ غەیری خۆیانـدا سـەیردەكران و مامـەڵیان دەگـەڵ دەكـرا،مەسـەلەیەكی وا كە كرابووە ئامانج و ستراتیژیكی بزووتنـەوەی نەتەوایـەتی كوردو لـە بەنـدی ٢٢ی مەرامنامەی حزبی دیموكراتی كوردستاندا فۆرمەڵـە كرابووكاریگـەری باشیشی هەبوو، لـەو رووەوە كۆمـەڵی یـەهودی لـە شـاری مـەهاباد بـە شـادی سـەربەخۆیی كوردسـتان و ناسـاندنی پێـشەوا جـەژنیان كـردو ئاهـەنگێكی**

---

[1]– د.عەبـدوڵڵای ئەبریـشەمی ،رەوتـی نەتـەوەخوازی گـەلان لـە ئێران،بەشـی دووەم ،لە:سایتی:.www.Dimane.com،٢٠٠٧/١/٢٢.

رۆژهەڵاتی كوردستان لە بەڵگەنامەكانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا،ل ٦٦.



**مـەزنیان گێـڕا و شـیرینی و شـەربەتیان دەبەخـشییەوە [١]، ئاسـورییەكان و ئەرمەنییەكانی كوردستان ، نەك هەر لە پیادەكردنی مەراسیمە ئاینییەكانیان و خوێندن بە زمانی دایكیان ئازادبوون، بەڵكو منداڵكانیشیان شان بە شانی منـداڵانی كـورد لـە قوتابخانـە رۆژانـە و شـەوانەكانی سـەردەمی حكومـەتی كوردستاندا فێری زانست و پەروەردە دەكران و ریزیان لێدەگیرا [٢].**

**لە حەوتوی یەكەمی ئۆگۆستۆسی ساڵی ١٩٤٦دا كاتێك پێشەوا لـە بەسـەركردنەوەیەكی ناوچـەكانی بـاكووری رۆژئـاوای ئازەربایجـانی خۆرئاوادا سەردانی شاری ورمێ ی كرد، هەوڵیدا چاوی بە قەشەی كڵێسای ئاسـورییەكان بكـەوێت و تێـی بگەیـەنێت كـە كـوردان لایـەنگری مـافی ئاسورییەكانن ورێگەنادەن تراژیدییەكانی پێشوو دووبارە بێتەوە و قەشەی دڵنیاكردەوەو پێیگووت"سەردەمی ترس بەسەرچووە" [٣].**

**ئـەم گیـانی لێبـوردەیی و چاوپۆشـینە هانـدەرێكی گـەورەی بەشـێكی بەرچـاوی عەجەمـەكانی ورمـێ و دەورووبـەری بـوو، كـە لـە نێـوان حكومەتی ئازەربایجان و حكومەتی كوردستاندا،ژیان لـە سایەی دووەمیانـدا هەڵبـژێرن، راسـتییەكی وا كـە لـە راپـۆرتێكی كۆنـسوولخانەی بـەریتانی لـە تەورێز بە جوانی رەنگ دەداتەوە ،كە دەڵێت:"**

**راپـۆرتی زۆر سـەبارەت بـە كـاری بـەڕێ و جـێ و دادپەروەرانـەی كوردان دەگاتە دەستمان...ئەم مەسەلەیە بەرادەیەك بۆ خەڵكی ورمێ گرنگە كە تەنانەت گوتراوە بازرگانە عەجەمەكانی ناوشار گوتوویانە كە حكوومەتی**

---

[1]– كوردستان ، ژمارە ٢٢، ١٣رەشەمەی١٣٢٥.

[2]- فاضل كریم احمد، اتحاد بانوان كوردستان، مترجم: امیر وحدتی، مجلە اغاز نو، شمارە ٧، تابستان ١٣٦٧ش،ص٥٩.

[3]- رۆژهەڵاتی كوردستان لە بەڵگەنامەكانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا،ل٢٧١–٢٧٢.

کوردیــان دەوێ، هــەروەها خــاوەن مــوڵکی ورمــێش وا خۆنیــشان دەدەن لایەنگری کوردان بن" [1]

شایەنی باسە گیانی لێبوردەیی تەنیا لەبواری ئاینیی و کۆمەڵایەتییدا قــەتیس نــەمابوو، بــەڵکو لــە تێکــڕای بوارەکــانی دیکــەی ئــەو قۆناغــەو هەڵسوکەوتی پێشەوادا دەبینرێت.

وەلانانی کێشەی ئالۆزی کوردو عەجەم و وەدیهێنانی برایەتی کورد و ئازەر لەو دەمەدا بە بەستنی پەیمانی ٢٤ی نیسانی ١٩٤٦،نمونەیەکی بچوکە بۆ سەلماندنی ئەو راستییە [2]

لە دکۆمێنتێکی بەریتانی دا باس لە رووداوی گرتنی (عەبدولڕەحمانی زەبیحی و هاوڕێیانی)کراوە لە لایەن ئێرانییەکان و کاردانەوەی توندی کوردەکانی مەهاباد و ئەندامانی کۆمەڵەی (ژ.ك) و هەڵوێستی هێمنی پێشەوای نیشانداوە و هاتووە:" " کاتێ وەفدە سێ کەسییەکەی کۆمەڵە (پێنجی مانگی ئۆگۆستدا" گیران... کۆمەڵە لە مەهاباد دەست بەجێ فەرمانداری پیرو ژمارەیەکی زۆر لە ئێرانیانی دیکەیان گرت و داوایان لە قازی محەممەد کرد ئیجازەی کوشتنیان بدات.

قازی محەممەد، بەرگری کارەکەی لێ کردن و کاتێ هەواڵ گەیشت کە سێ کەسیان لێ ئازاد کراونن ئەوانیش بارمتەکانی خۆیان بەرەڵلاَ کرد."[3]

گیانی لێبوردەیی پێشەوا بە چەشنێك بوو لە رۆژنامەکانی ئەو دەمی تاراندا قسەی لەسەر دەکرا، لە یەکێك لەورۆژنامانەدا سەبارەت بە مامەڵەکردنی کورد لە گەڵ ئەو دیلانەی کە لە شکستەکەی لەشکری شاهەنشاهییدا لە شەڕی (قاراوا) دا گیرابوون هاتووە" رۆژی ٢٩ی ئاپریلی

[1]- رۆژهەلاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا،ل٢٧٣.
[2]- ریچارد ئەی .مۆبلی ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٨-١٢٢ .
[3]- رۆژهەلاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا،ل٢٧١-٢٧٢.



١٩٤٦ کامیۆنێك چەند سەربازی دیلیان هێنایە مەهاباد، خێرا فەرمانی شوشتنیان دراو ئەوانەی برینداربون دەستبەجێ برینەکانیان تیمارکران و لە خەستەخانە حەساندیاننەوە، جلك و بەرگەکانیان شۆردراو هەر دیلەو دەستێك بەرگی نوێیان پێشکەشکردن، بۆ سبەی برانە لای قازی محمد، ئەویش بە روویەکی خۆشەوە دڵنەوایی کردن و وەك باوك رەفتاری لەگەڵکردن، قازی دڵنییای کردنەوە کە بە چاکبونەوەی هەڤاڵە بریندارەکانیان تێکڕا بە ئۆتۆمۆبێل لە ئازەربایجانەوە رەوانی تاران دەکرێنەوە، دیلەکانی سوپا خواردنی پێویستیان لەبەردەستە و رێگای هاتووچۆو خۆشتن و هیچ شتێکیان لێ ناگیرێ، سەربازی ئەوەش رۆژانە ١٠ ریالیشیان پێدەدرێ" [1]

### حەوتەم: بوێری:

لەراستیدا بوێری مانای نەترسان ناگەیەنێت . بەڵکو بریتییەلە زاڵبوون بەسەر ترسدا ، ئەوەش سیفەتێکی چەسپاوی پێشەوا بووکە لە تەواوی ئاکارو بڕیارەکانیدا خۆی دەنوێنێت،بوێری جگە لە تایبەتمەندێتی خۆرسکی ،لە پتەوی بڕوای پێشەواوە هەڵدەقولاَ بە کێشەی رەوای گەلی کورد و خواستی ئازادیخوازی.

هەر لێرەوە بەردەوام بوون لەسەر رێبازی پاراستنی ئازادی وەدەستکەوتوو لە ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانی و بڕیاردان لە سەر دامەزراندنی جمهوریەتی کوردستان و هەڵکردنی ئالاَ و پێشەوایەتی ئاڵوگۆڕەکان لەو ساتەوەختە ناسکە مێژووییەدا بوێرییەکی گەورە دەسەلمێنێت.

جگە لەوەی کاتێکیش هەل ومەرجەکە بە دژی ئامانجەکانی نەتەوەیی کوردا شکایەوە و ئەگەری هاتنەوەی لەشکری حکومەتی

[1]- کوهستان ،١٣ اردیبهشت ١٣٢٥.

رەگەزپەرستی تاران رەخسا ، پێشەوا بێئەوەی ترسی مەرگ لە وەفاداری بە سوێند و پەیمان پەشیمانی بکاتەوە، هەڵوێستێکی وەرگرت کە ئازادیخوازانی ئێرانی سەرسامکرد.

لەو رووەوە (علی اصغر احسانی) لە بیرەوەرییەکانیدا مەزنی بوێری پێشەوای سەلماندووە و نوسیویە" ئەو مرۆڤە مەزن و ئازایە کە دەبوایە ئەمسالی پیشەوەرییەکان و غولام یەحیاییەکان وانەی قارەمانێتی و بوزورگەواری و مەردایەتییان لە قوتابخانەی ئەودا خوێندبایە... ئەوانە گەر تۆزقاڵێك مەردایەتی و بوێری قازی محەمەدیان هەبایە، بە تەنیا ئیشارەتێك دەستیان لە بەرگری بەرنەدەدا و وەك قازی سەنگەری مەردانەی خۆیان چۆڵ نەدەکرد" [1].

شایەنی باسە ،بوێری پێشەوا بە جۆرێك بوو لە بەرامبەر مەرگدا چۆکی نەلەرزاند و هەڵوێستی جوامێرانەی لە موحاکەمەکردنی مەحکەمەی شاهەنشاهییدا سەری زۆر لە ئامادەبووانی سوڕاند، پێشەوا لەو مەحکەمەیەدا بە زمانێکی پاراو سیاسەتی رەگەزپەرستانەی حکومەتەکانی تارانی لە قاوداو ئاشکرای کرد کە خەباتی گەلی کورد لە پێناوی ئازادیەو بە لەناوبردنی سەرکردەکانی نەك هەر لەناوناچێت بەڵکو کڵپەش دەسێنێت و تا سەرکەوتن پشوو نادات [2]

[1] – خاطرات ما از قیام خراسان و حماسه خارك، تهران، ١٣٧٨ ،ص ٦٨٦.

[2] – بۆ زیاتر:

بەدرەدین ساڵح، سەرۆك کۆماری کوردستان لە بەردەم دادگادا، چاپی یەکەم ،هەولێر، ٢٠٠١، ل ١٨–٢٠ ،بهزاد خوشحالی، قاضی محمد در ا ینه اسناد ، چاپ اول ،همدان ، ١٣٨٠.



## رەهەندی نەتەوەیی کۆماری دیموکراتی کوردستان[1]

ئاشکرایە کەجوڵانەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد لەکوردستانی ئێران بەکۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆوە دی‌و پێی نایە قۆناغێکی گرنگ‌و مێژوویی نوێوە، بەچەشنێك لەسەرئاستی جیهانی‌و ئێرانی‌و نێوخۆیی هەل‌ومەرجی لەباری بۆلواو زەمینەو دەرفەتێکی شیاوی هاتەپێش کەبتوانێت دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست‌و بەدامەزراندنی کۆماری میللی کوردستان کەلەسەرچاوە مێژووییەکاندا زیاتر بە کۆماری مەهاباد ناو دەبرێت [2] لاپەرەیەکی پرشنگدارە لەمێژووی هاوچەرخی گەلی کورد بەگشتی‌و، لەمێژووی جوڵانەوەکە بەتایبەتی تۆمار بکات.

لەرووی جیهانییەوە، کۆتایهاتنی جەنگ ئاکامی گرنگ‌و هەمەلایەنەی لێکەوتەوە، سەرکەوتنی بەرەی دیموکراتیخوازی‌و رووخاندنی رژێمە فاشیستە توتالیتێرەکانی وەك: ئەڵەمانیا، ئیتالیا‌و یابان، پاشەکشەی دەوڵەتە سەرمایەدارە کۆلۆنیالیستەکانی وەك فەرەنساو بەریتانیا‌و لاوازبوونیان بەرامبەر پەرەگرتنی خەباتی ئازادیخوازی‌و نیشتمانی گەلانی

[1] – ئەم بابەتە لە یادی ٥٦ ساڵەی دامەزراندی کۆماردا لە گۆڤاری : مەتین ، ژمارە ١٢٠ ، کانونا دووێ ٢٠٠٢ دا بڵاوکراوەتەوە .

[2] - وێڕای ئەوەی ناوی (کۆماری میللی کوردستان) زیاتر لەبڵاوکراوەکان‌و دکۆمێنتەکانی کۆماردا بەکار هێنراوە، چەند ناوێکی دیکە یوەك (دەوڵەتی جمهوری کوردستان)، (جمهوری خودموختاری کوردستان)و (کۆماری کوردی لەمەهاباد)و(حکومەتی کوردستان)، (کۆماری میللی مەهاباد)، (کۆماری کوردستان)لەدکۆمینتەکانی کۆمارو ئەو سەرچاوانەی کەلەسەر ئەم ئزموونە مێژووییە ئاخاوتوون بەکارهێنراون، زۆربەی جاریش بۆ کورتکردنەوەی لەبەر ئەوەی شاری مەهاباد پایتەختی ئەم دەسەڵاتە کوردییە بوو، تەنیا بەزاراوەی (کۆماری مەهاباد) ئاماژەی پیێ دەکرێت.
ملا عزت، محمود، دەوڵەتی جمهوری کوردستان، نامەو دکۆمینت، بەرگی یەکەم، سوید، ١٩٩٢"کۆماری میللی مەهاباد" ایغلتن، جمهوریە مهاباد/ قاسملو، چل ساڵ خەبات، ل٥٤"/نەوشیروان مستەفائەمین، حکومەتی کوردستان" Roosevelt,op.cit.

ژێر دەستەو بەدەستهێنانی دەرفەتی بەدیهێنانی سەربەخۆیی سیاسیان، دەرکەوتنی یەکێتی شورەوی وەك زلهێزێکی بەتوانا خاوەن بەرژەوەندی‌و ئایدۆلۆژییەتی تایبەتی خۆی بەچەشنێك تا دەهات کێشی لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی زیاتر دەبوو، بەهێزبوونی جوڵانەوە دیموکراتی‌و سۆسیالیستەکان لەئەوروپاو ڕێگە خۆش بوون بۆ هەندێکیان تا دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست بەتایبەتی لەرۆژهەڵاتی ئەوروپا، هەموو ئەمانە کاریگەری خۆیان هەبوو لەسیەر وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەتایبەتی‌وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستانی دابەشکراو لەپێش هەمووشیانەوە ئێران کەلەسۆنگەی گرنگی شوێنی ستراتیژی‌و ئابوری‌و هاوسێیەتی یەکێتی شورەوییەوە زیاتر ببووە جێی بایەخ‌و ململانێی زلهێزەکانی وەك ئەمەریکاو شورەوی‌و بەریتانیا [1]، ئەوەش ئاسەوارێکی زۆری لەسەر ڕووداوە سیاسییەکانی ناوخۆی ئەم وڵاتە هەبوو، بەجۆرێك ڕیزبەندییەکی لەنێوان هێزە راسترەوەکان، بەدەسەڵاتی حوکمڕانیشەوە، لەگەڵ هێزە دیموکراتخوازەکانی سەرتاسەری‌و جوڵانەوەی ئازادیخوازەکانی نەتەوە نەفارسەکانی ئێران پەیدا بوو، کەهەریەکە لەم هێزانە لەدەوری یەکێك لەجەمسەرێکی ململانێ کە گرد بوونەوە [2].

لەراستیدا ڕێکخراوە دیموکراتییە ئێرانییەکان لەم قۆناغەدا ببوونە هێزێکی حیساب بۆ کراوو کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ڕووداوە

---

[1] - بۆ زیاتر:

Kunihalm,B. the origin of the cold war in the neer Easti Greet power conflict md diplowacy in Iran., Turky,and Greece, princeten Univer Sity prees ,1980; Rubin, B.the Great powen in the Middle East,1941-1947; the Rood to the cold war, Frank cass,landon,1980.

[2] - طاهر خلف البكاء ، التطورات الداخلية في ايران (١٩٤١–١٩٥١) رسالة دكتوراه ، كلية الآداب ،جامعة بغداد ، ١٩٩٠ ، ل.١٩٤ " پيتر آورى ، تأريخ معاصر ايران ، ترجمه : محمد رفيعى مهر آبادى ، جلد أول ودوم وسوم ، چاپ چهارم ، انتشارات عطائى ، تهران ، ١٣٧٧ش.ل٢٧١ .



سیاسیەکان هەبوو ، حیزبی تودەی ئێران کە ئەو کاتە هێزە دیموکراتەو چەپەکانی لەریزەکانی خۆیدا کۆکردبوونەوە، لەناو شارە پیشەسازییەکانی کرماشان، ئابادان، سەفەهان، ناوچەکانی گەیلان‌و مازندەران لەباکوری وڵاتدا ڕێکخراوی بەهێزی هەبوون، وەك پێشرەوی ئۆپۆزسیۆنێکی دیموکرات سەنگەری لەهێزە راسترەوەکان‌و حکومەتی ئێرانی گرتبوو هەنگاوی بۆ خولقاندنی کەش‌و هەوایەکی شۆرشگێڕانە دەدا.

سەرکەوتنی جوڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلی ئازەر لەئێران‌و کۆنترۆڵکردنی هەرێمی ئازەربایجانی رۆژهەڵات بەشاری تەورێزی پایتەختیشەوە لەلایەن فیداییەکانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، خۆ بەدەستەوەدانی هێزەکانی لەشکری شاهەنشاهیی بەفەرماندەیی (سەرتیپ درەخشانی)و داگیرکردنی تەواوی پۆست‌و دام‌و دەزگاتکانی حکومەت لەلایەن هێزەکانی دیموکرات، دامەزراندنی (ئەنجومەنی میللی ئازەربایجان)و راگەیاندنی حکومەتی میللی ئازەربایجان، لەو ١٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٥دا [1]، ئەوانە گشتی ڕووداوی هەژێنەر بوون بۆ گەلی کوردو رابەرانی جوڵانەوەی نەتەوایەتییەکەی، کەلەلایەکەوە خۆیان بەهاوخەباتی ئازەرییەکان دژی دەسەڵاتی ناوەندی دەزانی‌و لەلایەکی تریشەوە دەترسان لەلایەن ئەم دەسەڵاتە نوێیەوە قوت بدرێن، چونکە هەروەك لە پێشدا ئاماژەمان بۆ کردووە بەشێکی گەورەی باکوری کوردستانی ئێران بەئەنقەست لەلایەن رژێمی رەزاشاوە لەرووی ئیدارییەوە بەئازەربایجانەوە لکێنرابوو.

---

[1] – الجبراني امل عباس جبر، الازربيجانيونء دورهم السياسي في ايران، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة المستنصرية،١٩٩٧، ص١٤٠.١٨٢.

سەبارەت هەل‌و مەرجی نێوخۆیش، وەك دەزانرێت بۆیەکەم جار بوو ڕێکخراوێکی سیاسی وەك ح.د.ك[1] ڕابەرایەتی جولانەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد لەکوردستانی ئێران بگرێتە دەست. بەجۆرێك بتوانێت تەواوی هێزو باڵە جیاوازەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی لەئامێز بگرێت‌و تەواوی چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواری دوور لەرقەبەرایەتی عەشیرەتی‌و جودا لەکینەی مەزهەبی‌و ناسیونالیستی گۆشەگیرانە لەژێر ئالای خۆی‌و لەدەوری پرۆگرامێکی دیاریکراوو پێشکەوتووخوازانە کۆبکاتەوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان زادەی خەبات‌و تێکۆشانی جەماوەری ستەمدیدەی کوردستانی ئێران بوو، ئەوانەی بەدرێژایی ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهان چ لەرووی خەباتی چەکدارییەوە، یاخود لەرێگای کاری ڕێکخراوەیی‌و سیاسییەوە دژی دام‌و دەزگا سەرکوتکەرەکانی حکومەتی ئێرانی تێکۆشابوون‌و خۆیان تاقی کردبۆوە.

لەراستیدا ح.د.ك لەکوردستانی ئێراندا بەتایبەتی لەموکریان خاوەن پایەو نفوزێکی بەهێز بوو، هەر بە ماوەیەکی کەم پاش دروست بوونی لەسەر داروپەردووی کۆمەڵەی (ژ.ك) شێلگیرانە کەوتبووە نواندنی چالاکی سیاسی‌و ڕۆشنبیرو خاوەن هێزێکی چەکداری ڕێکخراو بوو، سەرکەوتووانە سەرۆکاری بەرێوەبردنی کاروباری هەرێمەکەی دەکرد بەجۆرێك دەسەلاتی ناوەندی لەم رووەوە شوێنێکی بۆ نەمابۆوە، قازی محەمەد ڕابەری حیزبی ڕۆڵێکی یەکجار سەرەکی‌و کاریگەری هەبوو لەپێگەیشتنی هەل‌ومەرجی نێوخۆدا، بەجۆرێك ڕۆڵی کارێزمای یاری دەکرد هەر بۆیە لەسایەی ح.د.ك دا

---

[1] - حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سپتامبری ساڵی ١٩٤٧ لە سەر داروپەردوی کۆمەڵەی ژ.ك دامەزرێنرا.



بیری ئازادیخوازی‌و گیانی کوردایەتی لەو هەرێمەداو لەو قۆناغە مێژووییە نوێیەدا گەیشتبووە ترۆپك. شایەنی باسە گەیشتنی بارزانییەکان‌و هاوەڵانیان هێندەی تر مەسەلەکەی بەقازانجی جولانەوەی نەتەوەیی گەلی کگورد لەئێراندا ئاراستە کرد[1].

ئەو ڕاستیە مێژووییەی کەنابێت لەبیر بکرێت ئەوەیە کەپێدرتنی دەسەلاتدارانی تاران‌و ڕژێچمەکەی محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی لەسەر هەمان سیاسەتی باوزکی سەبارەت بەراوەدوونان‌و سەرکوتکردنی ئازادیخوازانی ئێرانی بەگشتی‌و بەگژاچوونەوەی داواکارییە ڕەواکانی نەتەوە نەفارسەکانی ئێران‌و لەپێش هەموویانەوە گەلی کورد بەتایبەتی، ڕۆڵێکی سەرەکی‌و فاکتەرێکی سەلبی گەورە دەبینێت لەشێواندن‌و تەقینەوەی بارودۆخەکەی وڵات لە پاش تەواوبوونی جەنگ.

حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی ئێرانچ لەساڵانی جەنگی دووەمی جیهان چ دوای کۆتایی هاتنیشی گاڵتەیان بەمەسەلەی نەتەوایەتی کورد دەهات‌و ئامادە نەبوون کەمترین ماف بۆ گەلی کورد لەئێران بسەلمێنن . لەباشوورو ناوەندی کوردستانی ئێران، ئەو ناوچانەی حکومەتی تاران دەستی بەسەریاندا دەرۆی، وەك فەسڵی یەکەمدا ئاماژەمان بۆ کرد، دەسەلاتێکی

---

[1] -(دهقان) لەگەل ئەوەی کاتی گێرانەوەی ڕووداوەکان تا توانیویەتی ڕاستییە مێژووییەکانی شێواندووە ،بەلام بۆ پاساودانی ئەو شکستە مەزنەی کە دواتر توووشی لەشکری شاهەنشاهی هات لە سەر دەستی بارزانییەکان ،ئەو ڕاستییەی درکاندوەو نووسیویە"بارزانییەکان ئازاترین و جەنگاوەرترین تایفەی سەر ئەم زەمینەن،توانای جولانەوە و بەرگەگرتنی باری ناهەموار و تیر ئەندازییان کەم وینە بووە" بڕوانە:

علی دهقان ، سرزمین زردشت . رضائیه . أوضاع طبیعی سیاسی اقتصادی فرهنگی اجتماعی تأریخی ، چاپ أول ، انتشارات ابن سینا ،ب.ج.ب.ت، ل ٧٩٦.

سەربازی پیرۆکراتی ئێرانی دامەزرابوو کەلەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگدا رۆژ بەدوای رۆژ فشاریان لەسەر خەڵکی شارەکان و عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکان زیاتر دەبوو، بەجۆرێك بەچەشنی کۆلۆنییەك مامەڵەیان لەتەك ناوچەکەدا کرد، ئەوانە هەموو هەوڵێك و بایەخێکیان ئەوەبوو بنکەو بارەگا سەربازییەکان لەم ناوچانەدا بەهێزکەن و سیخوڕەکانیان بڵاوبکەنەوە تا رێگا لەو شەپۆلە ئازادیخوازی و نەتەوەییە بگرن کەلەهەرێمی موکریانی باکوریانەوە قوڵپی دەدا.

شاراوە نییە، کاتێك پێش تەواوبوونی جەنگ قازی محەمەدو ژمارەیەك لەگەورەپیاوانی کورد چونە تاران و چاویان بەشاو دەسەڵاتدارانی ئێران کەوت و داوای چاکسازی دۆخی شێواوی کوردستان و بایەخدان بەباری تەندروستی و رۆشنبیری گەلی کوردیان لێکردن هەرگوێشیان لیٚ نەگرتن، وەك قازی دواتر ئاشکرای کرد:" لەپێش دا کاربەدەستانی ئێران بێجگە لەوەی جوابیان نەدایەنەوە شوخیشیان بەداوای ئێمە کردو ناچار بوین حکومەتی میللیمان دامەزرانەدو هێزی خۆمان لەبەرامبەر ئەواندا تاقی کردەوە" [1].

لەلایەکی ترەوە جگە لەو پەلامارو کوشت و بڕەی فەرمانڕەوایانی ئێرانی و فەرماندەکانی لەشکری شاهەنشاهیی لەکوردستان دەرهەق بەگەلی کورد ئەنجامیان دەدا، بیٚ لیاقەتی و گەندەڵی دەزگا بەرێوەبەرایەتییەکانی دەسەڵاتی ناوەندی لەکوردستان و دواکەوتوویی لەهەموو روویەکەوە جێگەی رەخنەو بێزاری خەڵکی کوردستان بوو، ئەم حاڵەتە زیاتر خەڵکەکەی هاندەدا کەبیر لە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی خۆ جیٚ بکەنەوە کەئەلتەرناتیفی دام و دەزگا گەندەڵەکانی حکومەت بێت پاش ئەوەی گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کە

[1] – رۆژنامەی کوردستان ،٨ی گەلاوێژی ١٣٢٥.



دەزگاکانی حکومەت بەئەنقەست و بۆ شێواندنی زیاتری بارودۆخەکەی کوردستان وا مامەڵە لەگەڵ ناوچەکەدا دەکەن.

(احمد کمانگر) کە بۆخۆی کارمەندێکی حکومەتی ئێران و وەکیلی پایەی أی دادگای شاری سنە بوو، لەئایاری ساڵی ١٩٤٥واتە ٧ مانگ پێش دامەزراندنی کۆماری میللی کوردستان لەمەهاباد، لەتەلەگرافێکیدا ئەوەی پێشنیاری دەوڵەت کردبوو کەمادامەکی دەزگاکانی حکومەت لەتوانایاندا نییە بەکارامەیی کاروبارەکانی ناوچەکە راپەڕێنن، چی دەبێت ئەگەر حکومەت (استقلال ناقص / واتە خودموختاری) بەخەڵکی کوردستان بدات تا بۆ خۆیان بەکاروباری خۆیاندا رابگەن" [1].

دروست مانگێك پێش بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن ح.د.ك و دامەزراندنی کۆماری میللی کوردستان لەمەهاباد، هەفتەنامەی کوهستان لەچەند ژمارەیەکیدا بەدرێژی باسی شێواوی بارودۆخی ئابوری کوردستانی کردووەو بەرپرسیارییەکەی خستۆتە ملی دەزگا گەندەڵ و ناکارامەکانی حکومەت، ئەوانەی نەلەکوردستان و نەلەتاران ئامادەنین کارێك بۆ خەڵکی کورد راپەڕێنن و وەڵامی داخوازییەکانیان بدەنەوە، بەتایبەتی وەڵام نەدانەوەی توتنەوانەکانی مەهاباد لەتاران و بێبەشکردنیان لەهەموو حەق و دەستڕەنجێکیان، کوهستان نوسیویە:" دوای ئەوەی خەڵکی لەتارانەوە بەدەستی خاڵی دەگەڕێنەوە مەهاباد، دێنە سەر ئەو باوەڕەی کە دەسەڵاتدارانی ناوەند مەهابادیان پشت گویٚ خستووەو ئامادەنین لەرێی یاساییەوە کار ئاسانییەکیان بۆ بکەن و ناراستەوخۆ پێیان دەڵێن:" بابە ئێمە ناتوانین بڕیارتان بۆ بدەین بڕۆن خۆتان چۆنتان پیٚ خۆشە وابکەن،

[1] -- هفتە نامەو کوهستان، ٧ی خرداد ١٣٢٤.

ئەو کاتەش خەڵکی وەپەی کاری خۆیان دەکەون‌و خودموختاری بەشێك لەکوردستان لەپاڵ ئازەربایجان دا رادەگەیەنرێت[1].

ئەوەبوو لە پێش نیوەڕۆی رۆژی ٢ی رێبەندانی ١٣٢٤ ی هەتاوی بەرامبەر ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ ،لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباددا ،بە ئامادەبوونی زۆربەی کادرەکانی (ح.د.ك) و جەماوەرێکی زۆری شار و نوێنەری ناوچەکان و عەشیرەتە کوردەکان هەر لە ماکۆ وە هەتا سەقز و سەردەشت کە پێشتر بانگهێشت کرابوون،ئاهەنگی مەراسیمی راگەیاندنی کۆماری میللی کوردستان دەستی پێکرد.دوای چڕینی سروودی نەتەوەیی "ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زبان" و هەڵکردنی ئالآی نەتەوەیی کورد ،لە ناو جۆش و خرۆش و چەپڵە و بەختەوەریی جەماوەردا،قازی محەمەد دوای خوێندنەوەی وتارێکی مێژوویی گرنگ ،کۆماری دیموکراتی کوردستانی راگەیاند.بەمەش جوڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا تاجی زێڕینی لەسەرنا و بانگی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیی خۆی دا[2].

لەراستییدا،کۆماری دیموکراتی کوردستان دووەمین ئەزموونی حوکمڕانییەتی کوردە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ،وەك حکومەتێکی دیفاکتۆ دەسەڵاتی خۆی لە هەرێمی موکریاندا هەرلە میاندوئاوە وە تادەگاتە نزیکی سەقز و سەردەشت دامەزراند ئالآی کوردستان لە هەموو ئەو ناوچانەدا لە شوێنی ئالآی کوردستان هەڵکران. وێڕای ئەوەی تەمەنی کۆماری میللی کوردستان زیاتر لە١١ مانگ یا وردتر بڵێین لە ٣٣٠ رۆژی تێپەڕی نەکردو هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە کۆمەڵێ

---

[1] – هەمان سەرچاوە ، ٣ دیماە ١٣٢٤.

[2] – بۆ زیاتر : د. یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران .لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جوڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی(١٩٣٩-١٩٧٩)،، سلێمانی ،٢٠٠٣.



گرفتی ئابوری قورس‌و هەڕەشەی سیاسی‌و سەربازی سەخت یەخان گیر بوو، کەچی لەو ماوەکەمەدا توانی گەلێك کارو دەستکەوتی گرنگ بێنێتە دی کە زۆریان ئاواتی لەمێژینەی خەڵکی کوردستان بوون‌و بۆ یەکەمین جار لەژیانی نەتەوەی کورد لەئێران هاتنە دی. ئەوەش ئەگەر بۆ فاکتەرێك بگەڕێتەوە تەنیا ئەوە بوو کەسەرانی کۆمار بەو پەڕی دڵسۆزی‌و ماندوو نەناسییەوە هەڵدەسوڕان‌و کۆمەڵانی خەڵکیش بڕوایان بەقەوارە نەتەوەییەکەیان بوو.

دیارە دەستکەوتەکانی حکومەتی کوردستان گەلێك زۆرن و تێکڕای لایەنە سیاسیی و ئابوری و کۆمەڵایەتیی و تەندروستیی و فەرهەنگیی و نەتەوەییەکانی کۆمەڵگای کوردی دەگرتەوە،هەر لە دامەزراندنی داب ودەزگاکانی حکومەتی و بەرەسمی راگەیاندنی زمانی کوردی‌و بەکارهێنانی لەتەواوی خوێندنگاو دەزگا بەرێوەبەرایەتیەکانی حکومەتی کوردستاندا، تەنانەت لەوتاری رۆژی هەینی مزگەوتەکانیشدا، ئەمەو بایەخدانێکی زۆر بەبوژاندنەوەی ئەدەب‌و مێژوو کلتورو رۆشنبیری و دامەزراندنی چاپخانەی کوردستان وبەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی بەدەرکردنی چەندەها رۆژنامە و گۆڤاری وەك:کوردستان ،هەڵاڵە ،هاواری نیشتمان، گڕوگاڵی منداڵانی کورد ، ئاوات و هاواری کورد..هتد.جگە لە بایەخدان بە کردنەوەی کتێبخانەی میللی و کردنەوەی خوێندنگای رۆژانە و شەوانە و هێنانی دەزگای رادیۆیی و سینەمای گەڕۆك و کردنەوەی خەستەخانە و بایەخدان بە باری تەندروستیی .هەروەها هەوڵدان بۆ باشکردنی ئابوری ناوچەکە و دامەزراندنی شیرکەتی تەرەقی بازرگانی و هێنانی ماشێنی کشتوکاڵی و چەندەها کاری تر کە ئامانجی گەشەپێدانی هۆشیاری کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و روناکبیریی خەڵکی کوردستان بوو.دیارە چەسپاندنی ئاسایش و بەدیهێنانی ئازادی سیاسیی و

دامەزراندنی ڕێکخراوی جەماوەریی وپیشەییەکانی وەك لاوان و خانمان ..هتد .هەروەها دامەزراندنی سوپای میللی واتە هێزی پێشمەرگەی کوردستان،تێکڕای ئەو کار و دەستکەوتانەی کە قسەلێکرنی کاتێکی زۆری دەوێت[1].

سەبارەت بە هەژاندن وپەرەسەندنی هۆشی نەتەوەیی ئەوراستییە نابێت فەرامۆش بکرێت کە وێڕای ئەوەی ئەو ناوچانەی دەسەڵاتی کۆمار دەیگرتنەوە لە ١/٣ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێپەڕی نەدەکردکەچی ڕاگەیاندنی کۆمارو کارو دەستکەوتەکانی حکومەتی کوردستان کاریگەرییەکی زۆریان لە هەژاندن و بەهێزبوونی شەپۆلی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی ڕۆڵەکانی گەلی کوردیان لە دەرەوەی قەوارەی کۆماردو بگرە بەشەکانی دیکەی کوردستانی داگیرکراودا هێنایە دی.، کۆماری کوردستان ببووە نمونەیەکی سەرکەتووی ئەزموونی قەوارەیەکی کوردیو قیبلەگای نەتەوەخوازانی کورد، ئەوانەی بەپەرۆشەوە بوون دەسەڵاتی کۆمار بیانگرێتەوە یاخود هەمان ڕێباز بگرنەبەر، ڕاستە قەڵەمڕەوی کۆمار لەبەشێکی هەرێمی موکریاندا قەتیس ما، بەڵام کاریگەری کارەکانی حکومەتی کوردستان لەسەرکوردەکانی ناوەندو باشوری کوردستانی ئێران، بگرە لەەسر کوردەکانی دانیشتووی تارانیش جێ پەنجەی دانا، لەوەش زیاتر پارچەکانی تری کوردستانیش، بەتایبەتی کوردستانی عێراق لەسایەی ئەو شەپۆلە نەتەوەییەی لەمەهابادەوە سەرچاوەی گرتبوو، جۆشو خرۆشیان تێ کەوتبوو.

(م.ش) ناوێك لەنامەیەکیدا کەلەهەفتەنامەی کوهستاندا بڵاویکردۆتەوە لەژێر ناونیشانی (نالە گروس /ناڵەی گەروس)، دوای ئەوەی بەدرێژی باسی خراپی بارودۆخی ناوچەی گەروس دەکاتو ئۆباڵی ناهەمواری بارودۆخەکە

---

[1]– هەمان سەرچاوە، ل ١٣٢–١٥٩.



دەخاتە ملی دەزگاکانی دەسەڵاتی ناوەندی، نوسیویە:" خەڵکێکی زۆر هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی کەحەق دەسەندرێ، نادرێ، ئەوانیش وەك براکانیان لەئازەربایجان (مەبەستی هەرێمی موکریانە کەلەرووی ئیدارییەوە بەشێك بوو لەئازەربایجان ـ ل) پێویستەی لەپێناوی ئازادی پساندنی زنجیری دیکتاتۆریو ئەسارەتدا ڕاپەڕن، پێویستە تەختی ستەمکاران داڕمێننو لێپرسراوەکانی دەوڵەتی بگرنو دادگایان بکەن، ئەوانیش پێویستە هەمان ئەزموونی براکانیان لەئازەربایجان بەرپا بکەن"[1].

ئەو کوردە ئازادیخوازانەی کەلەشارو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئێرانیدا بەرگەی ئەو فشارو مامەڵە توندو سەرکوتکەرانەیەی دەزگاکانی دەسەڵاتی ناوەندیان نەدەگکرت، پەنایان بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان دەبرد، بۆ نمونە تا مانگی حوزەیرانی ١٩٤٦دا بەتەنیا لەشاری سەقز زیاتر لە ٣٠٠٠ کەس پەنایان بۆ ناوچەی موکریانی ئازاد بردبوو[2].

کوهستان لەژمارە ٤٩داو لەژێر سەردێڕی (توجە خاص بکردستان باید داشت / پێویستە ئاوڕێکی تایبەت لەکوردستان بدرێتەوە) نوسیویە:" ساڵێك لەمەوبەر چارەسەرکردنی کوردستان زۆر ئاسانتر بوو، دەوڵەتی وەخت دەیتوانی لەڕێگای ئەنجامدانی چاکسازییەوە بەدەم خەڵكو خهواکەی مەهابادەوە بچێت. بەڵام بەداخەوە ئەو هەموو هاتو هاوارەی خەڵکی گوێی لێ خەوێندراو بێ وەڵام مانەوە، ئەوانیش ناچار بۆ بەڕێوەبردنی کاری خۆیان کەوتنە خۆو وەك دیارە بەهێزیش بوون بەجۆرێك دەوڵەتی ناوەندی

---

[1]– کوهستان، ١٢ فروردین، ١٣٢٥.

[2]– هەمان سەرچاوە ، ١٣ خرداد ١٣٢٥ .

ئەمرۆ لەباکوری کوردستاندا شوێنێکی بۆ نەماوەتەوە، هاتنی مەلا مستەفاو هاوەڵانی بەتەواوی چەك‌و پێویستیە جەنگییەکانیانیەوە، گەیشتنی حەمەرەشید خان بۆ ناوچەکانی دەوروبەری سەقز، ئەمانە زیاتر مەهابادیان بەهێز کردووە. ئەگەر رۆژێکیش دابیٚ سەقزو بانەش بکەونە بەر هێرشی مەهاباد گومان لەوەدا نییە کەبەرگری هێزەکانی دەوڵەتی لەم ناوچەیە گرفتێکی گەورە دەبێت، ئەوەی رادیۆی لەندەن سەبارەت بەهەڕەشەی کوردەکانی مەهاباد لەسەر سنە باسی لێوە دەکات بەتەواوی قابیلی روودانە..

ئەمرۆ خەڵکی کوردستان لەتەواوی ئەو ناوچانەی دەوڵەت دەستی پێیاندا رادەگات بێزارو نارازین، ئەو نارازییەی ئەگەر زوو فریای چارەسەرییەوە نەگەن ئاسەواری خراپ‌و مەترسیداری لێدەکەوێتەوە، لەراستیدا دەوڵەت بەهەڕەشەو زیندان‌و بەهێزکردنی حکومەتی سەربازی لەم ناوچانەدا، ناتواهنێت ئەو هەرەشەیە برەوێنێتەوە، مانەوەی هەل‌و مەرجە خراپەکەو نەبوونی هیچ هەنگاوێکی ریفۆرمستانە، مانەوەی پیاوانی بێزراوی رەزاشاهی لەکوردستان لەگەڵ گشت ئەو فریادو بێزارییەی لەلایەن خەڵکەوە بەتەلەگراف ئاراستەی ناوەند دەکرێت، هەموو ئەمانە خەڵکی گەیاندۆتە ئەو باوەڕەی کەدەوڵەت بەتەنگ دەردو ئازارەکانیانەوە نایەن‌و ئاوڕێك لەسکاڵاکانیان نادانەوە، بۆیە واچاکە بۆ خۆیان پەی حاڵی خۆیان کەون [١].

لەراستیدا هەر لەژێر کاریگەری کۆماری میللی کوردستان‌و دەستکەوتە دیموکراتییەکانیدا بوو کەچەند گەنجێکی کورد لەناوچەی گەروس لەحوزەیرانی ١٩٤٦دا رێکخراوێکیان بەنێوی (اتحادیە جوانانی بیجار/

---

[1]– هەمان سەرچاوە، ١٢ فروردین ١٣٢٥.



یەکێتی لاوانی بێجار) دامەزراند بەسەرۆکایەتی گەنجی کورد (عبدالباقی رفیع)، ئەم یەکێتییە ئامانجی ریفۆرمی گشتی‌و بەگژدا چوونەوەی دیاردە نالەبارەکانی دزی‌و بەرتیل خۆری‌و گەندەڵی دەزگاتکانی حکومەتی ئێران بوو لەناوچەکەیاندا [١].

هەروەها کوردەکانی دانیشتووی تاران رێکخراوێکیان بە ناوی (ئەنجومەنی ئازادیخواهانی کوردستان) لە سەرەتای تەمموزی ١٩٤٦ دامەزراند کە ئامانجیان پشتگیری داخوازییە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە ئێران و هەوڵدان و کارکردنە سەر ڕای گشتی ئێرانی و دەسەڵاتی ناوەندی لە تاران بوو تاسیاسەتێکی گونجاو و نەرم بەرامبەر کورد و دەسەڵاتەسیاسیەکەی لە مەهاباد بگرنەبەر [٢].

هەر لەم قۆناغەدا بوو کە خوێندکارە کوردەکانی زانکۆی تاران کەوتنە خۆو لە سەرەتای تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٦ دا ڕێکخراوێکیان بە ناوی (اتحاد دانشجویان کرد در دانشگاه تهران / یەکێتی خوێندکارانی کورد لە زانکۆی تاران) دامەزراند . ناسری موحسینی کە ئەندامێکی چالاکی ئەو یەکێتییە بوو ، لەووتارێکدا نووسیوویە (( ئێمەش وەك خوێنکارانی کوردی زانکۆی تاران شوێنی گرنگ و ئەرکی مەزنی خۆمانە لە ناو کۆمەڵدا هەست پێکردووە و دەزانین کوردستانی لانەی ئازیزمان چەنددەردەدار و ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێك زێتر پێویستی پێمانە، ئیچمە بەتەواوزی درکمان بەوە کردوە کەبەداخەوە فەرهەنگمان، باری تەندروستیمان، کشتوکاڵمان، سەنعەتمان.. بەکورتی هەموو شتێکمان خراپەو لەتەواوی شارەکانی تری ئێران دواکەوتووترە.. هەر بۆیە تا ئەو شوێنەی هەل‌و مەرج‌و شوێن رێگەمان

---

[1]– هەمان سەرچاوە، ١٠ تیر ١٣٢٥.

[2]–هەمان سەرچاوە ، ٢٤ تیر ١٣٢٥ه

پێبدات، بگرە زیاتر لەوەش خەبات دەکەین بۆ ریفۆرمی کۆمەڵایەتی ودژی وێرانکاریو خراپی بارودۆخی وڵاتەکەمان رادەوەستین.. ئێمە لاوانێکی تێکۆشەرو خاوەن هەست کەپێشتر بەشێوەی جیا جیاو تاك چالاکیمان دەنواند، واقۆڵمان لیٚ هەڵماڵیووە یەکێتی خوێندکارانی کوردمان دامەزراندووە هەوڵ دەدەین هاوکاریو یارمەتی خوێندکارانی کورد بکەینو هانیان بدەین بۆ پلەکانی خوێندنی باڵا بخوێنن، جگە لەوە تێدەکۆشین بۆ رۆشنکردنەوەی بیری خەڵکیو بەدیهێنانی ریفۆرمێکی گشتی "[1].

سەبارەت بەهەژاندنی هۆشی نەتەوەیی پارچەکانی دی کوردستانیش، بەشداریکردنی بەشێکی زۆر لەکوردەکانی عێراق لەدەزگا سەربازیو رۆشنبیرو خزمەتگوزارییەوکانی کۆمارۆدا ئەو راستیە دەسەلمێنن

لەلایەکی دییەوە دوای دامەزراندنی کۆمار بەماوەیەکی کەم (قەدری جەمیل پاشا) بەنوێنەرایەتی کوردە نیشتمان پەروەرەکانی سوریاو لەرێگای سلێمانییەوە خۆی گەیاندە مەهابادو پیرۆزبایی هەموو کوردەکانی سوریاو تورکیای بەپێشەوا راگەیاند، ناوبراو لەیاداشتەکانیدا نوسیویە:" ئێمەی نیشتمان پەروەرانی کوردی کەلەسوریا بووین بەبیستنی هەواڵی دامەزراندنی کۆماری مەهاباد گەلیٚ دڵخۆش بووین، لەسەر پێشنیازی منو رازی بوونی هەڤاڵانم بڕیارماندا کەبەمەبەستی بەستنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ حکومەتی کۆمار سەردانی مەهاباد بکەم"[2].

ناکرێت لێرەدا ئەو راستییەش فەرامۆش بکرێت کە بەشێکی کە بەشێکی زۆر لە کوردەکانی کوردستانی عێراق خزمەت و بەشدارییەکی

[1]– هەمان سەرچاوە ٤ تیر ١٣٢٥.

[2]– زنار سلوپی ، فی سبیل کردستان . مذکرات ، ترجمة د. علی ، الطبعة الأولی ، رابطة کاوە للثقافة الکردیة ، بیروت .لبنان ، ١٩٨٧،ص ٢٣٧.



دڵسۆزانەیان لە دەزگا سەربازی و رۆشنبیری و خزمەتگوزارییەکانی کۆماردا کرد و زۆر بە پەرۆشەوە بوون بۆ سەرکەوتنی ئەو ئەزموونە.کە بەشێکیان وەك مامۆستا چووبوونە مەهابادو لەخوێندنگاکانی کۆماردا وانەیان بەمنداڵانی کورد دەوتەوە، لەوانە:" عوسمان دانیش، محەمەد دوردی، عەبدولقادر ئەحمەد، جەمیل بەهادین، کەریم زەندی، قانعی شاعیر،حەعفەرِشێخ حسێن بەرزنجی،عوسمانی عەلی بەگ،مەحمەد ئەحمەد بەرزنجی،فائق مەحمود،ئیسماعیل عارف،محەمەد عەزیز چەمچەماڵی،نوری پشدەری،ئەحمەد سەرزەلی،عومەر مەحمود،سالم حاجی عبداللە و شێخ عابد بوون کە زۆر رێز لێگیراوبوون[1].

هەر لەم قۆناغەدا بوو کە جوڵانەوەی (هەقەکان) لە باشووری کوردستان لەسەردەستی (مامە رەزای کوڕی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە) وەك جوڵانەوەیەکی سۆفیگەرایی ئازادیخوازانە و جوتیارانەی پێشکەوتووخوازانە ، گەیشتبووە قۆناغێکی پێگەیشتووتر و لە لایەن حکومەتی پاشایەتی ئینگلیزخوای عێراق و چینە کۆنەپەرستەکانەوە بە توندی دژایەتی دەکرا، مامەرەزا وەك ئەرکێکی نەتەوەیی ،دەستەیەکی لە هەقەکان بەمەبەستی پشتگیریکردنی کۆماری کوردستان ناردە مەهاباد ،ئەم دەستەیە لەلایەن (شێخ موحەمەد ئەمینی مەڵحە) کە برای شێخ سەعید و خزمی سەید ئەحمەدی خانەقای

[1]– عبداللە سۆڤ کەریم سەراج ،سەربازیکی ون لە کۆمارەکەی کورددا ،بەرگی یەکەم ،هیلینسکی ،١٩٩٥،ل ٧ .

کەرکوك بوو، ڕێبەرایەتی دەکرا و تا نزیك بە ڕووخاندنی کۆمار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەگەڕانەوە [1].

، بارزانییەکان و ئەفسەرە کوردە ئازادیخوازەکان کەبەسەرۆکایەتی مەلا مستەفا هاتبوونە هەرێمی موکریان هەر زوو بوونە بڕبڕەی پشتی هێزی میللی کوردستان و بەرادەیەك بۆ حکومەتی کوردستان و بەرگری لێکردنی و دڵسۆز بوون کەپێشەوا متمانەی تەواوی پێیان بوو ئەرکی سەرپەرشتی ناسکترین بەرەکانی جەنگی پێ سپاردن کەبەرەی سەقز بوو.

(ڕاندل) لەم بارەیەوە نووسیویە:"هاتنی مەلامستەفا و بارزانییەکان بۆ کوردستانی ئێران هەواڵێکی زۆر خۆش بوو بۆ کوردە نەتەوەخوازەکان و بەڕێوەبەرایەتییە ساواکەیان لە مەهاباد..وەك ناردەیەکی یەزدانی بوو چونکە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە جگە لە لایەنگری خەڵکی مەهاباد و هێندێك ڕۆڵەی عەشیرەتەکانی کورد لە کوردستانی ئێران نەبێ ،خاوەنی سوپایەکی کارامە نەبوو لە ڕووی سەربازییەوە هەژار بوو [2].

شایەنی باسە جگە لەبارزانییەکان و هاوەڵانیان، زۆر بوون ئەوانە ی لە کورسدتانی عێراقەوە بەمەبەستی خزمەت و بەرگری لەکۆمار بەرەو مەهاباد وەرێ کەوتن. ئەوتا (عبدالله احمد پشدەری) لەیاداشتەکانیداو لەژێر ناونیشانی :" ڕۆیشتنم بۆناو کۆماری مەهاباد" نوسیویە :" لەساڵی ١٩٤٥دا کەوتم ناو کوردایەتی وحیزبی هیوا وەرگیرام بەئەندام هەستی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری کەوتە ناو مێشکمەوزە باوەڕم هاتە سەر ئەوە کە ئەبێ لاوی

---

[1] –مستەفا عەسکەری، ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی "هەقە"، محمدی مەلاکریم پیاچۆتەوە و دایڕشتووەتەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە و پەراوێزی بۆ کردووە ، بغداد ، ١٩٨٣ ، ل٣٤–٣٥.

[2]- راندل، موناثان، امة في شقاق، دروب كردستان كما سلكتها، ترجمة: فادي حمو، الطبعة الاولي، دار النهار، بيروت . لبنان، ١٩٩٧،ص ٢٢٦ .



کورد ئامادەبێت و لە کاتی پێویستدا گیانی خۆی بەخت کات بۆ وەدەست هێنانی ئازادی و سەربەستی بۆ نیشتمانەکەی ئەوە بوو ئاڵای کوردستان لەساڵی ١٩٤٦دا بەرز کرایەوە بەناوی کۆماری مەهاباد لەکوردستانی ئێرانداو بڕیارمدا کەئەبێ خۆم بەشداری ئەو خەباتە بکەم و بڕۆم بۆ بەرەی شەڕ"[1] ،جگە لەوەی کە ژمارەیەکی زۆریش لەمامۆستاو برین پێچ ڕۆژانە لەکورسدتانی عێراقەوە سنوریان دەبەزاندو بۆ خزمەت دەچوونە مەهاباد، وەك پێشتر ئاماژەمان بەناوی هێندێکیان داوە.

لەراستیدا ناوبانگی کۆمارو کارەکانی لەپارچەکانی دی کوردستان تا دەهات زیاتر دەبوو، (غەفوری میرزا کەریم) لەیاداشتەکانیدا نوسیویە:" رزگاربوونی کوردستانی ئێران لەدڵ و مێشکی ئێمەی قووتابەدا دەزرنگایەوە" [2]، ( بەهادین نوری)ش لەیاداشتەکانیدا دەڵێت:"منیش وەك زۆربەی لاوەکانی سلێمانی لەدوورا ئاگاداری ڕووداوەکانی کۆماری مەهاباد لەکورسدتانی ئێران بووم، بابەتە نوێیەکانی ڕۆژنامەی کوردستانم دەخوێندەوە کەدەگەیشتە دەستمان، لەهەر ژمارەیەکیدا بەدوای هۆنراوەکانی هێمن و هەژاردا دەگەڕام، هەرچەندە ئەوکات من لەتەمەنێکی وادا نەبووم ڕووداوەکان بەتەواوی تێبگەم و شیان بکەمەوە، کەچی لەبیرم دێ زۆر بۆ کۆمارە ساواکە بەپەرۆش بووین و کاریگەرییەکی بەرچاوی لەبوژاندنەوەی جوڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی لەکوردستانی عێراق هەبوو، بەتایبەتی لەسەر شاری سلێمانی کە ئەو دەمە سەنتەری جوڵانەوەی

---

[1]– مبرزا محمد أمين مەنگوری ، بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩١٤ەوە هەتا ١٩٥٨ ، بەشی یەکەم ، چاپی دووەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٠.ل ١٤٦.

[2]– غەفوری میرزا کەریم ، سەرەتاڵێ لە کلاّفەی مێژووی پڕ هەڵبەز ودابەزی ژیانم . چاپی یەکەم ، سلێمانی ،١٩٩٨. ل ٤٢.

شۆڕشگێڕی بوو لەکوردستانی عێراق لەهەردوو ڕووی نیشتمانیو نەتەوەییەوە" [1].

دەکرێت بوترێت کەبیرۆکەی کۆکردنەوەی ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق لەحیزبێکی یەکگرتوودا بەناوی (پارتی دیموکراتی کوردستان) کەلە١٦ی ئابی ١٩٤٦دا بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفا ڕاگەیەندرا، لەژێر کاریگەری کۆماری میللی کوردستاندا هاتەدی، دوای ئەوەی مەلا مستەفاو هاورێکانی لەمەهاباد هەستیان بەزەروورەتی هەنگاوێکی وناو چەند جارێك نوێنەری خۆیان بۆ کوردستانی عێراق ناردەوەو تا جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد لەو پەرتەوازییە ڕزگاری بیّو لەژێر ڕێبەرایەتی حیزبێکی یەکگرتووی پێشکەوتنخوازدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکان دەست بەتێکۆشانی بکەن[2] ،ئەمەش لەو دەمەدا بۆ خۆی وەرچەرخانێکی ئیجابی بوو لەمێژووی خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد دژی ڕژێمی پاشایەتی هاشمیو دەسەڵاتی ئیستعماری بەریتانی لەعێراق، ئەو ڕژێمو دەسەلاتەی بەتوندی دژی کەمترین مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد ڕاوەستا بوونو فشارێکی گەورەیان بۆ سەر جوڵانەوەی دیموکراتی سەرتاسەری لەعێراق دەستپێکردبوو، ئەو جوڵانەوەیەی کە (حیزبی شیوعی عێراقی) سومبلێکی دیاری بوو، هەر بۆیە ئەو حیزبەش بەپێی تێگەیشتنو هەڵوێستی لەجوڵانەوەی دیموکراتی سەرتاسەریی لەناوچەکە لایەنگری لەکۆمارەکەی مەهاباد کرد، هەروەك کەریم زەند ئاماژەی پێداوە کەبەدەستی خۆی نامەی

[1]- بهاء الدين نوري ، مذكراتي، الطبعة الثانية، سليمانية، ١٩٩٢،ص٣٥-٣٦.

[2]- بڕوانە:
حەوێزی، عەقید بەکر عەبدولکەریم، گەشتێك بەکۆمارەکەی مەهابادادان بیرەوەرییەکانم لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ١٩٤٤-١٩٤٧، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، کوردستان – کۆیە، ٢٠٠٠، ل٦٩. هەروەها: علیعبدالله، ، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان – عیراق . تابەستنی کۆنگرەی سێیەمی، بیّ شوێن، ایلولی ١٩٨٦.



(فەهد)ی سکرتێری حیزبی شیوعی عێراقی بۆ پێشەوا بردووە کەتیایدا دانپیانانو لایەنگری حیزبی شیوعی بۆ ئەو ئەزموونە نەتەوەییو دیموکراتییەی گەلی کورد ڕاگەیاندووە [1].

ڕژێمی پاشایەتیی هاشمی و دەسەڵاتی ئیستیعماری بەریتانی لە عێراق ،ئەوانەی بەدرێژی هاتنە سەرکارو دەسەڵاتیان دژی ئاواتە نەتەوایەتییەکانی کورد ڕاوەستابوون و لەو دەمەشدا خەریکی پیلانگێڕان بوون دژی کۆمارە ساواکەی کوردستان لە مەهاباد و بە هەرەشەیەکی خەتەرناکیان لەسەر بەرژەوەندییەکانیان لە عێراق و ناوچەکەدا دەدایە قەڵەم ،یەکێك لەو پیلانانەی کە حکومەتی پاشایەتی هاشمی لە عێراق دژی کۆمار گرتبوویە بەر ،هاندانی ئاغا خۆفرۆشەکانی کورد بوو تا دژی کۆمار بوو چەك هەڵگرن و دژی هاوکاری ئەرتەشی شاهەنشاهیی بکەن .ئەو مەسەلەیەی کە پارتی دیموکراتی کورد –عێراق، بە توندی دژی وەستا و لە بەیاننامەیەکیدا کە ئاراستەی دانیشتوانی ناوچەی هەورامان کراوە،بێزاری لەو کارە دەربڕیوە و لایەنگری خۆی بۆ کۆماری دیموکراتی کوردستان دووبارە کردۆتەوە ،ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە:

"بۆ مللەتی کوردی هەورامان

حکومەتی کونەپەرستی ایران بە درێژی حکمی رضاشاە پهلوی ناکۆکییکی زوری بە مللەتی کوردی هەورامان چیشت،فلاح و رنجبەرانی دیهات و ناوچەکان دەربەدەر کرد باخچە و پاوانەکانی گر تی بەردا لە مندال و ژن و پیر کوشتاریکی زۆری کرد بەم بۆنەوە ژمارەکی زۆر لەم فاملیانە کە تالی بی بەشی و هەژاریان چێشت بوو بە سەرگەردانی روویان کردە عراق.تاکو ایستاش تارمایی ناکۆکی ١٩٣٤ هەر لەبەر چاوە کە لەشکری

[1]–کوردستان ، ژمارە ٢٩١، ٣١ی گەلاوێژی ١٣٧٩هەتاوی.

ئیّران بە پی فەرمانی شاهانی هیزی هەورامانیان پەرت کردهەژاری و ناخۆشی کەوتە ناو مللەت ژمارەیەکی زۆریان لە برسیەتی و دەربەدەری لی مرد کە هیچ لە بیر ناچێتەوە.

ئەی رەنجبەر و رەوشەن فکرانی روڵەی مللەتی کوردی هەورامان! هاتنی شەڕی ئەم دوایە کە گشت مللەتە سەربەستەکانی سەر زەمین چونە گێژەڵوکەی ئەوە بو لابردنی فاشیست وە وەرگرتنی سەربەستی و رزگاربوون لە زۆردارە دیکتاتوریەکان بو. هەر هیزی آزادخواهە کان بو کە توپزی لە رضا پهلوی کرد لەسەر تەختی زۆرداریەتی بیتەخوارەوە.هیزی مللەتی ێزربایجان و کورد ایران و هیزی مللەتانی سەر زەمین. کوردەکانی ایران لەم رۆژەی کەوا هیزی کۆنەپەرستی ایرانیان لە نیشتمانە خۆشەویستەکەتان دەرکرد حکومەتیکی دیموکراسی لە ژیر سەرۆکی پیشەوا جنابی قاضی محمد دامەزراند.هەر ئەم حکومەتەیە کە بتوانی پاریزگاری حقوقی مال و مندالتان بکات.بویە بویتە نشانگای دسائسی حکومەتی کۆنەپەرستی ایران و عراق بو نەمانی.چونکە درکیکە بەچاوی استعمار و کونەپەرستی لەمەش زیاتر خەنجەریکە لە پەراسویان چەقیوە.ئەم حکومەتەش جیگەی ئومیدی هەموو کوردیکی کوردستانی مەزنە.هیزی استعمار و کونەپەرست ناتوانن هیچ کاریکی دەربارە بکەن.بە تەلییکی سەخت ئەمینیتەوە بۆ سەربەستی کوردستان.و گشت گروگیفیکی لەشکری ایران و داوی حکومەتی عراق جرتەدرتی استعمار دەربارەی ئەم حکومەتە انجامی بی بەرە.

جا برایانی هەورامی پارتی دیموکراتی کوردی عراق بانگتان ئەکات کە ببنە پشتیەوانی حکومەتی مللی کوردستان چونکە هەر ئەمەیە کو بتوانی حقوقی لی ستاندراوتان بۆ وەرگریتەوە و تولەی ئەو ناخۆشیانەی کە پەهلەوی لە سالی ١٩٣٤ بەسەری هینان بوتان بسینی.هەر ئەم حکومەتەیە حکومەتی دلسۆزی خۆتان و خۆشیتان پی ئەگەیەنی و برا بەشیتان فلە نیو



بڵاودەکاتەوە هەر ئەمە حکومەتی مللەتی کورد.جا بە پروپاگندەی ئەم آغا بەکری گیراوەکانەی حکومەتە کونەپەرست کار و استعمار بە هەلە مەچن و هەل مەخەلەتین چونکە ئەمانە ئەیانەویت تاکو مردنتان هەر بە نوکەری و ژیر دەستی بمیننەوە هەمو شتیکیان لی پەشمە جگە لە پیکهاتنی داخوازی خۆیان و دەست بەسەراگرتنی حقوقی ئیوە نەبیت و هەر لەم دواکەوتنەدا بمیننەوە برسیتی و هەژاری بتان کروژیت.دوای ئەمە ئەکون کە لەسەر حسابی دەست بەسەری ایوە خۆیان بەخۆشی رائەبوێرن.

ئەی آغاکانی هەورامان پارتیمان لە داودانانەوە بۆ حکومەتی مللی کوردستان ێگادارتان دەکاتەوە هوشتان لەخۆ بیت نەکەن فریوی استعمار و حکومەتی کونەپەرستی عراق بخون.خیانەت لەگەل مللەتی هەورامان و حکومەتی کوردستان نەکەن  چونکە لەم خیانەتە جگە لە زیان و شاربەدەرکردن و روسیایی چی ترتان چنگ ناکەوی چونکە حکومەتی مللی کوردستان لەسەر بناغەیەکی ئەوتو چەسپاوە کو روخانی بۆ نیە جا ییك بن لەگەل مللەتی کورد بو وەرگرتنی سەرکەوتن و گیرانەوەی حقوقتان.

بژی حکومەتی مللی دیموکراسی کوردستان.

بژی پیشەوای خۆشەویست حنابی قاضی محمد.

بژی پارتی دیموکراتی کورد-عراق پارێزگاریکی دڵسۆزی مللەتی کورد.

بژی مللەتی هەورامان یاریدەدەری حکومەتی مللی دیموکراسی کوردستان.

پارتی دیموکراتی کورد-عراق"[1].

[1]– ئەم بەیاننامەیەم بە سوپاسەوە لە دەزگای ئەرشیفی نەتەوەییەوە لە سلێمانی دەستکەوت کە لەلایەن مامۆستا عبدالرقیب یوسفەوە پێیان درابوو.

## "ڕێگـــــــــــــا"

## ڕاستییەکی مێژوویی و سەرەتای خەباتێکی نوێ

ئاشکرایە کە جوڵانەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە روخاندنی کۆماری میللی کوردستان لە مەهاباد و کشانەوەی بارزانییەکان بۆ یەکێتی شورەوی و گەڕانەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهیی و سەرلەنوێ سەپاندنەوەی حوکمی فەرماندەکانی لەشکر لەبەهاری ساڵی ١٩٤٧ دا گورزێکی کەمەرشکێنی وێکەوت و تووشی پاشەکشەیەکی مەزن هات.گرتن و لەسێدارەدانی سەرانی کۆمار و حیزبی دیموکراتی کوردستان،سەپاندنی حوکمی قورس بەسەر سەردەستەی نەتەوەخوازانی کورد و بەشداربووانی روداوەکانی ساڵی ١٩٤٦ لە کوردستان و دوورخستنەوەی بەشێکی زۆریان بۆ شارە دووردەستەکانی ئێران وەك: شیراز،ئەسفەهان، تاران و خۆراسان،هەڵوەشانەوەی تەواوی ڕێکخراوەیی و پەرتبوونی شانەکانی حیزب و راکردنی بەشێکی ئەندامانی بۆ گوندە سنورییەکان و کوردستانی بندەستی عێراق،کۆنترۆڵکردنی سنور لەلایەن لەشکر و دەزگا تایبەتمەندییەکانی حکومەتی ئێرانەوە، ئەمانە تێکڕا هەل و مەرجی کوردستانی ئێرانیان گەڕاندەوە بۆ قۆناغی پێش جەنگ و دامەزراندنی کۆمار و بارودۆخێکی تەواو نائاساییان لەو پارچەیەی کوردستاندا خولقاند کە پەردەی ڕەشبینی و ناهومێدییەکی گەورەی بەسەر خەڵکی دا کێشابوو.

ئەوەی زیاتر ئەو ڕەشبینییەی تۆختر دەکردەوە ئەوە بوو کە پەلاماری ئەرتەشی شاهەنشاهیی و روخاندنی کۆماری میللی کوردستان لە سایەی پاڵپشتی تەواوی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بێهەڵوێستی یەکێتی شورەوی دا ئەنجام درا.ئەوەش کارێکی دەرونی گەورەی لەزۆربەی گەورە پیاوانی کوردی سەردەمی کۆمارکرد و هانیدان بگەنە ئەو باوەڕەی کە



لە هەل ومەرجێکی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی لەوچەشنەدا ناتوانرێت دژی ڕژێمی شاهەنشاهیی و بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتییەکان تێبکۆشن.هەربۆیە بەتەواوی مەیدانی خەباتیان چۆڵ کرد و لە کار و تێکۆشانی سیاسیی دوورکەوتنەوە [1].

لەلایەکی دییەوە ،لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێیانی لە ٣١ی ئاداری ١٩٤٧دا، هەروەها ڕەفتاری توندوتیژ و سەرکوتکەرانەی لەشکری داگیرکەری ئێرانی وفەرماندەکانی ئەرتەش کە خۆی لە خۆیدا گیانی تۆڵەسەندنەوەیەکی پڕقینی دەسەڵاتدارانی تارانی دژی گەلی کورد و جوڵانەوە نەتەوایەتییەکەی نیشان دەدا،کاریگەری توندی لە ناخی لاوان دەکرد و دەیهەژاندن.جگە لەوەی ئەو باوەڕەی لادەچەسپاندن کە سوود لە هەر دەرفەتێکی لەبار وەربگرن بۆ دژایەتیی کردنی ڕژیمی شاهەنشاهیی و خەبات بۆ هێنانە سەرکاری ڕژیمێکی دیموکراتیك کە تێڕوانینێکی موسبەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی لەئێران ،بەتایبەتی کێشەی کورد هەبێت[2]. هەروەها لەسەر ئاستی نێوخۆش هەنگاو دژی سیستەمی گەندەڵی نیمچە دەرەبەگایەتی و ئاغاو موڵکدارە شاپەرستە خۆفرۆشەکانی کورد بهاوێژرێت،ئەوانەی تەنیا توێژێك بوون بەرژەوەندییان لە روخاندنی کۆمار و گەڕانەوەی لەشکر و دەسەڵاتی ناوەندی بۆ کوردستان بوژابۆوە.

دیارە لاوانێك کە ڕۆژانی ئازادیی و پڕلە سەروەریی نەتەوەیی و خۆشیی قۆناغی چوار پێنج ساڵەی نەمانی دەسەڵاتی ناوەندیی و ئەرتەشیان لە موکریان بەچاوی خۆیان دیتبوو،بە تایبەت ڕۆژانی دەورانی کۆماریان هیچ کات لەیاد نەکردبوو،هەربۆیە ئامادە نەبوون بەرامبەر

---

[1] د.سعد ناجي جواد،الحركة القومية الكردية في ايران ،جامعة بغداد ،كلية العلوم السياسية، مركز دراسات العالم الثالث،١٩٨٩ ،ص٥٠.

[2] ليونارد .م.هيلفكوت ،استغلال النظام الايراني لمشاكل الاقليات القومية.في:دراسات ايرانية، مجموعة بحوث مختارة،ترجمة الدكتور عبدالجواد ناجي، شعبة الدراسات الفارسية،١٩٨٣ ،ص ٧٥.

سوکایەتی پێکردنی فەرماندەکانی ئەرتەش و پێشێلکردنی تەواوی مافە ئینسانیی و نەتەوایەتییەکان دەست لە ئەژنۆ دانیشن و دوورەپەرێز لە ڕووداوەکان ڕاوەستن[1].

لەم بارەیەوە هێندێك لەبەرپرسانی حکومەتی ئێران درکیان بەو گیانی بەرەنگارییە دەکرد کە لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە دژی ڕەفتارە ناشارستانییەکانی دەزگا بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەسەلاتی ناوەندی لە کوردستان بەدی دەکرا. بۆ نموونە: دوای گەڕانەوەی لەشکر بۆ شاری مەهاباد ،دەزگا خزمەتگوزارییەکان و خوێندنگاکان بەجارێك پشتگوێ خران.(بەڕێوەبەرایەتی دوخانیە) تەلاری وەزارەتی فەرهەنگی سەردەمی کۆماری کردە گەنجینەی توتن.کارێکی وا کەبووە هۆی سەرچاوەی نارەزایەتیی خەڵکی شارەکە و هانی فەرمانداری ئەو دەمی شاری مەهابادی دا کە نامەیەك بۆ پارێزگاری ئازەربایجانی ڕۆژاوا بنووسێت و بڵێت:"هەروەك جەنابی موبارەکتان ئاگادارە موتەجاسیرین (مەبەستی ڕابەرانی کۆماری دیموکراتی کوردستانە/ل) لەکاتی فەرمانڕەوایەتییاندا بەمەبەستی خەڵەتاندنی خەڵکی کۆمەڵێك کاری ریفۆرم و بنیاتنانیان لەشارەکانی ئازەربێجان و لەوانە مەهاباد ئەنجام داوە...دوای گەڕانەوەی هێزی دەوڵەتی بۆ ناوچەکە و وەك سیاسەتی حکومەت پێویست دەکات ئەو کارانە بەردەوام بوون و بەشێکی زۆریشیان لەو شارانەدا تەواوکران،بەلام لە مەهاباد بە پێچەوانەی ئەمەوە ڕەفتارکراوە.بۆ نموونە سالۆنی سینەمای ئەم شارە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی دوخانیەوە داگیر کراوە و کراوەتە ئەنباری توتن،چاپخانەکە بۆ تەورێز ڕەوانەکراوە ، ئەو کۆڵەکانەی بۆ دروستکردنی پرد و ڕێکخستنی شەقامەکان ئامادەکرابوون لەلایەن دوخانیەوە بەو

[1] جەلیل گادانی ،٥٠ ساڵ خەبات . کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان ، ل٦٤.



تراکتۆرانەی بەمەبەستی پەرەپێدانی کشتوکاڵ هێنرابوونە مەهاباد گواسترانەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی میاندوئاو، ئەم هەل و مەرجە و ئەو سیاسەتەی حکومەت کاریگەرییەکی مەنفی لەسەر هەست و بیری خەڵکی تێگەیشتووی شارەکە بەجێهێشتووە، داگیرکردنی سالۆنەکە بۆتە قسەی سەرزاری خەڵکی و جێگای فسکەفسکیان و بەکارێکی بێزراوی لەقەڵەم دەدەن[1].

نارەزایی خەڵکی شاری مەهاباد دژی گەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندیو ڕەفتاری پڕقین و تۆڵەی فەرماندەکانی لەشکری شاهەنشاهی لەو هەڵوێستەدا خۆدەنوێنێت کە لە هەمبەر هاتنی محەمەد ڕەزاشا بۆ شارەکەیان نواندیان، ئەو هەڵوێستەی فرودوست لە بیرەوەرییەکانیدا بەمجۆرە دەیگێرێتەوە: ((ماوەیەك دوای گەڕانەوەی لەشکر محەمەد ڕەزا سەفەرێکی بۆ هەردوو ئازەربایجانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا کرد. کاتێك گەیشتە کوردستان لەلایەن چەند سەرۆك خێڵێکی کوردەوە پێشوازی لێکرا کە بە شاهەنشا وەفادرا بوون، ئەوانە بە شایان ڕاگەیاند کە خەڵکی مەهاباد لە ئەنجامی لەسێدارەدانی قازی محەمەدو هاوڕێکانی ئامادەنین بێنە پێشوازی ئەو، ڕۆژێکیان ڕووی تێکردم و وتی سواری ئۆتۆمبێل بە، خۆشی لەگەڵما سەرکەوت و بێ شۆفێرسلفێکی لێداو پاش ماوەیەك خۆمانکرد بە شاری مەهاباددا، ئێمە کە جلکی سەربازیمان لەبەردابوو لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزین و چەند شەقام و کۆڵانێکی شارمان بە پیادە ڕێ کرد بێ ئەوەی کەسێك بە پیرمانەوە بێت تەنانەت فەرمانداریش، وەك دیاربوو خەڵکی لەپشت پەردەی پەنجەرەی ماڵەکانیانەوە لێیان دەڕوانین، ئێمە چوینە سەربازخانەی شار... دوایی هاتینە دەرەوە هەندێکی دی گەڕاین، نەخۆشخانەی شارمان بینی

[1] سید محمدی صمدی ، نگاهی به تأریخ مهاباد ، انتشارات رهر و مهاباد، چاپ میلاد ، چاپ أول ، ١٣٧٧ش ،ص٤٠٦-٤٠٧.

چۆڵ و هۆڵ بوو، لە مەیدانێکی بەرینی شاردا بینیمان دارێکیان لە زەوی چەقاندبوو، محەمەد ڕەزا ڕووی تێکردم و وتی: دەبینی لە هاتندا دار نەبوو، بەلاَم لە گەڕانەوەدا هەیە، ئێرە ئەو شوێنەیە کە قازی محەمەدی تێدا هەڵواسرا. دوای لێکۆڵینەوە ئاشکرا بوو کە چەند مەهابادییەك فرسەتیان هێناوەو ئەم کارەیان لە چەند چرکەیەکدا ئەنجامداوە، ئەمە هەموو پێشوازییەکی خەڵکی مەهاباد بوو لە محەمەد ڕەزاشا!))[1].

هەروەها کاتێك لە پایزی ساڵی ١٩٤٧دا بەبۆنەی ساڵرۆژی گەڕانەوەی لەشکری شاهەنشاهی بۆ ئازەربایجان و کوردستان، دەسەڵاتدارانی ئێرانی لە شاری مەهاباد خۆپیشاندانێکیان بۆ لەشکرو چەکدارە عەشیرەتییەکان و ئاغا خۆفرۆشەکانی مامش و مەنگورو دیبوکری ئەنجامدا. خەڵکی شاریان بەزۆر کۆکردەوە تا پێشوازی لە خۆپیشاندەران بکەن و چەپڵەیان بۆ لێبدەن، بەپێچەوانەی چاوەڕوانکراوی لێپرسراوان خەڵکی مەهاباد کەوتنە هوهەا کێشان و جنێودان بە خۆپیشاندەران و ڕژێمی شاهەنشاهیو لە سەربانی ماڵەکان و لە کۆڵانەکانەوە کەوتنە بەرداباران کردنیان، حاڵەتێکی وا کە بووە تێکچوونی مەراسیمەکەو گیرانی ژمارەیەك لە لاوانی شاری مەهاباد، ئەمەش بە یەکەم بەرەنگاربوونەوەی ڕاستەوخۆی نێوان خەڵکی کوردستان و حکومەت دادەنرێت لەدوای ڕوخاندنی کۆمارەوە[2] .

شایەنی باسە پەرەسەندنی ناکۆکییەکانی ئێران و شورەوی لەم سەرو بەندەداو دامەزراندنی دەزگایەکی رادیۆیی لە ئازەربایجانی شورەوی کە پێی دەوتر ((ڕادیۆی سری)) لەلایەن شورەوییەوە کە سەراپای بابەتەکانی هێرشکردنە سەر رژێمی شاهەنشاهیو گەلێك جار باسکردنی ڕوداوەکانی

---

[1] ارتشبد حسین فردوست ، ظهور وسقوط سلطنت پهلوی ، جلد أول چاپ دوم ، تهران ، ١٣٧٠ش ،ص١٥٣-١٥٤.

[2] کریم حسامی ، قافله من شهداو کردستان ایران . ترجمه : نزار محمود ، ب.م ، ١٩٧٣ ،ص٣١-٣٢.



شاری مەهابادو جاروباریش هی شارەکانی دیکەی کوردستانی ئێرانی دەکرد، بەجۆرێك کاریگەری لەسەر وریا کردنەوەی خەڵکی کوردستان و هاندانیان دژی دەسەڵاتی ناوەندی لە تاران جێدەهێڵا[1].

لە هەل و مەرجێکی لەم چەشنەدا کاری سیاسیو ڕێکخراوەیی لە کوردستانی ئێراندا لەلایەن ژمارەیەك لاوانی خاوەن هەست و ئازادیخوازی کورد ژیایەوە کە زۆربەیان خاوەنی ئەزمونی بەڕێوەبەرایەتی کاری ڕێکخراوەییو ئەنجامدانی چالاکی نهێنیو ژێرزەمینی نەبون و لەسەرەتادا جیا لەیەك و بە چەند ناوی جیاوازەوە کەوتنە چالاکیو هاندانی خەڵکی دژ بە ڕژێم.

یەکەمین ڕێکخراوە سەرەتاییەکانی دوای ڕوخاندنی کۆمار لە کوردستانی ئێران دامەزرێنران (کۆمەڵەی لاوانی لادێ)یە، کە کەریمی حیسامی بەمجۆرە باس لە دامەزراندن و بیروباوەڕی دەکات: ((لە مانگی جۆزەردانی ١٣٢٦ (کۆتایی بەهاری ١٩٤٧ ز ل) ڕۆژێك چومە نەغەدەو لەگەڵ چەند برادەرێك باسی تێکچونی کۆماری مەهابادو زوڵم و زۆری حکومەت و خەیانەتی دەرەبەگەکانی مامەش و دیبوکریمان هێناگۆڕێو هاتینە سەر ئەو باوەڕە کە بەنهێنی ڕێکخراوێکی تازە سازبکەین و لەوێوە من چومە شنۆ و لە گوندی نەلوس توشی یەکێك لە کوردەکانی ئەودیو بووم بەناوی (عبدالقادر) لەسەردەمی کۆمەڵەوە هاتبوە کوردستان لە کۆمەڵەدا ئەندام بوو پیاوێکی دڵسۆزو بۆ کورد سوتاو... بردمیە ماڵەکەی خۆیو لە تاقە ژوورێکی کاول بوودا دەژیا... باسی وەزعمان هێنا گۆڕێو گەیشتینە ئەو باوەڕە کە پێویستە لە پێش دا دژی ئاغاو دەرەبەگی کورد خەبات بکرێ. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە کۆمەڵێك لە لاوانی گوند دابمەزرێنین و تێیان بگەینین کە خەیانەتی دەرەبەگی کورد بۆتە هۆی روخانی کۆماری کوردستان،

---

[1] گادانی ،سەرچاوەی پێشوو ،ل ٦٥.

عبدالقادر... دژی ئەوەبوو کە بە نوسین بەیان و پرۆگرامێك بڵاوکەینەوە. جاری تەنیا ناسیارو باوەڕپێکراوەکان ببینین. هەرکەس بوو بە ئەندام تمەنێك بدا... لە نەغەدە لەگەڵ چەند برادەر پێوەندیم گرت و لاوێکی تازە پێگەیشتوی گەنج مان بەناوی (کەریم پارسا) بە نوختەی پیوەندو نوسین و نامە گۆڕینەوە دیاری کرد. قاوەخانەی محەمەدی سۆفی ڕەسوو وەك بنکەی ڕێکخراو دیاری کرا... لە زستان دا کۆمەڵەی لاوانمان تۆزێك ڕێك و پێك کرد. لە دێهات کاك سەید عەلی حاجی کاکەمین خەڵکی ئالیاوێو حەمەدی خانمی لە ئارذێو میرزا قادری نەلوس و لە شاریش من (واتە حیسامی – ل) و محەمەدی سۆفی ڕەسوی قاوەچی وەك کۆمیتەیەك کۆبوینەوەو بڕیارمان دا ١٥ ڕۆژ جارێك لە نەغەدە کۆببینەوە))[1] .

هەروەها لە شاری مەهابادا بۆ یەکەمجار ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی بەناوی (کۆمەڵەی کۆمۆنیستی کوردستان) لەلایەن ڕەحیمی سوڵتانیانەوە کە گەنجێکی ڕوناکبیری شاری مەهاباد بوو دەمەزرێنرا، ئەم کۆمەڵەیە چالاکییە تەبلغاتییەکانی بەنهێنی دژی رژێمی شاهەنشاهیو سیستمی دەرەبەگایەتی لە کوردستان ئەنجامدەداو بە (ك.ك.ك) ئاماژەی بۆ دەکرا، بەجۆرێك لەماوەیەکی کەمدا توانی کۆمەڵەی لاوانی لادێ لەخۆ بگرێت و ژمارەیەك لە کەسایەتییە خوێندەوارو ڕۆشنبیرەکانی شاری مەهابادی وەك (سەدیقی عەلائی، مستەفای ساوبلاغچی) لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆبکاتەوە[2].

لەم بارەیەوە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ئازەربایجان لە وەڵامێکی سەرۆکایەتی ستادی ئەرتەشی ئێرانیدا لە بەرواری ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٧دا نوسیویە ((... بەپێی ئەو لێکۆڵینەوە جاسوسیانەی ئەنجامدراون... حیزبی کۆمەڵە دەستی کردۆتەوە بە ئەنجامدانی کۆبونەوەی

[1] کەریمی حیسامی ، لە بیرەوەرییەکانم ، بەرگی یەکەم ، سوید ، ١٩٨٦ ،ل ١٤٠–١٥٣.

[2] هەمان سەرچاوە ، ل ١٥٥ .



نهێنیو لەگەڵ عیراق، تبریزو تاراندا پەیوەندی دامەزراندووە. ئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵە بریتین لە حسێن داوەری کوڕی حاجی مستەفای داوەری کە لەلایەن دادگای سوپاوە فەرمانی گرتنی دراوەو ئێستا لە زیندانی تەورێزدایە، هەروەها عەزیزی موشیری... عەبدولڕەحمانی زەبیحی... عەلی ڕێحانی.. و چەند کەسی دین کە بۆ کڕینی دەمانچەو چەکی جۆراوجۆر بەهاوکاری کوردەکانی هەردوو دیوی عێراق و ئێران هەڵدەسوڕێن))[1] .

لەبەهاری ساڵی ١٩٤٨دا لەناوچەی موکریان و لەلایەن کۆنە ئەندامێکی ح. د. ك ی هەڵوەشاو بەناوی (مەلا ئەمجەد) ئاگادارییەکی دەسخەت بە زمانی کوردی بڵاو کرایەوە کە تیایدا نوسرابوو ((کۆماری دیموکرات نەڕوخاوە. حیزبی دیموکرات هەرماوە. گەلی کورد خەباتی خۆی درێژەپێدەدا. هەرکەس ئەم نوسراوە دەبینێ لەسەری فەرزو واجبە کە حەوت نوسخەی لەبەر بنووسێتەوەو بڵاوی بکاتەوەو بۆ حەوت کوردانی بخوێنێتەوە))[2] .

لەڕاستیدا مەسەلەی ژیاندنەوەی ح.د.ك هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٨ەوە خولیای چەند لاوێکی مەهابادی بوو و بڕیاری لەسەر درابوو. ئەم کۆمەڵە لاوە کەسێ دانەی دواییان لەو خوێندکارانە بوون کە لە سەردەمی کۆماردا بۆ باکۆ نێردرابوون و دوای ڕوخاندنی کۆمار گەڕابوونەوە کوردستان. بڕیاریاندا شانەکانی حیزبی دیموکرات زیندوو بکەنەوەو بیروڕاکانیان لە بڵاوکراوەیەکدا ڕاگەیەنن. بۆ ئەم مەبەستەش نوێنەرێکیان ناردە تاران و پەیوەندییان بە (ئیحسان تەبەری) یەکێك لە دامەزرێنەران و

[1] چپ در ایران . بەروایت اسناد ساواك . حزب دموکرات کردستان ، جلد أول ، مرکز بررسی اسناد تأریخی ، چاپ أول ، تهران ، ١٣٧٨ ، ریاست ستاد ارتش ،شماره ١٠٦٧٩ ، تأریخ:١٣٢٦/٩/٣، ص ٣.

[2] حیسامی ،لە بیرەوەرییەکانم ، ل ١٥٤.

ڕابەرانی حیزبی تودە دەکرد تا داوای هاوکارییان بۆ دەرکردنی بڵاوکراوەیەك لێبکەن، ئەوەبوو تەبەری ئامۆژگاری کردبوون جارێ پەلەی دەرکردنی بڵاوکراوە نەکەن و هەوڵبدەن ڕێکخستنەکانی شارو لادێی حیزب ببوژێننەوە، ئەو بۆچونەی تەبەری کە لەلایەن لاوەکانەوە بەهەند نەگیراو بۆ وەدەستهێنانی هاوکاری بڕیاریاندا نوێنەر ڕەوانەی کوردستانی عێراق بکەن تا لەوێ پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردەوە بکەن و هەوڵبدەن هاوکارییان لێوەرگرن[1].

لەسەر ئەم بڕیارە غەنی بلوریان و محەمەدی شاپەسەندی لە مەهابادەوە وەك نوێنەر بەرەو کوردستانی عێراق وەڕێکەوتن و پاش ماوەیەك خۆیان گەیاندە ماڵەکەی شێخ لەتیفی حەفید لە گوندی سیتەکی شاربازێڕ، ئەو دەمە شێخ ئەندامی ئیفتیخاری سەرکردایەتی پارتی بوو، ماڵەکەش لە سیتەك بووە پەناگای زۆر لەو کوردە ئێرانییانەی کە دوای ڕوخاندنی کۆمارو لەترسی حکومەتی ئێرانی بە قاچاغی هاتبوونە کوردستانی عێراق لەوانە (حەسەنی قزڵجی، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، هەژار)و چەندی دی لە ڕووە چالاکەکانی کوردایەتی لە دەورانی کۆماردا.

سەرئەنجام بە هاوکاری مادیی شێخ لە تیف و ماندوبونی شاپەسەندیو قزڵجیو زەبیحی چاپخانەیەکیان لەماڵی شێخ لەتیف لە سیتەك دامەزراندو یەکەم بڵاوکراوەی ڕەسمی ئەم قۆناغەیان بەناوی ((ڕێگا)) لە خەزەڵوەری ١٣٢٧ (پایزی ١٩٤٨) چاپکرد.( ڕێگا) کە ناوی گۆڤاری لەسەرە بە پێچەوانەی ئەوەی کە گادانی دەڵێت مانگانە بووە و بۆ ماوەیەك دەرچووە))[2]، لە شەش لاپەڕەی بەڕۆنیۆ ڕاکێشراو پێکدێت کە بە دوو زمانی فارسیو کوردی بابەتی تێدا بڵاوکراوەتەوە.دیارە پێشتر لێرە و لەوێ باسێك

[1] غەنی بلوریان ، ئاڵەکۆك . بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم ، ستوکهۆڵم ، ١٩٩٧ ،ل ٧٨-٧٩.
[2] گادانی، سەرچاوەی ناوبراو، ل٨٢.



لە (ڕێگا) دەکرا بێ ئەوەی وێنەکەی بخرێتە بەرچاو و ناوەڕۆکەکەی بڵاو بکرێتەوە. مەسەلەیەکی وا کە زۆر جار بایەخدارانی بواری ڕۆژنامەگەریی و مێژووی کوردی دەخستە گومانەوە لەوەی کە لە بنەڕەتەوە بڵاوکراوەیەك بەناوی (ڕێگا)چاپکرابێت. دیارە لەم ڕووەوە پێویستە سوپاسی مامە غەنی بلوریان بکرێت کە لەبیرەوەرییەکانیدا وێنەیەکی ئەم بڵاوکراوەیە و نێوەڕۆکەکەی خستۆتە بەرچاو ،شایەنی باسە ئەو بۆخۆی یەکێك بووە لە ئامادەکەر و نووسەری ئەو بڵاوکراوەیە.

سەبارەت بە هەڵبژارنی ناوی (ڕێگا)و ناونانی بە ئۆرگانی کۆمەڵەی ژیانی کورد بلوریان دەڵێت: ((... ناوی (ڕێگا)مان بۆ هەڵبژارد، هۆی ئەوەی کە ڕۆژنامەی کوردستانمان دەرنەکردو (ڕێگامان) بۆ ئەو قۆناغە هەڵبژاردو ناوی (ئۆرگانی کۆمەڵەی ژیانی کورد)مان لەسەردانا. ئەوەبوو کە دوژمن وریا نەبێتەوو دیسان دژی کۆنە دیموکراتەکان ڕانەپەڕێو خەڵك تووشی گیروگرفت نەکا. ڕامان ئەوەبوو کە پاش بەردەوام بونی خەبات ئینجا بگەڕێینەوە سەر کوردستان و ئەو چاپ بکەین و لەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش کەڵك وەرگرین))[1].

ئێمە لێرەدا لەبەر گرنگی ڕێگا کە ڕاستییەکی مێژوویی و سەرەتای خەباتێکی نوێیە ،هەوڵی خستنە بەرچاوی هەل و مەرجە مێژووییە ئاڵۆزەکەی ئەو قۆناغە نوێیەی جوڵانەوەی نەتەوایەتی کوردمان لە ئێران داوە کە (ڕێگای) تێدا هاتۆتە بوون و خوازیاریشین ناوەڕۆکی (ڕێگا) وەك هەیە بخەینە بەرچاو و وتارە فارسییەکەی کە بە خامەی ڕۆشنبیری کورد

[1] بلوریان، سەرچاوەی ناوبراو، ل٨٢.

ماموستا (حەسەنی قزلجی) و لەژێر نازناوی (پێناو) دا نووسراوە بکەینە کوردی.

لەڕاستیدا گۆڤاری ڕێگا لە سەرەتای زستانی ساڵی (١٩٤٨)دا ژمارەیەکی زۆری لە ناوچەی مەهاباد لێ بڵاوکرایەوە گەلی کوردو دەزگا جاسوسییەکانی حکومەتی ئێرانی لە دەستپێکردنەوەی چالاکی سیاسی لە کوردستانی ئێران ئاگادارکردەوە، سەرەتا لە نێوەراستی لاپەڕی یەکەمدا بەخەتی درشت ناوی گۆڤارەکە کە (رێگا) یە نووسراوە کە لەم لاولای سەرەوەی گۆڤارەکەدا ئەم دوو دروشمەی خوارەوە نوسراون: ((پێشکەش بە گیانی پاکی شەهیدەکانی ڕێگای ئازادی... بژی ازادیو بژی ازادیخوا بمرێ استعمارو دیکتاتۆری ژمارە ١ ساڵی ١ خ.ز.لو.ەری ١٣٢٧))، لەژێریشەوە نووسراوە ((اورگانی کومەلەی ژیانی کورد))، ئنجا وتارە فارسییەکەی پێناو دەست پێدەکات کە بە فارسی باس لە چۆنێتی و ئامانج لە دەرکردنی رێگا دەکات و پایە سەرەکییەکانی نەتەوایەتی کورد بۆ فارسی زمان دەخاتە بەر چاو،ئەو وتارەی کە ئەمە وەرگێڕاوی تەواوی دەقەکەیەتی:

### هۆکاری دامەزراندنی حیزبی ژیانی کورد۔ بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ( ڕێگا )

#### ئامانجمان

ئێمە لەسەرەتای کۆڤارەکەدا بەگشتی ئاماژە بۆ ئەو هۆکارانە دەکەین کە لەپشت دامەزراندنی (حیزبی ژیانی کورد)ەوەن و ئامانجمان لە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری (رێگا) باس دەکەین، دیارە زۆر بەداخین لەوەی کە سانسۆری توندی حکومەتی سەربازی و چاودێری سەختی شارەبانی و کارئاگاهی و شکەنجەی هەمیشەیی تێکڕای کارموندانی دەستگای دکتاتوری لە کوردستان تەواوی پێویستییەکانی لە دەستماندا نەهێشتووە و تەنانەت



وەختی تەواویشمان نییە کە دەرفەت بدۆزینەوە وەك پێویست دەکات بە دوور و درێژی داواکارییەکانمان بخەینە بەرچاو ، هەربۆیە ناچارین بە کورتترین شێوە لە گرنگترین بابەت قسان بکەین و بەشێکی گۆڤارەکەمان بەزمانی فارسی دەنووسین، تا دۆستانی ئازادیخوای غەیرەکوردمان بەئاسانی بیخوێننەوە و دەستگای دیکتاتۆری و کۆنەپەرستانیش دەستی چەپەڵ و ئامانجە گلاوەکانیان بە داوێنی راستییەکانی ئێمەدا نەسوون.

گیانی میللیەت و هۆشی نەتەوایەتی و بەرژەوەندی کورد و کوردستانی ئێران، بەتایبەتی زەحمەتکێشان و زۆرینەی گەلی کورد هاندەرمان بووە تا لە پێناو مافی سروشتی گەلی کورد و گەیاندنی هاواری مەزلومانەی ئەم میللەتە بە گوێی جیهانی مرۆڤایەتی و شارستانیدا خەبات دژی دارو دەستەی حکومەتی دیکتاتۆری تاران و ئیستعمارچییەکان و دەلاڵ و نۆکەرانیان و بەکرێگیراوانی دۆلار لە ئێران ، بە تایبەتی لە کوردستانی ئازیزدا بکەین و حیزبێك بەناوی (ژیانی کورد) دابمەزرێنین

.هەر لەسەرەتای رۆژەکانی گەڕانەوەی هێزی دیکتاتۆری کەم و زۆر چالاکی کراوە ، ئەمڕۆ کە چینی دەسەلاتداری دەوڵەتی کۆنەپەرستی تاران دەیانەوێت هەنگاوی دزێوتر بۆ نابودکردنمان بنێن،بۆ نموونە هەروەك لە هەوڵدان بۆ کۆچاندنی گشتی کوردەکانی ناوچەی موکریان .لێرەدا ئێمەش بە پێویستی دەزانین تێکۆشانی خۆمان توندتر دەستپێبکەینەوە،ئەوەی وێڕای گشت ئەو بەرەبەست و هەڕەشە بێ شەمارانە هەن دەستمان کرد بڵاوکردنەوەی ئۆرگانی حیزب((گۆڤاری رێگا)) و بڕیارمانداوە چەندە هەڕەشەکان زۆرتر و فشارەکان زیاتر بن هەر لە بڵاوکردنەوەی ئەم گۆڤارە بەردەوام دەبین و دید و هەستی کۆمەڵانی خەڵکی کورد دەخەینە بەرچاوی عەدالەت و مرۆڤایەیت دنیای ئەوڕۆ کە خۆی لە دانیشەرانی سەر کورسی ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبینێتەوە و هەرچەند ئەو چاوی

عەدالەتە نابینا بێت بە خەتێکی درشت تر نیشانیان دەدەین تا لە کۆتایی دا بزانن کە لەسایەی سەروەری ئەوان دا چ بەڵایەك بەسەر میللەتانی هەژار و بێ دەرەتاندا دێت،چالاکی حیزبەکان سەبارەت بە رەوشی کورد و کوردستانی نێو چوارچێوەی ئێران لە خۆدەگرێت و هەوڵ و تێکۆشانی لە پێناوی ئازادی و دیموکراتیزەکردنی تەواوی وڵاتی ئێران دەبێت و تەنیا پشتگیریمان هێزی لەبن نەهاتووی ئازادیخوازانی میللەتانی ئێرانە و بە پشت بەستن بە قانوونی ئەساسی ئێران.

چونکە بۆ دەستگای دیکتاتۆری حکومەتی تاران دووبارەکردنەوە و ئاشکراکردنی راستییەکان پێویستە و جارێکی دی تەواو راشکاوانە دەڵێین کە ماڤ سروشتی گەلی کوردمان لەسایەی حکومەتێکی دیموکراسی ئێرانی و بۆ کورد و کوردستان لە سنوری فیعلی ئێراندا و بە پێی قانوونی ئەساسی و بە شێوەیەکی عەقڵانی و مرۆڤانە دەدوێت و رێبەر و رێنیشاندەرمان گیانی نەتەوایەتیمانە و یارو یاوەرمان هێزی ئازادیخوازمانە و ئامرازی کارمان ماڵ و گیان و تێکڕای هەموو شتێکمانە لە گەڵ ئەم راگەیاندن و دووبارەکردنەوەدا ئومێدەوارین کۆنەپەرستان چیدی بەرگی ریاکاری نەپۆشن و تەشەر لە ئامانجە پیرۆزەکانمان نەدەن و نەبنە رێگر گەرچی بە پێچەوانەشەوە گرنگییەکی ئەوتۆی نابێت چونکە راستییەکان بۆ مرۆڤی دانا و هۆشیار ئاشکران.

ئێمە بەناوی پشتیوانی لە ویژدان و راستی و ئازادی لەم خەباتە سەختەماندا داوای هاوکاری و یارمەتی لە حیزبە پێشکەوتووخواز و ئازادیخوازەکانی ئێران و هەروەها لە رێکخراوە پێشکەوتووخواز و ئازادیخوازەکانی کورد دەکەین لە هەر کوێیەك بن و دەمانەوێت بە پشتگیری ئەوان خەباتمان بەتینتر بکەین.لەگەڵمیللەتی نەجیب و هاودەردمان کە ئازەربایجانییەکانە هاوکاری تەواو دەکرێت و پەیوەندی دۆستانە و



مێژوویمان بەو لایەنانەوە پتەو دەکەین ئەمێستا تەنیا بۆ سەلماندنی بوون و ناساندنی مافەکانمان لە ئێراندا و لەخوارەوە نەتەوایەتی خۆمان و پایە سەرەکییەکانی بە گشتی باس دەکەین.

**گەلی کورد و نەتەوەیی بوونی**

بەکۆمەڵێك مرۆڤ دەوترێت نەتەوە کە خاوەن چەند پایە و رەگەزی وەك :زمان ،ئاین ، شوێنی جوگرافیایی ،مێژووی هاوبەش، ئاوات و ئارەزووی هاوبەش بن، کورد خاوەنی تێکڕای ئەو رەگەزانەیە و لەلای دۆست و دوژمن ماڤ شانازی کردنی بە ووشەی نەتەوەوە هەیە،خۆشبەختانە مێژووی هاوبەشی کورد بریتییە لە ژمارەیەکی زۆر ئاسەوار و نیشانەی گیانی نەتەوایەتییەکی بەهێز، هەروەك لەخوارەوە بەکورتی لەسەر هەریەك لەو پایە سەرەکییانە دەدوێین.

**زمانی کوردی**

دوالێکۆڵینەوەی زمانەوانە رۆژهەڵاتناسەکان سەلماندویانە کە کوردی زمانێکی ئاریایی کۆنە و نیکیتین زانای رۆژهەڵاتناسی فەرەنسی دەڵێت کە زمانی کوردی بەشێکە لە زمانی ئاریایی کۆن و خاوەنی شێواز و رێزمانی تایبەتی خۆیەتی و تایبەتمەندی زمانێکی رۆژهەلاتی و بنەمایەکی ئاسایی هەیە.

زمانی کوردی لای رۆژهەڵاتناسەکان بایەخ و گرنگییەکی زۆری هەیە،تەنانەت لە دانیشگای "سوربون"ی مێژوویی لە پاریس کە ناوبانگێکی جیهانی هەیە چەند ساڵ پێش ئێستا بەشێکی تایبەتیان بە زمانی کوردی و بۆ خوێندنی ئەو زمانە تەرخان کردووە کە ئەرکی بەڕێوەبردنی لە ئەستۆی رۆژهەڵاتناسێکی فەرەنسی ناسراودایە.

چاپەمەنییە کوردییەکان لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانییەوە پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە دیتووە. بەناوبانگترینیان لە روسیا "ریی

تازه" و لەسوریا"هاوار، رۆژا نویٚ ،ستێر" و لە عێراق "بانگ کورد ،ژین ، گەلاوێژ ،زار کرمانجی" و کتێب و نامیلکەی بەپێز بەشێوەیەکی بیٚشومار چاپ و بڵاودەکرێتەوە لە ساڵەکانی دوا جەنگی جیهانیشدا چاپەمەنی کوردی قەڵەمبازێکی مەزنی دەستپێکردووە، لەماوەی ساڵێکی جەمهورییەتی کوردستانی ئێراندا، "رۆژنامەی کوردستان ،گۆڤاری کوردستان، نیشتمان ،هاواری نیشتمان ،ئاوات و گڕوگاڵی منداڵان"لە مەهاباد و "هەڵاڵە" لە بۆکان و "راوێژ" لە سنە و لەتێکڕای ناوچەکانی کوردستان چالاکی چاپەمەنی لە زیادبووندا بووە.

## ئاین

نەتەوەی کورد جگە لە ژمارەیەکی کەمی مەسیحی و هێندێك کۆنە زەردەشتی( ئێزیدی) نەبیٚ بەگشتی موسوڵمانن و زۆربەیان سوننین و بنەمای مرۆڤایەتییان لە ئاینی زەردەشتی کۆنی خۆیانەوە وەرگرتووە و فێری بوون، بەهەمان شێوەش لێبوردنیان لەگەڵ ئاینەکانی دیکەدا هەیە و بە پێچەوانەی هاوسێکانیان کە لەم رووەوە دەمارگیرن .دەوڵەتە بەرژەوەندیدارەکان ویستوویانە بەزۆر ناوی جیاوازی وەك رەگەزپەرستی و هاوئاینی کورد بتاوێننەوە و تا ئێستا سەریان داوە لەبەرد.

## شوێنی جوگرافی کوردستان

کوردستان بڕبڕەی پشتی رۆژهەڵاتی ناوەراستە و بەشێکی فراوانی لە زنجیرە چیاکان پێکهاتووە کە لە دەریای رەشەوە تا نزیکی "قەفقاز" و تا کەنداوی فارس درێژ دەبێتەوە و لە بەشی خۆرئاواشی دەشتی بەپیت و فراوانی هەیە،لەم وڵاتەدا تەنیا کورد نیشتەجیٚ یە کە لەگەڵ کەمینەکانی ئاشوری و کلدانی  پێکەوە ٩ ملیۆن کەس دەبن ،ئازایەتی و وەفاداری بەشێکە لە رەوشتی دێرینەی ئەم گەلە هەروەها ئازادیخوازی و لێبوردنیش، گەلی کورد لە سەرەتاکانی مێژووەوە گەلێکی زیندوو بووە و جگە لە



داواکردنی مافی ژیانێکی سروشتی شتێکی دیکەی ناوێت ،گەلی کورد لە زۆر رووی وەك پێکهاتنی کۆمەڵایەتی و زمان و ئەدەبەوە جیاوازی هەیە و کوردستان یەکەیەکی ئابوری و نەتەوەیی دانەپچڕاوە، بەقەولی نیکیتینی فەرەنسی کوردستان بەشێکە لە ناوچەیەکی ئاسیایی ناوخۆ و دەتوانرێت کێوەکانی ئاراراتی بۆ بکرێتە سەرەتا کە لە رۆژهەلاتەوە زنجیرە چیای "بنتس" و لەوێوە سەرەو ژێر دەبێتەوە تا بە "سیواس" و "کرداخ"_قەڵای ئەسکەندەرونە و لوێشەوە بەرەو خۆرهەڵات بە درێژایی هێڵی سنوری سوریا_ تورکیا و کێوەکانی شەنگار لەخۆ دەگرێت و تا موسڵ دەڕوات، هەروەها زنجیرە چیاکانی "زیروس" دەگریچتە خۆ تا هێڵی بەغدا– کرماشان و لەوێوە تا دەریاچەی رەزائیە و بەدرێژایی هێڵی رۆژئاوای دەریاچەی ناوبراو تا ئارارات.

ئەم کوردستانە مەزنە تا جەنگی بەینەلمیلەلی لە نێوان هەردوو حکومەتی عوسمانی و ئێرانی دابەشکرابوو،دواتر لە ئاکامی پەیمان و رێکەوتنە نێودەوڵتییەکان و لە پای قازانجی دەوڵەتە ئیستعمارییەکان بەشی عوسمانییەکەی  جارێکی دی بۆ سیٚ بەشی دیکە دابەشکرایەوە، یەکێکیان لە تورکیا و ئەوی دیکە لە عێراق و دوا بەشیشیان کەوتە سوریا.

رەفتاری تورکان لەگەل کوردەکاندا بیٚنیهایەت وەحشیانە بووە و مەسەلەی دادگای ئیستقلال و تیرەبارانی ناودارانی کورد و قەتڵ و عامی کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە تورکیا بەناوبانگە و مێژوویەکی خویچناوی لە یاددا نەخشاندووە، زمانی کوردی بە پێی یاسا لە تورکیا قەدەغەیە بەڵام وێڕای سیاسەتی "تەتریك" ی تورکە فاشستەکان کوردان مەردانە بەرگری ئەو کارە ناهەموارە دەکەن و زمان و خوخدەی نەتەوایەتییان لە گوند و شارۆکەکان پاراستووە، بەڵام لە شارەکان دا لە سۆنگەی فشاری توند و

وەحشیانەی کارمەندە فاشیستەکان خەڵکی تەنها دەتوانن لە ماڵکانی خۆیان بە کوردی قسان بکەن.

لە سوریا پەروەردە و فێرکردن بە عەرەبییە تەنها ئەو کەسەی عەرەبی قسان دەکات لە گوندەکەی خۆی مامۆستایە بەڵام چالاکی چاپەمەنی و ئەدەبییاتی کوردی ئازادە و چەند گۆڤار و رۆژنامە لەوێ بەزمانی کوردی بڵاودەکرێتەوە ، لە عێراق قانونی ئەساسی ئاماژەی بە مافی کورد داوە ،لە هێندێك پارێزگاکانی باکور پەروەردە و فێرکردن بەزمانی کوردییە و چاپ و بڵاوکردنەوە بەو زمانە ئازادە ،بەڵام تێکڕای ئەمانە تا ئەو شوێنە بڕەکات کە لەگەڵ بەرژەوەندی و سیاسەتی دەوڵەت دا پێچەوانە نەبێت.

ئەمما لە ئێراندا– هەمان ئێرانەکەی ئێمە– قانونی ئەساسی و تێکڕای یاساکانی دی ناوی کوردیان نەهێناوە و شتێك لەبارەی هەر شێوەیەکی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە یاساکاندا ڕێی پێنەدراوە،بەم شێوەیە ڕەفتاری حکومەت و کارمەندانی کۆنەپەرستی دەوڵەتی سەرەڕۆی ئێران لە تورکە فاشیستەکان باشتر نەبووە،بەڵکو هەمان سیاسەتیان بەرامبەر ئەوان گرتۆتە بەر بە تایبەتی پاش چاوپێکەوتنی هەردوو دیکتاتۆرەکەی تورکیا و ئێران" پەهلەوی و مستەفا کەمال" دەوڵەتی ئێران لە هیچ ڕەفتارێکی نامەردانە دژی کورد نەپرینگاوەتەوە.

## مێژووی هاوبەشی کورد

شوێنەوارە کۆنەکانی ماون"سۆمەرییەکان" ئەوە دەسەلمێنن کە کورد گەلێکە پێش دوو هەزار ساڵ بەری زاین لە کوردستاندا نیشتەجێ بووە و جارجارە لەگەڵ هێزە دراوسێیەکانی وەك بابلییەکان و حیسییەکان و ئاشورییەکان چۆتە مەیدانی شەڕ و شۆڕەوە و هیچ کاتێك سەری بۆ هیچ یەك لە پەلاماردانانە شۆڕ نەکردووە و مایەی تەسلیم بوونیان نەبووە، کوردەکان لە شەڕی نەینەوا و بابل دا هاوکاری "سەروەیس" یان کرد و لە دەورانی



ئیمپراتۆرییەتی ئەخمینییەکاندا خاوەنی مافی تایبەت و سەربەخۆیی خۆیان بوون کە پاراستنی پەرستگا(ئاتەشگەدە) کانی زەردەشتی بوو کە پیرۆزترین شوێنی ئەو زەمانەبووە و لە بەرامبەر زەینەفۆنی یۆنانیشدا بەرگری سەختیان نواندووە،لەگەڵ سلوقییەکانیش دا وەك جەنگاوەر ئازا بەشداری شەڕ و شۆڕەکانیان کردووە و بە دانپیانانی مێژوونووسانی ئێرانی بنەچەی ساسانییەکان کە حوکمڕانییەتی تەواوی ئێرانیان کردووە کورد بووە،لە پەلامار و تالانی مەغۆلەکاندا کوردستانیش وێرانکراوە ، خودی سەلاحەددینی مەزن حەریفی ئازا و لێهاتووی پادشای ئینگلیستان (ریشارد قلب الاسد) کورد بووە کە زۆربەی عەشیرەتە کوردەکانی لە ژێر حوکمی خۆیدا کۆکردۆتەوە و یەکێتی بۆ کوردان پێکهێناوە و لەسەدەی سێزدەهەمدا کورد لەگەڵ تەتەرەکاندا چۆتە جەنگەوە و سەرکەوتنی بەدەست هێناوە،مێژووی نوی سەبارەت بە پەلاماردانی کوردستان تا زەمانی سوڵتان سەلیمی یەکەم شتێکی وای تێدا روونەداوە، سوڵتان سەلیم یەکەمین خەلیفەی عوسمانییە کەوتە کەڵکەڵەی سیاسەتی یەکێتی ئیسلامی و توانی سەرکەوتن بەسەر زۆر دەوڵەتانی ناوچەکە بەدەستبهێنێت.

پاش ئەم هاوکارییە بە پێی ڕێکەوتنامەیەك چەسپا کە میرە کوردەکان بەمەرجێك دان بە دەسەلاتی سوڵتانی عوسمانیدا دەنێن کە مافی میرنشینەکان و دەسەلاتیان لە نێوخۆی ناوچەکانیاندا بەشێوەی خودموختاری پارێزراو بێت و بە پێی ئەم ڕێکەوتنە کوردەکان لە جەنگی سوڵتانەکانی عوسمانیدا بەشداربوون و خزمەتی گەورەیان پێکردن ، لەتەواوی کوردستان دا حاڵ بەم چەشنە بووە ،تا کۆتایی جەنگی بەینولمیلەلی رابردوو کە ئیمپراتۆری عوسمانی هەڵوەشا و ڕەوشی جیهانی گۆڕانی بەسەردا هات و کوردستان جارێکی دی چووە قۆناغێکی نوێوە کە شایەنی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆیە.

### ئاواتی هاوبەش

کورد تەنها ئامانجێکی هەیە ئەویش وەدیهێنانی ئازادییە لەسەر بنچینەی دیموکراتییەکی راستەقینە.

ئەی جیهانی مرۆڤایەتی ئەوەیە گەلەکەمان و ئەوش پایە پتەوەکانی نەتەوایەتیمان ، ئێمە سەبارەت بە ئێران و بە پشت بەستن بە بەڵگە و نووسراوە مێژووییەکان و دانپیانانی ئاشکرای ئاغای مظفر فیروز جێگری سەرەك وەزیرانی وەخت و نوێنەری دەسەڵات پێدراوی حکومەتی ناوەندی کە لە پەیمانی ئازەربایجان و تاران دا بوون و مافەکانی ئێمەی دان پیاناوە مافی سروشتی خۆمان کە بریتییە لە دامەزراندنی حکومەتێکی خودموختاری دیموکراتی لە چوارچێوەی حکومەتێکی ناوەندی دیموکراتیدا هاوجووت لە گەڵ یاسای بنەڕەتی وڵاتدا داوا دەکەین و تا دواهەناسە لە رێگای داواکاری مافەکانماندا خەبات دەکەین و دڵنیاشین چونکە راستین سەرکەوتن هەر بۆ ئێمە دەبێت .

پێناو

بەشی کوردی گۆڤاری (رێگا) کە لە لایەن غەنی بلوریانەوە لە ژێر نازناوی ((تەیمور)) دا نووسراوە کە وەك خۆی بێ دەستکاری رای دەگوێزین:

### بەشی کوردی

### حربە دیکتاتۆری یا ارتش ایران

لەناو هەمو دەولەتاندا أرتش لە أرکان زۆر بە نرخی دەولەتە .أرتش بو حفظ حدود و ثغوری نیشتمان و پاراستنی لە تجاوزاتی بیگانە و بو امنیت و آسایش گشتی و پارێزگاری ناموس و حیثیاتی میللی تشکیل دەدری .



ارتش دەبی بەگویرەی قوانین و متراتیك بوی دانراوە ببزویتەوەو بەهیچ جۆرێ حقی دخالتی دە اموری دیکەی دەوڵەتدا نیە .پێویستە دەولەت أمر بکا بە ارتش کە ارتش تفەنگ هەلگری و شەو نیوەشەو چاوەدیری حدودی نیشتمان وامنیت بکات. بەڵام ارتشی بە اصطلاح لە میژینەی ایران کە اورو ((شاهنشاهیکی)) بە کلکەوە بەستراو بەپێچەوانەی هەمو ارتشیکی میللی جیهان دەبزویتەوە بێجگە لەوەی وە ظیفەییکی کە لە ئەستویەتی ابدا بە جیی ناگەیینی لەتەواوی اموری داخلی دەوڵەتدا دەخالت دەکا.لە قرونی رابردودا وە بە پێی تأریخی نظامیایران دەردەکەوێ کە ارتشی ایران هیچکاتیك ئەنجامی وظیفەی نەکردوە و قەت حدود و سنوری ایرانی لە تجاوزاتی بیگانە نەپاراستوە.

پەلاماری سوپای اسکندری مقدونی ،اعراب، مغول، بو نیشتمانەکەمان و چپاول و کوشت و کوشتاریان نیشان دەدا کە لە ایراندا ارتشیك نەبوە بتوانی لە بەرامبەر سوپای بیگانە راویستی وە بەربەرەکانی بکا و میللتی ایران لە شری متجاوزین بپاریزی.لە دەورەی بیست سالەی داش رضای قلدردا ارتش تەنیا ئەنجامی وظیفەیەکی نامەشروعی دەکرد و هیچی دیکە.ئەویش اوە بو سەرانی ارتش کە نزیکانی دربار بون و یا آشکراتر بلیین دلالیکی بی نرخی خوێڕی رضاشا بون ارتش ایرانیان کردبوە حربەییکی دیکتاتوری بو تامینی آرزو آیدالی شومی رضاشا لە داخلەی ایراندا وە کردبویانە گوپالیك بۆ پاراستنی مقامی سلطنت لە پەلاماری روشنفکران و آزادیخوازانی ایران.

شر و شوری عشایر و دانیشتوانی ایران دەگەل ارتشی رضاشا هەمو بو دفاع لەو جنایات و خراپکاریانە بوو کە بەدەستی دەستەو دایرەی ئەو دیکتاتورە لەناو میللەتی ایراندا دەکراو میللت وە تنگ دەهات و ناچار دەبون لە تاوانا مل لە ملی ارتش نین .سەرانی ارتشی رضاشا کە ایستاش لە

حالی حاضردا زمامی اموری نظامی ایرانیان بە دەستەوەیە عینی رویە دەکەن و هەمیشە لە ریگای نامەشروعەوە مدال و درجە وەردەگرن.

کاتیك برایانی ایرانی چە فارس و چە کورد چە آذربایجانیان قتل و عام دەکرد لەلایەن دارودەستەی رضاشاوە سوپاسیان دەکرا وە بە پاسی ئەو کوشت و کوشتارە تاج و ئەستیرەیان دەدرایە کەچی نە سوادیان هەبوو نە لیاقت بو نمونە ئەوا ناوی چەند نەفەر لەو افسرە بیسواد و نالایق و کونەپەرستانەی کە لە دەورەی رضاشا و لەم دەورەشدا دەست بەکارن دەبەین احمد قصاب، یزدان پناە، شابختی، هوشمند افشار، حسن ارفع، ضرابي، رزم ارا ...

رضاشای خائن و دکتاتور بە کەمەگی ئەو عناصرە خائینانەی کە هێندیکمان نیو بردن زمامی اموری ایرانی بە تەواوی لەدەست گرت و اشخاصی مخالفی خۆی یانی حقیقتگو .لایق. شرافتمند آزادیخوای وەکو داور .سردار اسعد بختیاری.دکتر آرانی "آزادیخوای مشهور" و عشقی شاعری میللی بە هر طرز بایە لەناو دەبردن هەر وەکو چەند پیاوە ناودار و شریفانە کە انتقادیان لە رژیمی دیکتاتوری و بزوتنەوەی ارتش دەکرد لە زنداندا وە گوللەی جینایتکارانی ارتش لە میدانی اعدامدا شهید دەکران .ارتشی ئیستای ایران کە بە ارتشی شاهنشاهی ناودەبری پاشماوەی رژیمی کونەپەرستی داش رضایە کە سرپرستی محمد رضای معلوم الحال ادراە دەکری.

ارتشی ایستای ایران جگە لەوەی بە قازانجی استعمارو اربابانی دولار بە فرمانی شای هەرزەو هیئتی حاکمە مرتجع و افسرانی خائن"بە استثنای افسرانی تازە پیگەیشتو تحصیل کرد و روشنفکر "دەبزونەوەو لەژیر سرپرستی مستشارانی امریکائیدا بە نوکی نیزە سەری میللەتی ایران بو امانجی استعماری انگلو امریك دادەنەوێنی. هەر ئەو شاو هیئتی حاکمەو



سرانی ارتشی خائنن کە استقلالی سیاسیو اجتماعیو اقتصادیو شئوناتی میللەتی ایرانیان لە پیناوی مصالحی استعمار ناوە و هەر بەهوی ئەوانەوەیە کە محصولات و قوتی لایموتی میللتی روت و رەجالی ایران رەوانەی انگلستان و امریکا دەکری و بمصرفی دانیشتوانی والستریت و کوشك نشینانی قەراخ چومی تایمەز دەکا.

نهضتی میللی کوردستان و آذربایجان کە لە نتیجەی فجایعی رضاشا و هیئتی حاکمە دەست پیکرا و میللتی کورد و آذربایجانی بە یارمەتی یەکتر تشکیلی حکومەتی تەواو میللیان دا و للایەن حکومەتی مرکزی و رئیسی دەولتی وەختەوە "قوام السلطنە " برسمی ناسرا و لە کونفرانسی تەوریزدا کە بەهۆی نوینەری اختیارداری حکومەتی مرکزی دەگەڵ نوینەری کوردستان و آذربایجان بەسترا مطابقی قانونی اساسی ایران حقوقی میللی و مشروعی ئەو دوو میللەتە تاریخیە ناسراو تصویب و تائیدکرا شاهیدیکی بارزە بۆ ادعای ئیمە.بەلام چونکە تشکیلی ئەو دوو حکومەتە میللیە ببوە چقلی چاوی دەولەتە استعماریەکانی انگلو امریك و مصالحی شومی وان پاش دەرکەوت دلالەکانی خویان لە ئیراندا یانی شا و قوام السلطنە و سرانی ارتش یان هانداوە بەهوی دولار لە گیانی ئیمەیان بەردان بەکریگیراوەکانی نیوبراویش پیمانی فیمابین بهیننە بەرچاو بو طماعی خویان دەستوریان دا بە ارتەش کە بە کوژاندنەوەی نهضتی دیموکراسی ئەو دوو میللتە بە اسلحەی امریکا مسلح بن و پەلامالری کوردستان و آذربایجانی دا وصحنی ئەو دوو وولاتەی شتلی خویناوکرد بە خوینی رەنگینی ئەو دوو میللەتە تاریخیانە رەنگاندیان و چاکریتی خویان لە بارەگای استعمار و خیانتی خویان بە میللتی ایران اثبات کرد.

هیزی هاشمی خائین لە آذربایجان و هی همایونی لە کوردستان و وحشیانە دەستیان بە کوشتوکوشتارو هەلاوەسین کرد لە آذربایجاندا هزاران

لاوی آزادیخوازی آذربایجانی و أرمنی و آسوریان کوشت و لە کوردستان ((پیشەوای کبیر مرحومی قاضی محمد))و چند نفر پیاوانی گەورەو ازادیخوازی وەکو صدری قاضی ، سیفی قاضی ،مازوچی ، ناظمی، نەغەدەیی، روشنفکر ،لە مهاباد علی خانی شیرزاد لە بوکان. احمد خانی فاروقی،حمە خانی فاروقی ،حمد بگی فیض الله بگی ،علی بگ، اغا صدیق، شجیعی، علی اغای جوانمردی،حسن خانی کانی نیاز لە سقز فدای چند دولاریك کران کە شاو هیئتی حاکمەو سرانی ارتش لە امریکاو انگلیس وەریان گرتبوو "٢٥" نفر لە افسرانی جوان و رشیدی آذربایجانی هر بەو حسابە تیرەباران کران.

ئەو فجایعەی کە ارتشی شاهنشاهی لە ڕێگای دولاردا مرتکبی بو لەبیر هیچ ئازادیخوازێکی شرافتمند ایرانی کوردو ازربایجانی یا فارس ناچیتەوە و تاریخی پر افتخاری ئەو دوو میللەتە قارەمانەش ئەو شهیدانە لە هەوەلین لاپەرەی خویناوی خویدا بە خطیکی درشت ثبت دەکا و نیوی شاو هیئتی حاکمەی بەکریگیراو و جنایتکارانی ارتش کە بو چند دولاریك هەمو شتیکی ایران و میللتی ایرانیان خستە ژیر پی هەمیشە بە لعنت ە تنفرەوە یاد دەکا تا روژی حساب.

میللتی ازادیخوازی کورد هەمو ناڕیکیو کردەوەییکی خراپی دەوڵەتی ایران لە شای دیکتاتور کە عنوانی (فرماندهی کلی نیروی / فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان – ل)ی هەیە وە لە سرانی ارتش دەزانی چونکو ارتش و فەرماندەی کلی قوا مداخلەی نامشروع لە تەواوی اموری وزارتخانەکان اداراتی کشوەریدا دەکەن بە بی چاوەدیری قانون وە هەمو ایش و کاریك لە ژیر چاودیری نظامیدایە وە بی تفاوت وەك ڕژێمی فاشیستی ژاپونی میکادو لەگەڵ میللەتی ایران ڕەفتاردەکەن میللتیش لەگەڵ



ئەم ڕژێمە فاشیستیە بەتەواوی هیزی خوی مبارزە دەکا تا اخرین آثاری پیسیان لەسەر صفحەی ایران پاك دەکاتەوە.

**تیمور**

هەر لە دوا لاپەڕەی بەشی کوردی گۆڤاری (ڕێگا) دا بانگەوازێك و هەواڵێکی وەختی شاری مەهابادی تێدا نووسراوە:

"ای برایانی آزدیخوا

ای جوانان و روشنفکران آزادمەردان ئەم مجلە هی ایوە و بو ایوەیە.جا لە بڵاوکردنەوەی دریغ مەکەن و بیگەیەنن بە برایانی هاوفکر و خویندەواری خۆتان چە کورد چە آذربایجانی چە فارس و بو برایانی نەخویندەواریشی بخویننەوە و حالیان بکەن چونکو بڵاوبونەوەی ئەو مجەلەیە بڵاو افکار انگۆیە.وە لە ناردنی اخبار و نظریاتی خۆتاندا مەوەستن.هیوادارین بەم زوانە بە یاریدەدانی برایانی هاوفکر و مرام بتوانین ئەم مجلەیە جوانتر چاپ و تهیە بکەین.

**دەنگ و باس**

لە مەهاباد شێرو خورشید لە طرف تیپەوە داگیرکراوە اشخاص وابستە بە تیپ نەبی کەس قبول ناکا شعبەییك بو اهالی کراوەتەوە ئەویش تەنیا بو چاونوساندنە، لە سەرتاسەری کوردستان لە دیهات دکتورو دەرمان وجودی نییە. لە بۆکان. سقز. بانە. سردشت. شنو. نغدە وضعی معارف و روناکی نظافتی شار گەلی خراپە. لەجیاتی هەمو اصلاحاتی تەشقەلەو پول ساندنی مأموران لە گۆڕێدایە".

شایەنی باسە لە خوارەوەی دوا لاپەڕە نووسراوە"نرخی مجلە لە هەمو جێگاییك بۆ هەمو کەس دانەی تمەنێکە".

بەم چەشنە دەردەکەوێت کە ((رێکا)) زمانحاڵی زیندووکەرەوانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە و گەر بە وردیش بیخوێنینەوە دەبینین کە هەمان رێبازی پێشووی سەرەتای دامەزراندنی حیزبە لە ساڵی ١٩٤٥دا ،ئەویش بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردە بە شێوەی خودموختاری لەسەر خاکی کوردستانی ئێران و لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتدا و هەوڵدانە بۆ کۆتایی پێهێنان بە ستەمی نەتەوایەتی و ئابوری و کۆمەڵایەتی کە لەلایەن رژێمی شاهەنشاهیی پەهلەوی و بەهۆی دەزگا بیرۆکراتییە بەڕێوەبەرایەتییەکانی ناوەند و ئەرتەشەوە بەسەر خەڵکی کۆمەڵانی کوردستانی ئێراندا سەپاوە.

ئەو هەیە کە رێبازی زیندووکەرەوانی حیزبی دیموکرات و وتارەکانی (رێگا) ئاوازێکی چەپی تیچدا بەرگوێ دەکەوێت

ئەویش بۆ رۆڵی سەلبی ئەمەریکا لە روخاندنی کۆمار و نەهامەتییەکانی خەڵکی کوردستان و قۆناغە مێژووییە نوێیەکەی دوای جەنگی دووەمی جیهانی و مەوقعییەتی هێزە سسیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران لە توندوتیژ بوونی ملکلانێ و پێشبڕکێی نیچوان هەردوو جەمسەرەکەی جەنگی سارد دا دەگەڕێتەوە.بەجۆرێکی ئەوتۆ شاهەنشا و دەربار و هیئتی حاکمەی ئێران هەرەمێکی سیاسی وکۆمەڵایەتی ئەوتۆیان پێکدێنا کە جەمسەرەکانی ئەرتەش و چینی کلاسیکی دەرەبەگ و بۆرجوای لاوازی کۆمپرادۆر بوون،ئەوانەی نەیاندەتوانی بێ پاڵپشتی زلهێزێکی بێگانەی وەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرامبەر ناڕەزایەتی گەلانی ئێران و خەباتی بۆرجوای میللی و رێکخراوە چەپەکان و بزوتنەوەی



کرێکاری و جوتیاران و تێکۆشانی ئازادیخوازانەی نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئێران خۆڕاگرێت .هەربۆیە شاهەنشا و دەربار ،بەمەبەستی چەسپاندنی دەسەڵاتی ناوخۆ و بەهێزکردنی ئامرازی مانەوەیان کە لەشکرە، ئامادەبوون بەهەموو چەشنێك لەگەڵ ئەمەریکادا بچنە بازاڕی سازشەوە.ئەو ئەمەریکایەی بەناوی بەرگری لە هوروژمی کۆمۆنیزم و لەپێناو بەرژەوەندییە ستراتتیژی و ئابوری و سەربازییەکانی لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا بە توندی دژی جولانەوەی ئازادیخوازی و نیشتمانی و دیموکراتی گەلانی ئێران دەوەستایەوە و ببوە پاڵپشتێکی گەورە و پلە یەکی رژێمی شاهەنشاهیی ئێرانی و رێگای گەڕانەوەی شێوازی حوکمێکی شاهەنشاهیی ستەمکارو رەها و دیکتاتۆری میللیتاریستی بۆ ئێران تەخت کرد.

دیارە روداوی هەوڵە شکستخواردۆکەی تیرۆرکردنی محەمەد رەزاشا لە لایەن ئەندامێکی رێکخراوی (فیدائیانی ئیسلام)ەوە [1] بەناوی (ناصر فخرأرائی ) بیانوویەکی باشی دایە شاهەنشا و دەربار ،پەلامارێکی سەرتاسەری بۆ سەر ئازادیخوازانی ئێرانی و دوژمنانی رژێمی پەهلەوی

[1] فدائیانی ئیسلام، ڕێکخراوێکی ئاینی توندڕەو بوو لەساڵی ١٩٤٦ لەلایەن خوێندکارێکی ئاینی لاوەوە بەناوی (مجتبی نواب صفوی) دامەزرێنرا. ئەم ڕێکخراوە کە دامەزرێنەرەکەی کاریگەرییەکی زۆری دیدو بۆچوونەکانی (جمال الدین أفغانی) بەسەرەوە بوو، بەتوندی دژی نفوزی ئینگلیزو ئەو عەلمانییەتەی ڕەزاشا بەردی بناغەکەی لە ئێران دانابوو تێدەکۆشان، هەربۆیە لەم قۆناغەدا بەسەر سەختترین گروپی مەزهەبی دەژمێردرێن. لەڕووی سیاسیەوە فیدائیانی ئیسلام ئەندێشەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامییان لەسەردابوو، داوایان لە شا دەکرد کە پەیڕەوی حوکمی شەریعەتی ئیسلام بێت، هەروەها دابین کردنی مافی لێقەوماوان و دەستکورتان و دابەشکردنی قازانجی زەوییە کشتوکاڵییەکانی دەوڵەتیو دابینکردنی لەشساغی خەڵك لە بەرنامە کۆمەڵایەتییەکانیان بوو، ئەم ڕێکخراوە لەساڵی ١٩٥٥دا بەگرتنی ڕێبەران و لەسێدارەدانی دامەزرێنەرەکەی لە کانونی دووەمی ١٩٥٦دا کۆتایهات. بڕوانە:
جمعی از نویسندگان، سلسله پهلویو نیروهای مذهبی به روایت تأریخ کمبریج، ترجمه عباس مخبر، چاپ دوم، تهران، ١٣٧٢، ص٢٩٥-٢٩٧.

دەست پێبکات، کە بە پاشکشەیەکی خێرا وکاتی هێزە نارازییەکان کۆتایی هات.

سەبارەت بە کوردستانیش ،جموجۆڵی زیندووکەرەوانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بڵاوکردنەوەی (رێگا) دەزگا جاسوسییەکانی رژێمی پەهلەوی هۆشیار کردەوە،ئەوانەی لەبەر گرنگی شوێنی سەربازی و سنوری کوردستانی ئێران بە گورجی کەوتنە پیلان داڕشتن بۆ گورز وەشاندن لە ئازادیخوازنی کورد و هەنگاونان بۆ میللیتارێزەکردنی ئەو هەرێمە .هەر بۆیە پەروەندەی کۆنە دیموکراتەکانی کوردیان هێناوە بەردەست و کەوتنە رەشبگیر.هەڵمەتێکی وا کە زیاتر لە لە ٣٠٠ کەسیان لە ناوچەکانی مەهاباد ،میاندوئاو ، بۆکان راپێچی بەردەم دادگا سەربازییەکان کرد، لەوانە بەشێکیان لە هەڵسوڕاوانی دژ بە رژێم و زیندووکەرەوانی حیزبی دیموکرات بوون وەك :غەنی بلوریان ، عەزیز یوسفی ، قادری یوسفی ،سەدیقی خاتەمی، جەعفەری کەریمی ، سەید عەبدوڵڵای ئەیوبیان و چەندی دی کە بە گوترە حوکمی جیاجیایان بەسەردا سەپێنرا و رەوانەی زیندانە تاریکەکانی رژێم کران[1].مەسەلەیەکی وا گە گورزێکی دیکەی وەشاندە جوڵانەوەی ئازادیخوازانەی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا ،بە جۆرێك پێش ئەوەی بکەوێتەوە سەر پێ و بەرەو بزوتنەوەیەکی جەماوەری هەنگاو بنێت بە توندی لێدراو هەڵسوڕوانی لە کونجی زیندانەکان توند کران *.

[1] بلوریان ، سەرچاوەی ناوبراو ،ل ٩٦–٩٨.

*ئەم بابەتە لە گۆڤاری : مەتین ، ژمارە ١٢٣، نیسان ٢٠٠٢ بڵاوکراوەتەوە .



## سەرنجێك لە ( کۆمەڵەی رزگاری کوردستان ١٩٦٣-١٩٦٤ )[1]

(کۆمەڵەی رزگاری کوردستان)، ناوو بیرۆکەی رێکخراوەیەکی سیاسیی کوردستانی سەربەخۆخوازی دیموکراتیە، لەلایەن ژمارەیەك لەکۆنە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کەبریتی بوون لە: محەمەدی ئیلخانی زادە، مەلا عومەری نگڵی، سەید جەمیلی مەردۆخ و مەلا رەحمان ناسراو بە (ئاوارە)، بەرێبەبەرایەتی سەلاحودینی موهتەدی، لەگەرمەی شۆڕشی ئەیلول و لەسەرەتای توندوتیژبوونی ناکۆکییەکانی نێوان مەلا مستەفای بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی، لەکوردستانی باشوور دامەزرا.

بیرۆکەی ئەم کۆمەڵەیە کە لەکۆتایی پووشپەڕی ١٣٦٢ی هەتاوی/١٩٦٣ز پێکهات و نزیکەی ساڵێك تەمەنی کرد، لەگوندی پیرەکەپرەی ناوچەی بارزان چەکەرەی کرد، جگە لەدامەزرێنەرانی، هەژاری شاعیرو مەلا رەشیدی دەستە راستی ئەحمەد تۆفیقی رابەری حیزبی دیموکراتیش لەدامەزراندنیدا ئامادەبوون، بێ ئەوەی قبوڵی ئەندامەتی ئەو کۆمەڵەیە بکەن [2].

شایەنی باسە، کاك سەلاحودینی موهتەدی کەڕابەری کۆمەڵە بووە، تائێستا زۆر کەم لەبارەی ئەو کۆمەڵەیە، هەلومەرجی دامەزراندن، ئامانج، پەیوەندییەکانی لەگەڵ بارزانی و مەکتەب سیاسی، هۆکارەکانی دیکەی دامەزراندن و لەناوچوونی دواوە، کەدەگونجێ ناکامی کاری ئەو کۆمەڵەیە و نەمانەوەی کاك سەلاحوددین لەمەیدان و گەڕانەوەی لەباشووری کوردستانەوە بۆ ئێرانی شاهەنشاهیی پاش ساڵێك لەهاتنی لەخەزەڵوەری ١٣٤٣ هەتاوی/١٩٦٤ زایینی بەشێکی بێت. ئەمەش رێگای خۆشکردووە

[1] - ئەم بابەتە لە : مادێنە ، نیو مانگییەکی سیاسیی رۆشنبیریی گشتییە گرنگی بە کاروباری پێشمەرگە دێرینەکان دەدات، ژمارە ٢، ١٥ی حوزەیرانی ٢٠٠٦. دا بڵاوکراوەتەوە .

[2] – چاوپێکەوتن لەگەڵ سەید جەمیل مەردۆخ، سلێمانی، ٢ /٤ /٢٠٠٦.

تاهەر کەس بەشێوەیەك قسە لەو کۆمەڵەیە بکات‌وبێ بەڵگە تۆمەتی دەستەبەندی‌و ئاژاوەگێڕی‌و تەنانەت ساواکی بوونیش بخرێتە پاڵی.

(خدر مەرەسەنە) سەبارەت بەکۆمەڵەی رزگاری کوردستان نووسیویە ((دروست بوونی کۆمەڵەی رزگاری لەلایەن سەلاحی موهتەدی... کە لەبن باڵی حزبی دیموکرات قووت ببوونەوەو دژی حزبی دیموکرات کەوتنە جموجۆڵ‌و بەنێوی موخالیفە لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق ئەوەی شتی خراپ بوو دەرهەق بەحزبی دیموکراتیان کرد... چونکە کۆمەڵەی رزگاری ئەوکات لەباری سیاسییەوە بەقازانجی کورد پێك نەهاتبوو، بەڵکو بۆ ناکۆکی‌و دووبەرەکایەتی سازکرابووو رەنگی سیاسی لێدرابوو، ئەوکۆمەڵەیە زیاتر لەنفووزی دەرەبەگەکان‌و... کەسانی سەر رژێم‌و ساواك دژ بەحزبی دیموکرات‌و میللەتی کورد کەڵکیان وەردەگرت.. مامۆستا زەبیحی لەم بارەوە نەخشی خراپەی هەبوو.. مامۆستا برایم ئەحمەدو مام جەلال[1] دەوری باشیان نەبوو، لەو پەیوەندییەدا پشتیوانیان لەکۆمەڵەی بەناو رزگاری دەکرد.)) [2].

موهتەدی لەدیمانەیەکدا، کەلەسایتی ئینتەرنێتی (دیمانە) لەگەڵی کراوە، سەبارەت بەکۆمەڵەی رزگاری زۆر بەکورتی دواوەو دەڵێت: ((بەدوای هاتنە دەرم لەحزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی رزگاری کوردستانمان

---

[1] - سەعید کاوە لە بیرەوەرییەکانیدا بەراشکاوی باس لەوە دەکات کە مام جەلال لە قەڵادزێ بینونی و داوای لێکردوون لەگەڵ سەلاحوددینی موهتەدی دانیشن‌و پێکەوە کاربکەن‌و پاشتر لە بارەگای خەبات داوەتی (سەرو پێی) کردوون. سەعید دەڵێت هەژاریش ئاگای لەو مەسەلەیە بووەو پێمان‌وابووە بۆ ئەحمەد تۆفیقی دەگێڕێتەوە، هەروەها دەڵێت: جاروبار لەگەڵ کاك حوسێنی مەدەنی بە پێکەنین پێك مان دەگوت: زەحمەتە ئەو سەرو پێیەمان پێ بکەوێ" بڕوانە: سەعید کاوە، ئاوڕێك لە بەسەرهاتەکانی خۆم‌و رووداوەکانی نێو حیزبی دیوکراتی کوردستانی ئێران، چاپی یەکەم، ١٩٩٦، ل ٨٢-٨٣.

[2] - خدر مەرەسەنە، ئاوێنەی راستییەکان، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٥٤-٥٥.



لە ١٩٦٣-٦٤ لەگەڵ کۆمەڵێك رەفیق پێك هێنا، ئەویش بۆ ماوەیەك کارو چالاکی خۆی درێژە پێدا، بەڵام هەلومەرجی نێو کوردستانی عیراق کەئێمە ئەوکاتە ببیوین بەپێشمەرگەو چووبوینە نێو کوردستانی عێراق، ماوەی نەدا درێژە بەخەباتی ئەم حیزبەش بدەین، نەمان دەتوانی خۆیشمان ئاشکرا بکەین‌و هەر بەنهێنی کاری سیاسیمان دەکرد. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کەئەو حیزبە لەسەر بناغەیەکی کوردستانی بوون‌و بیری نەتەوەیی دامەزرابوو.)) [1].

دیارە نکوڵی لەنەتەوەیەیی بوونی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی رزگاری کە موهتەدی بە (حیزب) ناوی دەبا، ناکرێت، ئەوانەی کە هەر لەسەرەتاوە دۆست‌و هاوبیری دامەزرێنەران‌و هەڵسوڕێنەرانی (کاژیك/ کۆمەڵەی ئازادی‌و ژیانەوەو یەکسانی کورد) بوون لە باشووری کوردستان‌و دەیانویست هەمان رۆڵی کاژیك لە جوڵانەوەی کوردستانی رۆژهەڵاتدا ببینن، واتە قوڵکردنەوەو پاراستنی باڵی نەتەوەیی کوردستانیی لەنێو حیزبی دیموکراتی ئێران دا لەبەرامبەر باڵی چەپی تودەکرات‌و دۆگما و ئەنتی ناسیۆنالیستی حیزبدا، بەتایبەتی پاش هاتنی ژمارەیەکی زۆر لەو کوردە راکردووە پەنابەرانەی لە ساڵێ ١٩٦٣ دا لەژێر فشاری رژێمی ئێراندا هاتبوونە ناوچە ئازادکراوەکانی باشووری کوردستان وەك: حەسەنی رستگار، حوسێنی مەدەنی، حەمەدەمینی سیراجی.. هتد ئەوانەی ئەوکات ووشکە مارکسیست‌و کۆسمۆپۆلیتست‌و ئێرانچی تۆخ بوون‌و هەر زوو لەنێو حیزبی دیموکراتدا کەوتنە دەستەبەندی‌و بۆ گرتنە دەستی جڵەوی سەرکردایەتی حیزب‌و دەرپەڕاندنی رابەری حیزب کە ئەحمەد تۆفیق بوو، کەوتنە کار، دیارە سولەیمانی موعەینی‌و قادر شەریفیش کەماویست بوون، ئەو دەرفەتەیان

---

[1] – دیمانەیەك لەگەڵ سەلاح موهتەدیدا، سازدانی: مەجید ئەحمەدی، ٢٤ /٦ /٢٠٠٣، بڕوانە: http.www.Dimane.com .

قۆزتەوەو کەوتنە تێکۆشان بۆ گێڕانەوەی حیزبی دیموکرات بەلای چەپگەراییی و دوورکەوتنەوە لەڕێبازی کوردایەتیی و نەتەوایەتیی ، دیارە هاتنی سەدیقی ئەنجیری ئازەریش پێش کۆنگرەی دوو، هێندەی تر ململانێکەی ئاڵۆزتر کردو سەنگی کۆمۆنیستەکانی نێو حیزبی قورستر کرد.

ئامادەبوونی هەژار لەکۆبوونەوەی دامەزراندنی کۆمەڵەدا بۆ زامن کردنی پشتگیری مەلا مستەفا بوو، بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارە ئەوەیە کەبۆ دەبێت ئەحمەد تۆفیق لەو بارەیەوە لێی نەگەڕێتەوەو پشتگوێ بخرێت، ئەو ئەحمەدەی کەنەك هەر کەسێکی کوردستانی و نەتەوەییەکی دژ بەتودەکراتەکان بوو، بەڵکو رۆڵی یەکەمی هەبوو لەپێك گەیاندنی مەلا مستەفاو دامەزرێنەرانی کاژیکی وەك شێخ محەمەدی هەرسین و حەمەی عەزیز [1] ، هەر بۆیە ئەحمەد لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵەو جموجۆڵیان کەوتە گومانەوە، پاش ئەوەی هەواڵی دامەزراندنەکەی لەڕێگای مەلا سەید رەشیدەوە پێ گەیشتەوە، پێشتریش هەستی بەمقۆمقۆی نێوان هەژارو سەلاحوددینی موهتەدی کردبوو، چەند جارێکیش لەلایەن مەلا مستەفاوە ئاگادار کرابووەوە کەکارێکی بەسەلاحوددینەوە نەبێت، چونکە مەلا مستەفا بەحوکمی پەیوەندی لەگەڵ بنەماڵەی رەحمەت ئاغاو قاسم ئاغای ئیلخانی زادە رێزێکی تایبەتی بۆ سەلاحوددین هەبوو، ئەحمەد کەتێکڕای مەسەلەکەی وەك دەستەبەندیو هەڕەشە لەسەر حیزب و مەوقعیەتی خۆی دادەنا، لەبەر مەلا مستەفا کارێکی لەدەست نەدەهات، بێگومان لەو رووەوە هەژاری بەتاوانبار دەزانین، هەر بۆیە ماوەیەك لەگەڵی تێکداو بەچاوی دۆست سەیری نەدەکرد.

شایەنی باسە، بەدرێژایی چەند جارێك دانیشتن و گفتوگۆ لەگەڵ کاك سەلاحوددین سەبارەت بەڕووداوەکانی ئەو قۆناغە مێژووییە، هیچ کات

---

[1] - چاوپێکەوتن لەگەڵ کاك حەمەی عەزیز، سلێمانی، ٢١ /٤ /٢٠٠٦.



بەدرێژیی لێم نەبیستووە جەنابی دەربارەی ناکۆکیەکانی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق و هۆکاری دەرچوونە دەری لەحیزبی دیموکراتی کوردستان و راگەیاندنی کۆمەڵە شتێکی ئەوتۆی باسکردبێت، ئایا مەسەلەکە تەنیا ناکۆکیەکانی شەخسی و خولیای رێبەرایەتی بووە؟ بەتایبەتی بەشێك لەو لاوانەی کەلەو دەمەدا لەئێرانەوە هاتبوونە نێو حیزبی دیموکرات، خوێندکاری زانکۆ بوون و خۆیان لەئەحمەد تۆفیق بەموستەحەق دەزانی بۆ رێبەرایەتی، ئەوەشیان نەدەشاردەوەو دەیانگووت: ئێمە چۆن قبوڵی دەکەین کوڕە قەسابێك رابەرمان بێت؟، یان هاندەری دەرەکی دەستی لەمەسەلەکەدا بووە؟ بەتایبەتی کەئەحمەد تۆفیق نەیاری زۆربوون و جگە لەمەلا مستەفا، هەموو پردێکی پشت سەری خۆی رووخاندبوون. لەم رووەوە پێویستە بگوترێت کەمەکتەبی سیاسی پارتی ئەحمەد تۆفیقیان بەدوژمنی سەرسەختی خۆیان دەزانی، دەستی ساواکیش لەناوچەکە دوور نەبوو، بەتایبەت( سروان موجتهدی/عیسی پەژمان ) کە لەنزیك بارەگای مەکتەبی سیاسی خێوەتی هەڵدابووو هەمیشە سەرقاڵ بوو.

لەلێکۆڵینەوەیەکی ساواکدا لەگەڵ کاك سەلاحوددین، کە لەڕووی مێژووییەوە ناکرێت زۆر پشتی پێ ببەسترێت، لەسەر زاری ناوبراوەوە هاتووە ((لەکوردستانی عیراق تاقمێك ئێرانی نیشتەجێن کە لەسایەی رێبەرایەتی ئەحمەد تۆفیق کەناوی راستەقینەی سەید عەبدولڵای ئیسحاقییە خەریکی کارو چالاکین ئەم تاقمە بەپێچەوانەی باقی دیکەی خەڵکی دیکەی عیراق مەبەستیان زیان گەیاندنە بەخاك و ئاوو یەکێتی زەوی و یەکگرتوویی سیاسی وولاتی شاهەنشاهی ئێران من هەر لەسەرەتای چوونم بۆ ئەوێ هەستم کرد کەئەو کارە خیانەتە لەخاکی وولاتی شاهەنشاهی و هەروەها لەتێکڕای کوردیش و بڕوام وابوو کەکوردە ئێرانییەکانی دانیشتووی عیراق

پێویسته تەواوی کاتو توانایان بەدژی دەوڵەتی عیراق تێ بکۆشن کە بەداخەوە لەو رۆژانەداو لەساڵەکانی ٤١و٤٢ (٦٢-٦٣ی زایینی-نووسەر) مەلا مستەفای بارزانی ئەویش پشتیوانی لەبیروڕاو کردەوەکانی ئەحمەد تۆفیق دەکردو فەرمانی بۆ ئاژاوەگێڕی لەنێو خۆی خاکی ئێراندا دەردەکرد. ئەوجیاوازی بیروباوەڕەو رەوشەکە بووە هۆکاری ناکۆکی نێوان منو ئەحمەد تۆفیقو لەئەنجامیشدا منو مەلا مستەفا، ساڵێکی تەواو کە بەدوامەوە بوونو تاوانبار کرابووم بەوەی لەلایەن ساواکی ئێرانەوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکێك نێردراوومو لەکۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا بەیاننامەیەکی رەسمی دژی من بڵاوکردۆتەوە)) [1].

لەڕاستیدا لەبەیاننامەیەکی حیزبی دیموکراتدا ناوی سەلاحوددینی موهتەدی وەك کەسێکی ((ناکامو تازەکار کەهێشتا دەمی بۆنی شیری لێدێ)) هاتووەو ئەوەی خراوەتە پاڵ کەپارەی بێگانەی لەڕێگای ئیبراهیم ئەحمەدەوە بەناوی کۆمەکەوە!! وەرگرتووە بەئەنجامی دەستەبەندیو تێکدانی ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان. [2]

شایەنی باسە کۆمەڵەی رزگاری کوردستان لەهەلومەرجێکی هێند سەختدا دامەزرا، کەهەر لەسەرەتاوە بەختێکی ئەوتۆی نەبوو بۆ لەسەر پێ راوەستانو گەشەکردن، رەوتی رووداوەکانیش تادەهات بەدژی کۆمەڵەو دامەزرێنەرانی ئاڕاستە دەبوو، بەتایبەتی تووندوتیژ بوونی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی پارتیو تەقینەوەی ئەو ناکۆکیانە لەکۆتایی مانگی

---

[1]- نقش رهبران دست پرورده اریامهر درکردستان. گروهی از دانشجویان مسلمان طوالش، تابستان ١٣٥٩ ه.ش، ص١٠٣.

[2]- اعلامیه حزب دمکرات کردستان، کنار گرفتنو سرگردانی چند تن از ناجوانمردان خود خواه بنام (کمیته ساخ کەرەوە)، در: چپ در ایران بەروایت اسناد ساواك. حزب دموکرات کردستان، جلد رول، تهران، ١٣٧٨، ضمیمه شماره یكو دو.



پووشپەڕی ١٩٦٤و سەرکەوتنی مەلا مستەفای بارزانی بەسەر مەکتەبی سیاسیدا.

ئەو رەوشەی کوردستان، دەرفەتی ژیانو کارکردنی کۆمەڵەی رزگاری کوردستانی بەتەواوی نەهێشت، چونکە مەلا مستەفا کەسێکی دیکەی لەئەحمەد تۆفیق دڵسۆزتر بۆ خۆیو بۆ شۆڕش چنگ نەدەکەوت، هەر بۆیە ئامادە نەبوو هیچ کات لەبەرامبەر نەیارەشەخسیو فیکریو حیزبییەکانیدا پشتی ئەحمەد بەردا، دیارە دەرچوونی سەلاحوددینی موهتەدیو لایەنگرانی لەحیزبی دیموکراتی کوردستانو دۆستایەتی ناوبراو لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەدو تاقمی مەکتەب سیاسیو هاتوچۆی نێوانیان لەلایەن بارزانییەوە بەساکاری سەیر نەدەکرا، مەسەلەیەکی وا کەڕۆڵی لەکۆتایی هاتنی کۆمەڵەی رزگاری کوردستاندا هەبوو.

کاك سەلاحوددینی موهتەدیو محەمەدی ئامۆزای لەپاش ئەو رووداوانەی هاوینی ساڵی ١٩٦٤ لەکوردستانی باشوور نەمانەوە، ئەوان پاش ماوەیەکی کەم دانیشتن لەناوچەی پشدەرو گەڕانەوە بۆ ئێرانو کاك سەلاحوددین گەڕاوە بەر خوێندنەکەی لەتاران، هەرچی مەلا جەمیلو مەلا رەحمانو مەلا عومەریشە لەلایەن ئەحمەد تۆفیقەوە بۆ لێکۆڵینەوە دەست بەسەرکران لەزیندانی حیزبی دیموکرات لەگوندی (سوڵتانەدێ)ی نزیك سەنگەسەرو پاش سێ مانگ ئازاد کران، ئەوانەی لەوە بەدوا دانیشتنو لەکاری سیاسی دوورکەوتنەوەوە، جگە لەمەلا عومەر کەگەڕاوە ئێران [1].

لەکۆمەڵەی رزگاری کوردستانیش جگە لەپرۆگرامێکی پازدە ماددەیی شتێکی دیکەمان بۆ نەماوەتەوە، وەك لای خوارەوە هاتووە:

"پرۆگرامی کۆمەڵەی رزگاری کوردستان"

---

[1]- هەمان چاوپێکەوتنی سەید جەمیل مەردوخ.

بەناوی خوا

مادەی یەکەم

ناوی حیزب (کۆمەڵەی رزگاری کوردستان)ە

مادەی دووەم

ئەم کۆمەڵە پێکهاتووە لەوکەسانەی کە لەڕەگەزی کوردن وەیا دانیشتووی کوردستانن و باوەڕیان بەپڕۆگرامی ئەم کۆمەڵەیە هەیە.

مادەی سێیەم

کۆمەڵەی رزگاری کوردستان باوەڕی هەیە کەکورد یەك نەتەوەیەو لەنیشتیمانێکی لێك دانەپچڕاودا ئەژی کەکوردستانەو (ئیعتیراف ناکا) بەم سنوورانەی کەبێگانە دایناوە.

مادەی چوارەم

کۆمەڵە خەبات دەکات بۆ بەدەست هێنانی مافی ئازادی و سەربەخۆیی گەلی کورد لەکوردستاندا.

مادەی پێنجەم

خەباتی ئێمە خەباتێکی (نەتەوەیی گشتی و قەومی و جەماهیرییە) شۆڕشگێڕانەیە لەسەر بناغەی باوەڕی کوردایەتییەوە بەڕێگای دیموکراتیدا ئەڕوات.

مادەی شەشەم

کۆمەڵە بەهەموو توانایەکەوە تێدەکۆشێ بۆ کۆکردنەوەو رێکخستنی هەموو چینەکانی گەلی کورد لەناو رێکخراوەیەکی سیاسی و (ناسیۆنالیستی) بۆ پێشڕەوی ئەو خەباتە کەمادەی پێنج رای ئەگەیەنێ.

مادەی حەوتەم

کۆمەڵە پشتیوانی ئەکا لەهەر ئیمتیازێکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی کەهەر بەشێك لەبەشەکانی گەلی کورد لەناو سنووری ئێستادا بەدەستی دێنێ



وەدەعوەتی ئەو حکومەتانە دەکا کەدەسەڵاتیان هەیە بەسەر کوردستان بۆ ئەوەی رێگایەکی هێمنی و ئاشتی خوازانە ددان بێنێ بەومافانەدا.

مادەی هەشتەم

ئەم کۆمەڵە لەزروف و شرایتی ئەمڕۆی میللەتی کورددا بەگوێرەی ناوچەکان و دەستووری پرۆگرام بۆ ئەم مەبەستانە تێدەکۆشێت:

١-زیندوو کردنەوەی زمانی کوردی کەزمانی نەتەوەیی گەلی کوردە لەکوردستاندا.

٢-دامەزراندنی فێرگەو قوتابخانەی کوردی.

٣-پەرەپێدانی ئەدەب و زانیاری نەتەوایەتی لەڕێگای دەرکردن و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەو گۆڤارو هەموو شوێنەوارێکی نووسەرانی کۆن و نوێی گەلی کورد.

٤-رێزگرتن و رواجپێدانی تەقالیدی نەتەوایەتی و پاراستنی سوننەتی میللی لەجل وبەرگی کوردییەوە هەتا جەژن و بیرەوەری نەتەوایەتییەکان.

٥-بەشدارکردنی جوتیار لەئاوو زەوی پێویست و پاراستنیان لەهەر چەشنە زوڵم وزۆرێك لەگەڵ بۆڵەی عادیلانە بۆ خاوەن زەوییەکانی پێشوو.

٦-بەشدارکردنی کرێکاران لەمافی قانونی و عادیلانەی کار لەگەڵ مافی پێکەوەنانی سەندیکا (نەقابە)و مافی شەریك بوون لەمەجلیسی بەڕێوەبەری کاردا.

٧-بەربەست کردنی زوڵم وزۆر لەناو هەموو چینەکانی گەلی کورددا و بەشدار کردنی هەر فەردێك لەمافە ئینسانییەکانی.

٨-لابردنی ئەو دووبەرەکی و براکوژییە کەداگیرکەرانی کوردستان خستوویانەتە بەینی عەشیرەتەکان و هەموو چینەکانی گەلی کورد بۆ بەربەرەکانی کردنی بیروڕای نەتەوایەتی و دامەزراندنی بناغەی بەهێزی برایەتی لەناو هەموو ئەفرادی گەلی کورددا.

٩-تێکۆشان بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بەهۆی کارگەو کێشانی ڕێگاو پەرەپێدانی پیشەسازیو زیادکردنی دەرهاتی نەتەوایەتی (عەوائیدی ملی).

**مادەی نۆیەم**

کۆمەڵە بۆ ژیانی ئابووری گەلی کوردو دامەزراندنی بناغەیەکی ئیقتیصادی بەهێزو پێشکەوتوانە بۆ کوردستان کەڵك وەردەگرێ لەتەجاروبی عیلمیو عەمەلی میللەتانی تازە پێگەیشتوو لەم بارەوە بەهەڵسەنگاندنیان لەگەڵ زروفو واقعیاتی کوردستاندا.

**مادەی دەیەم**

کۆمەڵەی رزگاری کوردستان ددان ئەنێت بەموجودیتی هەموو کەماتیە نەتەوایەتییەکان کە لەکوردستاندا ئەژین بەمەرجێك باوەڕیان بەرزگاری کوردستان هەبێو بۆ ئەم مەبەستە خەبات دەکەن.

**مادەی یانزەیەم**

کۆمەڵە ددان ئەنێ بەمافی وەك یەکی ژنو پیاودا.

**مادەی دوانزەیەم**

ك.ر.ك ئامادەی برایەتیو هاوکاری لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە کوردیانەدا کەهەڵگری بیروباوەڕی کوردایەتین.

**مادەی سیانزەیەم**

کۆمەڵە سیاسەتی دەرەوەی بێ لایەنییەو دۆستی ئەوهێزانەیە کەیارمەتی مەسەلەی کورد بدەن. هەروەها باوەڕێکی پتەویشی هەیە بەمەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکانو ئیعلامییەی جیهانی حقوقی بەشەرو میساقی کۆنگرەی باندونكو ئامادەی پشتیوانی خەباتی گەلانی جیهانییە بۆ رزگاریو ئازادیان بەپێی توانا و چاوەڕوانی دۆستایەتیو یارمەتییە بۆ رزگاریو ئازادی گەلی کورد لەلایەن هەموو گەلانی جیهانەوە.



**مادەی چواردەیەم**

ك.ر.ك باوەڕی هەیە کەکورد لقێکی سەربەخۆیە لەڕەگەزی ئاریاو ئامادەی گرتنی پەیوەندی دۆستایەتیو برایەتییە لەگەڵ لقەکانی تر.

**مادەی پانزیەم**

کۆمەڵە ئاینی پاکی ئیسلام بەمەزهەبی رەسمی کوردستان ئەناسیو ڕێزو ئیحترامی هەموو ئاینەکانی تر ئەگرێت کەدانیشتوانی کوردستان باوەڕیان پێ هەیە.

دەسگای دامەزرێنەری کۆمەڵەی رزگاری کوردستان. [1]

---

[1]- وەرگیراوە لە:

کەریمی حسامی، لەبیرەوەرییەکانم، بەرگی چوارەم، ستوکهولم، ١٩٩٠، ل٦١-٦٣.

## پاداشتی کوردەکانی عێراق

**دەروازە:**

دوابەدوای پاشەکشەکردنی بارزانییەکان و هەڤاڵە ئازادیخوازەکانیان لە ئۆکتۆبەری ١٩٤٥ دا بۆ هەرێمی موکریانی ئازاد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەك ئەنجامێکی شکستی ڕاپەڕینی ١٩٤٥ی بارزانی و لە ژێر فشاری هێزە سەرکوتکەرە سەربازییەکانی حکومەتی پاشایەتیی عێراق و هێزە هەواییەکانی بەریتانیادا ، ڕۆژنامە ئێرانییەکان و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکان هەر یەك بە جۆرێك لەو ڕووداوە دەدوان و دید و بۆچوونی خۆیان دەخستە روو ، کە هێندێك لەوانە مەسەلەکەیان بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان و دژاتییکردنی بزاڤی میللی لەکوردستان قۆزتبووەوە و هەوڵی چەواشەکردنی رای گشتیی ئێرانیی و ئاوەژووکردنەوەی راستییەکانیان دەدا . ئەوانە دەیانویست وای پیشان بدەن کە سنووری ئێران لەلایەن تاقمێکی چەکداری بێ دیسپلین و داگیرکەر و بە فیتی بێگانە بەزێنراوە و بەوەش سەروەریی دەوڵەتی شاهەنشاهیی ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی راستەقینە و مەترسیدار بۆتەوە.

لەم ساتە ناسکەدا ، ( ئیحسان نوری پاشا ) قارەمانی شۆڕشی ئاگریی لە باکووری کوردستان ( ١٩٢٧-١٩٣١ ) ، کە ئەو دەمە وەك پەناهەندەیەك لە تاران ژیانێکی کولەمەرگی بەسەردەبرد ، دێتە گۆ و جارێکی تر لە سەنگەری ئازادیی و بەرگریی لە ماف نەتەوە بەشخوراوەکەی پێدەچەقێنێت، بەڵام ئەمجارە نەك وەك فەرماندەیەکی جەنگاوەری بەرەکانی شەڕ ، بەڵکو لە ڕێگای خامە ڕەنگینە تیژەکەیەوە . ناوبراو بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی دیدە هەڵە و ناڕاستەکانی ڕۆژنامە ئێرانییەکانی ئەوسا لە مەڕ بارزانییە پەناهەندەکان ، بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی مەسەلەی کورد و گەیاندنی بە رای گشتیی ئێران و جیهان ، بەمەبەستی هەڵگرانی ئاڵای



نەتەوەیی کورد و دەرخستنی ڕووی ئازادیخوازانە و نیشتمانپەروەرییان ، وتارێکی بە زمانی فارسیی لە ژمارە ( ٤٣ ) ی ( هەفتەنامەی کوهستان )ی ئێرانی لە ڕۆژی دووشەممە ١/بهمن-ڕێبەندان/١٩٤٥دا بە ناونیشانی (پاداش کرد عراق ) نووسیوە کە لێرەدا دەقەکەی وەردەگێڕینە کوردیی :

"لەم ماوەیەی دواییدا ڕۆژنامەکانی ناوەند زۆر ناوی مەلا مستەفا دێنن و دیدی جۆراوجۆر نیشان دەدەن . ناوبراو بە خۆیی و هەزار خێزانەوە لە خاکی عێراقەوە هاتوونەتە کوردستانی ئێران و لە نێوان عەشیرەتەکانی باکووری کوردستاندا گیرساونەتەوە . ئەم عەشیرەتانەش ئەرکی خۆیان لە دابینکردنی خۆراك و پۆشاك و شوێنی حەوانەوەی ئەو هەزار خێزانە بە جێهێناوە و بەمەش نەك هەر گیانی میوانپەرستییان دەرخستووە ، بەڵکو پەیوەندی بەهێزی دۆستانەی ڕۆڵەکانی ئەم میللەتە و هاوسۆزیی و هاوچارەنووسیان نیشانداوە .

شوێنی خۆیەتی لێرەدا هۆکاری هاتنی ئەو هەزار خێزانە ڕوونبکەینەوە ، تا خوێندەوارانێك کە هەواڵی مەلامستەفا و هاتنی ئەویان بۆ خاکی ئێران لە ڕێگای ڕۆژنامەکانەوە بیستووە لە راستی ڕووداوەکان ئاگاداربن و پەی بە بنەماکانی بابەتەکە بەرن

دوای جەنگی جیهانیی رابردوو ( ١٩١٤-١٩١٨ ) ناوچەی عەرەبستان لەلایەن هێزە هاوپەیمانە سەرکەوتووەکان کۆنترۆڵکرا و ناوچەی کوردنشینی ( موصل ) یش کەوتە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی بەریتانیاوە . کۆماری تورکیا کە موصلی بە بەشێك لە خۆی دەزانیی و بۆ لەدەستنەدانی ئەم ناوچە نەوتییە دەوڵەمەندە لە ساڵی ١٩٢٤ دا هێزەکانی لە باکووری ڕوباری خاپور ، کە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ئێران و عێراق بوو کۆکردەوە و سووکە پێکدادانێکیش لە نێوان هێزەکانی هەردوولادا قەومان .

ماوەیەك پێش ئەوەی ئەو هێزانە لەم ناوچەیەدا جێگیر بن ، کۆمیتەی ئیستقلالی کورستانی تورکیا بڵاوکراوەیەکی نهێنی کەوتەدەست کە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە و وەك وەڵامێکی پارێزگاری ( سێرت ) دەرکرابوو . هەروەها کۆپی ئەم بڵاوکراوە نهێنییە بۆ هەموو فەرماندەکانی سوپا و لەشکر نێردرابوو کە تێیدا هاتووە :"بەمەبەستی گەڕاندنەوەی موصل ، سوپای مەزنمان لە ناوچەی جەزیرە و بۆتان مۆڵ دەخوا ، دوای ئەنجامدانی ئەم ئەرکە سوپا دەست بە ( چاکسازیی ) خۆی لە کوردستان دەکا ".

کوردەکان زۆر چاك لەمانای چاکسازیی دەگەیشتن !! هەر بۆیە بۆ گەڕاندنەوەی مافی ئازادییان بڕیاری خەباتی چەکدارییان دابوو ، بێگوێدانە ئارەزووەکانی دەوڵەت ، سەرباری ئەوەش میللەتی کورد دوای ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا ، لە سیاسەت و یاسا چەوتەکانی حکومەت نائومێد بوون و نەیانویست هاونەژادەکانیان کە لە ناوچەی موصل ئومێدێکی گەورەیان بە ئازادیی هەبوو ، دووبارە بگەڕێنەوە ژێر دەستی تورك و گرفتاربن . هەر بۆیە وا بەچاك زانرا ئۆپەراسیۆنە سەربازییە چاوەڕوانکراوەکەی تورك سەرکەوتوو نەبێت ، لەهەمان کاتیشدا نەویسترا پێش دەستپێکردنی جەنگ هیچ کارێك لەم رووەوە بکرێت .

لەم کاتەدا کۆمیتەی ئیستقلال فەرمانیدا هێندێك لەو ئەفسەرە کوردانەی لە سوپای تورکدان ریزەکانیان جێبهێڵن و چەند چالاکییەك دژی حکومەت ئەنجام بدەن تا دەوڵەت هیچ لە ئەنجامدانی کارە سەربازییەکانی لە کوردستاندا دڵنیا نەبێت . لەراستییدا ئەم هەنگاوە کاری خۆی کرد و حکومەتی تورکیای ناچارکرد بۆ یەکلاکردنەوەی مەسەلەکە پەنا نەباتە بەرهێز و چارەسەرکردنی کێشەی موصل بە کۆمەڵەی نەتەوەکان بسپێردرێت . کاتێکیش کۆمسیۆنی لێکۆڵینەوەی نێونەتەوەیی گەیشتە



موصل ، کوردەکانی تورکیا بە ڕابەرایەتی شێخ سەعیدی مەزن بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی میللی خۆیان خەباتی چەکدارانەیان دەستپێکرد .

کۆمسیۆنی ناوبراو دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە زۆرینەی دانیشتووانی ولایەتی موصل کوردن و خوازیاری ئازادیی میللیی خۆیانن ، ئەم کۆمسیۆنە لەم رووەوە یاداشتێکی لە ١٩٢٥/٧/١٦ پێشکەش بە کۆمەڵەی نەتەوەکان کرد کە تێیدا هاتبوو :"ئەو زەوییانەی کێشەکەیان لەسەرە ، جگە لە هەندێ ناوچە ، هیچ پەیوەندییەکیان بە عێراقەوە نەبووە ، کورد زۆریینەی دانیشتووانی ئەم ناوچانە پێکدێنن ، ئەوانە نە تورکن و نە عەرەب ، ئەوانە بە زمانی ئارییایی قسان دەکەن ، لەو ناوچانەی جێگای لێکۆڵینەوەن جگە لە ژمارەیەك رۆشنبیری عەرەب هیچ کەسێکی دی گیانی عێراقییبوونی تێدا نیە ، ئەو گیانە کەمەش گیانێکی راستەقینە نیە و رق و کینەیەکی توندڕەوانەیە دژی بێگانە ، لەناو کورددا گیانی میللی دەبینرێت و رۆژ لەدوای رۆژیش روو لە زیادبوونە ، ئەو هەستەی کورد بەمانای وشە میللیانەیە و هیچ روویەکی عێراقییبوونی تێدا نابینرێت . نێوانی کورد وعەرەب تائێستا شاراوە و گومانلێکراوە ، کلدانی ئاسوورییەکانیش پێویستە بپارێزرێن " .

ئەو کۆمسیۆنە لە کۆتایی یاداشتەکەیدا دیدی خۆی بەمجۆرە نیشانداوە:"پێویستە لەم زەوییانەی ئاماژەیان پێدراوە ماندێتی کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ درێژ بکرێتەوە ، دەزگاکانی دادپەروەریی و فەرهەنگیی وڵاتیش بە کوردەکان بسپێردرێت و زمانی کوردیی زمانی فەرمی ناوچەکە بێت " .

نوێنەری دەوڵەتی بەریتانیای مەزن ( مستەر ئامری ) بۆ بەرپەرچدانەوەی پڕوپاگندەی تورکەکان دەربارەی تورکبوونی ویلایەتی

موصل ئاشكرای كرد كە دانیشتووانی ویلایەتەكە ئاخاوتنی توركەكان ناسەلمێنن و ڕێژەی دانیشتوانەكەی بەمجۆرە دەستنیشانكرد:

| | | |
|---|---|---|
| كورد | ٦٢٪ | (٥٠٠٠٠٠ كەس ) |
| عەرەب | ٢١٪ | (١٧٠٠٠٠ كەس) |
| تورك | ٥٪ | ( ٢٨٥٠٠ كەس ) |

شایەنی باسە ، كۆمەڵەی نەتەوەكان بڕیارێكی دەربارەی موصل بڵاوكردەوە كە بە پێی بەندی دووەم دەبوو:"٢- پێویستە حكومەتی بەریتانیا بۆ چەسپاندنی ماندێتی خۆی گرانتی بدا كە ئەو مافانەی كۆمسیۆنی لێكۆڵینەوە بۆ كوردی ناوچەكەی بڕیوەتەوە بدرێن و كاری پێویستی بۆ بكرێت و كۆمەڵەی نەتەوەكانی لێ ئاگادار بكرێتەوە " .

پێویستە لێرەدا ئاماژەش بۆ ئەو بڵاوكراوە هاوبەشە بدەین كە هەردوو حكومەتی بەریتانیای مەزن و عێراق بە هاوبەشیی لە ٢٤ی نۆڤەمبەری ١٩٢٢ دا بڵاویانكردەوە كە دەڵێت:"حكومەتی بەریتانیای مەزن و حكومەتی عێراق دان بە مافی كوردەكاندا دەنێن كە لەو ناوچانەی زۆرینەی كورد پێكدێنن و لە ناو سنووری عێراقدا حكەمەتێكی كوردیی دابمەزرێنن ، داوا لە لایەنە جیاوازە كوردییەكان دەكەین بە زووترین كات ڕێبكەون لەسەر جۆری ئەو حكومەتەی لای هەمووان پەسەندە و سنوورەكەی دیاری بكەن و نوێنەری ڕەسمی خۆیان بەمەبەستی ڕێكخستنی پەیوەندییە سیاسیی و ئابورییەكان لەگەڵ حكومەتی بەریتانیای مەزن و عێراق بۆ شاری بەغداد ڕەوانە بكەن ".



بەهەرحاڵ ، ویلایەتی موصل سەرئەنجام بە عێراقەوە گرێدرا . كەچی لەگەڵ ئەو هەموو بەڵێن و پەیمانە ڕەسمییانەی دەربارەی مافی كورد نیشاندرا ، تەنها ناوچەیەكی كەم لە كوردستان كە ( ڕەواندوز ، هەولێر ، سلێمانی و كۆیە ) یە ، ڕێدران كە بە زمانی كوردیی بخوێنن و بنووسن ، ئەوەش نەك لە پلەكانی خوێندنی باڵا ، بەڵكو لە خوێندنی سەرەتاییدا . سەرباری ئەوەش هیچ ناوەندێكی كوردیی دانەمەزرا ، شارەكانی ئاكرێ و ئامێدیی و زاخۆ و شەنگار كە زۆرینەی تەواوی دانیشتووانی سێ شاری یەكەم لەسەدا سەد كوردنەژاد و كورد زمانن ، هەروەها ناوەندی پارێزگای موصل كە زۆرینەیان كوردن ، لە دەرفەتی خوێندن و نووسین بەزمانی زكماكیی كوردیی خۆیان بێبەش بوون و زمانی ڕەسمی عەرەبییان بەسەردا سەپێنرا .

كوردەكانی عێراق خەباتی چەكدارانەیان دەستپێكرد ، خوێنیان بە جۆرێك ڕژا كەلێرەدا جێگای باسكردنی نابێتەوە ، دواترین ڕاپەڕینی چەكدارانە بە ڕابەری مەلامستەفاپاشا دەستی پێكردووە ،ئەم پاشایەش نازناوێكە خەڵكی كورد لەبەر فیداكاری ناوبراو پێیان بەخشیوە (لەنێو كوردانی باكوور نازانم ، بەلام لە باشووری كوردستان نەمبیستووە كەس مەلامستەفا بارزانی بە پاشا ناوبردبێت /وەرگێڕ ) ، مەلا مستەفا برای شێخ ئەحمەدی بارزانی و نیشتەجێی ئەو ناوچانەیە كە ڕژێم زمانی عەرەبی بەسەردا سەپاندوون .

كوردەكانی ناوچەكانی دیكەی عێراق چونكە ماوەیەكی كەم بە زمانی كوردیی خۆیان خوێندبوویان ، مرۆڤی ڕووناكبیر و زانیان تێدا هەڵكەوت كە ئامادەبوون لە هەموو ڕوویەكەوە پشتگیریی بارزانی بكەن و لەپێناوی مافە ڕەواكانی میللەتی كوردا گیانبازیی بكەن . نموونەی ئەوانەش قۆماندان عیزەت عەبدولعەزیز ، كاپیتن میرحاج ، مستەفا خۆشناو

، عەزیز عەبدوڵڵا ، جەلال ئەمین ، کاپیتن خەیروڵڵا ، ئەندازیار محەمەد قودسی ، ئەندازیار نوری ئەحمەدی تەها ، کاپیتن بەکر ، پارێزەر حەمزە عەبدوڵڵا و زۆری تر لە رۆشنبیران و ناودارانی کورد کە مرۆڤی ماندوونەناسن و رێگای خەباتیان گرتۆتەبەر و پەیوەندییان بە فیداکارە بارزانییە ئازادیخوازەکانەوە کردووە و پێوەیان پەیوەست بوون . بەو کارەش ناوی پیرۆزی خۆیان لە مێژووی ئازادییدا تۆمار کردووە .

چەند رۆژێك بەر لەئێستا ، لە یەکێك لە رۆژنامەکاندا حوکمی لەسێدارەدانی غیابیی مستەفاپاشام خوێندەوە کە لە لایەن دادگای بەغداوە دەرچووە ، خوێنەرانی بەڕێز دوای ئەو رونکردنەوەیەی سەرەوە ئاگادارن کە ویلایەتی موصل کە سەرچاوەی زێڕی رەشە ، تەنها لەسایەی خوێنی کوردەکانی باکوور و خەباتی بێوچانی کوردی باشوور ،بەمەرجی گەیشتنی کوردەکانی ناوچەکە بە مافی رەوای خۆیان ، کەوتۆتە دەستی دەوڵەتی عێراق .

مەلامستەفاپاشا و لایەنگرەکانی کوردن و بەزمانی ئاریایی دەدوێن و خاوەنی هەستی میللین و زۆرینەی دانیشتووانی موصل پێکدەهێنن کە بە هەموو پەیمان و دانپیانانێکی کۆمسیۆنی ساغکەرەوەی کۆمەڵەی نەتەوەکان پێویست بوو لەگەڵ لکاندنی موصل بە دەوڵتی عێراقەوە ، هەموو دەزگاکانی دادوەریی و رۆشنبیری بدرێتە دەستیان و زمانی کوردیی بە فەرمی لە ناوچەکەیاندا دانی پێدابنرێت . ئەگەر داواکردنی ئەم داوا رەوا دانپیانراوەی کە نەدراوە ، یان هەوڵدان بە وەدەستهێنانی بە تاوان بژمێردرێت ، تاوانێك کە بە لەسێدارەدان مەحکوم بکرێت ، ئیدی دەبێت دادی کۆمەڵایەتیی چ مانیایەکی هەبێت ؟ ئازادیی مرۆڤ و مافەکانی لە کوێ بن ؟.



میللەتی عەرەب بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژێر چەپۆکی عوسمانییەکاندا بوون و تامی چەوساندنەوەیان چێشتووە ، لە هەموو قۆناغەکانی ئیسلامیی ، لەپێناو بەهێزکردنی دەسەڵاتی ماددیی و مەعنەویی خۆیان ئاگادار و قەرزاربارییی گیانبازیی و هاوکاریی بەسوودی فراوانی کوردەکانن و نەدەبوایە بەو جۆرە پاداشتیان بدەنەوە .میللەتی موسوڵمانی کورد هەرگیز چاوەڕێی ئەم جۆرە هەڵویستەیان لە عەرەبی برای ئاینیی خۆیان نەدەکرد ، ئایا ئەمەیە پاداشتی خزمەت و هاوڕێیەتیی چەندان ساڵ ؟!![١]

[1] ئەم بابەتە یەکەمجار لە ژمارە ٩٤ی گۆڤاری ( مەتین ) دا لە چریا دوێی ساڵی ١٩٩٩ دا بڵاوکراوەتەوە .

## چەند لاپەڕەیەك لە ژیانی ئاوارەیی هەڵۆکەی ئارارات ( ئیحسان نوری پاشا ) لە یادداشتەکانی( دکتۆر هاشمی شیرازی ) دا *

ساڵی ٢٠٠١ ، توانرا بە هەوڵ و کۆششی کاك هاشم سەلیمی بیرەوەرییەکانی خوالێخۆشبوو دکتۆر هاشمی شیرازی لە دووتوێی کتێبێکی قەبارە ناوەنجی (٢٨٢) لاپەڕەییدا و بەزمانی فارسی چاپ و بڵاوبکرێتەوە [1] و دیدەی خوێنەرانی بەڕێزی تینووی مێژووی نەتەوەیی و رووداوە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانی پێ شاد بێت . کتێبێکی بەو چەشنە کە بیرەوەریی مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی نەتەوەی کوردە و گەلێك زانیاری بەنرخی مێژووی نەتەوەییمان و سەرگوزەشتەی گەورەپیاوانی کوردیی لەخۆ گرتووە و شایەنی ئەوەیە بۆ سەزمانی دایکی دانەرەکەی وەرگێڕدرێت .

ڕەوانشاد دکتۆر هاشمی شیرازی ، خەڵکی شاری مەهابادە و زاوای رابەری نەتەوەییمان ( پێشەوا قازی محەمەد ) ی سەرۆك کۆماری میللی کوردستانە ، ناوبراو ئەندامێکی سەرتایی و چالاکی کۆمەڵەی ژیانی کورد ( ژ.ك ) بووە و دواتر لەسەر داوای قازی محەمەد چۆتە تاران ، پاشان پەیوەندی بە حیزبی تودەی ئێرانەوە کردووە و لەناوەڕاستی شەستەکاندا چەند ساڵێك لە زیندانە تاریکەکانی رژێمی شاهەنشاهیی پەهلەوییدا ئازار وشکەنجە دراوە . شیرازی کۆلێجی پزیشکی لە تاران خوێندووە و وەك دکتۆرێکی ددان لە مەهاباد و شارەکانی دیکەی ئێراندا خزمەتی کردووە ، لە نزیکەوە پەیوەندی بە گەورەپیاوانی کوردەوە هەبووە ، مرۆڤێکی پاك ، دڵسۆز ، هونەردۆست و سۆزدار بووە ، لە ساڵی ١٩٩٧ دا بە نەخۆشی

* ئەم بابەتە لە گۆڤاری ( مەتین ) ، ژمارە ١٢٩–١٣٠ ، چریا ئێکی و دووێ ٢٠٠٢ بڵاوکراوەتەوە .

[1] دکتر هاشمی شیرازی ، خاطرات دکتر هاشمی شیرازی . از فعالان سیاسی کردستان ، به کوشش :هاشم سلیمی ، چاپ اول ، انتشارات توکلی ، تهران ١٣٨٠ش .



شێرپەنجە لە تاران کۆچی دوایی کردووە ، تەرمەکەی هێنراوەتەوە شاری مەهابادی سەربەرز و گۆڕستانی ( بداغ سوڵتان ) لە نزیك گۆڕی جووتە شاعیری میللی کۆماری کوردستان ( هەژار و هێمن ) ەوە ، بەخاك سپێردرا.

ئاشکرایە ، بەو پێیەی کە شیرازی چەند ساڵێکی تەمەنی درێژی لە تاران بردۆتە سەر ، هەلی ئەوەی بۆ هەڵکەوتووە هەڵۆکەی ئارارات ( جەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا ) [1] ی رابەر و خاوەن خامە و هەڵوێست بناسێت و ئاشنایەتیی و دۆستایەتیەکی پتەویان لە نێواندا هەبێت کە تا مردن درێژەی بووە . هەر بۆیە شیرازی لەزۆر شوێنی بیرەوەرییەکانییدا ئاماژەی بەو سەردارە مەزنە داوە و بە رێزێکی زۆرەوە لە پەیوەندییەکانی هەردوولا دواوە . ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین لەبەر گرنگی مێژوویی لە لایەك و وەك وەفایەکیش بۆ ئەو ئەو رابەرە ئازا و شۆڕشگێڕ و رووناکبیرەی خەباتی کوردایەتیی کە بۆ گەل ژیا و چلو شەش ساڵی ڕەبەقی تەمەنی لە ئاوارەیی و تاراوگەدا بردەسەر . تا لە شاخ بوو سەرکردەیەکی لێهاتوو و نەبەز و دوژمن شکێن بوو ، لە زیندانیشدا خۆڕگر و چاونەترس و ورەبەرز و لە تاراوگەشدا چاوتێر و بەئەمەك و بێکەلێن بوو . لە کاتی پێویستدا خامەی بە بڕشتی دەخستە هانای گەلەکەی [2]. هەربۆیە بە پێویستمان زانی چی لەبارەی ئەم هەڵۆ بەرزەفڕەی کوردەوە لە نێو یادداشتەکانی شیرازی دا هاتووە بۆ خوێنەرانی بەڕێزی بکەین بە کوردیی.

شیرازی لەژێر سەردێڕی "ئاشنیایەتییم لەگەڵ ئیحسان نوری پاشا و چەند زانیارییەك سەبارەت بە کەسایەتیی ئەو " دەڵێت:"ساڵەها بوو دەمزانی کە جەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا کە یەکێکە لە رابەرە کوردەکانی

[1] بۆ زیاتر : محمد صالح طيب زيباري ، الجنرال احسان نوري باشا . نشاطه السياسي و الثقافي و العسكري ١٨٩٢– ١٩٧٦، مجلة ( جامعة دهوك) ، المجلد الاول ، العدد الاول ، آب ١٩٨٨ .

[2] برڕوانە: مەتین ، ژمارە ٩٤ ، دهۆك ، چریادووێ ،١٩٩٩ .

توركيا ، پەناهەندەیە لە ئێران و لە شاری تاران ژیان بەسەر دەبات، هەربۆیە یەكەمین رۆژ گەیشتمە تاران ، بەیانییەكەی و بە پێی بەرنامەیەكی پێشبینیكراو وەپەی دۆزینەوەی ماڵی ئیحسان نوری پاشا كەوتم و ملی رێگام گرتەبەر . لێرە و لەوێ كەوتمە پرسیین ، تا لە یەكێك لە شەقامە سەرەكییەكانی قەراغ شاردا ناونیشانی ماڵەكەی ئیحسان نوریم چنگ كەوت . دیارە هەر دەمێك بوو كەوتبووە بەر گوێم كە ئیحسان نوری پاشا یەكێك بووە لە ئەفسەرە پایە بەرزەكانی سوپای تورك و كاتێكی توركیا لە لایەن ئینگلیزەوە داگیركرا ، ئەو لە گەڵ كەمال ئەتاتوركدا كە فەرماندەیەكی سوپا بوو رێككەوتوون تا راپەڕینێك هەڵگیرسێنن و ئینگلیز لە توركیادا وەدەرنێن ، ئینجا پێكەوە دەوڵەتێكی یەككگرتووی كورد و تورك دابمەزرێنن . ئیحسان نوری پاشا بە فەرمانی حیزبی ( خۆیبوون ) [1] لە مارسی ١٩٢٠ دا( ١٩٢٧ راستە/ وەرگێڕ ) دژی ئەتاتورك راپەڕی و بۆ ماوەی چوارساڵ دژی ئەو تێكۆشا و ئاڵای كوردستانی ئازادی لەسەر لوتكەی ئاگریداغ هەڵكرد و تا ساڵی ١٩٢٥ ( ١٩٣٠ راستە/ وەرگێڕ) بەردەوام بوو .

ئیحسان نوری پاشا یەكێكە لە كوردەكانی رۆژهەلاتی توركیا و لەشاری موش ( بدلیس راستە / وەرگێڕ ) هاتۆتە دنیاوە ، زانكۆی سەربازی لە ئەنكەرە ( ئەستەمبوڵ/وەرگێڕ ) خوێندووە و لە ئەفسەرە ئازا و لێهاتووەكان بوو. كاتێك توركیا ( مەبەستی دەوڵەتی عوسمانییە/ وەرگێڕ ) لەلایەن ئینگلیزەكانەوە داگیركرا لەگەڵ مستەفا كەمال پاشادا ( ئەتاتورك و چەند ئەفسەری دیكە ) راپەڕین و سەرزەمینی توركیایان ئازادكرد ، ئەوان پێش راپەڕین وا رێكەوتبوون كە پاش سەركەوتن حكومەتێكی تێكەڵ لە كورد و تورك پێكبهێنن ، بەلام پاش وەدەرنانی بێگانە و وەدەستهێنانی

[1] بۆزیاتر : كونی رەش ، جمعية خويبون ١٩٢٧ و وقائع ثورة آرارات ١٩٣٠ ، تقديم و مراجعة: د. عبدالفتاح البوتاني ، الطبعة الاولى ، اربيل ، كوردستان ، ٢٠٠٠.



سەركەوتنی یەكجارەكی ، ئەتاتورك بە پێچەوانەی بەڵێنەكەی تێكۆشا و خوازیار بوو ئیحسان نوری لە مەیدان وەدەرنێت.ئیحسان نوریش بە فەرمانی حیزبی خۆیبوون لە گەڵ چەند هەڤاڵێكی لایەنگرییدا ئەستەمبوڵیان بەجێهێشت و خۆیان گەیاندە چیاكانی ئاگریداغ و بۆ ماوەی چوار ساڵ لەگەڵ سوپای توركدا جەنگان و شەڕی پارتیزانییان دەستپێكرد. ئاشكرایە چەندەها رۆژنامە و گۆڤاری ئەو كاتە هەواڵی راپەڕینەكەیان راگواستووە و چەندین كتێب بە زمانی جیاوازی ئینگلیزی ، فەرەنسی ، ئەڵمانی و عەرەبی زانیاری لەبارەوە بڵاوكردۆتەوە و نازناوی ( هەڵۆكەی ئاراراتیان ) بە ئیحسان نوری بەخشیوە .

دەوڵەتی توركیا پاش چوار ساڵ شەڕ و پەلاماری راپەڕیوەكان ، بەناچاری پەنای بۆ رێكەوتنی سێ لایەنە لەگەڵ ئێران و روسیادا برد و بەوەش خۆی لە بەڵای ئیحسان نوری و راپەڕینەكەی ئاگریداغ رزگاركرد. هەردوو دەوڵەتی ئێران و روسیا ئیحسان نوری یان لەو مەسەلەیە ئاگاداركردەوە و دەرگای پەنابەریشیان بۆ والاكرد. ئەویش لەو رووەوە ئێرانی هەڵبژارد و لەوێ بووە پەنابەر . لە چیای ئاراراتەوە لەگەڵ سەدودە كەس لە هەڤالانی هاتنە ئێران و یەكسەر چوونە شاری تەورێز ، لەوێش رەپ و راست چوونە تەلەگرافخانە و ئیحسان نوری بە تەلەگرافێك هاتنی خۆی و هەڤالانی بۆ ئێران بە رەزاشا راگەیاند و پێی گوتبوو كە داواكارییەكەی ئێرانی قبوڵكردووە و وا لەشاری تەورێزە . دیارە لەشكر و ژاندارمەریی لە هاتنی ئیحسان نوری و هەڤالانی بۆ تەورێز بێ ئاگا بوون ، ئەو مەسەلەیەی رەزاشای تەواو تورە كرد و پاش سەرزونشتێكی توندی ( سەرلەشكر موقەدەم ) فەرماندەی ئەودەمی لەشكری تەورێز ، داوای لێكرد بە پەلە ئیحسان و هاوڕێكانی بەرێزەوە لەگەڵ خۆی بێنێتە تاران .

کاتێك دەوڵەتی تورکیا لە مەسەلەی پەنابەریی ئیحسان نوری و هاوەڵانی بۆ ئێران بەئاگاهات ، بەتوندی داوای ئەوەی دەکرد کە دەبێت دەوڵەتی ئێران بە زوویی ئەو پەنابەرانەبداتەوە بە تورکیا. ئێرانیش لە سۆنگەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیی و لەترسی ئەوەی نەوەکا دۆستایەتییان لەگەڵ تورکیادا لەکەداربێت ، بەنیاز بوو ئەو داواکارییەی تورکیا بهێنێتەدی . ( مسیۆ سەرگیس )ی سەرۆکی لقی حزبی داشناکی ئەرمەن لە ئێران ، بەهۆی دۆستایەتیی و ئاشنایی لەگەڵ ئیحسان نوری پاشادا ، بۆیان تێکەوت و لە رێگەی سەفارەتی بەریتانیاوە کەوتە کار و ئەو داوایەی تورکیای پوچەڵ کردەوە . بەڵام رەزاشا بۆ رازیکردنی تورکیا هەستا بە دوورخستنەوە و گرتنی پەنابەرەکان و بەوەش تووشی ژیانێکی سەخت و نالەبار هاتن . ئیحسان نوری لە شاری کرمان و دوور لە سنووری تورکیا خرایە زیندان ، تا پاش چوار ساڵ زیندانیی رێگەیان پێدرا بگەڕێنەوە تاران و لە ژێر چاودێریی شارەبانی و بە مانگانەیەکی دووسەدو چل تمەنی بیّ بایەخ ژیانیان بگوزەرێنن . هەڤاڵەکانی ئیحسان نوری ، جگە لە یەك دوویەکیان نەبێت ، باقی دی لەسەر داوای خۆیان ئێرانیان بەجێهێشت و لە رێگای عێراقەوە چوونە سوریا .

دەمێکی من دەمویست بچمە خزمەتی ئیحسان نوری ، ئەو بەڵا و رووداوە شووم و ناخۆشانەی بەسەردا تێپەڕیبوون و لەگەڵ ژن و خەسوکەیدا کە هاتبوونە ئێران ، ژیانێکی تاڕادەیەك هێمن و ئارامیان دەگوزەراند .پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٥ دا خەسۆکەی مرد ، من بۆ خۆم کیژۆڵەیەکم بەناوی ( زەهرا ) لە دێهاتەکانی دەورووبەرەوە لۆ هاوردن ، خانمەکەی ئیحسان زۆر ئەرکی لە گەڵدا کێشا و پەروەردەی کرد ، ئەویش تا مرد دۆست و هاوکاری ئیحسان و ژنەکەی بوو .



ئیحسان نوری پیاوێکی تا بڵێی پتەو ، بەویقار و رەوشت بەرز بوو . خۆشڕەوت و نەرمونیان و نەفس بەرز بوو ، لە تەنگانەدا خەموپەژارە بە روویەوە دیار نەبوو ، هیچ کاتێك گلەیی لە کەس نەدەکرد و بەخراپیش باسی نەدەکردن . ئەوانەی لە پایتەخت نیشتەجێبوون و لافوگەزافی ئازادیخوازیی و میللیەتیان لێدەدا سڵیان دەکرد بچنە سڵاوی ، بەچەشنێك تەنانەت لە جەژن و بۆنە ئاینییەکانیشدا خۆیان لە دیدارێکی سادە و چەند خولەکی دەپاراست . لە راستییدا ئیحسان کابرایەکی تاكو تەنیا بوو . ئەوەندە نەفسی بەرزوبڵند بوو هەرگیز گازەندەی لە حاڵی خۆی نەدەکرد و چاوەڕێی هیچ شتێکیشی لەکەس نەدەکرد.تا بڵێی وریا و هۆشمەند ، تەنانەت لە مەسەلە جیهانیی و نێودەوڵەتییەکانیشدا خاوەن دید و پێشبینیی خۆی بوو .

ئیحسان نوری کتێبێکی بە نێوی ( تأریخ ریشه و نژاد کرد ) نووسی و ساڵی ١٩٥٥ چاپ و بڵاویکردەوە ، ئەو عاشقی گەلی کوردبوو ، بایەخێکی زۆری بە چارەنووسی کوردستان دەدا . پێی دەگوتم: زۆر بەختەوەر دەبم کاتێك ناوی کورد لە رۆژنامەیەك یا لە گۆڤار و کتێبێکدا ، تەنانەت لە کوتە کاغەزێکی بیّ فەڕیشدا کە میوەفرۆشیّ لە شتەکانێوە دەپێچێت ، دەبینم ، با بە خراپی و ناشیبانە لەلایەن نەزانێکیشەوە نووسرابێت . ئەم قۆناغە پەیوەندی بە دەورانی رژێمی فاشیستیی چیهلەویی دووهەمەوە هەبوو کە کتێب و چاپ و بڵاوکاوەی کوردیی لە ئێراندا قەدەغەکراو و ناوی کورد لە کولەکەی تەڕیشدا نەدەبرا .

لەساڵی ١٩٥٣وە کە دووبارە شا دەسەڵاتی گرتەوە دەست و دەزگای ساواك دامەزرا ، حاڵ و باڵی دارایی ئیحسان نوریش روو لە خراپیی بوو . ئەو لە تاران لە ماڵی سەرهەنگێکی هێزی هەواییدا دوو ژووری بیّ سەروبەری بەکریّ گرتبوو . دەبوو لەو دووسەدوچل تمەنەی وەك ماڤ

پەنابەرێتیی وەریدەگرت ، سەدوچلیانی بدابایە بە کرێ و ئەوسا خۆیی و هاوسەرەکەی و ئەو کیژۆڵەیەی من بۆم هاوردبوون ، مانگێکی ڕەبەقیان بە سەد تمەن بەڕێکردبایە.

باشم لەبیرە و هیچ کاتێکیش لەبیرم ناچێت ، کە بە مەبەستی پاراستنی ئابڕووی خۆیی و میللەتەکەی ، چەندین ڕۆژ قابلەمە و مەنجەڵ و کەوچك و چەتاڵی نەشۆراویان لە دەوری حەوزە ئاوەکەی ماڵەوە ریز دەکرد و جێیان دەهێڵا تا چاوبەست لە دەرودراوسێ بکەن و وانیشان دەن ژەمی چەوروگەرمییان هەبووە ، لە کاتێکدا کە جگە لە نانەڕەق و ئاوی ڕووت شتێکی دیکەیان بە قوڕگدا نەدەچووە خوار. لەراستییدا نەیاندەویست کەسێك لەوە بگات کە کەسایەتییەکی بەو سەنگە و رابەرێکی کوردی وا کە لە پێناوی ئازادیی نەتەوەکەیدا هەموو خۆشییەکی ژیانی لەدەست چووە ، ڕۆژی گەیشتۆتە ڕۆژێك کە ئەندامانی نەتەوەکەی لێی بەئاگا نیە و هاورکاییەکیان بۆ لەدەست نەهاتووە و ناشیەت .

لە راستییدا من لەو ڕەوشە نالەبار و شێواوەیان زۆر پەشێو بووم ، هەستام پێشنیازی ئەوەم ئیحسان نوری کرد تا نامەیەك بۆ دەوڵەت بنووسێت و بڵێت : نانوانرێت بە دووسەدوچل تمەنێکی لە زەمانی ڕەزاشاوە وەك پەنابەرێتی دەماندرێتێ ژیانمان بگوزەرێنین . جا ئەوتا یان ژیانم بۆ دابینکەن ، یاخود ڕێگەم بدەن لە ئێران بچمەدەر . ئیحسان ئەم پێشنیازەی منی نەسەلماند ، گوایە داوایەکی وا وەك پاڕانەوەیە و گیانی بەرزی پێ لەکەدار و نرخی خۆیی و میللەتەکەی لە چاوی شاهەنشادا کەمدەکات . من لای خۆمەوە بە هیچ شێوەیەك دەستبەرداری مەسەلەکە نەبووم و لەم ڕووەوە لەگەڵ هاوسەرەکەی ئیحسان گفتوگۆم کرد و گوتم ئەو پێشنیازە هەر دەنووسم و دوو ڕۆژی دیکە مەسەلەکە دێنمەوە بەر باس و تا ئەو کاتە تۆش هەوڵدە دڵی ئیحسان نەرم بێت . پاش ئەوەی نامەکەم



ئامادەکرد و پاش یەك دوو ڕۆژ و لە فرسەتێکی لەباردا بە ئامادەیی خانمی ئیحسان نامەکەم خستە پێشی و داوام لێکرد و پاشان بە دەستی خۆم پۆستم کرد . هەر مانگێکی پێچوو ، پاش ئەوەی ئیحسان چووبوو بۆ وەرگرتنی ماڤ پەنابەرێتییەکەی ، دووهەزار تمەنیان دابوویە ، ئەویش بێ وەستان یەکسەر لە شارەبانییەوە هاتبووە ماڵی ئێمە و بە پێکەنینەوە پارەکەی نیشاندام و ڕەزامەندی لەو کارەی کردبووم نیشاندا .

بڕوا بکەن وەختا بوو لە خۆشیان باڵ بگرم ، وامدەزانی بۆخۆم ملیۆنەها تمەنم قازانج کردووە ، ئەو دوو هەزار تمەنە کە لێرە بە دواوە مانگانە وەریاندەگرت ، بەتەواوی پۆشتەی کردنەوە ، هاتوچۆی دۆست و ئاشنایان کەموزۆر زیادی کرد ، ئەگەر پێشتر هێندێك ناچار سەرێکیان دەدا ، ئەوا ئیدی بووە دوو هەفتە جارێك و هەندێك هەفتانەش دەهاتن . چونکە بە پێچەوانەی جارانەوە کە تەنیا قەندوچایان دەخرایە پێش ، ئەمێستا قاوە و شیرینی و بگرە میوەشیان دەخرایە بەردەم ، لە راستییدا مرۆ ، ئەو دەعبا سەیر و خۆویستە هەروەك مریشك وایە کە لەبارەیەوە گوتراوە: مریشك بۆ شوێنێك دەچێت جێی چینە بێت نە بۆ شوێنێك دەچیت چی لیچ نەبێت [1] .

هەمیشە من بۆ ئەو مرۆڤە پایە بڵندە ڕێزێکی تایبەتم هەبووە ، هەر لە یەکەمین ڕۆژوە کە تێیدا بینیومە تا مردنیشی نەمویستووە لێی دوورکەومەوە . هەفتە نەبووە دووسێجار سەردانی نەکەم . چەندیشم لە تواناندا بووبێت هەرگیز لە هاوکاریی و یارمەتیی درێغییم نەکردووە . بڕوایەکی قووڵ و پتەوم پێی هەبوو ، بۆ هەموو کارێکیش پرسم پێی دەکرد . ئەو رازگری تێکڕای مەسەلە گشتیی و تایبەتییەکانم بوو . لە هەمان کاتیشدا رابەرێکی دڵنیا و باشی کارەکانم بوو . ڕۆحی شاد بێ و یادیشی هەمیشە بەرز و بڵند .

[1] دەقە فارسییەکەی دەڵێت : مرغ بجایی میرود کە چینە بود     نە بە جایی میرد کە چی نە بود

شایەنی باسە ئیحسان نوری چوارجار بە ماتۆڕسکیل لێدراوە ، کە جاری چوارەمیان زەنگی مەرگی بوو ، واش لێکدەدرێتەوە کە چوار جار لێدران و هەر چواریشی بە ماتۆڕسکیل ، کارێکی رێکەوت و لابەلا نەبێت ، ئەگونجێت بە مەبەست بووبێت . هەرحاڵ ئیحسان نوری کە لە مێژووی ١٢٧٣ی کۆچی هەتاوی ( ١٨٩٢زایینی– وەرگێڕ ) لەدایك بووە لەبەرواری ١٣٥٥/١/٥ هەتاوی ( ١٩٧٦/٣/٦ – وەرگێڕ) رۆژی پێنجشەمە کاژێر ٦ی پاش نیوەڕۆ بۆ جاری چوارەم بە ماتۆڕسکیل لێدرا و رۆژێك دواتر لە نەخۆشخانەی سینای تاران کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا لە پارچە زەوی ( ژمارە ٩/٥٨ ) و لە گۆڕی ژمارە ١٢ دا نێژرا و هەموو ئاواتێکی ئازادیی و سەربەخۆیی نەتەوەکەی لەگەڵ خۆی بردە ژێرگڵ . لە رێورەسمی ناشتنەکەیدا چەند بەیتێك شیعری حەماسیی و نەتەوەییم خوێندەوە کە ئاغای یوسفی کوردنەژاد دایینابوو ، بەئامادەبوونی دوو جێگر و چەند بەڕێوەبەری لقەکانی دەزگای ساواك و چەند نوێنەرێکی بنەماڵەی بارزانی و عەشیرەتی جاف و بەشێکی زۆری کوردەکانی دانیشتووی تاران کە تێکڕیانم بەو شیعرە هێنایە گرین ، هەڵبەت خوێندنەوەی شیعری نەتەوەیی لەسەر مەزاری ئیحسان نوری و لەو دەمەدا کارێکی سانا نەبوو ، بە جۆرێك زۆربەی دۆست و هاوڕێ و هاوشارییەکانم بۆم بەپەرۆش بوون و وای بۆ دەچوون کە دوای تەواوبوونی رێورەسمەکە راستەخۆ بەرەو زیندانم راپێچ دەکەن .

بەڵام لەو بارەیەوە هیچ  کاردانەوەیەکی بەو چەشنە رووی نەدا و کەسیش نەیگوت پشتی چاوت برۆیە ، بەداخەوە ئەم ترس و لەرزە زۆرە بێ جێ و رێیەی کە لە مێژە بنجی لەنێوماندا داکوتاوە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە نەتوانین چەند کارێکی باش ئەنجام بدەین و هیوادارم لەو رووەوە بە خۆماندا بچینەوە .



لەو چاوپێکەوتنانەدا کە هەفتەی چەند جارێك دووبارە دەبووەوە ، ئیحسان نوری باسی رابردوو و سەرگوزشتەی سەرنجراکێشی خۆی بۆ دەکردم کە بە کورتی سیانیان لێرەدا رادەگوزەرێنم :

یەکەم : لە کاتێکدا کە ئەفسەری پلە دوو بووە لە سوپادا گروپێکی دەنەفەری لە خۆی کۆدەکاتەوە و چەند خواستێکی خۆیان بۆ دەسەڵاتدارانی باڵای لەشکر بەرز دەکەنەوە بێ ئەوەی وەڵامێك بدرێنەوە ، هەر بۆیە بڕیاری یاخیی بوون دەدەن لە رۆژ و مێژووی دیاریکراودا . ئیحسان نوری بە پێی بەرنامەیەك کە پێشتر رێکخرابوو لە گەڵ دوو نەفەری خۆیدا بەیانی زوو سەردانی فەرماندەی تیپ دەکەن و یاخیی بوونی خۆیانی بۆ روون دەکەنەوە و داوادەکەن پشتگیریان بکات . لەکاتێکدا ناوبراو هەموو لایەنگریی و هاوکارییەك رەتدەکاتەوە ، ئیحسان نوری فەرمانی باڵبەستکردنی دەدات و دوو فەرمان دەردەکات ، یەکێکیان بە لەکارلابردنی فەرماندەی تیپ و ئەوی دیش بە دانانی خۆی لە جێگای ، پاش ئەوە بەهەمان شێوە دەچنە لای فەرماندەی هەنگ ، ئەویش بەهەمان دەردی فەرماندنی تیپ دەبەن و ئیحسان ئەو لە ئەرکەکەی لادەبات و خۆی دەچێتە شوێنی . بەوەش وازناهێنن و چونە لای فەرماندەی لەشکر و ئەویشیان بە هەمان دەردی ئەوانی دیکە برد و ئیحسان فەرمانی سەرلەشکری بۆ خۆی دەرکرد .

دوای ئەوەی هەواڵی ئەم رووداوە بێ وێنەیە گەیشتەوە وەزارەتی جەنگ ، تەواوی فەرماندەکانی لەشکر بانگێهشت کران ، کاتێك تەلەفۆن بۆ گاردی پاراستنی وەزارەت دەکەن ، ئەو گاردەی ئیحسان لێیە ، دەست بەجێ ئیحسان خۆی وەك سەرلەشکر دەناسێنێت و وەزیر وەك سەرلەشکری نوێ بۆ کۆبوونەوە بانگی دەکات ، ئیحسان پێنج گیانفیدا لەگەڵ خۆیدەبا و دەچنە وەزارەت ، کە دەچنە ژووری یەکێك لەو گیانفیدایانە دەنێرێتە پاڵ وەزیر و ئاگاداریان دەکات کە هەر کارێکی ناشایستەیان بەرامبەر بکرێت

دەست لە هیچ کەس ناپارێزن . وەزیریش لەترسان خۆی لە هەرکاریچکی نابەجێ دەبوێرێت ، پاش ئەوەی ئیحسان دڵنیا دەکاتەوە و لە ریزی فەرماندەکانی لەشکردا دایدەنیشێنێت
و رەخنە لەو یاخیببوونە بێ هاوتایە دەگرێت و دەڵێت : چ هۆکارێك هانی داون کارێکی وا بکەن ؟ لەوەلأمدا ئیحسان نوری دەڵێت کە داوای چارەسەری گرفتەکانیان لە مێژە بێ وەلأم ماوەتەوە و تانوکەش ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە .
وەزیر دەڵێت: گەر داواکارییەکانتان جێبەجێبکرێت بەتەمای چی دەبن ؟
ئیحسان لاو و ئازا دەڵێت : گەر رێگە بدەیت بۆخۆم فەرمانەکە دەربکەم و بەڵێنی ئەوەشم پێبدرێت کە خۆم و هاوڕێکانم لە هەموو کارێکی تۆڵچە سەندنەوە پارێزراو ئەبین ، ئەوسا فەرمانی مەقامی وەزارەت جێبەجێدەکەم و ئەگەرێمەوە سەر کارەکەی خۆم . وەزیر هەرچەندە ئەو کارە سەرەڕۆیانەی ئیحسان زۆر کاری لێکردبوو ، بەلأم بریاری دا مەسەلەکە بە دڵی ئیحسان نوری کۆتایی بهێنێت .

دووەم: کاتێك لە ئەستەمبوڵەوە لەگەڵ پێنج نەفەر لە هاوڕێکانی هەڵاتبوون و دەیانویست خۆیان بگەێننە نێو کوردەکانی چیای ئارارات ، بەسواریی بەسەر گردێکدا سەردەکەون و دەبینن لە پێشیانەوە تیپێك سەربازی لێیە کە لە ناوچەکەدا بە مەبەستی دەستگیرکردنی ئەوان دەسوڕێنەوە . هاوڕێیانی ئیحسان ترسییان لێ دەنیشێت و پێشنیازی گەڕانەوە و خۆشاردنەوە دەکەن . ئیحسان نوری ئەو کارەی بە خەتەرناك زانی و دژی وەستا ، هەربۆیە بەرەو فەرماندەی تیپ ملی ناو وا خۆی پێناساندن گوایە ئەمانیش هەمان ئەرکییان لە ئەستۆدایە و رێگەیان هەڵە کردووە و وەك میوانێك خۆی بە ملیاندا دا . پاش نانخواردن و رێزێکی زۆر ، فەرماندەی تیپ دوو نەفەریشی وەك چاوساغ دەگەڵ خستن . دوای ئەوەی لەو مەترسییە رزگاریان بوو ، ئیحسان نوری نامەیەکی پڕ سوپاسی تەنزئامێزی بە ئیمزای



خۆی ئاراستەی فەرماندەی تیپەکە کردبوو و میواندارییەکەشی بەرز نرخاندبوو .

سێهەم : رۆژێك بەفرێکی زۆر کەوتبوو ، ئیحسان نوریش عەودالّی دۆزینەوەی دوو هاوڕێی بوو کە بۆ هێندێك کار چووبوونە دەر ، لە نزیکەوە چاوی بە ئەفسەرێك و چەند سەربازی تورك دەکەوێت کە بەسەر گردێکەوە سەنگەریان لێداوە و چەك و تفاقێکی زۆریان لەبەر دەستە ، ئیحسان دەستبەجێ و بە دەنگێکی بڵند سێ فەرمانی بەناوی سێ دەستەی جیاجیاوە دەرکرد و داوای ئامادەباشی کرد ، ئنجا رووی دەمی کردە سەربازەکان و جاڕیدان " مە نەڤێت کەس بێتە کوشتن و بتەنێ چەك مە دڤێت ، گەر وە دڤێت ساغ بمینن چەکێ خۆ تەسلیم کەن " . سەرئەنجام سەربازەکان دەستیان هەڵبڕی و لە سەنگەر هاتنە دەر ، دواتر ئیحسان نوری داوای لێکردن چەکەکانیان پێچنەوە و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن ، هەر بۆیە بەمەبەستی زیاتر چاوبەستی سەربازەکانی تورك ، فەرمانێکی دیکەی دەرکرد ، سەربازە تورکەکان هەموو چەك و پێداویستییەکانیان بۆ بۆ ئەو شوێنە راگوێزا کە ئیحسان مەبەستی بوو . پاشان رووی لە ئەفسەرە تورکەکە کرد و پێیگوت : من تەنیا بووم و هیچ هێز و دەستەیەکیشم دەگەڵدا نەبوو ، فەرمانەکانم تەنیا بۆ چاو بەست و هەڵخەڵەتاندنتان بوو ، ئەم وانەیەی ئەمڕۆ پێمدان چ کاتێك لە دانیشگای سەربازیی نەدراوەتە کەس ، پاش ئەوە رێگای دان بڕۆن و ئازادی کردن .

هەر کاتێك لەگەڵ ئیحسان نوری دادەنیشتین قسەکانمان زیاتر لە سەر مەسەلەکانی کوردستان بوو ، من پێشتر باسی ئەوەم بۆ کردبوو کە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ( ژ.ك ) هیچ کامیان پلەی بەرزی خوێندەوارییان نەبوو، من کە ئەندامی یازدەهەم بووم لە کۆمەڵەدا تا رادەیەك لە رووی خوێندەوارییەوە لەوانی دیکە لەسەرووتر بووم . ئێمە نەك تەنیا لە

هەلومەرجی مێژوویی و جوگرافیی جیهان هەواڵێکمان نەبوو ، بەڵکو لە مێژوو و جوگرافیای وڵات و خەڵکەکەی خۆشمان شارەزاییمان نەبوو، لەراستییدا لە زۆر شوێن و زۆر شت بیٚ ئاگا بووین "[1].

هەروەها دکتۆر شیرازی لە بیرەوەرییەکانییدا باس لەوە دەکات کە کاتێکی ویستوویەتی بۆ فێربوونی ئسوڵی حزبایەتیی و بارهێنانی تیۆریی ، پەیوەندی بە حزبی تۆدەوە بکات لە تاران ، پرسی بە جەنەڕاڵ ئیحسان نوری کردووە و ناوبراویش رەزامەندیی لەو کارە دەربڕیوە و هانیشیداوە [2] .

هەروەها شیرازی باس لەوە دەکات کە گروپێك بە نێوی ( کۆمای رەش ) لەو کوردانە پێکهاتووە کە لە تاران ژیاون و پلەوپایەی جیاجیایان لە مەجلیس و وەزارەتخانەکاندا هەبووە . جگە لەوەی ئاماژە بەوەش دەدات کە کۆمای رەش لە رێگەی کەسایەتی رۆشنبیری کورد ( صارم الدین صادق وەزیری ) پارێزەر و وەکیلی دادگا و هەروەها سەدیقی ئەنجیری ئازەرەوە ، پەیوەندییان بە ئیحسان نوری پاشاوە کردووە [3]. دکتۆر شیرازی بەتەواویی نازانێت ئامانجەکانی کۆمای رەش چی بوون ، بەلاٚم بەپێی ئەو باس‌وخواسانەی لەم گروپەی دەگێڕێتەوە ، ویٚدەچیٚ کۆمای رەش گروپێکی نەتەوەیی خۆبەختانە بووبیٚ ، ئامانجی بەرەوپێشبردنی کێشەی نەتەوەیی کورد بێت لە ئێراندا ، لە رێگای پەیوەندیی و راکێشانی سەرنجی زلهێزەکانی رۆژئاوا ، بە تایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

شیرازی لەمەڕ کۆمای رەش نووسیویەتی :"مەبەستی کۆمای رەش ئەوە بوو دید و هەڵوێستی ئەمەریکاییەکان لەمەڕ کێشەی کورد و چارەنووسی کوردستان بزانن ...لە منیان داواکرد وەلاٚمی ئەو پرسیارەیان لە

[1] شیرازی ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٠٤-١١١.

[2] هەمان سەرچاوە ، ل ١١١.

[3] هەمان سەرچاوە ، ل ١١٢ .



ئەمەریکاییەکان بۆ وەرگرم ، منیش بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندیم بە ( مستەر مۆلێر ) ەوەکرد کە لە رێگای ( ئارچی رۆزفێڵت ) ەوە / دوو کارمەندی سەفارەتی ئەمەریکی بوون لە تاران- وەرگێڕ / ئاشناییم لە گەڵیدا پەیدا کردبوو . کە چوومە لای ،پرسیارەکەی کۆمای رەشم خستە بەردەستی ،ئەویش لەوەلاٚمدا گوتی کە نیشاندانی هەڵوێستی وڵاتێکی زلهێزی وەك ئەمەریکا سەبارەت بە کورد ، لە دەسەلاٚت و توانای من بەدەرە ، هەر بۆیە چەند رۆژێك چاوەڕوان بە تا بە رەسمی پەیوەندیی بە ولشنگتۆنەوە دەکەم و لەوێڕا وەلاٚمی گونجاوتان دەستدەکەوێت .

ماوەیەکی خایاند کە مۆلێر داوای بینینی کردبووم ، کەچووم گوتی: ماوەیەکی دەوڵەتی ئەمەریکا خەریکی دامەزراندنی پەیوەندییەکی دۆستانەیە لە نێوان چوار دەوڵەتی ئێران ، پاکستان ،تورکیا و عێراقدا ، لەوانەشە زۆر نەبا پەیوەندییەکی دۆستانە بە رەسمی لە نێوان ئەو چوار دەوڵەتەدا بەرقەرار بێت ( مەبەست بەستنی پەیمانی بەغدایە کە دواتر بە سەنتۆ نێوزەدکرا ). ئەمڕۆکە /واتە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی رابردوو- وەرگێڕ / بە قازانجی ئەمەریکا نیە لە پێناوی شتێکدا کە ئاکامەکەی نازانرێت بە کویٚ دەگات ، چوار دەوڵەتی ئاوا لە خۆی بتۆرێنێت . بەلاٚم ئەمەریکا بەڵێن دەداتە کورد گەر بێتوو لەگەڵ روسیای شورەویدا تووشی جەنگ هات و سەرکەوتنی بەدەستهێنا،یاخود خاترجەم بێت کە بۆ ماوەی سەد ساڵی تر لەگەڵ شورەویدا تووشی جەنگێکی سەراسەریی نابێت ، ئەوسا ئامادەیە دەستی هاوکاریی بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی مەزن درێژ بکات . من ئەو وەلاٚمەم گەیاندەوە بە ئیحسان نوری پاشا و وەك ئەرکێکی حزبیش ، تودەم لیٚ ئاگادار کردەوە. لەو دەمەدا کە رۆژنامەی ( مردم ) ی حزبی تودە داخرابوو ، لە جیاتی ئەو رۆژنامەی ( شهباز ) بلاٚودەکرایەوە ، پاش چەند رۆژیك شهباز چوار لاپەڕەی خۆی بە خەتێکی درشت سەبارەت

به ( دامەزراندنی کوردستانی مەزن ) پڕکردبۆوە و ئەوەی باش بوو ناوی منی نەهێنا بوو "[1] .

هەروەها شیرازی لە بەشێکی دیکەی یادداشتەکانییدا و لەژێر سەردێڕی ( دیداری ئارچی باڵد رۆزفێڵت لە گەڵ ئیحسان نوری پاشادا ) باسی چاوپێکەوتنی ئەو دوو کەسایەتییە دەکات . رۆزفێڵت کە جێگری وابەستەی سەربازی سەفارەتی ئەمەریکا بوو لە تاران ، ئارەزوویەکی زۆری فێربوونی زمانی کوردی و ئاگاداربوونی ژیان و کەلتوور و بزوتنەوە سیاسییە نەتەوایەتییەکەی گەلی کوردیی هەبوو. دیارە شیرازی بۆ خۆی ئارەزووی یەکەمی بۆ رۆزفێڵت هێناوەتە دی و بۆی بۆتە فێرکاری زمانی کوردیی [2]. بۆ مەسەلەی دووەمیش پێی وابوو کە لە تاراندا جگە لە ئیحسان نوری پاشای خاوەن رابردوویەکی شۆڕشگێڕیی و رۆشنبیرێکی خامە رەنگین ، کەسێکی دیکەی شیاوتری چنگ ناکەوێت . هەربۆیە بۆتە رێکخەری دیداری نێوان هەرتك لا و لە ماڵەکەی ئیحسان نوری پاشا و پاش یەکترناسین و چاكوخۆشی ، پاشا گوتویە: "گەلی کورد لە رەگەزەوە ئارییە و تیرەیەکی مەزنی گروپی هیندۆئۆروپییەکانە ، بافتی ژیانیان تانوکەش عەشیرەتییە و گەلێك پابەندی دابونەریتی عەشیرەتی میللی خۆیانن .گشتیان جوامێر و شۆڕەسوار و لێهاتوون و لە پێناوی نیشتمانەکەیاندا هەمیشە ئامادەی فیداکاریی و گیانبەخشینن .میللەتی کورد شانازیی بە رەچەڵەك و بنەچەی خۆی ، بە بەرگی ئالاَّووالاَّ و رەنگاورەنگی ، بە حەباتی بێوچانی لەپێناو وەدیهێنانی مافەکانی دەکات . پیاوی کورد لەنێو خێزاندا ، خۆی بە سەردارێکی چاك و بەرپرسی کاروباری بنەماڵەکانی دەزانێت. ژنی کوردیش لەنێو خێزان و کۆمەڵدا پلەوپایەیەکی

[1] هەمان سەرچاوە ، ل ١١٣ .
[2] هەمان سەرچاوە ، ل ١١٧ .



بەرز و شایستە و تایبەتی هەیە و لەچاو کۆمەڵگاکانی دەوروبەردا ، چ ئیسلامیی ، چ نائیسلامیی ، شایەنی بەراوردکردن نیە .

گەلی کورد ژمارەی لە بیست ملیۆن پترە ، کە لەنێو پێنج وڵاتی تورکیا،ئێران،عێراق و سوریا و شورەوییدا دابەشکراوە،لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیی ،زاهێزە سەرکەوتووەکانی جەنگ چەند دەوڵەتێکیان لەجیاتی دەوڵەتی عوسمانیی دۆڕاو دامەزراند . بەداخێکی زۆرەوە سنوری ئەو دەوڵەتانەیان بە پێی رەگەزی نەتەوەکان و لەرووی مرۆڤدۆستییەوە دیاریی نەکرد و لەو رووەوە زیاتر بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەبەرچاو بوو .ئاکامەکەی وەك دەبینی ، خاك و گەلەکەی ئێمە پارچە پارچەکرا ، من و تێکڕای گەلی کورد ، زۆر لەدەوڵەتەکانی بەریتانیا،روسیا و بەتایبەتی ئێوەش ئەمەریکا ،بەداخ و بەگلەیین ، ئێوە خۆتان هەڵکەری ئاڵای ئازادیی و دادپەروەریین و بەو چەشنەش لە ئازادبونی گەلی کورد دا خەمساردیتان نواند و وەفاتان بەهیچ بەڵێن و وادەیەکی بەو گەلە هەژارەتان دابوو نەکرد . تەنانەت مافی قەیمومییەتی کۆمەڵەی گەلانیشتان پێ رەوا نەبینیین .

بەڵام وەك لەواقیعدا دیتراوە و دەبینرێت ، ئیرادەی ئەم گەلە لەپێناو مافە رەواکانیدا لەپەل وپۆ ناخرێت . ئەو شۆڕشە یەك لەدوا یەکانەی کە کە هەرجارە و لە شوێنێکی ئەم سەرزەمینەدا هەڵدەگیرسێت ، بەڵگەی چەسپاوی ئەم راستییەیە. دڵنیاشین ئەم گەلە تا نەگاتە ئامانجی خۆی ، واز لە خەبات ناهێنێت و تێکۆشانی رۆژ لەدوای رۆژ گەرمتر و فراوانتر و خوێناویتر دەبێت .چونکە کورد لەسەر مافی رەوای خۆی سوورە ، بۆیە بەهەر شێوەیەك و بە هەرچ نرخێك بێت هەر دەیهێنێتە دی .

مستەر رۆزفێڵت ، ئومێدەوارم و چاوەڕێم کە سیاسەتکاران و بەرپرسانی نێودەوڵەتی لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیاندا ، مافی

مرۆڤایەتیی لەبەر چاو بگرن و ڕێگای دادپەروەریی بگرنە بەر تا ویژدانی گشتیی لە ئازاردا نەبێت ، ڕێگا نەدەن مرۆڤایەتیی لەوە زیاتر لە ئاژاوەدا بێت و با هەموو پێکەوە لە ئاشتییەکی ئابڕوومەندانەدا بژین ، ڕێگا لەو کارە دزێوانە بگیرێت ، نەیەڵین چیدی کەسانی ناشایستە و هیچ لەبارانەهاتوو دەسەڵاتی وڵاتانی ناوچەکە بۆ خۆیان قۆرخ بکەن و بە ئارەزوو و ویستی خۆیان خەڵك بهاژوون .

لەکاتێکدا جیهان چل‌و یەك وڵاتی تێدایە کە سنووری خاکەکەیان ناگاتە سەدیەکی خاکی کوردستان و ژمارەشیان لە ملیۆنێك کەس تێناپەڕێت ، کەچی ئەوانە سەربەخۆن و لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیشدا دانپیانراون و بەرفەرمیش لە گشت لایەك نوێنەریان هەیە . گەلی کورد کە خاوەنی زیاتر لە بیست ملیۆن کەسە و زمان و داب‌ونەریت و فەرهەنگی تایبەتی خۆی هەیە و لەسەر خاکی باوباپیرانی دەژی کە ڕووپێوەکەی لە ڕووپێوی زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا زیاترە و لەڕووی سامانی ژێر زەوییەوەو کەرەسەی خاوەوە بێ سنوور دەوڵەمەندە ، ئەو خاکەی بە خوێنی پاکی ڕۆڵەکانی ئاودراوە ، گەلێکی بەو چەشنە شایەنی ئەوەیە وەك گەلانی دیکەی جیهان بە ئازادیی بژی و مافی چارەنووسی خۆی وەدەستبهێنێت"[1].

هەروەها دکتۆر شیرازی ، لە شوێنێکی دیکەی بیرەوەرییەکانییدا و لەژێر سەردێڕی (( دیداری نێوان قازی محەمەد و ئیحسان نوری )) دا، باس لەوە دەکات کە چۆن پاش دامەزراندنی کۆماری میللی دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد ساڵی ١٩٤٦ و چوونی شاندی کوردستان بۆ تاران لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٤٦دا بە سەرۆکایەتی (پێشەوا قازی محەمەد ) ، بەمەبەستی دانوساندن و چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ئێران لە ڕێگای دانیشتن و گفتوگۆ لە گەل حکومەتەکەی قەوام ئەلسەلتەنە دا . دوای گەیشتنی وەفدەکە

[1] هەمان سەرچاوە ، ل ١١٨-١١٩ .



و دابەزینیان لە ژووری ژمارە پێنجی هوتێل ( دەربەند ) ، پێشەوا ئارەزووی بینینی ئیحسان نوری پاشا دەکات ، دکتۆر شیرازیش ئیحسان نوری لە مەسەلەکە ئاگادار کردۆتەوە و بۆ ڕۆژی دواتر و لە کاژێر نۆی سەرلەبەیانیدا ، هەردوو ڕابەری دوێنێ و ئەو سەردەمەی نەتەوەی کورد دەگەنە یەك و دەست بە گۆڕینەوەی ڕازونیاز دەکەن.

شیرازی لەم بارەیەوە دەبێژێت:" ئیحسان نوری ڕووی دەمی لە قازی کرد و گوتی: شارەکانی ورمێ و میاندواو کوردنشینن و کوردنشین بوون و تاماوەیەکی کەمیش بەرلە ئێستا جگە لە کورد و چەند ئەرمەنییەك ، کەسێکی دیکەی تێدا نەژیاوە" .هەروەها فەرمووی :"لەجەنابی قازی داواکارم کارێك بکات کە ئێمە هێشتا ئەرکی بنیاتنان و پێکەوەنانی ماڵەکەمان جێبەجێنەکردووە، ڕێگە نەدات خەڵکی لەسەر ڕەنگکردنی ژوورەکان لەیەکتری بەربن ...پێویستە کەسانی شایستە و لێهاتوو لە کاروباری بەڕێوەبەردنی کاروبارەکانی حکومەتدا سوودیان لێوەربگیرێت ، با خەڵکی سەقز و کرماشان و بۆکان و قەسری شیرین و سەردەشتیش بن و مەهابادیی نەبن ، چما خۆ کوردستان هەر بەتەنیا مەهابادێ نیە!!" [1].

[1] هەمان سەرچاوە ، ل ١٢٣-١٢٤ .

## کورتە مێژوویەکی ئێزگەی کوردیی کرماشان و ئێزگەی کوردیی لە ئێران [1]

پاش کودەتای سوپای عێراق لە تەموزی ساڵی ١٩٥٨ دا بەڕابەری (عەمید روکن عەبدولکەریم قاسم ) رژێمی پاشایەتیی رووخێنرا و رژێمێکی کۆماریی لە شوێنی ئەو لە عێراقدا راگەیەنرا ، ئەوەش بووە هۆی تێکچوونی ئەو پەیوەندییە تاڕادەیەك دۆستانەیەی نێوان ئێرانی شاهەنشاهیی و کۆماری تازەدامەزراوی عێراق کە خۆی بە حکومەتی ( کورد و عەرەب ) راگەیاند و هەر زوو پەیوەندییەکان بەرەو ئاڵۆزیی رۆیشتن.

عەبدولکەریم قاسم لەسەرەتای حوکمڕانییەتییدا داوای لە مەلامستەفا بارزانی و هاوەڵانی کرد کە بۆ زێد و نیشتمانەکەیان بگەڕێنەوە و لەکۆمەڵگایەکدا ژیان بەرنەسەر کە تێیدا کورد و عەرەب مافی وەك یەك و بەرابەریان هەبێت.

هەرلەم روانگەیەوە بۆ چەسپاندن و ئاشکراکردنی نیازپاکی رژێمی نوێ ، بێ دواکەوتن کاژێرەکانی بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی رادیۆی کوردیی بەغدا کە پێشتر ٦ کاژێرێك دەبوو ، کرایە ١٢ کاژێر ، هەروەها رێگا بۆ چاپکردنی کتێب و بڵاوکراوەی کوردیی ئاوەڵا بوو.

گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق و جێگیربوونی لە کۆشکەکەی ( نوری سەعید ) سەرەك وەزیرانی کوژراوی رژێمی رابردوو ، زەمینەی بۆ پەلاماری راگەیاندنی رادیۆی عێراق دژی رژێمی شا لە ئێران خۆشکرد و یەکێك لەو مەسەلانەی ئەو دەزگایە وەك رەخنەیەك باسی لێوەدەکردن ، نەبوونی دەزگا و بەرنامەی رادیۆیی کوردیی بوو لە ئێراندا.

---

[1] ئەم بابەتە لە گۆڤاری ( کردستان ) ، فصلنامەء فارسی کردی فرهنگی، اجتماعی، سیاسی،سال اول ، شمارە١ ، بهار ١٢٨٠ بەزمانی فارسی لەلایەن ( محمد کمانگر )ەوە نوورسراو و بڵاوکراوەتەوەو ئێمەش وەرمانگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیی و لە گۆڤاری ( مەتین )دا ، ژمارە ١٢٢، ئادار ٢٠٠٢ دا بڵاومانکردۆتەوە .



لەو دەمەدا کە دەزگای رێکخراوی هەواڵنێریی و ئاسایشی ئێران ( ساواك ) لە لایەن ( سوپەهبود بەختیار ) ەوە سەرپەرشتیی دەکرا ، ئەفسەرێکی لاو هەبوو بەناوی (سەرهەنگ عیسا پەژمان ) کە راوێژکاری بەختیار بوو . ئەم ئەفسەرە هەلەکەی قۆزتەوە و پێشنیازیی دامەزراندنی بەرنامەی بە زمانی کوردیی لە رادیۆدا خستە بەردەم بەختیار.

پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە ، بەڕێوەبەرایەتیی رادیۆ لەو دەمەدا بەناوی ( اداره کل تبلیغات /بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی راگەیاندن ) و لە ژێر چاودێری سەرەك وەزیراندا بەڕێوەدەبرا و لەلایەن ( نصرت اله معینیان ) ەوە سەرپەرشتیی دەکرا ، ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی کە دواتر ناوەکەی بۆ ( بەڕیوبەرایەتیی گشتیی بلاوکردنەوە ) گۆڕدرا.

ئەو پێشنیازەی سەرهەنگ پەژمان لەلایەن سەرەك وەزیرانەوە درایە معینیان تا هەوڵی جێبەجێکردنی بدات ، ناوبرا و ئەم مەسەلەیەی زۆر لەلا گران بوو ، وێڕای ئەوەش بیری لە دامەزراندنی رادیۆیەکی کوردیی لەشاری کرماشان کردەوە کە بۆخۆم ئامادەی چۆنێتی دامەزراندنەکەی بووم .

ئێزگەی رادیۆی کوردیی لەتاران کە لە ناوەڕستی پایزی ساڵی ١٩٥٨ دا کرایەوە و سەرەتا ١٥ خولوك و دواتر نیوکاژێر و سەرئەنجام کاژێرێك بەرنامەکانی خۆی بە دوو دیالێکتی سۆرانیی و کرمانجیی بڵاودەکردەوە . هەروەها ئێزگەی رادیۆی کوردیی کرماشان لە کۆتایی پایزی هەمان ساڵدا کەوتە بڵاوکردنەوەی بەرنامەی کوردیی بە دوو شێوە زمانی سۆرانیی و کرماشانیی و ماوەکەی یەك کاژێر بوو .ئەم بەرنامەیە لەسەر شەپۆلێکی کورت بەتوانای یەك کیلۆوات پەخش دەکرا .هەروەك ئاماژەی پێدرا بە فەرمانی معینیان بەرنامەی کوردیی لە تاران راوەستێندرا و تەواوی کادر و کارمەندەکانی هاتنە کرماشان ، لەو مێژووەوە بەرنامەی شێوە زمانی

( کرماشانیی / کەلهوریی ) وەستێندرا و لەشوێنی ئەو بڵاوکردنەوەی بەرنامەی شێوە زمانی کرمانجیی دەستپێکرد [1].

لەبەرنامەی کوردیی تاران ئەم کەسانە خزمەتیان کردووە :دکتۆر صدیق موفتی زادە ، شکراللە بابان ، دکتۆر عەبدولڕەحمان موفتی زادە ، ئەحمەد موفتی زادە ، خوسرەو شێخکانلو ، حسام الدین ئەمین ، میدیای زەندی ، عوسمان ئەحمەدی ، دکتۆر عابد سیراج الدینی .

لە کارمەندەکانی رادیۆی کوردیی کرماشانیش دەتوانرێت ناوی ئەمانە بهێنرێت: وەلی اللە کامیران، حشمت خامەچی، زەهرا نایینی ، شوکت لهونی، محەمەد سەعید حافدی قزڵجی ، محەمەد مەسعودی ، محەمەد کەمانگەر و محەمەد عەلی زەبیحی .

لە گەلاوێژی ساڵی ١٩٦٢دا ، کاتێك کادر و کارمەندەکانی رادیۆی کوردیی تاران هاتنە کرماشان ، بەرنامەکانی کرماشان رۆژانە ٥ کاژێر و بە دەزگایەکی نێرەری سەد کیلۆ واتی پەخش دەکرا ، هەروەها بەرنامەیەکی دوو کاژێری بەیانیانی رۆژانی هەینیشی خرایە سەر ، ئەم رادیۆیەی کرماشان چونکو رادیۆیەکی رۆشنبیریی و هونەریی بوو و لە رووی سیاسیی و راگەیاندنی دیدە رەسمییەکانەوە زۆر بایەخدار بوو ، لەبەرئەوە لە لایەن گوێگرانەوە پێشوازییەکی گەرمی لێدەکرا. زیادەرۆیی ناکەین گەر بڵێین هەر کوردێك ئەو ئێزگەیەی بە هی خۆی دەزانی و هۆگری بوون ، ئەو هاوکارییەی لەلایەن ئەدیب و شاعیرانی ناوەوە و دەرەوەی ولات پێشکەش بە بەرنامەکانی ئێزگەکە دەکرا راستی ئەو قسەیەی سەرەوە دەسەلمێنێت .

[1] شایەنی باسە دوای دەرکردنی یاسای ریفۆرمی زەوی لە عێراق ژمارەیەك لە دەرەبەگەمانی باشووری کوردستان هەڵاتنە ئێران و لەم رادیۆیەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرا و هێرشیان دەکردە سەر رژێمی کۆماری نویێ . بڕوانە : ئازادی . رۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسی یە ، ژمارە ٨٦ ، ساڵی ١ ، ١٨/٣/ ١٩٦٠ .



تا ئەو شوێنەی لەیادمە ، گەلێك هۆنراوەی شاعیرانی کوردی وەك قانیع و گۆران و چەند ناوداری تر بە دەستخەتی خۆیان دەگەیشتنە رادیۆی کرماشان و زۆربەیان بڵاودەکرانەوە . جگە لەوە لە ناوخۆی وڵاتدا کەسانی پایەبڵندی وەك هێمن ، حەقیقی ، امامی ، اقدسی مەریوانی، شێخ رەئوف ضیایی ، نافع مظهر ..هتد بەرهەم و هۆنراوەی خۆیان بەمەبەستی بڵاوکرنەوە دەناردە رادیۆی کرماشان .

بەرنامەی کوردیی کرماشان سەرەتا لەلایەن وەلی اللە کامیرانی و دواتر پاش هاتنی شوکروڵڵا بابان لەتارانەوە بۆ کرماشان لە لایەن ناوبراوەوە بەڕێوەدەبرا . شوکروڵڵا تا ساڵی ١٩٦٨ ئەو ئەرکەی لەئەستۆدا بوو ، لەو مێژووەوە تا ساڵی ١٩٧١ دیسانەوە لە لایەن کامیرانییەوە ئەرکی سەرپەرشتییکردنی ئاو رادیۆیە خرایە ئەستۆ .لە ساڵی ١٩٧١ یشەوە تا ١٩٨١ کە لە راستییدا درەخشانترین ساڵەکانی ژیانی بەرنامەکانی کوردیی ئێزگەی رادیۆی کرماشان بوو ، بەڕێوەبەرایەتیی بەرنامەکانی لە ئەستۆی نووسەری ئەم دێڕانەدا بوو . لە دەساڵی ناوبراودا ئەم رادیۆیەلە باشتریین کادر و کارمەند و ئامادەکار و وەرگێڕ و دەرهێنەر بەهرەمەند بوو . جگە لەوەی بەهێزتریین دەزگار نێرەر و پەخشکەری لە کرماشان و قەسری شیرین و بناو و دەشتی قەزوین لە خزمەتدا بوو ، کە رۆژانە دوازدە سەعات بەرنامەی خۆی بۆ گوێگرانی کوردیی بڵاودەکردەوە .

(( **ناوەکان و یادەکان** ))

بێژەرانی رادیۆ بریتیبوون لە: وەلی اللە کامیرانی ، حشمت خامەچی، زەهرا نایینی ، شوکت لهونی، محەمەد سەعید حافدی ، محەمەد مەسعودی ، محەمەد کەمانگەر ،خانم حبیبی ، میدیای زەندی ، سید عزیز علوی ، احمد جەلالی ، پەروین مشیر وەزیری ، بهمن عباسی، حسام الدین امین ، فوزیە عباسی ، یوسف مطری ، نهیە راهدار ، منصور اردلان ، عزیز

سوڵتانی ، جعفر کنجعلی ، ناصر مرنلی ، گیتی سپهری ، جعفر شریفی ، باقر احمدی ، سید جەلال نیزامی ، مهدی اسودی ، وەعدەت احمدی ..هتد .

نووسەران و وەرگێڕەران بریتیبوون لە: مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی ، تایەری هاشمی ، دکتۆر صدیق موفتی زادە ، صدیق بۆرەکەیی ، سوارەی ئیلخانیزادە ، عەبدوڵڵا مەردۆخ ، مامۆستا حوسێن جەلیلی ، ئەحمەد شەریفی ، محەمەد عەلی زەبیحی ، ڕەئوف محەمەد موقەدەم ، ئەشرەف کەمانگەر پور ، امین نەقشبەندی ، مەلا محمد ڕەبیعی ، سەید حوسێنی مەسعودی ، محەمەد ساڵح ئیبراهیمی ، سەید اسماعیل حوسەینی ، عین الدین ضیایی ، محمد صالح ابراهیمی ..هتد .

ئامادەکاران :عبدالحسین ناصحی ، هوشنگ چاوش سیاح ، مظفر کمانگرپور ، جلیل قاسمیان ، بهمن طهموری ،فیروز اجیل چی ، عباس گرجی ، فیروز سیمونی ، محمد کمانگر ، عوسمان ئەحمەدی ..هتد.

(( **گروپی نمایش لە تاران** ))

مریم ظاهریانی ، عوسمان ئەحمەدی ، محمود شیخ الاسلامی ، زەهرا نادری ، اسعد نەقشبەندی ، پروین مشیر وەزیری ، عفت مشرق ، باقر( مظهر) خالقی..هتد.

**گرووپی مۆزیك:**

ابراهیم وەلی ، احمد سلیمی ، عسکر نقشقندی ، گلستانی، صنعتی، برایانی زیزی، حەسەن زیرەك ، سەید محەمەدی سەفایی ، مورتەزای توندروو ، ابراهیم خۆشنەوا، هاشم ڕەبیعی ،محمد طهماسبی ، علی نظر ، عطاالله سعید منصور ، سلطانمراد احمد ، اسماعیل مسقطی، غلامعلی رومی ، محمد نەجار ، محمد یاوری ، مراد سکین ، حشمت الله لوڕنەژاد ، فیروز سابوری ، اسماعیل پیرخدر ، سەعید قەندی ، اسماعیل



سابوری ، یدالله ڕەحمانی ، شهاب جزایری ، یدالله یخچاڵی ، سید جەلال موحەمەدیان .. هتد.

**مۆزیکژەنان**

محمد عبدالصمدی ، مجتبی میرزادە ، محمود مرأتی ، اکبر یزدی ، حامدی ، بهمن پولکی ، دەرویشی ، مسعود زەنگەنە ، زید یحیانی ، اردبیلی ، پرندیان ،هتد.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەو هونەرمەندانە بدەم کە دانیشتووی کوردستانی عێراق بوون وەك مامۆستا عەلی مەردان ، حەسەن جەزراوی ، محەمەد عارف جەزراوی و زۆری دیکە کە بەداخەوە ناوەکانیانم لەیاد نەماوە ، ئەوەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە ڕادیۆی کوردیی کرماشان چ جێگایەکی تایبەتی لەلای هونەرمەندان هەبووە ، ئەوانەی ژمارەیەك گۆرانی زۆر خۆشیان لەو ئێزگەیە تۆمار کردووە ، جگە لە هونەرمەندانی نێوخۆی وڵات ، بۆ نموونە شادرەوان خەلیلی سەدیقی بە دەنگە خۆش و کەم هاوتاکەی گۆرانی (( فاتمە دوو چاوی مەستت پڕ لە سیحر و جوانییە )) ی تۆمار کردووە  کە لە بنەڕەتدا شیعری شاعیری کوردی عێراق " ئەحمەد هەردی " یە و بە یەکێك لە بەنرخترین گۆرانییەکانی ناوبراو دادەنرێت .

**یەکەمین نمایش بە زمانی کوردیی**

وێڕای ئەوەی پێش دامەزراندنی ئێزگەی ڕادیۆی کوردیی لە ئێران ، وڵاتی عێراق ئەو ئەزموونەی تاقیکردبووەوە و ڕۆژانە چەند کاژێر لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردیی بەغداوە بەرنامەی کوردیی بڵاودەکرایەوە ، بەڵام بۆ یەکەمین جار نمایشی ڕادیۆیی بە زمانی کوردیی لە ساڵی ١٩٦٠ لە ڕادیۆی کرماشانەوە بڵاوکرایەوە .

لە ساڵوەگەڕی جوڵانەوەی مەشرووتەخوازییدا ، لە ٤ی گەلاوێژی ١٣٣٩ /١٩٦٠ دا تێکستێکی شانۆیی رادیۆ لە فارسییەوە لە لایەن وەلی الله کامیرانییەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردیی بە ناونیشانی " تروسکاییەك لە تاریکییدا " کە رۆڵی مەشرووتەخوازی کورد ( یار محەمەد خانی کرماشانی ) نیشاندەدا . ئەم نمایشە بە هاوکاری :کامیرانی ، خانم زەهرا نایینی و هەر دوو خوالێخۆشبوو سەید مەسعودی و محەمەد عەلی زەبیحی ، حشمت الله خامەچی و شوکت لهۆنی ، توانرا یەکەمین نمایشی رادیۆیی بە زمانی کوردیی پێشکەشی گوێگران بکەین .

شایەنی وەبیرهێنانەوەیە ، ئەم کارە بووەهۆی ئامادەکردن و پێشکەشکردنی نمایشی رادیۆیی هەفتانە و دواتر رۆژانەش کە لەدوا بەرنامەکانی ئێوارەدا بە ناونیشانی "داستانی شەو " بڵاودەکرایەوە و زۆر لای گوێگران سەرنجراکێش بوو .

یەکێك لە سەرکەوتووترین نمایشە شانۆییەکانی رادیۆیی هەفتانە ، نمایشی ( حەمە شوان ) بوو کە لە لایەن شوکروڵڵای بابانەوە نووسرابوو ، من رۆڵی حەمە شوانم دەبینی . ئەم نمایشە پاش چەند ساڵێکیش و لەسەر داوای گوێگران لەو رادیۆیەوە پەخشدەکرا و چەند هونەرمەندێکی وێنەکێش بە خەیاڵی ئەو نمایشە تابلۆی سەرسوڕهێنەریان کێشابوو .

نمایشێکی رادیۆیی وەك (حەمە شوان ) کە بەرجەستەی ستەمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای لادێی دەکرد و بابەتەکەی لە راستبوونەوەی شوانێك دژی ئەو ستەمە چینایەتییە دەخستە بەرچاو ، لە کن گوێگرانی کوردزمان شوێنێکی بەدەستهێنا .

**بەرنامە ئەدەبییەکان :**

١- خوالێخۆشبوو سەید تاهیری هاشمی چەند بەرنامەیەکی بە ناونیشانی ( هەوارگەی دڵان ) و ( گوڵزاری ئەدەب ) دەنووسی ، کە هەربۆخۆیی لە



هێندێکیاندا بەشداری دەکرد و لەگەڵ بێژەرانی وەك : پەروین مشیر وەزیری ، عەزیزە نافعیو محەمەدی کەمانگەر دا پەخشیان دەکرد .

٢- خوالێخۆشبوو سوارەی ئیلخانیزادە بەرنامەی ( تاپوو بوومە لێڵ ) ی دەنووسی و سەرەتا خۆی بە ئەرکی بڵاوکردنەوەکەی رادەپەرموو .

٣- کاروانی شیعر و مۆسیقا لە نووسین و جێبەجێکردنی شوکروڵڵا بابان و عەزیزە نافعی و محەمەد کەمانگەر و سەید عزیز علوی بوو.

٤- بەرنامەی ( هونەر و شیعر ) لە نووسینی محەمەد کەمانگەر و پێشکەشکردنی شوکروڵڵا بابان و عەزیزە نافعی و محەمەد کەمانگەر بوو .

ئاشکرایە بەدرێژایی ئەو ماوەیە کە بەرنامەی رادیۆی کوردیی لە کرماشان جێگیر بوو ، واتە بەدرێژایی ١٩ ساڵ ، بەهیچ شێوەیەك چالاکی پەخش و بڵاوکردنەوەی بەرنامەی رادیۆیی بە زمانی کوردیی لە تاراندا نەبووە و تەنیا بنکەیەکی پەیوەست بە کارەکانی بەرنامەی رادیۆی کوردییەوە لە تاران بوو ، کە لەساڵەکانی نێوان ١٩٦٩-١٩٧٤دا ژمارەیەك داستانی شەو و چەند بەرنامەی پازدە خولەکییان تۆمار دەکرد و دەیاننارده ئێزگەی رادیۆی کوردیی کرماشان بۆ بڵاوکردنەوە .

**دوا گوتە**

لەراستییدا ، بەرنامەی کوردیی لە کرماشان کە٢٦ ساڵی رەبەق دەوامی کرد و چەندین بەرنامەی جۆراوجۆری بەزمانی کوردیی بڵاودەکردەوە ، گرنگترین ناوەندی رادیۆیی بوو کە ناتوانرێت چاو لە کارتێکردن و ئاسەواری بەسوودی لەسەر پەرەسەندنی زمانی کوردیی بپۆشرێت .

ئەم رادیۆیە دروست وەك قوتابخانەیەکی لێهاتبوو کە بە پێی نووسینی گوێگرەکان ، زۆریان لە رێی ئەم ئێزگەیەوە فێری زمانی کوردیی ببوون .بێگومان بوونی چەند بەرنامەیەکی وەك ( فێربوونی زمانی کوردیی )

، ( دەستووری زمانی کوردیی ) ، ( نیشتمانی خۆت بناسە ) و هتد ، رۆڵێکی زیاتریان لەو بارەیەوە دەگبینی ، لە نووسەرەکانی ئەو بەرنامانە :دکتۆر صدیق موفتی زادە و مامۆستا مەلا جەمیل رۆژبەیانی لە یادمدان .

دیارە هەرگیز ئەم کورتە مێژووە ناتوانێت بە قووڵی باسی رۆڵی ئەو کادر و ئەندام و کارمەندانەی رادیۆی کرماشان بخاتە بەرچاو کە داوای لێبووردن لە نەهێنانی ناوی هێندێکیان دەکەم . بەڵام دەبێت ئەو راستییە لەبیر نەکرێت ئەویش ئەوەیە وێڕای ئەو سانسۆر و چاودێرییە توندوتیژەی کارمەندان و سیخوڕەکانی دەزگای ساواك ،کەچی کارمەندانی رادیۆ بە شێوەیەکی هۆشیارانە ئەرکی خزمەتکردنی زمانی کوردییان بەئەنجام دەگەیاند و کەمترین بیانووشیان نەدەدا بەدەستەوە و بلاوکردنەوەی بەرنامەکانی ئێزگەی رادیۆی کوردیی لە کرماشان تا ساڵی ١٩٨٣ هەربەردەوام بوو ، لەو مێژووەوە ئەو ئێزگەیە بەتەواوی داخرا و بەرنامەی رادیۆی کوردیی لە تاران سەرلەنوێ دەستپێکردەوە و تانوکەش بەردەوامە .



## رووداوە سیاسییەکانی عێراق و شۆڕشی کوردستان لە یادداشتەکانی ( ئەرتەشبود حسێن فردوست )[1]دا

لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانییدا هێزەکانی بەریتانیا توانییان دەست بەسەر پشکێکی مەزنی خاکی عێراقی ئەمڕۆ بگرن . هەر زوو لەبەر دوو هۆی گرنگ ، کە یەکەمیان گرنگی شوێنی جیۆپۆلتیکی عێراقە و دووەمیشیان بوونی رێژەیەکی زۆری پترۆڵی عەمبارکراوە ، بەریتانیا کەوتە جێ پێی قایمکردن و چەسپاندنی دەسەڵات و بەڕێوەبەرایەتی لە ناوچەکە دا . هەر بۆیە فەیسەڵی کوڕی شەریف حوسێنی هێنا و کردیانە پاشای عێراق . دواتر عەبدوڵڵای براشیان هێنا ، کردیانە پاشای ئوردن . بەم شێوەیە بەریتانیا لە رێگای خێزانی هاشمییەوە پشکێکی گەورەی خاکی عەرەبیی بەڕێوەبرد .

لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییدا ، دەسەڵاتی بەریتانیا لەعێراق چەسپاو بوو ، دواتر بە هاریکاریی ئەمەریکا توانرا پەیمانی بەغدا لە نێوان دەوڵەتەکانی ناوچەکە لە ساڵی ١٩٥٥ دا ببەسترێت کە بووەهۆی ئەوەی زیاتر شوێنی رژێمی عێراق و دەسەڵاتی بەریتانیا لە ناوچەکە بەهێز بێت . لەم کاتەدا فەیسەڵی دووەم پاشای عێراق بوو ، بەڵام دەسەڵاتی راستەقینە لە

[1] حسێن فردۆست ( ١٩١٧-١٩٨٧ ) یەکێکە لە ئەفسەرە هەرە پایەبڵندی ئێران و نزیکترین کەسایەتیی بوو لە محەمەد رەزای شای پەهلەویی . ماوەیەکی بەڕێوەبەری کاروباری دەرباری شاهەنشاهیی بووە . ئەرکی بەڕێوەبردنی ( دەفتەری ئاسایشی تایبەت ) ی پێ سپێردرابوو ، هاوکات لە دەزگای ساواك ( سازمان امنیت و اطلاعات کشور ) دا رۆڵی گەورەی هەبوو . یادداشتەکانی خۆی بە ناونیشانی : خاطرات ارتشبد سابق حسین فردوست ، ظهور ء سقوط سلطنت پهلوی ، مؤسسە اطلاعات و پژوهشهای سیاسی ، انتشارات اطلاعات ، تهران ، ١٣٦٩ دا بلاوکردۆتەوە . ئەم بابەتەی کە سەبارەت بە شۆڕشی کورستانە لە یادداشتەکانی ناوبراودا کردوومانەتە کوردیی و بۆ یەکم جار لە : گۆڤاری ( مەتین ) ، ژمارە ٧٤ ، ئاداری ١٩٩٨دا بلاومانکردۆتەوە .

دەست نوری سەعیددا بوو کە سەرۆك وەزیران بوو ، دەتوانرێت ئەم پیاوە بە یەکەمین بەکرێگیراوی ئینگلیز لە عێراق دابنرێت .

من خۆم گەلێك جار فەیسەڵم لە دەرباری محەمەد رەزا دا دیتووە ، گەنجێکی لەبار و پۆشتە و رێکپۆش و هێمن ، وابزانم رەبەنیش بوو . هەرچی کاروباری دەربارەکەی بوو، لە لایەن کوڕە مامەکەیەوە بەناوی عەبدولئیلا کە دەساڵ لە خۆی مەزنتر بوو بەڕێوە دەچوو . ئەویش لە پێڕی نوری بوو ، پەیوەندییەکی پتەوی بە ئینگلیزەکانەوە هەبوو ، مقاشێکی باش بوو بە دەستیانەوە . بەڵام هەرچی نوری بوو لێهاتووتر بوو ، خاوەن توانایەکی سیاسیی مەزن بوو . وەك دیکتاتۆرێك ئەهاتە بەرچاو و هەموو کەسبێك حیسابی بۆ دەکرد . لەکاروباری بەڕێوەبردنیشدا زۆر کارامە و بەهرەمەند بوو . بەرێكوپێکی ئەرکەکانی بە ئەنجام دەگەیاند و بەباشی بۆ پاراستنی مەملەکەت کاری دەکرد . هەروەها لەگەڵ شای ئێراندا پەیوەندییەکی باش و پتەوی هەبوو .

لەم کاتەدا لە عێراق تا دەهات گیانی شۆڕشگێڕیی دژی ئینگلیزەکان پەرەی دەستاند . بەتایبەتی لە ریزی ئەفسەرەکانی سوپا ، ئەوانەی لە ژێر ئاسەواری کودەتاکەی جەنەراڵ نەجیب و عەقید عبەدولناصردا بوون و بیری ناسیەنالیستیی عەرەب دەیهەژاندن . لە راستییدا شورەوی هاندەر و پاڵپشتیی ئەم جۆرە بزاڤە نەتەوەییانە بوو . بە هەر حاڵ ئاکامی ئەم گیانە شۆڕشگێڕییە روودانی کودەتای خوێناوی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ ی بە رێبەری عەبدولکەریم قاسم لێکەوتەوە کە بووە هۆی کۆتاییهاتنی رژێمی پاشایەتیی و خێزانی هاشمیی لە عێراق .

دوای رۆژێك لە روودانی کودەتاکەی قاسم ، لە گفتەگۆیەکی دۆستانەدا چاوم بە سەرلەشکر ( جەم ) کەوت ، پێیگوتم کە من قاسم باش دەناسم ، چونکە کاتێك من سەرۆکی لێژنەی سەربازیی ئێران بووم لە



" SANTO "/ مەبەستی پەیمانی بەغدای کۆنە – و/ قاسم لە خولێکی کۆلێژی سەربازیی بوو لە لە تورکیا و هەلی یەکتر ناسینمان رەخسا . ئەو کات قاسم لە پلەی سەرهەنگییدا بوو ، بەراستی وەك مرۆڤێکی سەربازیی تاکڕەوی دەسەڵاتخواز دەهاتە پێش چاو ...

بەهەرحاڵ دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٥٨ گرژیی لەسەر سنووری عێراق پەیدابوو ، فەرماندەیی سوپای عێراق بڕیارییدا لیوایەك سەرباز بە فەرماندەیی قاسم و جێگرەکەی کە عەقید عەبدولسەلام عارف بوو ، رەوانەی ناوچە سنوورییەکان بکات . ئەم لیوایە لە کاتێکدا نزیکی بەغدا دەبنەوە و شەویان لێدادێ بڕیار دەدەن کە بمێننەوە ، لەم بارودۆخەدا قاسم و جێگرەکەی پلانی هێرش بردنە سەر بەغدا و کودەتایەکی سەربازیی دادەڕێژن . بەم شێوەیە لە کاژێری ٣,٣٠ خولەکی سپێدەدا ، لیواکە بەرەو پایتەخت کشا و بوو بە دوو بوشەوە . یەکەمیان بە فەرماندەیی قاسم ئەرکی گرتنی کۆشکی شایان گرتە ئەستۆ ، دووەمیش بە فەرماندەیی عەبدولسەلام کە ئەرکی کۆنترۆڵکردنی ئێزگە و دەزگای راگەیاندنی پێسپێردرا .

قاسم توانی عەبدولئیلا و فەیسەڵ و هەموو ئەندامانی خێزانی هاشمیی لە عێراق بگرێت و دوای چەککردنیان زۆربەیانی گوللەباران کرد . پاش ماوەیەکی کورت نوری سەعیدیش دۆزرایەوە و ئەویش گوللەباران کرا . لاشەی تێکڕایان بە شاری بەغدادا دەگێرا و نمایش دەکران . ئەم کودەتا خوێناوییەی ساڵی ١٩٥٨ مەزنترین رووداوی وەخت بوو لە ناوچەکەدا . هەرچی رۆژئاوا و محەمەد رەزاش بوو زۆر بەترسەوە ئەیانڕوانییە کودەتاکە . لە رۆژە بەدوواوە پەیوەندییەکانی ئێران و حکومەتی عێراق بە توندی رووەو تێکچوون چوو کە تا ساڵی ١٩٧٥ درێژەی کێشا .

كودەتاكەی قاسم لە ناوچەكە بە بەرژەوەندی شورەویدا دەشكایەوە ، بەهێزیی و فراوانبوونی چالاكی حیزب و گرووپە كۆمۆنیستەكان بە توندی هەڕەشەی لە بەرژەوندییەكانی رۆژئاوادەكرد . هەربۆیە بەریتانیا و ئەمەریكا كەوتنە خۆیان و بۆ بەهێزكردنی رژێمی شاهەنشاهیی ئێران و پاشایەتی ئەردەن كەوتنەكار . لەهەمان كاتدا دەستیان كرد بە پیلان دانان بۆ لاوازكردنی هێز و لایەن و گرووپەكانی سەر بە شورەوی لە ناو سوپای عێراقدا ، بۆ ئەم مەبەستەش هێدی هێدی كەوتنە بەرزكردنەوەی سەددام حسێن .

دوابەدوای چوارساڵ حكومەتكردن ، قاسم لە ساڵی ١٩٦٣دا بە كودەتایەك كە عەبدولسەلام عارف رێبەرایەتیی دەكرد لابرا و كوژرا . ئەم كودەتایە بووە هۆی هاتن سەركاری حیزبی بەعس لە عێراق كە لە بەرژەوەندیی ئەمریكادا بوو . دوای ماوەیەك عارف لە رووداوی تەقینەوەی فڕۆكەیەكدا گیانی لەدەستدا و عەبدولڕەحمانی برای شوێنی گرتەوە . هەر پاش ماوەیەك لە تەموزی ساڵی ١٩٥٨دا بە كودەتایەك ئەحمەد حەسەن ئەلبەكر دەسەڵاتی لە عێراق گرتە دەست و عەبدولرەحمانی گرت و لە عێراق دووری خستەوە .لەم كاتەدا سەددام بووە جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی شۆڕش و جێگری سەرەك كۆمار لە عێراقدا . هەرچەندە سوپای عێراق سەددامی زۆر خۆش نەدەویست بەڵام هەر زوو توانی هەموو كاروفرمانەكانی وڵات بخاتە ژێر ركێفی خۆیەوە .بەم پێیە چەسپاندنی دەسەڵاتی دیكتاتۆری سەددام كە نەخشەبۆكێشراوی ئەمەریكا بوو هێدی هێدی جێی خۆی گرت . شتێكی سەیر نیە ئەو كاتەی ئەلبەكر سەرەك كۆمار بوو ، لە بۆنەی كردنەوەی كۆلێژی سەربازیی لە بەغدا سەددام بە جلكی سەربازییەوە خۆی دەرخست كە بەرزترین نیشانەی سەربازیی كە ( جەنەڕاڵ ) ە لەسەر شان دانابوو . سەددامێك بە درێژایی ژیانی سەربازیی



نەكردبوو . ئەم گاڵتەجاڕییە وای كرد كە زۆربەی ئەفسەرە ئامادەبووەكانی بۆنەكە وەك جۆرێك لە نارەزایی دەربڕین كۆبوونەوەكە جێبهێڵن .

یەكێك لە گرنگترین مەسەلەكان كە بەشێوەیەكی راستەخۆ هەر لە دوای ساڵی ١٩٦١ ەوە تا ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە ئاسایشی ناوخۆی ئێرانەوە هەبوو ، هەروەها جێگای بایەخ و گرنگیی پێدانی دەزگای ( ساواك ) بوو ، مەسەلەی شۆڕشی كوردستان بوو بە رێبەرایەتی بارزانی دژی حكومەتی عێراق . بێگومان گرنگی ئەم مەسەلەیە و پەیوەندی بە ئاسایشی ناوخۆی ئێرانەوە روون‌وئاشكرایە و شیاوی باسكردن نیە .

ئاشكرایە كوردەكان گەلێكی ئاری رەگەزن ، ژمارەیان زیاتر لە ٨- ١٠ ملیۆن مەزەندە دەكرێت ، كە لە وڵاتەكانی توركیا ، ئێران ، عێراق ، سوریا و كۆمارەكانی ئەرمەنستان و ئازەربایجانی شورەویدا بە دابەشكراویی و پەراگەندەیی دەژین . كوردەكان سوودیان لە چیایی بوونی نیشتمانەكەیان كردووە و ئەتوانن لە نێوان ئەم وڵاتانەی سەرەوەدا ، جگە لە شورەوی ، بە ئاسانیی هات‌وچۆ بكەن . هەربۆیە داخستنی سنوور و كۆنترۆڵكردنی هاتوچۆ و سنوور بەزاندنیان لە لایەن ئەم وڵاتانەوە بێ ئاكامە و لەم بوارەشدا تێكڕای هەوڵەكانیان بێهوودە بووە .

دوای جەنگی یەكەمی جیهانیی ، كوردەكان خوازیاری دروستكردنی دەوڵەتێكی سەربەخۆ بوون ، بەڵام ئەم هیوایە لەگەڵ بەرژەوەندییەكانی ئینگلیز یەكی نەدەگرتەوە.دواتریش رۆژئاوا هیچ خواستێكی بۆ بەدیهێنانی ئەم پرۆژەیە نیشان نەدا. هۆی ئەمەش ئەو هەڕەشەیەیە كە دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردیی هەڕەشە لە توركیا دەكات ، چونكە توركیا گەورەترین بەشی كوردستان و مەزنترین ژمارەی خەڵكی كوردی گرتۆتەخۆ . ( ئەتاتورك ) لە توركیا سیاسەتی كوشت‌وبڕی كوردی گرتەبەر و بەجۆرێك وشەی ( كورد ) ی یاساغ كرد و نازناوی توركە

( چیاییەکانی ) بە کورد بەخشی . هەروەها لە ئێران کورد سەرئێشەیەکی مەزنیان بۆ رەزاخان دروستکرد و چەندین گۆڵمەز و گرفتیان بۆ نایەوە . لە کاتی رووخاندنی رژێمی رەزاشا و هەڵاتنی ، لە ساڵەکانی ١٩٤٥-١٩٤٦ ، بە پاڵپشتیی سوپای سوری شورەوی ، کۆماری مەهابادی خودموختار پێکهێنرا . بەڵام درێژترین شۆڕی کورد دژی دەسەڵاتی ناوەند لە عێراق روویدا کە تا ساڵی ١٩٧٥ی خایاند ، بە جۆرێك سوپای ئەو وڵاتەی شەقوشڕ کرد ، کە تەنیا لە رێگەی رێکەوتننامەی جەزائیرەوە کۆتایی پێهێنرا .

کاتێك لە مەهاباد ، کۆماریی خودموختاری کورد بە سەرۆکایەتیی قازی موحەمەد دامەزرابوو ، کوردەکانی عێراق بە رابەرایەتیی بارزانی پاش شکست خواردنیان لە چەند شەڕێکی خوێناوییدا دژی حکومەتی نوری سەعید کە بە تەواوی لە لایەن بەریتانیاوە دژی کورد هاوکاریی دەکرا ، هاتن بەم دیودا و چوونە مەهاباد . لە دوای رووخاندنی کۆمار ، بارزانی لەگەڵ ( ٥٠٠ ) لە هاوەڵەکانی لە ناوچە شاخاوییەکانەوە بەرەو قەفقاس کەوتنە رێ . هەرچەندە داواکرا لە هێزە سەربازییە سنوورییەکانی ئێران بەربەستی هەڵاتنیان بگرن ، بەڵام هەموو کۆششێك بێ سوود بوو . شارەزایی بارزانی بە ناوچە سەختەکان هۆکاری رزگاربوونی خۆیی و هاوڕێکانی بوو کە لە ئاکامدا وەك پەناهێندەیەك گەیشتنە شورەوی و لەوێ مانەوە هەتا روودانی کودەتای قاسم ساڵی ١٩٥٨ . لەم ماوەیەدا هەندێك لە کوردەکان خەریکی خوێندن بوون و بەشێکیشیان پاش خواستنی ژنی رووس توانیبوویان خێزان پێکبهێنن . تا ئەم کاتە روسەکان پشتگیرییان لە مەسەلەی خودموختاری کوردان ئەکرد . هەرچی ئینگلیز و ئەمەریکایە ئەم مەسەلەیان بە هەڕشەیەکی خەتەرناك لەسەر بەرژەوەندییەکانیان ئەزانی لە ناوچەکە و هەروەها لەسەر بەرژەوەندی رژێمە وابەستەکانی عێراق و ئێران و تورکیا .



لەگەڵ هاتنە سەرکاری رژێمی نوێ لە عێراق ، قاسم لێبوردنی گشتیی بۆ کوردان دەرکرد ، هەروەها بارزانی و هاوڕێیەکانی گەڕانەوە بۆ عێراق و تا ماوەیەك پەیوەندی باشیان لەگەڵ بەغدا دا هەبوو . بەڵام ئەم باشییە تاسەر بەردەوام نەبوو ، بەڵکو هێدی هێدی پەیوەندیەکانی هەردوولا ساردوسڕیان تێکەوت و زۆری نەبرد سەرلەنوێ شەڕوشۆڕشی کوردستان هەڵگیرسایەوە . لەم قۆناغەدا ئەمەریکاش هاتە ناوان و هەوڵیدا لە رێگەی کۆمەکیی و پاڵپشتیی رژێمی ئێرانەوە بۆ شۆڕشگێڕەکان ن رووداوەکان بە ئاقارێکدا بەرێت کە بە قازانجی خۆیدا بشکێتەوە . لە ئەنجامدا محەمەد رەزا کەموزۆر کۆمەکی بە کورد کرد . شایەنی باسە کوردە شۆڕگێڕەکان لەبەرەکانی جەنگدا سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست دەهێنا و سەردەستیی تەواویان بەسەر هێزەکانی سوپادا بەدیهێنابوو .

لەکاتێکدا قایمقامی ساواك بووم ، رۆژێکیان پیاوێك هاتە لام بە ناوی ( سەرتیپ مەنسوور پور ) پێیگوتم کە لەلایەن ساواکەوە ئەرکی بەستنی پەیوەندی لەگەڵ شۆڕشی کوردستان و رابەرەکەی پێسپێردراوە . لەبەر ئەوە لەوانەیە هەندێك جار چەند رۆژێك یاخود هەفتەیەك لە شوێنەکەی نەبینرێت . منیش وەڵامم داوە و پێمگوت کە زۆر ئاسایی یە چونکە کارەکەتان بەوجۆرە دەخوازێت . بەم شێوەیە لەم رێگایەوە منیش لە هەندێك رووداوەکانی کوردستان ئاگادار بووم .

مەنسوور پور خۆی کورد بوو ، شارەزاییەکەی بێهاوتای لە کێشەی کورددا هەبوو . مرۆڤێکی زیرەك و هۆشیار بوو . تا بڵێی تێگەیشتوو و لەسەرخۆ کە بە تەواوی بۆ ئەم کارە ئەگونجا . وێڕای ئەوەش زۆربەی کەسایەتییە ناودارەکانی کوردی دەناسی و پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی رێکخراوە کوردییەکانی دەرەوەو ئەوروپا هەبوو . تەنانەت زۆر لە وردەکارییەکانی دەزانی پەیوەندی پتەوی لەگەڵ خودی بارزانی دا هەبوو .

لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە ، مەنسوورپور پەیوەندیی لەگەڵ شەخسی موحەممەد رەزادا هەبوو . پەیوەندیی من و مەنسوور بەردەوام بوو . ئەو لە دەزگای ساواك بە پلەی ( سەرتیپ ) بۆ ماوەیەكی زۆر كاری كرد ، دواتر محەممەد رەزا گواستییەوە بۆ دەزگای ژاندارم و پلەكەشی بەرزكردەوە بۆ ( سەرلەشكر ) .

مەنسور ئەیگوت كە بارەگای سەركردایەتی بارزانی لە ئەشكەوتێكی پان‌وبەرینە كە بەلایەنی كەمەوە ١٠٠ كەسی تێدا جێگادەبێتەوە . ئەم ئەشكەوتە سروشتیە و خێزانی بارزانیشی دێدا دەژی ، لەبەرهەندێ هەم ماڵ‌و هەم بارەگای راپەڕندنی كارەكانی بوو . بۆ دابینكردنی كارەبا و هەوا گۆركێ مۆتۆری ئەلەتریك و بەرهەمهێنەر بەكار دەهات . بە پێی قسەكانی مەنسوور ، بارزانی دوو بنكەی فەرماندەیی هەبوو ، یەكێكیان هاوینە و ئەوی دیكەیان زستانە . هەروەها ئەو دەیگوت كوردەكان سوودێكی مەزن لە ئەشكەوتەكان دەبینن لە هێرش و شەڕەكانیاندا دژی سوپای عێراق . هێرش‌وپەلاماری كوردەكان بۆسەر سوپا زەرەروزیانێكی گەورەی بە هێزەكانی حكومەت گەیاندبوو . چونكە سەربازە عێراقییەكان زۆربەیان خەڵكی دەشتن و بە ژیانی چیا و سەركەوتن و دابەزینی ئەو كێوە سەختانەی كوردستان نامۆن ، بە پێچەوانەوە كوردەكان كە زۆر وریا و گورج‌وگۆڵن ، هەر لە منداڵییانەوە بەم شێوە ژیانە راهاتوون . ئاشكرایە كە لە وەرزی زستاندا كوردەكان كۆنترۆڵی تەواویان بەسەر زۆربەی ناوچەكەدا دەكرد و سوپای عێراق بە هیچ جۆرێك نەیدەتوانی كە چالاكیی لەبار ئەنجام بدات .

مەنسوورپور هاریكارییەكانی ئێرانی لە جل‌وبەرگ و ئازوخە و پێویستیی تر بۆ كوردەكان رەوانە دەكرد . یارمەتیشی دان تاكو بتوانن



لەدەرەوە ئێزگەیەكی بەهێز بكڕن و بیهێننە كوردستان بۆ بەكارهێنانی لە بڵاوكردنەوەی راگەیاندنەكانی شۆڕش .

هێزەكانی بارزانی لە چەند یەكەیەك پێكهاتبوو ، هەر یەكەیەك وەك تیپێكی سەربەخۆ كە نزیكەی ( ٣–٥ ) هەزار جەنگاوەری لە خۆ گرتبوو ، لە كاتێكدا هێزەكانی كورد لە ( ٨–١٠ ) تیپ پێك ئەهات و بەگشتی ژمارەیان ( ٣٠ ) هەزار جەنگاوەر دەبوو . ئەم هێزە بەرامبەر سوپا مەزنەكەی عێراق كە نزیكەی ( ٤–٥ ) لەشكری هەبوو ، سەرباری ئەوەش هەموو جارێك بە زیانێكی سەنگینەوە لە شەڕ دەگەڕانەوە .

دوای ئەوەی حكومەتی عێراق زانی دەرەقەتی كوردەكان نایەت ، راستەوخۆ كەوتە وێرانكردن و بۆمبارانكردنی گوندەكانی كوردستان لە رێگای فڕۆكەكانییەوە . ئەم كارە زیانێكی بێ شوماری ماڵی و گیانی بە خەڵكی بێدیفاع گەیاند . كەچی بە پێچەوانەی دیدی حكومەت ، ئەو زیانانە نەبوونە هۆی ئەوەی ئەوەی خەڵكی لە شۆڕش و بارزانی دوور بكەونەوە . بەڵكو پاڵپشتی و یارمەتی خەڵكی كورد لە جاران زیاتر بوو . هەر لە پێشكەشكردنی خواردەمەنی و شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگە و دابینكردنی هەموو پێداویستییەكانی شۆڕش كەمتەرخەمییان نەدەكرد . لەبەر ئەوە سوپای عێراق نەیاندەتوانی جگە لە هێندێك چالاكی ئاسمانیی نەبێت چ دەستكەوتێكی ئەوتۆ لەسەر زەمین بەدەستبهێنن. چونكە پشتگیریی خەڵكی دێهاتی كوردستان بۆ شۆڕش ئەو راستییەی چەسپاندبوو . شایەنی باسە ، رژێمی بەغدا تەواو بێ هیوا و رەشبین بوو بە جۆرێك هیچ ئومێدێكی سەركەوتنی نەبوو . سەرلەشكر مەنسوورپور لەو بڕوایەدا بوو ، كە جەنگی كوردستان بەتەواویی حكومەتی عێراقی بێهێز و لاواز كردووە و كەمەری سوپا زەبەلاحەكەی شكاندووە ، بەشێوەیەك كە حكومەتی بەغدا ناچار دەبێت ئەمڕۆ یا سبەی دان بە تەواویی مافەكانی

کوردی عێراق بنێت . لەم حاڵووەزعەدا ، لەناکاو ئەمەریکا خۆی هاویشتە ناو مەسەلەکە و فرمانی بە محەمەد رەزا دا کە لە گەڵ عێراق رێکەوتننامەی جەزائیر مۆر بکات . ئەو رێکەوتننامەیەی کە بە ناوبژیی ( بومدین ) لە جەزائیر لە نێوان سەددام و شای ئێران دا مۆرکرا .

هەرچەندە هەندێك بە پشتبەستن بە هەواڵە بیانییەکان پێیان وایە کە ( ئەنوەر سادات ) ی سەرەك کۆماریی میسر هۆکاری نزیکبوونەوەی نێوان شای ئێران و سەددام بووە . لەبەر ئەوە لە کۆتایی مانگی شوباتی ١٩٧٥ ، بارزانی نیگەرانیی خۆی دەربڕی لە مەڕ دانوساندنی نهێنی نوێنەرانی ئێران و عێراق لە بەغدا و شاندێکی رەوانەی میسر کرد . ئەو شاندە پاش گەیشتنی و چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرۆك کۆمار ، داوای لە سادات کرد کە لە کاتی مۆرکردنی هەر رێکەوتنێك لە نێوان ئێران و عێراق دا ، میسر بۆ ماف کوردان تێبکۆشێت و هەوڵی پاراستنی بدات . ساداتیش شاندەکەی لەوە دڵنیا کردۆتەوە کە هیچ دانوساندن و نزیکبوونەوەیەك لە نێوان ئێران و عێراق دا لە گۆڕێ دا نیە .

بە هەرحاڵ ، محەمەد رەزا ئامادە بوو بەرامبەر ملکەچکردنی عێراق لە بەخشینی بەشێك لە بەرزاییەکانی ( کرماشان ) و چەند ناوچەیەکی دیکەی ئاویی لە باشوور ، دژی شۆڕشی کوردان بوەستێتەوە . بە رای من ئەم رێکەوتنە تەواو لە بەرژەوندیی و سوودی حکومەتی عێراق دا بوو . تەواو هەر وەك ئەوە وابوو ئێران هەزار دۆلار بدات و بەرامبەر بەوە تەنیا پێنج دۆلار وەرگرێت . لێرەدا کۆمەڵێك پرسیار دێتە پێشەوە هەر وەك بۆچی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٧٥ خوازیار کۆتایی پێهێنانی شۆڕشی کوردستان بوو ؟ بۆچی فەرمانی بە شای ئێران دا کە رێکەوتننامەی جەزائیر مۆربکات ؟ بۆچی بەستنی رێکەوتنی جەزائیر هاوکات بوو لە گەڵ دەرەوشانەوەی



کەسێتی سەددام حسێن ؟ بۆچی سەددام لە جیاتی سەرۆك کۆماری عێراق چووە جەزائیر بۆ مۆرکردنی رێکەوتننامەکە .

وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە روون‌وئاشکرایە ، ئەو کاتەی سەددام وەك داتاشراوێکی ئەمەریکا بە رادەی پێویست دەرنەکەوتبوو ، شای ئێران پاڵپشتیی شۆڕشی کوردستان بوو ، ئەو شۆڕشەی کە هەڕەشەی لە رووخاندنی حکومەتی عێراق دەکرد . ئەم شۆڕشە سێیەکی سوپای عێراقی بۆ ماوەی دە ساڵی رەبەق سەرقاڵ کردبوو . کە تەواوی هێزی لەبەر بڕابوو . ئێمە دەڵێین پێداگرتنی ئەمەریکا بۆ کۆتایی پێهێنانی شۆڕشی کوردستان لە پێناوی چەسپاندنی بەرژەوندییەکانیدا بوو کە بە هاتنە سەرکاری سەددام جێگیر دەبوو . رێکەوتنی جەزائیر سەدامی وەك پاڵەوانێك خستە سەر شانۆ . وەك پارێزەر و رزگارکەری سوپای عێراقی نیشاندا ، جگە لەوەی سەددام بەم رێکەوتنە سەرکەوتنێکی ئابڕووبەرانەی بۆ سوپای عێراق لە جەنگی کوردستاندا وەدەستهێنا .

رووداوەکان هیچ گومانێك بۆ ئەمەریکایی بوونی سەددام ناهێڵنەوە . شایەنی باسە هەندێك لەو کەسانە بۆیانگێڕامەوە کە کاتی خۆی ئامادەی دانیشتنی مۆرکردنی رێکەوتنەکە بوون ، کە چۆن سەددام پێش مۆرکردنی رێکەوتننامەکە و دواتریش وەك کەسێکی خۆلەپێش رەفتاری دەکرد تا رادەیەك کاتێك رێکەوتنەکە مۆرکرا دانەوییەوە دەستی شای ئێران راموسێت ...

پێویستە بگوترێت کە دوای مۆرکردنی رێکەوتننامەی جەزائیر ، شۆڕش جگە لە هەرەس و بارزانی جگە لە پەناهەندەیی رێگەیەکی دیکەی لەبەر دەمدا نەمایەوە . هەر بەرگریی و سەربزێوییەك بکرابا شای ئێران زۆر بەتوندی بەرپەرچی کوردی دەدایەوە . ئەو رووداوە بارزانی تووشی گەورەترین نسکۆ کرد و نیشانیدا کە ئەمەریکا تەنیا بۆ خاتری بەدیهێنانی

بەرژەوەندییەکانی رووی خۆی تێکردبوو . هەر بۆیە بە ناچاریی بە خۆیی و ٩٠ هەزار لە لایەنگرانی هاتنە ئێران و بوونە پەنابەر . حکومەتی ئێران ئاوارەکانی لە ناوچەی عوزەیمییەی کەرەج و هەندێك ئۆردووگاکانی دیکە نیشتەجێکرد . ئاشکرایە کە نیشتەجێکردنی پەنابەر و هاندانیان بۆ کارکردن لە چەند کارخانە و پرۆژەی تر دا لە لایەن حکومەتەوە پارەیەکی زۆری بۆ تەرخانکرا . بەڵام ٣/٢ی ئەم پارانە لەلایەن کارمەندە ئێرانییەکانەوە دەدزرا .

ژیانی کوردە پەنابەرەکان هێندە سەخت و دژوار بوو کە بەشێکیان گەڕانەوەیان بۆ کوردستانی عێراق پێ باشتر بوو . لەسەروو ئەوانەوە ، بارزانی تووشی نەخۆشییەکی سەخت بوو کە وای لێکرد بۆ چارەسەریی بچێتە ئەمەریکا و زۆری نەبرد هەر لەوێ کۆچی دوایی کرد .

با بگەڕێینەوە سەر ئەمەریکایی بوونی سەددام کە لە مەسەلەیەکی دیکەدا جوانتر خۆی دەنوێنی، ئەویش مەسەلەی یەکێتی نێوان سوریا و عێراقە . ئاشکرایە گەر ئەم یەکێتییە سەری گرتبایە شورەوی سوودی لێدەبینی و زیانیشی بە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا دەگەیاند . سەرۆکی MI6 ی باڵیۆزخانەی بەریتانی لە تەهران ، رەپ‌وراست پێگوتم کە دەوڵەتی بەریتانیا خوازیاری عێراقێکی سەربەخۆیە و حەز لەوە ناکات بە هیچ جۆرێك لەگەڵ سوریا دا یەکێتییەك پێکبهێنێت . دەگوترا کە ئەلبەکر لەگەڵ یەکگرتندا بووە ، حافز ئەسەدیش بۆ ئەم مەبەستە چووبووە بەغدا . لەم کاتەدا سەددام رۆڵی خۆی بینی و دوای پێشوازییەکی ئاسایی ، ئەسەدی بە دەستی بەتاڵ گەیاندەوە فڕۆکەخانە و رەوانەی سوریای کردەوە . پاشتر بەناوی لاوازیی و بێتوانایی ، ئەلبەکری لە ماڵەوە توند کرد و بەناوی پاکردنەوەی ریزەکانی حیزب ٥ کەسی لە کادران و ئەندامانی سەرکردایەتی شۆڕش لە سێدارە دا . هەر دواتر ٣٠ کەسی لە ئەندامانی



کۆنگرەی حزب و ٨٢ ئەفسەری بە پلەی سەربازیی جیاواز قۆڵبەست و گوللەباران کرد . دووان لەوانە ( عەدنان حسێن و غانم عبدالجلیل ) بوون .

دوای ئەو بەناو پاکسازییانە ، سەددام خۆی بە سەرۆك کۆمار ناساند . هەموو ئەو رووداوانە بە روونی دەریدەخەن کە لە پشتی سەددامەوە تۆڕە سیخوڕییەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا هەڵدەسوڕان و پیلانیان دەگێڕا .هەر لە ساڵی ١٩٧٥ وە کاتێك سەددام گرفتی کوردەکانی لەکۆڵ خۆی کردەوە و جێ پێی لە ناو سوپادا قایم کرد ، کەوتە وێزەی حزبی شیوعی عێراق و دەستی لێ نەپاراستن . شیوعییەکانی عێراق لاوازن و گیانێکی سازشکارانەی گەورەیان هەیە . ئەوان هەر کاتێك بکەوتنایەتە بەر فشاری حکومەتی ناوەندیی ، پەنایان بۆ بارزانی ئەبرد تا بیانپارێزێت . دەمێکیش حکومەت روویەکی خۆشی تێبکردنایە ئیدی بێ سێ‌ودوو خۆیان لەباوەشی دەهاویشت ، هەربۆیە نەیانتوانی لە نێو جەماوەردا دەسەڵاتێکی بەرین و بنکەیەکی پتەو دروستبکەن .

رژێمی سەددام بە گەرمی کەوتە پرۆسەی بوهێزکردنی دەزگا سەرکوتکەرەکانی و دەستێکیشی بە سوپادا هێنا . لە ساڵی ١٩٧٨ دا عێراق خاوەنی ٨ لەشکر بوو . ژمارەی هێزەکانی ٧٥ هەزار کەس بوو . خاوەنی ١٨٠٠ تانك و زرێپۆش بوو . وەك ئاشکرایە ، جەنگی کوردستان رۆڵێکی مەزنی هەبوو لە بە ئەزموونیی و دڕبوونی سوپای عێراق دا . بەم شێوەیە عێراق لە ساڵی ١٩٧٨ دا ، بە بەهێزترین وڵات لە نێو وڵاتە عەرەبییەکاندا دادەنرا .

هەر لەم ساڵانەدا بە فەرمانی ئەمەریکا ، عێراق کەوتە یاریکرنی رۆڵی وڵاتێکی توندڕەو دژی ئیسرائیل . ئەو دەیویست لەم رێگایەوە خۆی بە قەڵغانی عەرەب بنوێنێت و خۆشەویستیی و پاڵپشتیی میرنشینە عەرەبییەکان بۆخۆی مسۆگەر بکات . لە هەمان کاتدا عێراق لە رێگای هێز

وچاوسوورکردنەوە وە دەسەڵات و نفوزی خۆی لە کەنداو پەرەپێبدا . ئەو ژمارەیەکی زۆر پیاوانی خۆی ناردبووە وڵاتانی کەنداو کە بێ سڵ کرایان بۆ بڵاوکردنەوەی ئاشووب و ترس دەکرد . هەربۆیە وڵاتانی کەنداو کەوتبوونە گومان و حیسابێکی تایبەتیان بۆ عێراق دەکرد .

هەر لە ساڵی ١٩٧٨دا بوو کە عێراق بانگەشەی مافی خاوەندارێتی دورگەی ( بۆبیان ) ی سەر بە کوەیتی کرد . ئەم رەفتارەی عێراق بووە هەلایسانی هەلآیەکی گەورە لە نێوان هەر دوو وڵاتدا . عێراق وازی لەم باگەشەیەی خۆی هێنا پاش ئەوەی کە فەرمانڕەوایانی کەنداو بەگەرمی پشتگیریی کوەیتیان کرد . پاشتر عێراق داوای لە کوەیت کرد کە ئەم دورگەیەی بە کرێ بداتێ بەڵام کوەیت ئەم داواکارییەی بە توندی رەتکردەوە. بە راستی ئەم مەسەلەیە بووە بنجی کێشەیەکی بەردەوامی هەردوو دەوڵەت . بایەخی ئەم دورگەیە بۆ عێراق زۆر بوو . چونکە بەئاسانی دەیتوانی لە رێگای بنیاتنانی چەند پردێکی تایبەت ئەم دورگەیە بە خاکی عێراقەوە گرێبدات . بێ لەوەی کە توانای دەریایی عێراق بە رادەیەکی زۆر ئەرێنی دەگۆڕدرا بەوەی کە بواری راگرتنی کەشتی و پاپۆڕەکانی زیاتر و زۆرتر دەبوو .

بەم شێوەیە لە ساڵی ١٩٧٨ دا عێراق ئامادەییەکی تەواوی هەبوو کە ئەو بۆشاییە لە ناوچەکە پڕبکاتەوە کە رووخاندنی رژێمی شاهەنشاهیی ئێران دروستی دەکات و رۆڵی ژاندارمی کەنداو بگرێتە ئەستۆ . ئەم نەخشە نوێیە چەند ئامانجێکی جیاوازی هەبوو، وەك بەرهەڵستیی کردنی نفوزی شورەوی لە وڵاتە عەرەبییەکاندا لە رێگای دروستکردنی ناتەبایی و نەگونجان لە نێو خودی رژێمە عەرەبییەکان ، پاراستنی شوێنی عێراق وەك سەردەستەی وڵاتانی عەرەب دژی ئیسرائیل و بەدەسەتەوە گرتنی جڵەوی ناسیونالیستی عەرەبیی لەلایەن رۆژئاواوە ، رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی



دەسەڵات و نفوزی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە نێو موسوڵمانانی وڵاتانی دراوسێ ، بە بزواندنی گیانی ناسیونالیستی عەرەب و گیانی مەزهەبییانەوە . هەر بۆیە عێراق بە پاڵپشتی ماڵی وڵاتی عەرەبی سعودیی کە ئەو کات خاوەنی ٩٠٠ ملیار دۆلار بوو لە بانکەکانی رۆژئاوا و ئەمەریکا دا ، پەلاماری هێنایە سەر ئێران . بەڕای من ئەم هێرشەی عێراق چەند سوودێکی بۆ ئەمەریکا هەبوو :

١- گەمارۆدانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و رێگرتن لە پەرەسەندنی لە وڵاتانی کەنداو و دەوروبەری.

٢- سەرکوتکردنی بزاڤی زۆرینەی دانیشتوانی عێراق کە عەرەبی شیعە مەزهەبن .

٣- پێداچەقاندنی ئیسرائیل و بە فەرمی ناساندنی لە لایەن وڵاتە عەرەبییەکانەوە .

٤- فرۆشتنی چەك و تەقەمەنیی زۆر بە وڵاتە عەرەبییەکان کە هەستیان بە مەترسیی دەکرد .

٥- توند گرێدانی زیاتری وڵاتەکانی کوەیت ، و سعودیی و ئیمارات بە ئەمەریکاوە و دابینکردنی نەوت .

٦- لە بیربردنەوەی مەسەلەی لوبنان و فەلەستین لای خەڵك .

٧- هێنانەوەی میسر بۆ ریزی وڵاتە عەرەبییەکان دوای دابڕان و کەنارکەوتنی پاش پەیمانی کامپ دیڤید .

٨- لێدانی بزاڤی ناسیونالیستیی عەرەبیی کە جاران خۆی لە بزاڤی ناسریی دەنواند تا ئیسرائیل و بەرژەوندییەکانی ئەمەریکا تووشی هەڕەشە و مەترسیی نەبن .